# دیوانی
# سەباح ڕەنجدەر

بەرگی یەکەم
٢٠١٨

● ناوی کتێب: دیوانی سەباح ڕەنجدەر
● شاعیر: سەباح ڕەنجدەر
●بابەت: ڕۆمانە شیعر + شیعر + پەخشانە شیعر
● پیتچن: یاد سەباح ڕەنجدەر
● هەڵەگر: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
● نەخشەسازی ناوەوە: جەوهەر فەتاح
● نەخشەسازی بەرگ: ئاکار جەلیل کاکەوەیس
● چاپ: چاپی یەکەم: ٢٠١٨، چاپخانەی تاران - تاران
● ئەژمار: (١٠٠٠) دانە
● نرخ: (١٠٠٠٠) دینار: دوو بەرگ
● لە بەڕێوەبەرایەتی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٢٦٥) ساڵی (٢٠١٨)ی پێدراوە

## پێشچاو

مـن بـاوەڕم بـە ئازایـی و ئازادیـی وشـە هەیـە. ئەمـەش هەڵبـژاردەی منـە بـۆ ژیـان و ناسـینی مـرۆڤ و ئـەو بوونەوەرانـەی لەنـاو شـیعرەکانمدا زینـدوون، شـیعر لەبـارەی هەمـوو شـتێکەوە دەپرسـێت و کات و شوێنیشـی بـۆ نییـە، لـە خۆبەخولگەکردنێکـی بەردەوامـە لـە ئاسـۆ و دوورییـەك، کـە هەمووومـان هەنـگاوی بـۆ دەهاوێیـن، تـا لەناویـدا بـزر ببیـن و لـە هەسـتیاریی خەیـاڵ و شـیعرییەتدا خۆمـان بناسـینەوە. لـەم باروبـوارەدا شـیعر خاسـییەتەکانی بێگەردیـی خـۆی دەپارێزێـت و ڕێنماییمـان دەکات بـۆ قووڵکردنـەوەی هەسـتەکانمان.

مـن زیاتـر شـاعیری هەسـت و خەونـم، نـەك بابـەت و ڕووداو. کاتێـك گـەردوون و ژیـان بـە هەسـت و خەونبینینـی خـۆم وێنـا دەکـەم، ئێسـتێتیکای شـێواز بـە پانایـی بـوون ڕووبـەڕووی زمـان دەکەمـەوە.

ئـەی شـیعر مـن کەسـێکی دینـدارم بـە تـۆ، دینداریێکـی سەرمەسـت و تـەواو هۆگـر پێتـەوە. ئەوەتـا ڕووناکیتم کردووەتە مـۆری ناوچەوانم و بڕوام پێتهێناوە، ئەو تیشـکەی لـە شـیعردا دەردەچێـت، گەرمـم دەکاتـەوە و دەمباتـە نـاو چێـژی ژیانـی ڕاسـتەقینە. ئەمـە کتێبـی بڕواهێنـان و دوا بژارکـردن و دوا دەسـتکاری و ناوکـی ئەزموونمـە، گرینگتریـن پرسـی نووسـینی خـۆم تێیـدا داڕشـتووە. پێـش ئـەم دەستنیشـانکردنەش وەك سـەرەتای دەسـتپێکردن، چەنـد هەوڵێکـم لـە ڕۆژنامـە و گۆڤارەکانـدا بڵاوکردووەتـەوە. دەقـاودەق نەهاتوونەتـەوە نـاو ئـەم کتێبـەوە، بـەڵام گەڕاومەتـەوە لایـان و وەك گیانـی شـیعرییەت و دێـڕ و کۆپلـە و وێنـە و بیـر و وەرگرتنـەوەی بەهـرە، کردوومنەتـەوە کەرەسـتەی خـاو و لـە ئاراسـتەیەکی دامەزراوتـردا دووبـارە بەکارمهێناونەتـەوە. واتـە: بـە شـێوەی شـاقووڵی و قووڵبوونـەوە هەمـوو ئەو شـیعرانەی دەرخسـتووەتەوە، کـە لـە سـەرەتا و درێژبوونـەوەی نووسـینمدا ئەزموونـم کـردوون، بـە سـادەییش بـە تـەك ژیانـدا تێنەپەڕیـوم. بێگومـان ئـەو ژیانـەی لێـی بـە ئـاگام و تاڕادەیـەك ئاسـۆ و دوورییەکانـی دەناسـم و بـڕوام پێهێنـاوە و وای لێکردووم بنووسـم.

**٢٠١٧/١٢/١٢ هەولێر**

# زێوان

## ١

سروشت هەموو شتێکت ترساندوومی

لرفەی ئاگرت

بڵندایی چیات

گەفی ڕووبارت

دەشتایی ڕووتت

پەنجەم لە چاوەڕوانییەکی دوانەهاتوو یان گیان پێنەماو

بەناویەکدا دەشکێنمەوە
یادی ماڵیکردنی ورچ دەبێتە بۆنە و نیشان
دیوە تاریکەکانی زەوی چی لێ دەدۆزێتەوە
منداڵیی هێشتان ناونەنراوم لەسەر ڕانی ئەو ڕێیانەی دەبنە حەکایەت
خۆی دەگێڕێتەوە
باوکە باڵندە بۆ سێبووریی باڵە ئارەقە کردووەکانت
لەناو لکەکانی درەختی نێوان دوو شەقامی نیوە چۆڵ هەڵخە
ئەو ئاوەم لەگەڵ زیاد و کەمکە
لە گەشتێکی دووبەختی هاوڕێم بوو
دایکە باڵندە تۆش ئەو ئاوێنە نوستووەم بۆ بهاوێ ناوقەدی دووگورد
قیژەی یەکەمین کتێب لەناو چاڵە بەفرەکان گوێی زرینگاندمەوە
بەیەکگەیشتنەوەی من و جزدانی ئارامبەخشی دایکم
کۆڵانەکانی دەیگەیاندمە قوتابخانە و گۆڕەپانی ڕووخۆشی تۆپی پێ
پاشان دووکانە پڕ نهێنییە ڕەنگاوڕەنگەکانی گوندی گەنجینەی منداڵیم
چاوی خەون جۆگەی هاوێشت
لەشکرێك منداڵ گۆزە شکاوەکان کۆدەکەنەوە
لە نزیك دەفتەری وێنەکانیان دایدەنێن
وای لە دەست دەفتەری وێنەکان چیرۆکیان مردووە
با بپرسین
قەڵەمەکان بسپێرین بە ڕەنگ
ڕەنگیش بە وەفا و دۆستایەتیی پەلکەزێڕینە
مێوان کەڵەکی لە دوورگە ڕاگرت
سەوڵەکانی کرد بە دارشەقە
باران بڕوای بە هەورە تێکەڵاوەکان هێنا
مانەوە بیرەوەری دروست ناکات

هەر چییەکیش ڕوودەدات بە گرینگی نازانێت
تەختەداری شکاو شەپۆل دایە کەنار
ڕاوچی ماسی لەسەر خستەڕوو
دیۆجامە تەماشاکەرەکانی هەڵخەڵەتاند
کردنی بە نێچیری سەمایەکی ساختەچییانە
لە شەوی درێژی کیژە خەوخۆشەکان
مانگێکی پڕ کەوتە چاوی پەنجەرەوە
کازێوە لەگەڵ بەیانی باشیدا دایە دەستی پڕ دەنگوباسیان
ڕۆخ خنکانە
گەڕانەوەش گۆڕەوشار
گوێچکەماسی بۆ پێیان تەڵەن
ترس لە چێورمەی گۆڕەکان کاتی سێو پێگەیشتن دیاری دەکات
پاکەت دەقۆپێنمەوە
جغارە لە نینۆکم دەکوتم
ئاگادارنیم خۆرهەڵاتن دوای خۆرئاوابوون دەگەڕێ
یان دەرگای داخراوی سپێدە کیژی ئاوابوون دەیکوتێت
مانگ لەناو لوولی ئاو پشووی دا
بە ئومێدێك بیری کردەوە
وەك یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانە
لافاو لەو جۆگەیە نیشتەوە
خوداناس بۆ دەستنوێژگرتن دەچنە سەری
ئەو شەقامانەی هاتوچۆیان لێ بەستراوە
ڕێکخراوی جانەوەران بە دەستە بەدەکانیان ڕووناکییان لە بن دروشمەکانیان درۆزن کرد
نەیانهێشت منداڵیم تێرخەوبێت
بە بەشێك لە بیرەوەرییەکانی بنازێ

گوندی گەنجینەی منداڵیم بۆ من هەموو شتێکە
نان و
شەراب و
ئومێد و
خەون و
بنەماڵە و
خانەدانی
سەکۆی لاساریی و ساکاری قوربانیدانت
بۆنی سینگمیان بەرنەداوە
یاری لەگەڵ
لکەداری فڕێدراو
قەوانی قۆپاو
دارشەخسەکانی ناو گۆڕستان
ئەو پێڵاوانەی قەیتانیان دۆخینی باوکمان بوو دەکەم
هەر هەموومان برادەری دانایی یەکین
شار دەموچاوی ئاوڵەیی بووە
گوندی گەنجینەی منداڵیم گەنجێکە تازە چاو دەگێڕێ
ئاشق و دەگمەن و سەرسام گۆرانی خۆزگەکانی دەست دەخات
گۆرانیش هەڵە ناکات
دوای پووش پنج دێ
پووشیش بە سەرکەوتن مەستە
لابەلا بەهانەی دا دەست
کات کۆیلەی ڕووداوە
گوێم بە ڕمپەی ئاژاوەی قەشمەرجاڕان تەپ بووە
کوودەتایەك بەگوێی کوودەتایەکی چرپاند

ئارمی وڵات لە چ قوماشێك چاپ بکەین
قاچم تێکئالاون
نەخشە بە دەستە لەرزۆکەکانم لە دیوارەکانی شاری خانەدان بەڕێکی هەڵناواسرێت
باز ڕەوشتی ئاسمانی هەیە
فرۆکەش عەردی
لە ژووری زێوانی خۆمدا گۆڕەپانێکی گشتیم چۆڵ و قەرەباڵغ
بۆن بە ڕێگاوە بکەم
دەگەمە ئەسپێکی وەفادار و تاژییەکی وشیار
دەستەکانیان لە پێشوازیمدا هەڵێناون
نمەی ئاسوودەیی تۆزی سەر گوڵان بە دوژمن دەزانێ
زەوی لە بۆشایی ئێسکم کەوتووەتە گڕوگاڵ
پەیکەر لێوەی فێری ڕۆیشتن و گیانبازی بوون
وەرزەکان دڕندەی ساڵن
لە کلۆریی ددانیان نیشتەجێمان دەکەن
کوودەتاچیش یەك ئەوی دی دەکاتە ئەسپی ملکەچ
ئاوەدانی ڕەگم
ڕەگ دەمگەیەنێ بە لێهەڵبووم
لێهەڵبووم بۆم دەڕوانێ
لێوی پەڕیوم بە گۆلمی خۆم وەدەنێم
پرچی پەرتی منداڵیم هێشووی سێبووریی گرتووە
دێم کۆت و بەندی کات و ناکات دەکەمەوە
گۆڕانێکت لە ئاکارت نەدامێ
گۆرانیم ئاوێنەیەکە وەك بەیانیانی بەهار ڕوون
پێغەمبەر دەموچاوی لە کاتی سرووش وەرگرتن تێیدا دەگەشێتەوە
نالی دەموچاوی لە کاتی بیرکردنەوە لە شارەزوور تێیدا دەگەشێتەوە

دایك دەموچاوی لە کاتی منداڵبوون تێیدا دەگەشێتەوە
زێوان دەموچاوی لە کاتی نووسین تێیدا دەگەشێتەوە
ئارەزووە گەرمەکانم زەوییان شادکرد
بەردەوامیم پرچی منداڵانی باخچەی ساوایانە
با مۆسیقای لەناو بە خرۆش خستووە
ئاسمان گۆرانیبێژیەتی
زەویش کۆڕاڵ
پێڵووی دیدەنیت لێکدە
بۆ پشکفتنی سەروەریت
منم برای گیانی و تریفەی لەرزیوی گۆماو
گۆماو مەند قۆڵی هەڵدا
ماسی بەناو تارمایی دەموچاوی مانگدا گەشتیان دەست پێدەکات
کات چێژ لە کوودەتا وەردەگرێ
نواڵە ئەی خانەدان
سێبەر و هێشووی درەختی من
دەتوانی پرچی بڵاوت لە ناوەندی سەرت کۆکەیتەوە گەشتم لەناوی تەواو دەبێ
خڕۆکەی بزێوی لە خانەکانی مێشکی بڕ لێ نەبڕاوم ڕاگوزاری
بەختیاریی خدری زیندەیە
چاوەکانی بنووقێنێت
خودا خۆی پێشاندەدات
بۆ سڵاوی هەوای بۆنخۆش دەستەکانی کراوەن
درەختی خۆماڵی و بێگانەش
هەست دەدەمە ناکۆکی
مراز بای گیانی سوارە نەشکاوەکانە
هەڵیدەکێشم بۆڕی سییەکانم فراوان دەکات

له دەرگام دە

چرای ژووری گەنجیم باوێشکی بێزاری دەدات

نائارامی ڕەنگی ڕشتووم

سبەینێ کۆتاییمە

بمبینن بە کۆڵانی خۆزگە سیس بوویم

هەمیشە لێك تێدەپەڕین

دوێنێ مەرگ بەرەو لام هات

تۆزێ ڕاما

بوێری نەکرد لادا

ئاوێنە کە ناواخنی چاوە نەیگەیاندمەوە وێنەکانی

بە منداڵی لەسەر کێلی باوکم کێشام

بگەمەوە وێنەکان

لە میهرەجانی سۆز و بەخششی ڕۆژهەڵات پێشکێشی دەکەم

گوندی گەنجینەی منداڵیم حەوش و بانێکی خانەدانە

جۆگە لەناویدا سێبووریی دەداتە ئەو کەنارانەی پێی ڕاوچییەکان ڕێزیان گرتووە

کەناریش گیا دەیکاتە سەیرانگای ستایش

قومری دێنە ناوی باڵەکانیان ئاوچۆڕ دەکەن

پاڵەوانی ترسنۆکی حەکایەتەکان قامیشەڵانێکی کەڕ بوون

ئاماژەی کیژە لاڵەکانی پێنەگەیاندم

لە دانیشتنێکی کورتدا دەریا بە چاوە هەڵووژەییەکانی مۆڕەی کرد

دەریای ترسناك ئەو کەڵەکەی لەناوت بە هاوار و خورپەیە منداڵیمە

سەوڵەکانی دەستی باوکمن

ئەو دەستانەی جاران جغارەیان دەپێچایەوە

فانۆسیان پێدەکرد

داسی لە هەسان دەدا

تاژی دەکردە دۆستی بە وەفای ئەسپ

ئەسپیش لە ڕاوێ گیانی نقوومی شانازیی و دەروون بەرزییە

گۆڕێك لە گوندی گەنجینەی منداڵیم ڕێنماییکارمە

لە ڕۆژی جیهانی منداڵان وانە بە سەرچاوەی

شیر

هوما

نەوا

ئاگردز

بەردەباز

خەڵوەتخانە دەداتەوە

باوکم لەناوی ترپەی دڵی دابونەریتی لەگەڵ کاتژمێری ئەشق یەکخستووە

بە چی بچمە سەردان و هەواڵپرسینی

ئەسپی دوڵدوڵ

نینۆکەکانم دەبڕم

لە باخچەی ماڵ دەیکەمە دراوسێی درەختە بەردارەکان

کێلی هەناسە دەدات

خەون دەبینێ

دێتە بەرپەنجەرەی دارین

تەماشای هەنگ دەکات بەسەر مەمکی دایکانەوە

بیریش لە دامەزراندنی جیهان دەکاتەوە

لە کەفی ئاوزینگدانم ماسی ئاهەنگ دەگێڕن

دێنە کەنارەکان جلیان دەشۆن

دارشەقەی ئیفلیجیم لە ڕۆژی شەهیدانی دەربەندی گۆم دانا

بەستەڵەکی ساڵی مردوو پشکفت

دڵم دانیشت

بڕوانمە نائومێدی چیم پێدەکرێ
مەگەر لە سەرەگێژەی مانگ
لە باڵندەی شووم
یان بێزاربوونی ئەستێرە لە نائاسوودەیی منداڵانی باخچەی ساوایان
گوڵاوی درەختی گوناهــ ڕژا
چاوم لەناو گوڵدانی سەر قادرمەکان خەوێکی خۆشی کرد
خەونم بە خۆشی نەگەڕا
بە خۆشی بگەڕێ خەون
ئەی وێڵ بە دوای برادەرایەتی نێوان
لافاوی بێئامان و سەمفۆنیای ڕۆمانسی

٢

ئاوازدانان بۆ گۆرانی سێوە لاسوورە سەختە
گوتنیشی
بە چاوی فراوانی پێش مردن ڕوخساران بژار بکە
دەسرێژی هەورم
بەژنی درەخت لە ئاوێنەی دڵنەرمی زەوی گەرم دەکەمەوە
درەختیش دڵی ئێشاوە و خەمڕێژە
ئاوێنە نهێنییەکانی درکاندووە
ددانەکانی بای ناکەس دەمهاڕێ
تیژی چاوی پڵینگیش مردووە
هەست دەکەم زەوی بێ پەیمانە
خۆی لە پێیەکانمان دەدزێتەوە
خۆری ئێرەش ڕوومان ناداتێ
دەگەڕێینەوە گۆڕەپانی پڕ بریای یاری باسکە و دووگۆڵی
کە بە زۆر و بە کەم نایبینینەوە
خۆڵی نواوەی ناو پیاڵەی پێشبینی
چرا بە ناوچەوانی کۆڵانی گوندی گەنجینەی منداڵیم هەڵواسراوە
شاخی شوانان و کانییان دەسرازەی ڕیشەدار و بە گوڵینگی پشت لانکن
گڵکەند و مەچکۆش کۆتی داچۆڕاوی ناو خوێن و ئێسك و گیان
کێ دەڵێ بە کۆچکردنی باڵندە خێرخوازەکانم نەزانیوە
بۆ نابینن ڕەنگێکم لە پەلکەزێڕینە زیادکردووە
منداڵیم لە ڕاوەماسی و کۆلارەهەڵدان و هێلکەشکان داماڵدرا
مردنیش دوور بە دوور چاودێری دەکات

گەشتی ناو بیر و هۆشم دەگاتە ماڵی یار و خاڵخاڵۆکان
نەرمە دەنگت ئەسپی بەیدەستی مەشقپێکراو بە مۆسیقایە
بوونی نادیارمی هێمنکردووە
سروشت دیمەنی دڵکەشی خەڵاتکردم
خەڵات بێشەڵانێکی شکۆداری سنوور ئاوییە
گزینگ سیمای شەوی دۆزەخی ڕەنگ نەکرد
ئەتۆم پژمی
منی داهێشت
ماوەم نادەن لەناو لکەکانی درەختی چارەنووس
چایەك خۆشکەم
چیا گردی فڕێ نەدا
ببێتە پەنا و مەئوای مەشق
ئەم گیانە مەیدانخوازییەی تێدا بکەم بە پڵینگی مەشقکردوو
یادگاری کزە
درەوشانەوەش خامۆش
گەردەلوول گرمۆڵەیە
سەبەتەش بەتاڵ
تارماییم بزرە
ڕێشم بەناو تارماییمە
بۆ گەیشتن بە ماڵی بیرەوەرییەکان
باڵندەم باڵێکم گرژی زستانی لە سایە دەنوێ
لای دی دەفتەری وێنەیە
منداڵان وێنەی لەناو هەڵدەبژێرن
تەشق شکا
کەشوهەوا گەرم و خۆش بووە

پەرداخە عاردێ نامخواتەوە

ئەگەر هاتیە لام دڵەڕاوکێ لوولت نەدا

بە سرووش ڕاهاتووم

ڕووناکیی گیانی خودا لە دەمارەکانم ورشەدەدا

نەمامی دووپەلکەی منداڵیم

لە سینگی دایکم و خۆڵی نیانی گوندی گەنجینەی منداڵیم مووتوربە کردووە

لە لێواری باخچە هەڵوەستەیەکی پەیامئامێز دەکەم

کە پەیامی هەموو وشەکانە

پێشم نییە بۆ ڕۆیشتن

ئەگەر شار بایەخی چوونە ناوی هەبێ

شکۆ و بڕیار گوڵە چاوڕەشەکانی خۆشبەختی منداڵیمن

پەلکەکانی لە سادەیی لوولم دەدەن

لەناو قردێلەی پرچی نواڵە دەردێم

لە قەڵای حیکمەت تەماشای مانگ و کانی دەکەم

لە کوێ دەبریسکێنەوە

ئەوجا دەستەکانیان دەخەمە ناو مەرجەکانی وەفا

کۆمەڵێك هێلکە کۆتر لەناو کڵاوی پاڵەوانان دادەنێم

ڕادەمێنم

دەگەم بە نهێنیبین

ڕێی هەوارم دووبەختییە

پیرێژنی گۆپاڵ گرتووی ناو پیتەکانی جوانیم دواند

بە بینینی فریشتەیەکی مەست بیناییم لەرزی

تا هەڵکشێم

هێزی خۆشگوزەرانیم ئانیشکی بێهێزی دادەدات

هاکا لە پیاسەیەك کەوتم

ئەی ژیاو بە بۆنی سەبەتەی میوە و شاڵی ئاوریشمینی پەری خەون
قەپێلکی چاوی سەراسیمەت هەڵبدەوە
هەڵبوونەوەی ئەستێرەی ساڵگەردی
بە ئاسمانی بەیانیانم دەکشێیتەوە
ئەو کاتانەی هەنگی شیعر ساباتم لەسەر دەبەستێت
سێبەریشی ئێسکم دەڕنێ
کراسی ئاودامان ڕەشت دەگرم
ماڵە کۆست کەوتوویەکی خۆییم
ئەملا موگناتیسی مەرگی ڕاخستووە
بەولاشمدا ئاوابوونە
مەرگ کێشم کات یان ئاوابم
کراسی ئاودامان ڕەشت دەگرم
ئەی خانمی سەوزایی و پەروەردەکەری گوڵی سەوسەن و حاجیلە
کە خووس پێڵووت سڕدەکات
هاوارت بەرەو کێیە
کێ بەڵێی لە هاوارت دایە
کاتی مردن دەتوانم ببم بە تۆی سەرچاوە
لەسەر زەمینی شەڕانی و دڵسۆزیی گرێی با کرایەوە
سێبووریی باران لە تای منداڵیمە
تاشم سارد نابێتەوە
نائاساییی گەورەیی من لەوەیە
گرفتی گۆڕ دەستنیشانکردن لە قیلمقاسێ دامگرێت
ئەی نائاساییی تۆ لە چییە
داڕووخانی داروپەردووی ئەو هێلانەیەی
بێچووە قومری تێیدا ئامۆژگاری لە دایك و باوکیان وەردەگرن

یان خامۆشبوونی خورپە

لە دەمنەکردنەوەی خونچەکانی باخچەی گوندی گەنجینەی منداڵیم

پێتانەوە دەنازم ئەی تاسەکان

لەم جەنگەدا سەرکەوتم

دەتوانم سڵاو لە خەون و سروشت و بەهرە و گەرمایی ژیان بکەم

### ٣

دەڵێی دوورگەی تاریکستانی

نقوومبوونی کەڵەکەکان لە بینینت دەنگن

دەنگی مانەوە و یاری مردن و جەنگی بێئامان

تریفەی ئەمەکدار بارە بە دەمی کانی

گومان و ترس دەخاتەوە

جێی گۆڕێك لە بینینم خۆش دەکەم

بیستنمی لەناو دەکەمە هەوایەکی لە بەهەشتەوە پاراوکراو

بە سروودی ستایش ئەندێشەی شەهیدی

لێوە دەبێ بە گڵۆپی ئەو ژوورانەی داستانیان لەناو دەبێتە ئاواز

منم گونجانی ڕۆشنایی کۆمەڵێك شاخ

تۆی هاندەری ڕەشایی خێوی کێوان

ژنێکی لە خۆگەڕاوەم بینی بڕوای بە خاکی گەرم کردبوو

ڕەگەکانی خۆی لەناو دانێ

نیگا تەڕ

هەنگاو گران

گەردوون لێڵ

دەموچاوی لیمۆی گوشراو

کراسی ڕێڕێ بەژنی سەراپا وچانی

کرد بە لاپەڕەیەکی پڕ وێنەی حەپەساو کە هیچ ناڵێن
لە پژدێنی تا عارد کفن ڕەنگە
ئەوی دی ڕەشێکی تاریک
نەمزانی لەناو خەونی خانمیەتی دەگا بە پاگژی بوون و نەبوون یان نا
چپەی نەڕژایە گوێم
بڵێی باران منداڵ بووبێ لە بیرەوەری لێك بچین
ناسراوی ئەو بەرزاییەی منداڵە فرفرۆکە فرۆشەکان مۆسیقاژەنی تیپە گەورەکانن
بۆنی گیای سەر ماستت لێدێ
دەشتبینم دانە ئارەقەی هەنیەی کەروێشکی ڕاوچی شکێنی
لە تابووتێك خەڵاتی نیشتیمانی وەرگرتووە بەرزت دەکەمەوە
گۆڕستان ماڵێکە ئازیزەکانی بانگ دەکاتە ناو خۆی بە مەدالیا ناسراویان دەکات
فێری زمانی هەمووومان دەبن
لە
کتێب و
چرا و
سرووش و
شۆڕش و
ئەسپ دەدوێن
دارشەخسەکانی لێیان دەبڕدرێ بۆ
لانك و
بلوێر و
گۆپاڵ و
پەرژین
چۆن و بە چ تامەزرۆییەك دەمخەیتە سەر دووباڵی بەهێزی فڕین
ئای فڕین بەرەو کوێم دەبات

تکەی تیزاب ناهێڵێ ئومێدم فڕێ بدەمە سەرپشتی ئەسپی مەست و سەرسام
من و پەپوولە
ڕووناکی و سرووش بە هی خۆمان دەزانین
گلەیی لە داهێنەری بوون دەکەین بۆ وا زوو دەورووژێین
بە چاوی هێز و فریاکەوتنەوە لە سەرچاوەکان نزیك ببەوە
لە پەلەقاژەی گیانەڵا دەست بۆ سۆراخت دەکوتم
متفەڕکت لە ڕەگی دڵم دەئاڵێنم
ئاوی زمزمی ناو گۆلمت دەخۆمەوە
گەواڵەی هەوری ئێرە و ئەوێ دەستی پەیمانیان کێشایەوە
دەمی زەویش
ئای دەمی کراوەی زەوی
دەمی دیکتاتۆر گۆڕێکی کراوەیە
دەڵێی مردووی هەمیشەییم
باگۆڕکێی وەرزەکانیش لەگەڵ خەڵك و خودا دەپرسن
بۆ نەتتوانی پێیەکانت تێکەڵ بە هەڵاتن بکەی
ددانی ئادەم
شازادەی مۆزەخانە
کۆچی حاجییان
مانگی خێڵ
خەونی گەڵا
زێوانی ڕووخۆش
کەروێشکی خرپن
پرچی نواڵە
کەوی مەند
شەونمی گەرم

تەمی تەڕ
بالیفی نەخۆش
مێژووی کێل
جۆلانەی منداڵ
هەر هەموویان پێم دەڵێن
لە دڵکەشی نێرگزەجاڕ گرێی ناوکت کرایەوە
لە سەیرانگایەکی قەرەباڵغ بە خاڵخاڵۆکەش
ئاهەنگی ژنهێنان دەگێڕی
دەڵێی مەڵبەندی خەڵوەتە
دیمەنی پڕ لە مۆسیقای نەرم کەمەندکێشی کردووم
تەشق و پشوودان و ڕۆژنامەی دیوار
یارمەتیدەرمن بۆ ئەوەی لەناو چاوی حیکمەت و پەند بە تەنیا جێگام ببێتەوە
ئەم دنیایە
سێ بەشی ئاوە
بەشێکی زەوی
منیش سێ بەشم گوندی گەنجینەی منداڵی
بەشەکەی دیکە حەکایەتی پاڵەوانەکانی دەم ئاگردانی داپیرە
نواڵە ئێستا کاتژمێرەکەی نوستووە
ماوەیەکە پیاسەمان بەتاڵکردووە
ناچینە بینینی پاڵەوانبازی ماسیی ناو حەوزی شووشەش
خەیاڵی نایاب کە لە مەرگ دەمانشارێتەوە
پەنجەی پڕ شیلەی گیانە ئازادەکان پڕشنگرێژی دەکات
لای من شەوی تۆف و بۆرانە
ئەستێرە خۆ لێك نادەن
مانگی درەوشاوە چووەتە کەشی تایبەتیی خۆی

بەس گەرمایی ئەو ئاگردانەم دەگاتێ
بە ئومێدی بەڕوو تەقاندن
بە دیاریەوە مامەوە
لە گەشت دواکەوتم
ئەو برادەرەی هەستی خرۆشاومان تێکەڵاوی
جۆگەی پێچپێچی باخچە بوو
کەڵبەی بەڵا خستنەوەیان نایە خوێن و گۆشتی گوندی گەنجینەی منداڵیم
لە تەنکە خۆڵێك بینیم
تەرمێ بە پشتی ژنێکەوە
تاڵی پەرچەمی ڕندراوی
چاڵ و لۆچی ڕوخساری کردبووە سەرەمۆمی ساڵیادی چاپکردنی ڕەشنووسەکان
بە ئاوەدانیدا سووڕاین
دەرگا
دەرگا
بێدەرەتان
ڕێگای بە پیت ترس دەژمێرێ
ماڵێ
هی ئێمە نییە
ئەرێ ماڵێ
دەموچاوی پڕ ترسی دایك
ایناسین نا
گەڕاین
لەو ئێوارەیەی کێوە بەرزەکان خۆیان بە
شۆڕشگێڕ و
مامز و

قورینگ و
شمشاڵژەن ئارایش کردبوو
کراسی خاکمان کردەوە
قۆپچەکانی ئێسك بوون
دەنگێك لە هەستی جەربەزەیی شیری دایکمەوە
ئەو گۆڕە گۆڕی باوکتە
ئێسکێك چاوی تامەزرۆیی ڕژایە سیمای ڕوونم
بە کامی دڵ پەیامی گەیاند
گوندی گەنجینەی منداڵیت
لە فەرموودەی بکوژی چەتان
هێدی هێدی دەبێتە کاروانێکی درێژ
بای پەڵە لەناو شمشێری گیانبازێکی چاو ڕوون
دوودڵە لەوەی چاوی کێڵگە پڕ ئاو بکات یان بپرسێ
ئەرێ کاتم هەڵە نەکردووە
کیژەکانی بە تریقانەوە و پرچی درێژیان ئاوێنە پاك دەکەنەوە
خاوەنی سۆز و بیرەوەری ساکارن
قۆڵ و باسکی ناسکیان تەنافە
جلی پاڵەوانەکانی لەسەر هەڵخراوە
بۆ ئەوەی لەگەڵ خۆر بکەونە پێشبڕکێ
شێوە گۆڕ بووە
لە هەموو دنیاش جوانترە
شێوەکارەکانی تۆپی زەوی
لە پەنجە گچکەی پێشەنگایان کردووەتەوە
من لە ناوی وتوویژێکم لەگەڵ ژیان ماوە بیکەم
با یەکتری نەترسێنین

خاڵخاڵۆکە و گوڵەستێرە بکەینە نۆبەتداری دڵسۆزی
مۆمی سەر پەیکەری شەهیدەکان
ئێوارانیش پێش خۆرئاوا بە تاسەوە بگەڕێینەوەماڵە ڕووناکەکانمان
کات بەناو خۆیدا دەچێتەوە
گوێشم لێیە باڵندەیەکی ئاسمان گەچڵاوی
قاچت لە خوێناو دەئاڵێ
دەنگیشت بەرگرییە بۆ ئەوانەی قەفەس زەوتی کردوون
ڕۆژانێکە کەسێ دەنگێك لە دەرگای کەسێکی دیکە هەڵناستێنێ
تیشك نەنیشتووەتە لەشی ڕێبوارە خەواڵووەکان
کۆتر نەهاتووەتە حەوشە دەنکەدان هەڵگرێتەوە
گورگ پەرتن
کەوڵی کارمامز ئاگری گردبوونەوەیانە
وەرزی خوێن جمان گۆپکەی فرۆشتە دڵی قەزوان
ژنان سوخمەی دەراوەکانیان کردەوە
شەوان دەست و پەنجەی مانگی لەناو دەنوێ
ڕەنگە ئێستا پشتت بە ژووری بەتاڵم دابێت
فرمێسك خۆڵی بەردەمت بکات بە قوڕ
منداڵێك پەیکەری نالی لێ دروست بکات
کاتژمێرێك بخاتە دەستییەوە
لەسەر ئەم کات و چرکەیە ڕایبگرێ
لە چاوت بوومە خاڵێکی جووڵەدار
بە پشتی بای هەستیارەوە
بیری ئەوە هەراسانت بکات من لایەکی جەرگت ببەم
ئەی بزوێنەری هاتوچوون و سڵاوی وەفا
لەناو تەمی تۆدا بێ پەروا دێمە دەرێ

ئەسپم دەحیلێنێ

تاژی بە دوایەوەیە

کەروێشك چوارپەلی سووك لەسەر خاك دادەنێ

جگە لە تۆ دەکەومە ناو چاوەڕوانی کێ

شەوی گەڕانەوە چ شێدارە و ڕێگا درێژ دەکاتەوە

ماوەم نادا بە شەقامی وردە شووشەڕێژیش

بچمەوە ناو پۆلە پەڕەسێلکە و ڕوومەتی ڕووناکی خانەوادەم

ئێشی کوشندەی تێپەڕبوونی ساڵەکان

دەچنە چاڵی بیرچوونەوە

لە شاری جۆشخواردووی سەرزەمین

خانوویەکی ساکارت لە درەختی بەردار بۆ دروست دەکەم

تێیدا پیر بە

باخەکەشی بە خاوەن کە

ئەی خاوەن باخ

هەر چوار وەرز سەوزە و میوەیان لەسەر دەستە

٤

خەڵات لە بەهەشتی هەست وەربگری یان بگەڕێیتەوە گەڕەکی هەمیشە بەهرەمەند بە
سرووش و
مۆسیقا و
باران و
چرا و
زێوان
لێرە بڕۆی
بەوێدا بێیت
کرێوە بەژنت دەڕنێ
کێ سۆبەت بۆ گڕدەدات
خانووە نزم و ئیفلیجەکان
لەژێر قامچی باگەڕدا
داد و بێدادییان بردە لای بازە زەمینییەکان
گلەییم نەماوە ئەی تاقانە گوناهـنەکردوو
ڕۆژانی جەژن و دەرگاکردنەوە بوون بە دوژمن
بێئەنوامای
کامە کۆڵان خەو چاوی کەواندووە
جوانیی مانگی تەواو بە دەرەوە نییە
تەڵە شخارتەیەك بە دەرگا داخراوەکاندا بخشێنە
دانیشتووانی دێنە ناوکراسی بینینت
لە لێکدانەوەی تەنکە هەڵمێکی وەنەوشەیی
بەردی خۆشنوودی ناوەشێندرێ

له بۆنی مناره‌ی چۆلی
په‌راسووی زه‌وی چه‌ند گه‌ڕه‌كێك دابه‌ش ده‌كات
گه‌نمه‌شامی له‌ لۆچی گیانی گه‌رمت گوڵه‌كانی پڕ شیرن وچان ده‌به‌خشن
ده‌می والآی برینت سالآنێكه‌ به‌ده‌ره‌وه‌یه‌
جێیان دێڵی
جێگای ماچت خه‌ونی دڵنیاییه‌
ئای چرای نه‌وتیم بۆ ڕاگرتووی
له‌ لاڕێیاندا وه‌ستام
دامانگرتی له‌به‌ر هه‌تاوی پارێزراوی گیانمان دانای
هه‌نگه‌ شانه‌ پڕه‌كانی ناو حه‌وشه‌
كه‌مانی پڕ ئاواز و دووگوردی نویێژیان پێچایه‌وه‌
بردیانه‌ مۆزه‌خانه‌
درووده‌ی شادیت تێكه‌ڵ ئه‌شقێكی به‌ ئاكام و چركه‌ی شه‌واره‌گرتن كرد
هه‌ڵه‌كۆك له‌ ته‌رمی به‌فر پێڵووی سه‌رسامی پشكفت
كانی جێ چۆڕاوگه‌ی په‌نجه‌ی سواره‌ نه‌شكاوه‌كانن
جۆگه‌كانی ده‌ستی براده‌رایه‌تییان بۆ چناره‌ وشیاره‌كان درێژكرد
به‌ یه‌كترناسین خۆشحاڵبوون
ڕێبوارێكی ماندووم له‌ ده‌بێ و نابێی خۆم ئاوا ده‌بم
هه‌ور بنی مه‌مكی دانا
چی به‌ لێوی به‌باری من
له‌وه‌و پێشیش گه‌یشتبوومه‌ دڵنیایی
نواڵه‌ بۆ هه‌میشه‌یی ده‌مكاته‌ دۆستی بێهووده‌یی
سبه‌ینه‌ی ٣١ی ٣ی ١٩٨٣ له‌ دره‌ختی شانازیم خوارد
گوندی گه‌نجینه‌ی منداڵیم وه‌سیه‌ت وه‌رگرمه‌
به‌ ده‌ستپاكی دایك خواردنم بۆ ئاماده‌ده‌كات

بەژنی ئێمە پەرژینی پڕیەتی
چوارڕیان مێوانەکان دەگەیەنێتە خوانداری قسە نەستەق و خودان
لە هەوری خەوتووی ئاسمانی چیمەنێك جوانتر
خۆری ئێوارە بە ساکاری نیشت
شەو دەمامکی لە ڕوو بەست و ئارەزووی کوشت
دیم پۆلی دوو کەرتی یەکڕەنگ
لە ساکەگۆڕێکی ڕووت پڕیشکی دەهێنا
لە سووتانی منم
گۆرانی بە کۆرس دەگوترێم
لە سایەشی دادەنیشم
هێشووی ورشە دادەوەشێنم
ئەو دیوارەی دروشمم لە ناوچەوانی دەنووسی
پاشان لە سێبەریدا دەنووستم
نەوی بوو
ڕۆژ زوو هەناسەی چێشتە خەوی ورووژاندم
پێشنیازدەکەم یاداشتم لە ڕۆشنایی
ڕووداوی گوندی گەنجینەی منداڵیم هەزار زمانی هەبێت
بۆ پێشوازی لە بەهار و ڕوونبوونەوە
ئەو پیرێژنەی سەمای جەنگ دەکات
بنکراسی ئاڵای وڵاتە ئیمپراتۆرەکانە
بۆ بنکراسی نادرێ
دڵم گەرمە
پەراسووم داکەوتوونەتەوە ناویەك
گوندی گەنجینەی منداڵیم قەل گۆرانیبێژیەتی
چاوی پەنجەم دڕکی تێ چەقیوە

ئێرە حەسرەتم لەکورتی دەدا
قەپێلکی لاشەم دەشکێنم
دەچمەوە گوندی گەنجینەی منداڵیم
خۆڵی ڕووی بەردەکانی هەموو دەستنووسەکانیم دەداتێ
دەمکات بە نووسەری بێهاوتا و بێباك
ئەو مانگەی لە مانگگیراندا
دەسووتێ و بەدەرەوەیە
ئەوە ئاوێنەی تا بڵێی ڕوونی گەشتنامەی منە
ئەو گۆرانییەی پاش شەو شکانەوە
خورپەی بەهەشتییانەی گوێ دەزرینگێنێتەوە
ئەوە دەنگی مردووەکانی گۆڕستانی سینگی منە
ئەو چڵەڕەیحانە بەژن باریکانەی لە دەمی نەرمی دێراو
بای وادە بۆنیان هەڵدەگرێ بۆ ناو شاری ڕازاوە بە باخچەی گشتی
ئەوە بارانی خودایی گوندی گەنجینەی منداڵیی منە
ئەو پەلکەدارانەی دەموچاوی عەردیان داپۆشیوە
گەردەلوول بۆی کۆناکرێنەوە
ئەوە پێستی گەنمڕەنگی منە
ئەو دار خۆخە کاکۆڵ ڕووتاوە کلۆربووەی
لە کلۆریدا ئادەم بیر لە پەراسووی خۆی دەکاتەوە
ئەوە پەنجەرەی ڕۆمانسیی یەکڕوویی منە
ئەو کێوەی شەوان زەردەپەڕی لە پشت دەنوێ
سبەینانیش خۆری بێڕیایی خەونی لێ بەئاگادێ
ئەوە کێوی ئێسکبەندی لەشی منە
ئەو گیایەی تنۆکەی خوناو بەژنی دەشوات
دەچێتە ناو گوڵەکانی شانازی

ئەوە برژانگی پەرژینی چاوی منە
سووتان
خورپە
بۆن
گەردەلوول
ئادەم
خەون
گوڵ
لە دیوی ئەمدیو گوندی گەنجینەی منداڵیم
گوێم لە دابەزینی سرووشی پێغەمبەرێکە
یەکەمین خەونی مرۆڤی بینیوە
دۆشەکی لە ئاگرە
لێفەی لە خۆڵە
بالیفی لە ئاوە
ماڵی لە بایە
لە ناویدا من و نالی و باڵندە ملدرێژەکان
لە خۆشییەکانی گەشت و مۆزەخانە
چیرۆکی کەڵەکێوی و پەرییانین بۆ شەوی درێژی ئێشکگران
یان داستانین بۆ سەرەتا وشە هەبوو یان خۆری پیری و وچان

٥

ڕووناکییە ناکۆکەکانی ئەو ژوورەی ئاوێنەی جادووبازێکی کاریگەرە
بە قسەی هێنام
پەڵەیەکی خۆڵەمێشییە نهێنی لەناو بەرهەم نایە
جلوبەرگی منداڵانی لێ ناگۆڕدرێ
ژن کەلوپەلی تێدا ڕێك ناخات
ئەو ئاوێنەیە بە چی تاوانبار بکەم
بەوەی دەموچاوەکان دەدزێت
بە شێواویش دەیانگەڕێنێتەوە
جادووباز زەبەلاحێکە دەستی ژیرەکان لەناو دەستی سڕبوونە
سرووشیان بۆ نانووسرێتەوە
تەنیاییشم خوێنی خۆی لەناو دەنووکی قەلەڕەش هەڵدەگرێتەوە
ساڵانێکە گۆڕەپانی بە یاری نەخرۆشاوە
ڕۆژانی منداڵیم بزرە
گەنجیەتیشم حیکمەتدار
دەمکات بە خوێندەواری کتێبی تەواو لە گومان پاکبووەوە
منداڵانیش دارە دارەیانە سێوم دەدەنێ
ماوە کورتە
پیاسەی فەرامۆشبەخشی شەقامە گەچڵاوەکان تەواونابن
کیژانی گەرمیش هێشتان نەچوونەتەوە ژوورێ
بە ناویەکدا کەوتنی دەنگی دەستفرۆشەکان
دەمەبۆڵەی بەخشندەن
کارگە ئێسکی دایکمی جووی

دایکیشم لەملا تەنیشتەمە
گوندی گەنجینەی منداڵیی بە پشتییەوە گرێداوە
زیندەوەری زەویش چڕنووکی لێ گیر کردووە
هەڵمی مردنێکی هێمن و بێتاوان نیشانەیەتی
ماسی لە ئاو دەردێن
لە دەموچاوی نزیك دەبنەوە
گۆڕ لە چاودێرییان لاشەی تێکناچێت
مافووری ڕەنگاوڕەنگی ڕایەخین
پرسەی چاوەڕوانی خۆی ببینێ
هەور شکا و ڕەنگی بە سەد جۆر گۆڕا
باران وەری
دڵۆپەکانی سەیری ئەو منداڵانە دەکەن
بە ڕێگاوەن بۆ قوتابخانە
ناشزانن دەرگا ئاودیوی ژوورەوەیان ناکەن
چەترە داخراوەکان کرانەوە
مێرووله خۆیان ئامانەتی دڵپاکی شارەکانیان کرد
ئەزموونە بێن درێژەکانم
لە بوون بە خاوەنی لاساری و گیای پڕ ڕازی کونی شمشاڵ مۆزەخانەیە
جلوبەرگی نواندنی شانۆگەرییەکانی لەناو هەڵدەبژێردرێ
دەڕامێنە بۆ ئەم شوێنە هیچ مەترسییەکی لێ نییە
سوارێکم لە ملەی خزی ئاسوودەیی
هەڵمی ناو بژی وڵاخ هەناسەم گەرم دەکاتەوە
ئەو کانییە ئارەقەی کەمە بەفرانە
دەستنوێژی نوێژە شەوارەی لێ هەڵناگیرێ
بزنە کێوی شاخیان کلۆرە

گورگ دەمبەست ناکرێن
خاك تەڕە
تەیەمومی پێ ناکرێ
هەڵمگرنە لای ئەو ڕێیەی ڕەنگ و بۆنی ئەفسانەیی دەدات بە هاتن
خرمەی ناڵی ئەسپم لێ نزیك دەکاتەوە
ئەسپ بە ڕێگاوە دڵخۆشە
ئەم دڵخۆشییەی
مێژووی کۆمەڵەی پەری و خوداوەندی کردووە بەنیشانەی سەرکەوتن
دەموچاوی ڕێگا لۆچی تێ کەوت
مەترسی لە هەنگاوم دەئاڵێ
بە دیوی ئەمدیو چیاش
گەرمیی فڕین ئارەزووی منداڵان دەپارێزێ
گوڵیشیان لە بەهاری ڕۆشن بۆ پەروەردە دەکات
کەواتە مردن ئاوا جوانە ناقۆڵا خۆی پێشکێش کردووە
مام زۆراب لە ناویدا سەبەتەی مێوژی داناوە
بابەنوئێلیش دەیفرۆشێ
بیکڕم یان نا
من و گوندی گەنجینەی منداڵیم
لەوێ دەچینەوە ناو یەك
سروودبێژان لەناو برینم ڕاپەڕیون
برینیشم لە یەکەمین سرووش و کتێب باڵاترە
قۆناخ و ئاگردانیان لە نیشتیمانی هەڵبزڕکاو ساردبووەتەوە
پایز وادەی سەردانی نەهاتبوو
ئای چ زوو گوتی
شوێنی مێوانی دوورە دەستتان ئامادە کردووە

ئەو باخچەیەی لە تەنیشتمان گەشەدەکات
حەزیشی لێیە پێی نەزانین
شادمانی ڕاستەقینە ئاو دەڕژێنێتە ناوی
جوانە کیژان مۆسیقا دەژەنن
گۆرانیبێژ لەبەردەمیان تاساوە
حەوزی تەکیەی نالی ئاوی کەمکردووە
باڵندە باڵ شۆڕ ناکەنەوە
داناکشێن
پەلکی درەختەکانی تایان بەرزبووەتەوە
داچۆڕاون
ئەوە چیتانە لاشەی کەسەرەکانتان چاڵە خوێنێکی جێماوە
بەدیار زێوانی وەنەوز گەرم پەپوولەکانی دەدوێنێت
پاشان چێژ لە فڕینیان وەردەگرێ
زەردەپەڕ دوا تەماشای خۆی دا
کاڵ بووەوە
تریفەی ئەشقی من نەنیشت
چیت پێ بڵێم
وەڕسیت پڕە لە ڕۆشنایی ئەم بوونە دەسمایە کلۆڵییە
خۆم لە خۆزگان بەتاڵ دەکەم
هێزی ئەفسوونی خوداوەند
هەستەکانی باخچەوانی شادمان
هونەرە جوانەکانی پەندی پێشینان
گەڵای پڕ تریقانەوە
خۆشم دەوێن
باوەشیان تێوەردێنم

ئەرێ هەڵگرتنەوەی پارچە کەوتووەکان چەند هێزی دەوێ
لە گۆڕستانی ئەمبەر
مردووەکان لە داوەتی ژن گواستنەوەم گوڵی شۆڕانێ دەسماڵیانە
دوولای گۆڕ وێك دێتەوە
هات و هاوارم دەخنکێ
دەرێ مۆرانە لێی داوە
لە چرکەی ئەشقێك بوویت بە پاڵەوانی ئەفسانە
کێو بە پردی پەنجەت دەپەڕییەوە
بینیم پەڕەچی
لێفەی دەقنەشکاوی پاشمەرگی زێوانی پەڕە دەکردەوە
لە دەنگی ئامێرەکەدا لە لێدانی دڵی کێل گەیشتم
کەوان و پەڕ لە بیرەوەریم دڵیان بەنەرمی لێدەدا
بەتانی بۆنپژێن کراوی کپی مردووان داناگرم
داپیرەی حەکایەتخوانی پێ داناپۆشم
حەکایەتخوان وجاغڕوونێکی قسەنەستەقی چاو ماندووە
تازە پرچی لە شە داوە
لە باخچەی شار بۆنخۆش بە بەیەکگەیشتن
ڕاسپاردەی دەگەیەنێ
لە ڕووخۆشی و دەمودووکردنی بەخێربێن
ئاگری تا هەتایەتان داگیرساند
ئاوی گومان بەسەر ئەو گیایانە دەڕێژێ
لەسەری دادەنیشن
ئاهـ درەختی چرۆساوی ئامێز هەمیشە سەربەست
بنکت ئەڵقەی پڕی داوە
من بوونێکی کرێوەپێچم

سێبەرت خەواڵووە دێمە ناوی
کتێبێك دەنووسم تێیدا لە ڕەزەوانەکان دەپرسم
ئەرێ سێو بۆ لە میوەکانی دی جیاکرایەوە
قەدەغەش کرا
کەی ئاسایی دەبێتەوە کەرتێکی بخۆین
ژیان باڵی باڵندەیەکی تەنگەتاو کراوە
ماڵ لە سێبەری دادەنێین
پشوو دەدەین
بیر دەکەینەوە
بە ئەفسانە دەڵێین برادەر
ئێمە ئاومان هێنا کردمانە کەفاو
لەسەر پێستی خۆمان یاریمان پێکرد
کەچی چڵکی ناخ بەستوویەتی و نەکرایەوە
لە وەفاو ناودەستی نەرمی کەفاو
مردووەکان جوانیی دووبارە دەکەنەوە
مردوو فەرمانتان بە چییە بیکەن
ئێمە کۆمەڵێك خەون دیدەین
ئامادەین بۆ کۆکردنەوەی
منداڵیی پەرتبوومان لە شەقامە ئاوارەکان
ئەی هەقیقەت
ڕوونتر لە حەکایەتەکانی داپیرە و شکۆدارکردنی
تەختەڕەشی یەکەمین پۆلی قوتابخانەی گوندی گەنجینەی منداڵیم

## ٦

شتە سادەکان منیان هەڵدایە بەرزایی ڕووخۆش و خۆشحاڵ بوون
لە خرۆشانێکی بە هەموو شت بوون
لاسکە گیایان لە دەم هاتە دەرێ
نهێنییە نادرکێندرێ چەندە
لە پێشوازیت ڕووناکی دیدار دەماندرەوشێنێتەوە
بۆ درەنگ لە دایك بووی ئەی باڵی یەکەمین باڵندە
لە پاش چاوڕوونی و گەشبینیی ئەو پەلکەدارە یەکڕووانەی
شکۆی زەمینیان کرد بە ئاخاوتنێکی نایاب
چارەنووسم سنەوبەرە
وەك شینایی ئاسمان دڵنیا و بەئومێد و شادمان
ئەگەر هاتوو پەیوەندییەکانی هەور و داباری‌ن
کورسییەکم نزیك کۆشکی خۆشنوودی بۆ دابنێن
تا سەر تێکەڵاوی پیت و وشە و کتێب و سرووش دەبم
یاداشتم بێباکی پەیکەری نالییە
کێڵگەی وشکبووی ئەو شارانەی بۆن کردووە
بەخت و نیاز و یاداشتیان زیندوو نابێتەوە
ئەستێرەی دەرکەوتووی ئەم داناییبە بیرلێ نەکراوەیەم
خوێنم وەك خوێنی ڕیشۆڵەیەکی خوێنگەرم بەفیڕۆچوو
لە تێپەڕبوونی ئەسپێك ڕادەمێنم
ڕوون وەك گەیشتنی بێگانەکان لە سنوور
سەبەتەی ماڵە گەوران سۆزیان بزرکردووە
ئەهریمەنێکی چاوگەورە تەفرەی داون

زەبر و زەنگ لانکی منداڵەکانمان دەخاتە سەر پشتی گای چاوسوور
ڕوانینی هۆش و چاوم چوونەتە ناو کراسی سرووش
پارچە متفەڕکی حیکمەتی بێهاوتا
لە سەردانی میهرەبانییەکی ڕووناکدا
برینی پەنجەی بلوێرژەنی بەستووە
چوویمەوە باریەك و سستم
ڕاموەشێنە
کە دەکەوتم دایکم بە گۆڕی تەمەنکشاوێکی دادەدام
خۆڵی ناو پیاڵەی دەنواوە
گوێم لە گۆرانیی ڕوون دەبوو
منداڵیم ئارامیی کیژی نەورۆزە
ملپێچی یەکەمین سبەینەی بەهاری ئاڵاندووە
ئای نایگەمێ
بۆ نایگەمێ
لەبەرچی نایگەمێ
ئەی ئەگەر بیگەمێ چی ڕوودەدات
کۆشك دروست دەبن
یان دەڕمێن
یان تاڵان دەکرێن
یان جیاوازییەکانی نێوان کۆشك و کووخ دەبنە گۆرانییەکی میللی
نیشتوویەتیە بن دوا پەرداخم
دوا پەرداخیش کۆتاییمە
گۆڕ داکەوتن
کێل نووشتانەوە
ئێسك دیارن

بەم زووانە قاوەی تازیەم لە دەستی مێوانان دەگێڕدرێ
چاوی خوێنپەروەری مەرگ
کوللەی پەروەردەی سەرشانی برادەران
گەفی لافاوی بێئامان
سێبەری هەڵخەڵەتێنەری درەختی خەوگران
پێستی مێشکیان ڕنیوم
کۆترەکانم بفڕێنمە کوێ
دەنکەگەنم لە چ زەوییەك بچێنم
گیانی سڕی بەهارێکی خێر لە خۆنەدیوم بردە نزیك ئاگر
تەنافی تەماشات سەکۆی
ئا و نایە
ئاخ و ناخە
ئاو و ناوە
یان
هەرا و هۆریایە
هار و هاجە
تەم و مژە
گەنجیەتی حەز بە مەیدانخوازیمی لەناو ئەزمووندار دەکەم
ئارامیی ئەشقسوارێك بەفر بەستای
گەشتی سڕبوون سرەوتنە
ڕوومەتی بەیتێك بریندارە
شەختە خزە دڵئاگابە هەڵنەخلیسکێیت
قوڕ لە شۆڕە کەزییان خووسن
ڕووەکە هاونشین و هاوپەیمانەکانی گەرما
لە نسرم بەگلەیین

ئاو لەناو چاوی گوڵە لۆکە مایەوە
لە مانەوەشیدا پەیوەندییەکان بە ساختە دەزانێت
دۆڵیش وشکن
کەروێشك بێچووەکانی لەناو ڕادەهێنێ
بەرد لە چلوان قەڵەشت
برایمۆکیش ئاگری سێبووری ونکردووە
ژەنگ لە گۆی مەمك ژەکن
لێوی بەباری منداڵیش هەڵبزڕکاون
ڕێواس پیربوون پەنجەی کیژانی نەگەیشتێ
ئێستا گرد و دۆڵ یەکئاست دەبن
قووڵایی دەپووکێتەوە
شاتان گەردەنی دەداتە عارد
خۆر نێرگز ڕەنگێکی کاڵە
هەست و هێزم لە چنگی ئێوارەیەکی دڵگوشراودا دەستبەسەرە
چی دەبێ ئەگەر ئازادم کات
ئەی ئەشق دەستبەردارت بم ئازاد دەکرێم
بەخشش و شانازیی ژیان و پەروەردگاری هەمووانی
لە ناوت داری ئاڵام
منداڵدانی سروشت شاری مێروولانە
هێشتان تای تەم ناخی شاخی بەرنەدابوو
کشامە ناو سەرگەردانیی پەیامێکی کوژاوە
کتێبی داناییم
دەریایەکە لە دڵی خۆیدا شاد
مانگ تێیدا لە خەونی پێغەمبەرایەتیدایە
بالیفی پەڕی ئەو باڵندەیەیە لە ئاسمان پەڕی داوە

زەوی کشا

بوومەلەرزە یاریگەی منداڵیمی کردە بازگەی گەورەی شار

کیژی کەمەرەشلی ئەفسانە

پێستی ڕەونەقی دایەوە

کیژەکەم لەناو کراس و مۆمی جەژنی لەدایکبوونی

هەستی بەوە کردووە جوانییەکانی ژیان بەس لە کەنار نابیندرێن

لەناو ئەم هەستپێکردنەیدا حەزی لە کێشانی وێنەی پەلکەزێڕینەیە

کۆلارەی منداڵیی منیش هەڵدەدا

سێبەری ماسیگرە شینایی دەریای بڕی

سنوور لە وێکهاتنەوەی باڵی باوێشك دەدا

پڵینگیش خۆی لەم بەر و ئەو بەر بێباك کرد

دڵی بە باشی لێدەدا

لە سێبەری ترسناکی ئەو دەست و پەنجانەی شتە سادەکان دەشارنەوە

نەتاسێم و مردن ڕەنگم نەبا

دڕك لە پێم نەخووسێ

سواری حیلە هاواری فریاکەوتن بەفر دایپۆشت

ئاگری سێبووری پەریخان گەرمی کردەوە

برینی هەڵوەشاوەی داکەوت و کفت نووست

خوداوەند ماڵی منی بە پەسەند زانی

دابەزییە ناوی

دەبینێ هەموو ژیان لۆکەیەکی زەردە

بە برینی ژوورەکەمەوە

ژوورەکەشم ئەژدیهایە کلۆری ددانی ئای کلۆری ددان

ڕژامە شەقامەکان

تررووسکەی فسفۆڕی جادووباز

قوم لە جغارەی تەمەن دەدات
خەناوکەی گیابەندم پێوەیە
ڕنۆکی لمیش ئای ڕنۆکی لم
تاتەشۆری مزگەفتی گوندی گەنجینەی منداڵیم تەڕە
من و حەشاماتی گەردوونی بەرەواژی
هەریەك بە جۆری ناشیاو شکست لە پەنجەمان دەئاڵێ
هەنجیریش بە لکانەوە ڕزین
منداڵیم ئارەقەی شیشەی زیندانان بوو
ژووری زیندانیش بۆنی دووکەڵی کزری مێشك گران دەکات
گەنجیم کشا
وەك بڵێی ئادەم و حەوای خانەوادەی دڵسۆزمان هەست بە هیچ نەکەن
پێویستە قاچەکانم بجووڵێنم
هەنگەکانی گوڵیان بێزار کرد
بارانەکانی نەیانتوانی تەنانەت ڕووەکێك دڵخۆش بکەن
یان تەختە شاخێك بۆ نوێژ بشۆن
مێوانەکانی دوای نانخواردن
چەقۆ و کەوچك و چەنگاڵیان دزی
هەستی ناسکی یان دڕندەی کۆمەڵێك سەدە
بهێنمە سەرمێزی یاداشت نووسین
یاداشت لە چڵە تریفەی مانگ
کیژە لە ئەوەل بەهاری ئەشقدایە
منداڵیم ناگەیەنمە ئاکام
هەوری گەنجیش تەنکە کەرویشکەی پێیە داناتنۆکێ
پیریش نسرمە ڕۆژێکی زەردە
بەدوادانەوەی ڕۆژانی لە هەموو خەونێك نائومێد بوون

خۆرئاوابوونی دوای زریان
ماڵئاواییش
ڕدێنی شکۆ و جوامێریی عەردیان گەچڵاند
کەو لە سێبەری کۆشك بیر لە چێژی کڵاوڕۆژنە دەکاتەوە
خنکانی دەنگ
بزربوونی ڕەگ و ڕیشە و پەڕ و باڵ و هێلکە
ناکۆکی تیشك
گۆرانی مردوو
بەهاری مەلوول
ترس
تێکەڵاون
لەم شەوە چاوڕژاوەدا تەنیا گۆپاڵێکم بۆ خۆم دروست کردووە
چۆن بتوانم دەست بە برینی کەسێکی دیکەوە بگرم
لە هاڕە و گەفی گەواڵەی بەرچاو لێڵ
نەچوومە پەنای شاخان و بەژنی قەڵا
ڕووم لێنێ ڕەنگەکان یەکتری ناسڕنەوە
لەناو برژانگ و چاوی خودا فلْچەیان تەڕ کردووە
دەموچاوی گوندی گەنجینەی منداڵیم ئارامییەکی ساکارە
منداڵانی بە دەرەوەن
بە سووکی دەرگا بکوتە
خدر لە بن نوێنی گیایان مردنی لە خەوندا بینیوە
کێ ڕەنگی شینی بە دەریا دا
باوکی ئاو دڵڕەقە نۆبەرەی خۆی لە ڕەنگ بێبەری کرد
ئاوێکی بێلێوار گەزەم لێدەگرێ
پەیوەندیم بە کاتەوە نییە هاوڕێیەتیم لەگەڵ

جۆگەی گوندی گەنجینەی منداڵیم سەرسامی منداڵە بە مانگ
ئەرێ هاوڕێیەتیم قبووڵ دەکات
لێم گەڕێن دەستگێڕی ئاوێنەی ساڵی دوو بەهاریم
سندووقی تەلەفزیۆن ڕێکەوتی بۆنە و ئاوازی سرووده تایبەتییەکانی تێدایە
ژیان گەڵای ڕژاوی ژێرپێی پیادە و نووکی بلیاردە
بەدەم لەرینەوەی گەردەلوولەوە کۆتایی دێ
کۆتاییەك تەواو لە گومان ئاسوودە و ناخ ڕوون
جوانەکیژان بێن بمبینن
دەستەسڕی سێبوورییان بە سەر خۆڵی گۆڕم دادەن
دەستەسڕیش بۆنی سێبووری بگرێت
ژنان کێلەکانی دەکەنە جۆلانەی نەزر
پیرێك پیرێکی تەواو پیر
بە هاوار و شڵەژاوییەوە سکاڵای بەرەو گۆڕستان دەبا
دوێنێم چ شەوگارێکی ئارام بوو
گەرمایی چرای زێوانم بەخۆمدا دا
سەرینیشم پوونگی نواڵان
نواڵە و گوندی گەنجینەی منداڵیم
خاچن پێیانەوە داکوتراوم
شار بیرەوەرییەکی ئاڵۆزە
نەخشی مافووری ژووری گەنجێکی بە حەسرەتەوەش
بە دوای کرتەی شکانی پشتی ئەم چیایە مەیێن
وام لە دڵی کەڕوولێکەوتووی نارەحەتی نینۆکەکانم دەژمێرم
ئەها پەنجەکانم بەربوونەوە
هەڵیناگرمەوە
بە دوای خشەی ئەم شەوە مەیەن

منم دەستاڕ لە خەرمانی ئێسکم دەگێڕم
بە دوای دەمەبۆڵەی توندی ئەم وەرزە مەیەن
دەمڕاستی سروشت ڕاسپاردەکانی نەگەیاندووم
لێی وەردەگرمەوە
سبەینێ کۆمەڵێ مردووی گۆشت ڕزیوە
لەمڕۆم دەچێت
لە ڕۆژانی تریش
نواڵە پەردەی دڵکەرەوەی پەنجەرەیە
بارانیش گڵۆپی ژوور
بنوو با کەسی دی خۆشمی نەوێ
نەك بکەوم بۆ کەوتنم بکەویت
بای دەستی ئەوان قیژەی لێ هەستاندووم
زێوانیشم بەتاڵ دەکەم
مردووانیش پەنجەرەیان ناکەنەوە هەوای سییەکانیان بگۆڕێ
برینداریێکی سڕم پڕووشە خزاوەتە ناو برینم
ئەگەر گەرمایی تۆم لێ نەدا ئیدی دەمرم
گۆڕستانێك چاخەکانی پیرکردووە
نواڵە لە ناوی کێلێکی کردووە بە ئاگری سێبووری
زەردەخەنەی منداڵە گوڵفرۆشەکان
دەکاتە ئەسپی بە سادەیی دڵخۆش
لەوێ گردێك لە تاسبردنەوەی گۆڕەوشار نقووم بووە
بە چاوی مردووان ڕادەمێنێ
زیندەوەرێك خۆی بە پشتدا وەرگێڕاوە
پاشماوەی کەلێنی ددانی دەردەهێنێ
لێرانەش من لە تالانکردنی ناخی بەردی ڕندراودا

کەفی لغاوی ئەسپم وشکە
تا دێ ئاسمان هەردوو دەستی لەسەر شانم دادەگرێت
گرێی قوڕی ئاشووب و ژاوەژاوم پێدەشێلێت
قورقوشمیشم لێ دیارە
شەوێکی تەڕ لەناو منداڵدانی زەوی مامەوە
هەناسەی مێروولان سۆبەی گەرمبوونەوەم بوو
ژیان کەف و پووشی سەرئاوکەوتووە
دوای چی بکەوم
با بکشێمەوە ناو تەنیایی بێگەرد و شانازیم
خەون و نانی ژیان و کتێبی دانایی
لە گوفەکانن
مۆرانە چاوساغیانە
کێڵگەی لۆکە
تەزووی خولیا
تاسەی باڵی زەڕنەقووتە
چاوی نیوە خەوتووی کەروێشك
شەپۆلی بێبەزەیی لافاو
ئەوە گوندی گەنجینەی منداڵیمە
ڕەنگم لەناو جێهێشتووە
ڕەقی دڕکی گریاندوومی
بەژنی گیای دووپەلکەیشم شکاندووەتەوە
بە ڕۆژ دەرزییە باران ڕەنگی درەختەکان دەگۆڕێ
شەویش چاوی جەردە
ناهێڵێ حەکایەتی سەرەتا وشە بوو تەواو بکرێ
دەمبینن

کۆڕی گەورەی ماتەم و خۆپێشاندان
دەبنە بەشێك لە گوێگرانم
گیان لەناو دیوان داگیرسێ چ گرینگییەکی هەیە
دیوانیش بە سەمای ڕووبار دڵ توند بێ
لە چیت بدوێم
بەردێکت هاوێشتە بەرپێم
بەولاشمدا تەلیسم و تۆق و تۆفانە
هەمووومان قووت دەدات
بە نەوییاتیی گردێکیش درێژ دەبمەوە
دەمێك ڕاز و دیدار
دووپشکێکی گەرمبووی بەرخۆری چلەی هاوینن
چۆنیان پێ لەسەر دانێم پێم وەدەدەن
پاشان نواڵەن لە داوای خۆشەویستم
دڵەڕاوکێی هەمیشەییم
بە شوێن هەنگوینی خودایی ماندووە
لای بەیانییان بە شەقامەکاندا دەڕۆیشتم
جێ پێم داکەوتن
ئای ژیانم لە یەك دەچێت
دەنگی لێککشانەوەی کۆلکەی ناو سۆبە دێ
بارانی سڕبووی ناو پرچم بەئاگایە
کوا سۆبە دەتوانێت
خەونی کۆلکە و باران بکاتە کتێبی دانایی
باڵندە تێیدا باڵەکانی ببینێت
لە زستانی پشوودان و ئارامیی
لە خورپەی گەشە و وەرینی درەختە شاد و بەردارەکاندا

خەوێکی کەروێشکیم کرد

لە خەونمدا ڕیزێك ددانم بەربوونەوە

دەڵێن ئازیزێکت

دەستت دەنێتە پەنجەوانەی نسێ

لە ڕستەی لێکدانەوەم سوخمەی تەنکی نواڵە قەدی گرتووە

تاسەی حەسرەتم نایهێنێ و نایبات

دەڵێی بای ئەم ناوە کوژراوە

پرچی کیژێك تێکناچێ

خشەی گەڵایەك نایە

بەهاران ساماڵ پرچی زێڕینی ڕادەکشێ بەمن چی

پێش ئەوەی گەنجیەتیم ببێتە جۆگەوانی

هەنگوینی خودایی گوندی گەنجینەی منداڵیم

گەواڵەی پیری هەر دە پەنجەی لە پرچم کرد بەچاودێر

دەرگا لە ئاست تەنیاییم کرایەوە

دەچمە بەرزاییەکان فەرموودە جوانەکانم گوێ لێدەبێ

گەرمترین مووچڕکی شکۆمەندی ئەم قوربانییە خوێن بەفیڕۆچووە منم

چۆن بتوانم بگەڕێمەوە ڕووخۆشییەك

ئەمڕۆ نەزانم سبەینێم کۆچکردنە یان مانەوە

دیواری ڕووت

پێکەنینی زۆر

تاسەی ماڵئاوایی

ڕووداوی مەند

شانۆی تاریك

مێزی بەتاڵ

کۆچایەتی خوداوەند

کسپەی تەنیایی
پرسیارەکانی نالی
ڕنووی دەم زریان
بە هاوارەوە چوون
ناڵەی گەرمی هێمن
هەر هەموویان پێم دەڵێن چیا جانتای زەنگیانەیە
کاروانێکی ئەستێرە کوژایەوە
نهێنییەکانی خۆی لەناو پاراست
ژەنگی چەقۆی بۆماوەیی گومان لە خوێنم نەرم دەکەمەوە
زەمین یەك دوو گەزی دیاریکراوە لە کۆتاییدام
مردن ئەم و ئەو ئازارم دەدەن
ئاو دەمبات
گیای کەناران ڕامناگرن
تەنیایی بێگەرد و شانازی
منی خۆش ویستووە و خاڵخاڵۆکەش
ساردایی خانەکانی لەشم دەبڕێت
هەموو خۆشییەکانیشی گەمارۆداوە
تێپەڕبوونی وەرز
چزووی دەبێ چی بکەم
مووچڕکی خۆشەویستی
ئێوارانی ناو بێستان
قومریم دەخەنە خرۆشان و حەز بە ئاسمان کردن
ترسبارم خوێنم برژێتە بۆشاییيان
لە بیرەوەری پنجە گیایەکیشدا نەبم
ترسگەرمم تەماشام بدەمە منداڵێکی نوستوو

لە خەونی بەرزبوونەوە بالیفی بتوێتەوە
بۆ بترسم کە من یەکپارچەم لە هەڵدێر
زەوی گەرم بوو
مێرووله دەرهاتن
سووکە تایەك ڕووم بەرەو مردن وەردەگێڕێ
یان دەمهاوێتە سەر ڕێگایەك مەوداکانی ڕوون و زوڵاڵن
قاچەکانی شەمشەمەکوێرە بکەونە سەر زەوی
سەرگەردانی پتر داگیرمان دەکات
دەڕۆمە نزیك گۆڕستانێك
گوێ دەدەمە خشپە و ڕاز و گلەیی ئێسکان
ئێرە کۆستێکی ترە
دەبێ کێلی گۆڕێك بە نیشان و هێزی یادەوەری بزانم
دوێنێ نیم پژدێنی چەند تیلمی مێژوو
لە پشتمدا نەبێتەوە
بگەڕێوە چیا لە کەمەری چەپم ڕوا
سەنگەریشی قایم کرد
ڕووباری لێ دەخشێ
قەفی پژدێنی مێژوو هێلانەی مار و درنجی دووڕووە
چ حەسرەتێکی بەیەکداچووی یەکتربڕە
خۆ دۆزینەوە و خۆ ونکردن
من و باڵندەی باب و باپیر تاج لە سەر
پێکڕا کاتیان لەبن پێ و باڵیان کێشاینەوە
گوندی گەنجینەی منداڵی
بەڕازی تۆ ڕووناکی ئومێد لە کفنمان دەدات
نالی ئێسکەکانی خۆی بە خاك و خۆڵ بەخشی

تا ببێتەوە خۆڵ

بە سەر برینی منداڵییدا بکرێ

ژانی بشکێت

حاجی قادری کۆیی ئێسکەکانی خۆی بە گۆڕِ قەرەج بەخشی

تا ببێتەوە خۆڵ

بە سەر برینی منداڵییدا بکرێ

ژانی بشکێت

مەولەوی ئێسکەکانی خۆی بە سەرشاتە بەخشی

تا ببێتەوە خۆڵ

بە سەر برینی منداڵییدا بکرێ

ژانی بشکێت

منیش ئێسکەکانی خۆم بە دەربەندی گۆم بەخشی

تا ببێتەوە خۆڵ

بە سەر برینی منداڵیمیدا بکەم

بمبوورە فڕینم لە بیرچووەتەوە

ئێسکەکانمان کردەوە خۆڵ

دێویش خەیاڵ دەکات

سەمەندەری ئەو ئاگرەم

گوندی گەنجینەی منداڵیمی کرد بە شارێکی بەناوبانگ

دراوسێیەکانی بە حیکمەتەوە دێنە ناوی

لە وەفا هەڵناگەڕێنەوە

خۆر بە پشتدا کەوت

بە ساکاری من دێم

ئەو دەڕوا

بۆنی گرانی زبڵی لاڕێیان دەمگرێت

هاڵاوی کارگەی کاتژمێرە دەنگ نەرمەکان
پەنجەرەی سییەکانی فڕێدامە ناو چەشەی کتێبی دانایی
لەوێ یاداشتی خۆبوونی و سوورانەوەی زەوی هەست
نووسینەوەی
خواردنەوەی ئاوی چەند کانی
گفتوگۆی ئا و نای چەند قۆناخی
هێنانە خوارەوەی تاجی چەند پاشای
شکانی سەهۆڵبەندانی چەند ڕێگای
دەوێ
گوێم لە ژاوەژاوی خۆم و ئێوە و ئەوان کاس و وڕە
سبەینێ خەتێکی خواروخێچ بە دیواری تەمەندا دەکێشم
منداڵدانی ژنان گەرمن
دەماری ئارەزووی مەمك
گەرمایی پەنجە بەئاگای دەهێنێ
نینۆکەکانم دەهێڵمەوە
کارێزێك دەگەیەنمە شاخ
خۆڵی بن نینۆکەکانم دەرناهێنم
تۆزی زەردی مەینەتی
لە برژانگەکانی گوڵەگەنم دەکەمە پاسەوان
بنووی خەون نابینی
تەڕایی سەرم دایە پێم
وشك داهاتم
بای هاوین لە نیوەڕۆدا شێی هێنا
دارستان منداڵیی خۆی لە بیرکردووە
دیمانەی ناو کەڵەك خۆنواندنی لێ کەوتەوە

سێبەری چرا لە ئەشقی پەپوولە بێ ئومێدە

ڕنوو سینگی گرانبێ بە نەرمی نایە

بنووم خەون دەبینم

لە نێوان لەدایکبوون و مردندا

گوندی گەنجینەی منداڵیم

یادەوەرییەکی جوان و ئەفسانەیەکی بەهێزە

لە ناوی دانیشم خەیاڵ خۆشحاڵم دەکات

مەبەست لەناو ماڵی پەرژینکراو دەمباتە دەرەوە

گەرمام بێ دەتوانم لە ئاو نزیك ببمەوە

سەرما لە ئاگر

خەونبینین هاوتای جانتای گەشت و خۆشبەختییە

خەون ئەی کراسی بۆنخۆشی

یەکەمین ڕۆژی چوونە قوتابخانە

بەدەنگێکی خودایی شتێك بدرکێنە

## ٧

تەنیا شوێنێك لەسەر زەمین
باران بە هێمنی بە ناویدا دادەبەزێ
ئەمیش دەروون
بێ ئاخاوتن لەسەر کورسی درەوشانەوە دانیشتووە
هەموو شتێك لە شێوەی خۆی دروست دەکات
نواڵە هێندەی ئاگری شەست و سێ درِندەی
گوندی گەنجینەی منداڵیمی کرد بە پاشماوەی باخچەیەکی سڕ
نواڵە هێندەی ئاگری حەفتا و پێنج درِندەی
گوندی گەنجینەی منداڵیمی کرد بە پاشماوەی باخچەیەکی سڕ
لەو ئاگرەش بەخشندەتری ئاگردانمی خرۆشاند
چی منی هێنا
منداڵیم لەناو پیریمدا گۆشەگیرە
گەنجیەتییەکی باوان دوور و خۆڵەمێشیش
ئاگادارم باران دەتکێتە ناو گۆڕان
کفنی مردووان تەڕ دەکات
تۆڕی دڕاو لە ئاوێ بلەرێتەوە
ماسی غارغارانێی گیانبازی بە سەردا دەکەن
گیانباز پاڵەوانی دڵپاك و سادەن
چڵەپۆپەی درەوشانەوەیان گۆرانییەکە بۆ هەمووان
چی دەبێ ئەگەر بای پێش بەفرێ
ئەم ناوە خۆش نەکاتەوە
بچمە ناو بێدەنگییەکی ئارامتر
تۆزی گۆڕەوشاردانێکم پێشان دەدەم

دۆڵیش برك دەهێنێ
کە بایەك نەیەت من لە خۆمڕا بۆ ببمە
تیشکی سیسی لەناو سرووش کوژایەوە
گیانباز لەناو دارستانی تێپەڕبوونی خانمێك چاوەڕوانە
چیمەنێك لەناو دووکەڵی خواردن ئامادەکردنی ڕێبواران دڵشادە
پیرەمێردێك دەستی لە کەمەری مەیدانخوازی ناوە
سەما لەگەڵ بای سەرپەڵە دەکات
دەنگی پڕمەی ئەسپیش خۆشە کە سواران دەگەڕێنەوە
پیرێژنێك گرەوی لەگەڵ چیایە
دەمی کوڵینگ بپەڕێنێ
فەرهاد پەیمان شکێن بکات
پەیمان هەورە لەناو ئاسمان خەوتووە
پیری گوندی گەنجینەی منداڵیم حیکمەتەکانی وا پێگەیاندین
گەواڵە درۆزنن
ئاسن خۆڵەمێشن
کەڵەکێوی دەستەمۆن
قەڵا پێخوستن
لە پەنجەرەی ژووری ڕاهێنانی مۆسیقا نووسراوە
گەنجییت شەڕکەرێکی لە شەڕ گەڕایەوەی سەرکەوتووە
لە وتوویژی پڕ ئاژاوەی برادەرایەتی نامێنمەوە
لە شتێك دەگەڕێم ڕەنگی دەناسم و ناوی نازانم
ئەمڕۆم ناگاتەوە کەوان و نەخشی خانووە دێرینەکان
سبەینێش دەنگشکان و ترس خستنەوە
بەژنی نیوەڕۆ بەلادا کەوت
باڵندەی خێرخواز باڵی نەهاوێشت

کەوتوومەتە خەوێکی گران لە خەوم کات
لە خەون بە یەکەمین پاڕانەوە لە خودا بگەم
پێڵووم دادەگرم
دەچمە ناو هەنگاوی دووهەست
لە تەماشام چیایەك بە توندی نارِوا
لە هەڵبەز و دابەزی گردێکی لە باربچێت
خوێنی لەبارچوونی ببینم
پاشان گوڵێك ئاو بدەم
کۆتریش دان
سیسارکیش لە درەختی باخچەی گشتی دەربکەم
یەکێ نییە مقەس لە پرچی پەلکەڕەنگینە بنێت
قرێژی هەڵە و تاوانەکانمان شانەیەتی
ڕێیەك هاتوچۆی لێ نییە
گۆڕستانێکی کەرت کردووە
گۆڕەکانی ئەم بەر و ئەو بەر ژن لە یەکتر ناخوازن
تا دانیشتووانی گوندی گەنجینەی منداڵیم
ماڵیان بگوازنەوە ئاسمان
پەراسووی نەرمی ئادەم هومای لەناو پێبگات
بزمارێك دەکوتمە سینگی مانگ
کراسی خوداوەندی پێوە دەکەم
گیرفانی پڕۆژەی کوشتنی کەسی تێدا نییە
بمەوێ کراس بگۆڕم
بچمە کار یان پیاسە و سەردانی شوێنەوار و مۆزەخانە
چاومی لەناو شۆڕشگێڕ دەکەم
مانای باران لێکبداتەوە

ئەم کراسە سەرچاوەی بیرکردنەوەیە
مەشخەڵێك بۆ تاج شکاندنی کابووس دەکاتە قۆناخ
نواڵە لەناو دارستانی سنەوبەر
قوماشێکی کرد بە جۆلانە
ماڵی لەناو دانا
کە باران چاوی سووری ڕوون دەبێتەوە
زەوی دەخرۆشێت
ئەمیش گۆرانی لە گومان ڕزگار دەکات
لە سەرەتای گۆرانی
قوماشی جۆلانە دەبێتە مەلۆتکە پێچ
کۆتایی گۆرانیش دەبێتە کفن
تیپی گۆرانیبێژ
تیپی گۆڕهەڵکەن
گیانیان پێنەما
باڵندە بەسەر ژێ و نووکی کوڵینگ بانگەوازی کرد
باخچە بە ئاوی پەشیمانی گەشە ناکات
کانی نووستن
گۆڕستان بەخەبەرن
پەرییان کشانە بن ساباتی جادووبازان
دەرگای ژەهریان کردەوە
نائومێدی جەنگێکی دژواری نایەوە و سەرکەوت
شەقام قەڵەشت
شاری دڵنیایی بزرە
لە کوێیرا بێم سەرنج لەسەر شتە سادەکان ڕابگرم
هەور تێپەڕی

دڵسۆزی لا جێ نەهێشتین

دڵسۆزیش جێ نەهێڵێ ڕووبار نایە

من و سەرایی بکەوینە پێشبڕکێ

گۆلمم لە ئاوی مردوودا

خوناوی پشتی کەروێشکان کزر ببن

دەنکە هەنار بوەرێ

با تۆپەڵێك خوری لە گەرووم نا

بێئاخاوتن و چەند و چوون ماومەتەوە

دەچمە تەنیشت شاخێك تای بوومەلەرزە بەری نەدابێ

کۆتایی بەبیرەوەرییەکانم دەهێنم

شەقێك لە کێلەکەت بدە

پەنجەرەیەك لە گۆڕەکەت بکەرەوە

لێت تێکنەچێ

چیتر ڕۆژم پێ ناژمێردرێ

چاوەڕوانیم دەکوژم

تا مردن لەوێ

لە وڵاتی خەون دەژیم

گیان ڕووناکەکانی ژێر سێبەری دێرینترین خانووی گوندی گەنجینەی منداڵیم

برادەری خدری زیندەن

نواڵە چاوەکانم خەتابارنین

بە بینینت پشوو دەدەن

پارچەیەك قوماشی مەمکدانتم دەست بخە

چاویلکەمی پێ ڕوون دەکەمەوە

دەزانی خەریکە گۆپاڵم دەشکێ

دەفتەری بیرەوەریم لاپەڕەکانی دەکەون

خدری زیندەش سەرگەرمی نووسینەوەی بیرەوەرییەکانیەتی
بەجێمانی تەماشات لە جەرگی دام
زستان
فەرووە لەسەر تەناف بمێنێتەوە
بەهار
گوڵەگەنم شیر بە نامۆ بزانێ
هاوین
بەرزایی سروە دابەش نەکات
پایز
گەڵای کەوتوو تیخی دوودەم تیژ بکاتەوە
چیم لەوانە
ڕوانینم دەستبەسەری هەمیشەییە
کەوتن نییە
هەست ڕاگرتنە
دەموچاوی تووڕەیی کاڵ ڕەنگی دەداتێ
نووستن نییە
بەخەبەرییە
دەموچاوی تووڕەیی تۆخ ڕەنگی دەگرێ
کوانێ
لە کوێیت
چۆن کۆتاییم دەگەیەنیتێ
نەرمەباڵ بای شاگەشکەییم لێ بدات
ئەمە خۆپێشاندانی کەمێك لە بزربوونمە
ئەی لە بەهەشت نەرمونیانتر گوندی گەنجینەی منداڵیم
ئەگەر چەتەکان ڕێیان نەدام بێمەوە ناوت

دڵم لە یاخەم دەدەم

کۆلارەم هەڵدەدەم و دەگەشێمەوە

چییە

بۆچی جارێکی دی

بە دامێنی چیای لەرزۆکدا ڕەوانم دەکەیت

کیژی دووڕیان سەرپۆش بە تەرمی ڕێبواراندا بدات

کزەبایەك نەبووە دۆستم

ئاگری چیایەك خۆی نەکردووەتە نیشان و سێبووری

بەخشندەیەك خۆی دابیتێ

گەرما نەکەوتوون

ڕووتەن ترسان

زریان زللەی نەوەشاند

مۆسیقاژەن لە ئاهەنگی لەدایکبووی تاقانەی مریەم باوێشکیان دا

ئەو گردەی بە ئێسکبەندان ڕامگرتووە

لەپەوڕوو دەیخەم

ئێرە ڕامانێکی کورتە

سیمای گیانمی لێ نییە

دەچم لە گوندی گەنجینەی منداڵیم

بە خوداوەندی گوڵەگەنمم هەڵدەبژێرن

باوکم پیاوێکی زۆر باش بوو

لەناو دڵی تاوێرە بەرد

ماڵێکی ساکاری ڕازاندبووەوە

ڕابەرایەتی لەناو دەکرد

خودای لەگەڵ

ماڵی ماسی بە چەتر و باوەشێنە شارەزانین

ماڵم لە ئەستێرە لاکەوتووەکانە
لە کەڵەکی شکاو
سەرژمێری گەواڵە کەم و زیاد دەکات
لە شەقامی دووکەڵ
لە چلوورەی لێواری ئەشکەفت
لە زەردبوونەوەی ئێسك
دەست بۆ بەخت درێژ دەکەم
منداڵیی جیهانێکە پڕە لە تاج
گەنجیەتی بەدواداگەڕانی خۆشنوودی
پیریش باخچەی ماڵت بچووك دەکاتەوە
دەڵێن هەست لەوێ وەك دڵی پڵینگ ئازادە
جۆگەکانی ئاو لە لەشی خاك دروستیان دەکەن
پۆستەچی سەوزایین
کیژی کات پرچی بەردایەوە
شوێن شەیدای بوو
ویست زەیستانێکە
مەینەتیش تەلارسازێکی هاروهاج
دەستی کام لێکدانەوە بگرم
لە دابەشکردنی دەنگی کەڵەشێر بە سەر ماڵە خەوگرانەکان
هەڵوەستەیەك بە دڵتوندی دەکەم
تێدەپەڕم
هەناسەی ئەو پەلکەدارانەم بۆ دێ
لە ڕۆژئاوابوونی دوێنێ ناشتم
کۆڵانە گڵۆپ خرۆشاوەکان دەدەمە پشت
ماوەیەك لەناو مەحاڵ

گوێ لە فەرموودەی ئەو خوداوەندانە ڕادەگرم
پێم دەڵێن
منداڵی و گوندی گەنجینەی منداڵیت
بوون بە خەونی کورتی لاولاو
خەون بۆ من چی تێدایە
خەون بۆ تۆ چی تێدایە
خەون سەرسامییە ئاسمانیی دەتباتە ناوی
با من و تۆ ئاگرێك بۆ خەون بکەینەوە خۆی بگێڕێتەوە
کیژێك لەسەرەخۆ بەخت دەچنێت ڕایگرتم
گوڵدانم بۆ ژووری هەموو بەختیارێك خەڵات کرد
ئەی گیانباز بەختیاری بۆشاییەکی ئاڵۆزە
پەنجە دەخەیتە سەر چی
کاغەزێك لە شوێنی نادیار دانێ
ئەم پرسیارانە دروست دەبن
گەڵای مردوو
تووڕەیی وەرزەکان
درۆکردنی ئەسپ لەگەڵ ئەو سوارەی
بە پشتیەوەیە دەگەنە کانی و مێرگێك
وێنەی خۆیانی بە دڵخۆشی لەناو دەبینن
ڕزگاربوونی نێچیر
ڕەنگاوڕەنگبوونی پەڵەی ڕەش
شکۆ دابەشکردنی سەرلەشکر
منیش لەسەر کورسی دارگوێز دادەنیشم
کتێبی ئەفسانە و داستان
دەکەمە گۆرانییەکی سادە

خوێنی لەبەر بڕوا
پەڕینەوە لە ڕووباری بێبوار
بۆماڵی یاد و سۆز
ئارەزووم بەتین دەکات
قاچیشم دەشوا
تەنیایی یەك دوو گەز بوو بڕیم
گرمۆڵەبوونی خدری زیندە ژوورێکی لاپەڕی گوندی گەنجینەی منداڵیمە
لە تاسانی دووڕیان چووە بەرئاوێنە
پنجی گیانی هەڵقەنا
منداڵێك جۆلانەی بە دووکێل وەکردووە
گومانی بێدەنگی
ترسی هەمیشەیی
دەهێنێ و دەبا
لە بنیدا مردووەکان لە گێچەڵ دادەمێنن
تێبینییەکانیان تۆمار ناکەن
وام لە ژووریێ گەنجیم کەڕووی هەڵێناوە
نینۆکەکانم چووینە
بۆم ناکرێ ئەم دیوارە بوەرێنم
گوێبیستی ئەوە نەبوویم
بەرزەخییەکان مشتومڕی چییانە
تارماییم گەرمایی وێرد و نوێژە
بەخشندەیەك ماڵی لە ڕۆخ ئاو داناوە
شەوان گیاندارە ئاوییەکان ئاو جێ دەهێڵن
دێنە لای مۆڵەق دەمێننەوە
نزیك ماڵی نالی دەوەستم

ئەو دیمەنانە دەبینم کە چاوم داوایان دەکات
بە سەر پەیژەی بەفرگرتوو دەگەمە دەرگاکەیان
ناخزێم و بەرنابمەوە
قەڵەمکێشی حەبیبەم دەداتێ بەدیاری بۆ نواڵەی ببەم
باران دەمکرۆژێ
چەترم کیژی گەواڵە لێی خواستم
دژواری هەر نەشکا
چرا کزبن
ئاگری قاوە خۆشکردن لە مزگەفت نەمێنێ
پرسە بەتاڵ دەکەم
گۆڕت دەگوازمەوە گۆڕستانی پەنجەم
دەستەکانم کرێکاری جەستەمن
با هەناسەی تاکێکە لوورەی گەردوون نییە
پێڵاوی خاك پێم دەگوشێ
ماوەی دەوێ فرێی بدەم
دڵڕەقی ئاو
دانیشتنی مردوو لەناو کفن
ڕاچەنینی مردوو لەناو کفن
مەستیی مردوو لەناو کفن
نامەنووسینی مردوو لەناو کفن
تەنیایی بیابانێکی یەکپارچەیە
گۆمێکی تێ نەکەوتووە
شەوان باڵندە خۆ بە دێوجامەی مانگ دادەن
دڵم لە شەپۆلی لافاوی ترسناك پەستە
سییەکانم بەربوونەوە

وێنەی ناو ئەلبووم
تای بەفر
سۆبەی باران
پەنگری با
شۆڕاوەی ترێ
ئاوەدانیی خەون
ژووری ئاسوودەیی
سزای دانیشتووان
درەختی بەهێز
بۆشایی چاو
هەتاوی نزم
هەر هەموویان پێم دەڵێن
بوون نسرمێکە لەناو چاوی گەشی خەیاڵ
دەمەوێ بچمە ناوی
جەربەزەیەکی تێدا لە گەمارۆ ڕزگار بکەم
ئێسکەکانی توایەوە
شتە خۆماڵییەکانی ئاسمان
جووڵەیەکی بێوەخت بوون
دەموچاوی ئاو خوریکە لێی دا
گەنجیم باوەشێ بیرەوەری بوو
بوو بە پەند و حیکمەت
ئاگر کتێبی پەند و حیکمەت دەستنیشان دەکات
گوڵەکانی سەر مشتووی زیوینی خەنجەر
خۆیان بە سەرکەوتن ناساند
بەردی پاش لافاوان

زمانیان دوولایە

لەناو لۆچی بەرد کەم مامەوە

ڕووناکی ڕووداوێك خەونەکان بێهێز دەکات

یەکڕوویی ئەی دۆڕاو

ژیان بە بارێکی تردا کەوت

مێژوو پێخوستی درۆیانە

خۆم لەناو چی دابنێم

پرچی دەم کانییان یارمەتیم نادەن

ئاو بەخراپم دەگرێ

با تەنیاییم دەپشکنێ

چ شمشێرێك مۆتەکە و کەنغەر تیژ و دوودەمی کردوون

جەلادەکان فڕێیان دایە ناو گۆڕم

گۆڕم بە دڵگرانی ڕۆیشت

منی لێ جێما

خۆم بە دوای دەنێرم

بە تەنیا خۆم ترپەی پێدزەی خۆم دەژمێرم

گەڕانەوەی خەیاڵ

کردنەوەی پەنجەرە

ورێنەی زەوی

دڵپاکی مانگەشەو

منیان کرد بە قەقنەس

بە باڵەکانم ئاگرم جوان کرد

گەشتەوەرەکان بە دەوریەوە دانیشتن

گەردوون ڕووی خۆش بوو

ئومێدی دامێ

پەرداخێك خوێنی گێلاس چاوەڕوانم دەكات ببمە برادەری
بە فریشتە قووڵ خەوتووەكانی گەڕەكی بە ئاوازی هەتاو شادبوو بمناسێنێ
دەنگێك
ئەوە گەیشتنە ژووری لێكدانەوەی گەنجێكە
گوندی گەنجینەی منداڵیی گەچلاوە
كەنار دارمێن
چیا بەم ڕوو ئەو ڕوو دابكەون
دەشتایی لە خەسڵەتی ناز فرۆشتن خۆ پێكدادەن
منیش سرووش لە یەكەمین هێلكەی هەڵۆ دەخوازم
شیعرێكت خەون لە چێشتەخەو دەبینێ
پرچی خۆڵەمێشینی نواڵە لەناو باران گەشە دەكات
پرچ پێڵووی سەرە
تەنیایی كەوانەیەكی ئاوریشمینە
تەلیسم دوا
ڕێگایەك چاوی هەڵنەهێنا
گوندی گەنجینەی منداڵیم بە ناو خۆی بەریدامەوە
سێبووریم گڵمتە خۆڵێك بوو
باڵندەیەكی دەست بە دوعا بە سەریدا هەڵفڕی
خەونم گۆڕا
گیای نەمریم بەرەواژی بینی
زێوان حەز دەكات گەردەلوولێك هەڵبكا و بیبات
وەرزەكان سووڕی سروشتیان تەواو ناكەن
شڵەژاون
یەك پێش یەك دێن
نواڵە كراسی سەما لەبەر بكات

فریزی پەستی حەوشە ژەنگی کەوتن دادەماڵێ
کراسی سەماش فڕێ بدا
فریزی شادمانی حەوشە کتوپڕ ڕەشەتای دێتێ
ئەو باڵندانەی لە ئاسمان سێبەری فریاکەوتنن
مەدالیای شەهیدانی گوندی گەنجینەی منداڵیمن
بەفرێکی ئەستوور زیندەوەرە زیانبەخشەکانی کوشتوون
گۆڕێکی نییە
لە بەهەشتەوە پایەدار نەکرابێت
منداڵەکانی بێشەولەبان و گورگانە شەوێ لەجێ دەخزن
بای بیرەوەرییەکان مانی لە کڕ و کپی گرتووە
دێمە دەرەوە
مردووەکان لێکرا بۆم دێن
خۆ داوێنە ناو سروشتی لە هەموومان پڕ هیوا و بە تەمەنتر
داگیری دەکەن
بۆنی مەستی هێنەر دەست و پەنجەی تەزیوی
دایکە حەپەساوەکان دەخاتەوە ناو کەفی شیری دڵخۆشی
بانگی مردووانیش گوڵدانی سەرمێزی نانخواردن بێڕەنگ دەکەن
پشتم کەوت
چیدی بارستایی خۆم پێ هەڵناگیرێ
لە ئاوێ داوێم
پێش ئەوەی دڵم دانیشێ
ئاو دانیشت
هەموو باڵندە ئاوییەکان هاتنە ناوی
سەریان نقووم کرد و چاویان ڕوون بووەوە

٨

گیانلەبەری دڕندە و جەلاد ئاوی تۆفانیان خواردووەتەوە

٩

ئەسپێك لەگەڵ نواڵە پێشبڕكێیەتی
بەرانبەریان دانیشتم و نەرمیم نواند
دواتر بەناو ئاوی پاكی جۆگەلەدا ڕۆیشتم و ستایشی مەرگم كرد
لە دڵەوە سەرنجی ئاوخواردنەوەی ڕەگم دا
بەرزایی ژیانی خۆمم دۆزییەوە و گەیشتمە تەنیایی خودایی
كە تێیدا لەدایكبوویمە

١٠

لە برووسكەیەكم بۆ گوندی گەنجینەی منداڵی
ئەوەم بۆ مایەوە
گەرمایی خەون بەریدام
هەور ژوورێكی شێدارە
بارانی تێدا زیندانی كراوە
باران ئازادم كە ڕەنگەكان لێكحاڵێن
كۆنگرە دەبەستن بۆ ئەوەی ڕەنگێك بدەن بە ئاو
ئەی ئاو هەموو ژیان بۆ تۆ
تەنیا بۆ هەڵدانی ئەم مەتەڵە یارمەتیمان بدە

ئێمە بۆ لێرە دەمرین

ئێوە بۆ لێرە دەژین

خاك پێستی شکۆفەڕێژی منداڵیی لێ بووەتەوە

گەیشتوومەتە ڕۆخی خنکان

ئەو چەند بستە فەرامۆشیەشم لێ دەڕمێت

بە قەڵای هەڵنراو بە کاتژمێری دەستی

کوڕەکان و گوارەی گوێی کیژەکانمان تێدەپەڕم

ڕاز و گلەیی بێزارییم لە وتوویژ لێ زەوت کرا

بێدەنگ ڕێوڕەسمی مردنم بەرپا دەکەم

خوێنی پێم عەرد ڕەنگ دەکات

بچمە کۆڵانی خەولێکەوتوو

پاشماوەی پێم دادەگیرسێ

منداڵان دێنە دیاری

سروودی نەورۆز دەڵێن

خۆم هاویشتە بۆشایی بوون

بەخشندەیەك دەستی میهری بۆ درێژ نەکردم

درێژایی قۆڵم لێ تێپەڕین

بە دار و پەردووی ناکۆکی ژوورمدا دەڕوانم

خەون هەڵنافڕێنم

قەتێ قۆڵم دەربهێنێ کشەی لێ ناکەم

هەوێردەش

فریشتەیەکی مەست

مافوورێکی تووکن و تاخمێك کورسی دارحەیزەرانی پێشکێش

بە ژووری کتێبخانەی گشتی و قوربانییە

هەڵخەڵەتێندراوەکانی ناو مێژوو کرد

نیوەڕۆی هاوین بانی خانووم هاتە خوارێ
تەڵەزمی شیعرێکت پەنجەی گرێ دابووم
نەمتوانی دەفتەری بیرەوەریی ژێر خۆڵ کەوتووم هەڵگرمەوە
نواڵە لەگەڵ ئاسۆ سوور هەڵگەڕا
قاچەکانی تا ئەژنۆ شووشت
ئاوێنەم دایە بنی ڕووبار دەموچاوی مردنم بینی
لە باریکایی ئێسکی ماسی ماڵێکی ساکاری هەبوو
بێ بگرە و بەردە و هەرا و زەنا
ئەم چاخە کەچەڵ بووە گێچەڵ بەڕێوەی دەبات
گوندی گەنجینەی منداڵیم دایکێکە خاوەنی کۆمەڵێ نازدار و نازەنین
تۆزی دارجغارە نیشتووەتە مێشکی ناپڕمێت
هەواری بزری و بزربوون دیمانەیەکی تایبەتییە
شەقامی لەبەر دەمم بێ مەترسی کرد
پێیەکانیشم چاودارە
نەشیهێشت گوندی گەنجینەی منداڵیم چاو بکەم
ئەمڕۆم خوار و خێچە خۆم بەکام لادا بگرم
ئاگری بێن درێژی سبەینێش لە ئاوەسۆی داران دەمرێت
دانیشتنێکی مردوو نابێتە یادگارییەکی کورتیش
خەون گێڕانەوەشم لێ ناکەوێ
لە چرکەی بەخشندەیی کانی پێڵووی دادایەوە
لە بێدەنگییەکی سامناك
تەپڵە لە دووکەڵی جغارەی زیندانییان لە دابەشکردنی زەوی و ئاو دەپرسێت
جووتیار و دەریاوان بەیەکەوە دەچنە کار و ژیان فام دەکەن
درەخت نینۆکی فڕێ دا
لە هیچ شتێك ڕانامێنم

ململانێی گوڵەشەوبۆ و خوێندنی کەڵەباب ناودارترین شەقامی گشتی
قادرمەی لە دار دروستکراوی
جوانکراو بە پارچە شووشەی ڕەنگاوڕەنگ
پۆستەری پێشانگای ساڵانەی هونەرە جوانەکان
من و نواڵە ژوانمان دانا
گفتوگۆمان گەرماییەکی شیردەر بوو
چۆن لە پەنجەرە بیهێنینە ژوورێ
مەمك بداتە ڕووەکە سێبەرییەکان
پەنجەرە تەماشای زەرد بوو
نەمانتوانی بۆیەی شووشەکە بسڕینەوە
تیشکەکان شادمان کەین
خۆم فڕێدایە جەنگەی درەوشانەوە
خاك کونی تێ بوو
ئاو چڵکی خۆی لە ڕەنگ و ڕووی ئێمە کردە پەڵە
مافووری ڕازاوە بە خوری پەڕە کرا بۆچی ڕایەخراوە
لە کەناری دەموچاو پێچراوەی ئاوێکی پشتگوێخراودا
دوو بازرگانی دەریایی حەشیشەیان بە چڵێسی لە لێونا
لە کەناری دەموچاو والآی ئاوێکی پارێزراودا
بازرگانەکان حەشیشەیان بە تووڕەیی فڕێ دا
قیژەی قوڕم بینی
تەماشای ئەستێرەی خۆڵەمێشیم بیست
کیژێنی پاکیزە گەچڵا
پەراسووی ئادەمیش
هەڵۆیەك لە پێشبڕکێی مردندا
بە هاوارێکی هاوبەشەوە جاڕی دا

وڵاتی بەدگومان لە پرسیار
ئاڵای لە پشتی کیسەڵ هەڵداوە
جانتای گەنجیم پڕ کرد لە خواستەکانی زەوی
بۆ لای مانگی بەبەزەیی ڕادەکەم
داوای پەناگەیەکی لێ دەکەم پێشی ڕادەگەیەنم
ئێسکی هوما پاپیی پاشایە کوێرەکانە
ڕەژووی جەنگ لە پەنجە داگرتنێك ئاگری دا
گۆڕستانی هوما تەماشای نەگۆڕیم
باران بچێتە ناوچەی شەڕ
مەلۆتکەیەك داندراوە دەیهێنێتە ئاخاوتن
بەردی ناو گورچیلەکانم شوورەی گوندی گەنجینەی منداڵیمە
گوندی گەنجینەی منداڵیم بۆشایی گیان
گیان دەنگی تفەنگ سوارکردن یان شەقەی باڵی پەپوولە
لە ئارەزووی گەرممدا دایك کتێبە پیرۆزەکانی چاپ و بڵاو دەکاتەوە
منداڵ سڵاوی خوداوەندە لە هاموشۆکەرانی زەمین
سروشت
ژیان
مەرگ
تەنیایی کفنێکی گوڵڕەنگە
نامەوێ نا
لە دنیای ئەو دیو پاکیزەکان داوام لێ دەکەن
نمە ئاگای لە نمەی تەنیشتی نییە کەوتنی بە چی دەبێت
لەناو لێفە و دۆشەکی خەونبینیندا بووم
ئەو ئەشکەنجە چەشتووەی لەناو بوومەلەرزە ڕزگاری ببوو
ئاگاداری کردمەوە

گوندی گەنجینەی منداڵیت وجاغەکانی ئاوازی نەرم و مۆسیقای پەتین
ڕەنگی ئاو
دەنگی گڵۆپ
تەرمیان نەشاردەوە
ئەو تەرمەی وەك شانازی هێشتیانەوە نەیانناشت
بەسەر لەپی گوڵەوە گیانێکی بێگەرد هاتەوە ناو گیانی
هەست دەستی گرت
ڕێگا مۆسیقای بۆ ژەند
هێنایانەوە ناو کانی
پەرژینی قایم کرد
ڕەزەکانی ئاو دا
دوا داوای هەڵۆیەك کە بێچووەکانی پێیان گوتووە
ئەی میراتگری ئاسمان باڵەکانت بدە ئێمە
بە زمانی نزا و فریاکەوتنەوە پەندێك جێ بهێڵە
مشتە ئاوێکم مەمرێژن
بەشی لۆکە تەڕکردنی ئاوزینگدان دەکەم
بەفری زستانی منداڵیی لە بن نینۆکم ماوەتەوە
گۆلمم لەو ئاوە دا کە لەناو ئێوارە زۆر تایبەتییەکاندا
بەخشندە و دەستکراوە
بۆ یەکترناسین پاشای سروشت بوو
لەمەچێتر شێلوویان کرد
چی بخۆمەوە
هەر هیچ نەبێ ئەم شەربە ئاوە مەشکێنن
ببێتە شەوی کاتم خۆش دەکات
دووباڵی بێباك و دووچاوی ئاشتبووەوە لەگەڵ هەموو شتێکم دەداتێ

بازگە دەرگای گەورەی شارە
ژەنگی دەڕنم
پێستی ئادەمیزاد و چینی زەویش
چیم بۆ مایەوە
من و کیژی مەرگ و یەکترناسین یان نیشتەجێبوون لە هێلانەی هەڵۆ
ئەی هەڵۆی چاوتێر و خانەدان
پڕۆژەکانی تا ئێستا دواتخستوون
دەتوانی پێشنیازیان بکەیت
دوای ئەوەی پەیتوون بە بەرماڵی پاشا ڕەت دەبێ
ئەسپەکەی چەواشە ناکرێت
زەویش جەنگەڵێکە پڕ لە ستایشکەری کیسەڵ و چرا کوژێنەرەوە
بوێری ئەوە دەکات زێوان بێنە ناوی نارێکییەکانی ببینن
گومان دەڵێ من ماوم
ئومێدێکی خودابەخش و نایابم
بەختی گوڵەکان دەکەمەوە
ڕەگیشیان دەبەمەوە ناو زەویی نەرم
نانی گەرم و باوەڕ و زیندووبوونەوە
لە دیداری پیری حیکمەتدا دەکەمە یادگار
ژیان جوانە
منداڵەکانی لاستیکێکی خەت سڕینەوەیان بە دەستەوەیە
ئەم دێڕە دەکوژێننەوە
لەشکرکێشی بۆ بەرماڵی ئێمەیە
تەشقەڵەچییەکانیش لە پاقژگەوە نەهاتوون

**١٩٨٣ - ١٩٨٧ هەولێر**

# ڕووەکەکانی خوداوەند

## سزای هەمیشەیی

لەوێ شوێنێك وەکو ئێرە
مردووەکانیان دەشۆن
پاش وشکبوونەوە دەیاننێژن
دوو کێلی بۆ دادەنێن
یەکەم لێی دەخوێندرێتەوە
گورگ بۆ ئەوە پێدەکەنێ کەڵبەکانی پێشان بدات
دووەم بەڕێنووسێکی ئاڵۆز لێی هەڵکۆڵدراوە
سوپاس بۆ بەدحاڵیبوونی ئاشق لەجوانی ڕووەکی ئاوی و برادەرایەتی دۆلفین

ئاو لە بۆسەی بەدکاریدا هەستایە پێ
سەرکز بە نەویاتی خاک چاوی شەرمەزاری هەڵگلۆفت
خۆی لە پەنا بەردی گەورە و گردی بچووک کرد بە چەتە
چیا پێستی پاڵەوانی ئەو داستانانەیە کە بوون بەکتێب
ئەوە دوا داستان نییە پاڵەوانەکان دروستی دەکەن
ئادەم نەیتوانی سێوە ڕژاوەکانی خڕبکاتەوە
خوێاو برینی ماسییەکانی شووشتەوە
لە نەخۆشی چاک بوونەوە
ڕۆخ باوێشکی تێکەڵ کردن
ئەو کیژەی ویست و خواستییەتی لەناو کات دابنیشێ
لە هۆگربوونی بەپەنجەرە جوانی کەوت
تەنیا گوفەک دەموچاون
بەخاولی مەزەداران داپۆشراون
فەقیانەی من کفنی ئەو تەرمانەیە لەناو گلۆپی ماڵ دەنێژرێن
بارانی سەخڵەتکەر دەچمەوە قۆزاخەی هەور
وێنەی سەتڵە ئاوێکی مردوو شووشتن بیر لە کات دەکەمەوە
ئاو چاوی کوێر نەبووایە
بەلەشی نەرمی کیژان وشک نەدەبووەوە
پەشتەماڵ ختووکەیان دەدات
لاسکە لاسکی گەرم داهاتنیان گۆرانییەکە ئاشنا
بەشێوازی خۆرەتاوی ناخ دەگوترێت
خۆڵی هەڵوەریوی باڵە کەوتووەتە سەر چاوی ئاو
بووەتە شەختە
باڵە گەورە فەرامۆشکراوەکانی ئادەم
سبەی نۆبەی هەڵگیرسانی کامە پەنایە

کێها تامەزرۆیی لوولم دەدات
چاوەڕوانی گردێکە لە خۆڵ
کانی خۆڵی لێ دەخوات
لە بەربوونەوەی بارانی خەوسووك و بای خەوگران
ماڵەکانی ناو دۆڵ ئاگریان کوژایەوە
بالووکەی خاك باڵندە بانگ ناکات
حەوا نەیتوانی سنووری جێ پێیانی ببەزێنێت
شوێن پێی ئاوێنەیە دوژمن دەباتەوە سەر ماڵ و دەرگای
لە زەردەی ئێواران ئەو خانووانەی دانیشتووانیان چوونەتە پیاسە واقیان وڕدەمێنێت
هەتاوی زستان هێشووی درۆی بەردایەوە
سێبەری بەهەشت گوناهــباری لەناو دانانیشێت
چمکی پژدێنی مردووان ئاوی خەونیان هەڵگرتووە
عارد دیلی بەفرە
مردووەکان سەرمایانە
سێبووریم شەپۆلێ بوو لە ڕۆخان شکا
تەماشام لە ئاوێ کوژرا
لێ ڕامێنە
کیژی فرۆشیاری ناو کۆگای شار
بەپەتاتەیەکی کوڵاو ڕازییە
بهاتبای گۆڕم دوورە دەست نەبوو
دەتتوانی مۆم لەسەر کێلەکانی داگیرسێنیت
کاتژمێر لە مەچەکی حەوا میلی تاوایەوە
لە شوێنی سێو خواردن کات شێوا
شەڕەگەڕەکی منداڵەکانی ئەفسانە نەهاتنە ڕوو
ئاوەدانی من و سێبەری بەهەشتەوان

بیناییبیان ڕوون و دڵیان شاد
ئاگر کۆمەڵێك ڕەژووی خستە دەستمان
خۆڵ فیکە بۆ هاتنە ژیان دەکێشێت
ئاو بێ دەنگ لە شەوی ئاهەنگ دادەنیشێت
با یاری بەپرچمان دەکات
هەموومان بەکەڵەك هاتین یان هاتنمان دارستانێك بوو لە تاریکی
شەو ئەستێرەی کوژایەوە
چاوەڕوانی تووشی زەرتکی کردین
نینۆکێك لە دۆزەخی ئەوان دەدەم
دەچمە دیدەنی ئەو گۆڕانەی کات و ڕۆژی مردنیان زەنگم بۆ لێدەدەن
چی بەخۆم بڵێم
سەما نەیتوانی ماندووم بکات
بەدڵشادی بەسەر پەیژەکان مامەوە
دیمەنەکان پێویستییان بەڕەنگکردن بوو
دەروونم بەئارەزووی چاوم ڕەنگی کردن
ئادەم پەراسووی ئاوس بوو
حەوای منداڵ دەمی لە مەمکی نەپشکفتوو کوتا
قۆڵی لە کراسی دڕاوی زەوی هاوێشت
خاتوونی پەراسوو دەستی لە عارد خشاند
چاوی بەخۆڵەمێشی هەمیشەیی ڕشت
گڵۆپ چڵکی هەڵبوون
پەلکە مێوی حەوشەی مزگەفت لێفەی ڕۆژ نوستنی شەمشەمەکوێرەیە
کەڵەك لە داری تاتەشۆر دروست کران
دارەبازە لە پەراسووی ئادەم
سەنگایی بەردم بۆ ڕانەگیرا

سێبەر پەرتبوون ماوەی نەدام چاو گەرم کەم
پرچی خانمی سەوزایی ڕووهات
ئادەم ئاوی تەماشای بەکەوی نەبوون سپارد
خەون چاوساغییەتی
ترپەی کوتانی گۆپاڵ
لە دوایین پێچی ڕێگای بزربوون ڕزگارم دەکات
بەردە پیرۆزە ددانی کەمتیارە
تەختەی دەرگاکان شۆڕشی گیانی منیان بینی
بوونەوە درەختی بەردار
نەوی هەڵدێرا
دەستم لە بژی ئاو نا
فرێی دام
کەوتمە ناو پرچی لووتکە
ڕۆژ گۆڕەوشاری شەمشەمەکوێرەیە
پرچم دارستانێکە لە موگناتیس
بەسەریدا بێیت کێشت دەکات و دەتکات بەدانیشتووی خۆی
دەنووکی سەمەندەر باخچەی شۆڕشە
ڕەگی شاتان گۆنای حەوا
وردە ئاسنی ژێر مەنگەنە فتبۆڵە
پەیکەری کەسایەتییەکانی شار یاری پێدەکەن
مەلەوان دەڵێت ئاو گیای زڕ و دڕی تێدا ڕواوە
چی تێدەچێت داوێك لە جوانی هەڵبێ
حەوزی ماڵی خەیاڵ و سۆز و خورپە
لێوڕێژە لە ئاوی پڕ ڕاز و سەرچاوە لە ڕووگە
مەلەوانی تێدا دەکەم

پەنجەم جومگەی سڕ بوو

لەناو کەڵەکی هاتن سەرمام بووە

دەنوومەوە

چواردارەم بەکۆڵان ڕۆیشت

بە چیم دەکەیت

بە بەڕێکردنی مەرگی خۆم نەگەیشتم

گڵۆپی باڵکۆن چاوی ڕەش بوو

مانگ لەناو خاوخێزانی دانیشت

باسی گەشت و بەئاسمانەوە بوونی خۆی بۆ کردن

کەفی ناو جۆگە هەناسەی پشکفت

بۆق بۆنی ئاوی مژی قیرەی خامۆش بوو

حەوا جلوبەرگی بەسەر لکە مێوی حەوشە هەڵخست

خرۆشانی هاری کرد

خۆشی ئەو کەنارێکی کورت بوو

سێبەری نەهاتێ

مێژوو هەڵچوونی بەتاڵ کرد

ناکۆکییەکانی کۆتایی ڕووت بوونەوە

بۆماوەیی نییە

پەنجە لە درەختی خۆڕسك بکەیتە لك

گەرمایی ئێسکی مردووان شەختەیان کرد بەهەڵم

پەنجەکانت پەنجەرەی ژوورەکانمە

ژووری لەدایکبوون و زاوایی و مردن

زەرتك ڕەنگی ئاشکراکردنی دامێ

ماسی پەنجەیان لە بن سامانی ئاو ڕاخستووە

ئاگری لۆکە تاریکی سڕییەوە

فڕە فڕی باڵی ئاوڕۆنکە مژدە و ئاگادارکردنەوەیە
بوومەلەرزە ئەوانەی هەڵت لووشین و سووکایەتیت پێکردن
بەهەزار زمان هاواریانە
گوڵەبەڕۆژەی مێژوو برژانگی کەوت
تۆزقاڵێك نەرم ببارە
گێچاو لەگەڵ سەوزایی بواری یەکترناسینیان نییە
قاوە و چا دەستەخوشکی پشوودانن
سوپاس بلوێری هەست
بەگەورەبوونی گیان ئاشنات کردم
ئەسپیان لە دووری سێرك بەستایەوە
سوارێکم بۆنی بژ ڕووگەنمایە
ماڵی ئەو برادەرانەمی پێ دەدۆزمەوە کە ڕووەکیین
کیژی گومان لە هێڵی ئاوابوون تاسەی خاوبووەوە
زەیستان ئەسپی بەردا
قوم لە دووکەڵی خۆت دەدەی
تارمایی و ڕەنگ مەدەرەوە
ناکەسبەچە شوورە بەدەوری خۆی هەڵدەهێنێت
منداڵییەتی خۆی ناناسێتەوە
کۆماری تەنیایی
مێوانەکانی لە کلۆریی هێلکە گەرم دەکاتەوە
شەقامی قەڵەباڵغە
جانتای ئاوارانیش وێنەی خزم و کەس و برادەران بۆنداری کردووە
نینۆکە فڕێدراوەکانم لە سۆراخی بیرەوەرییەکانی وێڵە
چما نینۆك نامەی لەسەر دەنووسرێت
ئاوابوون بریقەی یادێکە

زەوی ڕەنگی لێ هەڵگرتووە
خاك لە خۆی ترسا
شاخ بۆینباخی تازیەی دانا
منداڵان لە ڕووبەری زمانی تیمساح یارییان تەواو دەکەن
کەف پرچی گڤی ئاوە
ئەو جۆگەیە لە شەقاو بەرینترە
بەردەباز لە کەوای پێغەمبەر جێما
هەڵدەخلیسکێی و سرووش هەڵتدەگرێتەوە
حەوای چاو گەرم
مەگیرانی بەشەرمەندەیی بووکێنی خۆی دەکات
مەگیرانی چی پێکرد و چی پێدەکات
تێنوو بوو چوو ئاو بخواتەوە
گوتیان لەم مەڵبەندە ئاو لە شفرەی فیل دێ
ترسا پێڵووی بەخێرایی لێکدان
دوو ساڵ لە بن خۆڵی سڕ
نەیانهێشت بەتۆپی بیرەوەرییەکانی گەمان بکات
لە مۆزەخانەیەکی خامۆش
تەماشای یاری تەرمەکانی ناو شووشە دەکات
گەرمایی پەنجەم گۆڕا
کوتانی باران پێدزەی پیاوخراپانە
گوێ بۆ لێدانی دڵی بووکەباخە ڕادێری
نیشتیمانی سێیەمە
ئارەزوویەکی تەنك بوودای ناردە دیدەنی با
حەوا تاسە دەخواتەوە
ددانی بەفلچەی بەرد دەشوات

شەی ئێسکی ئەو منداڵانەیە
لە ڕێگای قوتابخانە تووشی نەخۆشی بوون
پرچی بەئاوی پاش شۆرینی مردووان دەشوات
دەستی مردووەکان لە بن کراسی کیژەکانی تازە دەگەنێ خرۆشان
حەوا لە هاونویێنی ئادەم بێزارە
جۆگە گەیشتە دەمی بەرد
قۆرتێك ما
ئادەم ئانیشکی بەبالیفی ئاو دا
بەڕووی تەنیایی خەنیەوە
ڕێ کشایەوە ناو دووکەڵی جغارەی
نواڵە ئاگاداری کردمەوە
چاوەڕوانیت پەیکەری شەقامە
فتبۆڵیشیان بۆ فڕێ بدەی
پێیان گرانن
پەیکەرێکم لە کلیلی مۆزەخانەکان هەڵنا
پێڕانەگەیشتم پەرجووی منداڵدانی ئاوابوون بوو
هەور کەڕووی ئاسمان
نمە هەڵبزرکانی کەڕوو
کەڕوو کیژی تەزرە
تەزرە کەلای منداڵ
ئێواران پەپوولە و کۆلارە جوانین لە ئاسمان
گڵۆپی دواندن لە ئاست چیمدا زەرد دەکەی
ژوورم پەنجەرەی کوێرە و قامیشبەند
عەلاگەی جلکانی شاخی کەڵەکێوی
ئازادیخواز و بەوەفایە

کولله کلۆرۆفیلی بەخششی هەڵبزڕکاندم
پەنجە لە گڵۆپی ویستت لادە
تارماییم خاکی ئەستێران پەنای داوە
پرچی کیژان لیفکە
سەرساردی ناو ئەفسانەکان لە پشتی دەدەن
ئاو ڕاپۆرتی لە کەنارەکان دا
درەخت بەگەڵایەکانیان گوت
مەلەرنەوە قەدمان دێشێ
مەلەوان بەئاوەکانیان گوت
لێڵ وەرن دەمانەوێت چارۆگەی کەشتییەکان بفرۆشین
ماسییەکانیش لەناو ئاو سەرمایانە
ژوورێکیان لە لم بۆ دروست بکەین
ئێمە کۆمەڵێك خوداوەندین
چرامان لە شکۆ دادەگیرسێت
پەنجەم بەگڵۆپی حەوشەی ئاسمان وەنا
درەختی بەخشندەییم سێبەریان ڕاخست
ڕێبوارە کوێرەکان هاتنە ناوی
زەیستان دەستیان لە باخەڵی خەونی بەتاڵ
مردم کراسم بۆنی جەستەمی هێشتەوە
بەرد لە ڕیزی دیوار خاوبوونەوە
کەشوهەوا دۆخی ساردی و گەرمی بزر کرد
کۆتایی خۆم نامەیەك بوو گەیاندم
کەڵی پەنجەی خۆمم بینی
ئەنگوستیلەی ئەفسانەییم لە هەر دە پەنجەم بادا
کەژاوەی تامەزرۆییم نواڵەی لەناو دانەبەزی

چرنووکی قەلەڕەش ڕەگی سڕی بایە
هەناوی گەرمی زەوی گوشیوە
ئەستێرەی سبەی شەوێ دەگرمە دەست
بەری گڕەبا مەدەن
پێی ئەنواییم لە گۆ دەبات
قەڵەشی چیا وجاخکوێرەکان دروستیان کرد
جەژنی لەدایکبوونی خۆیانی لەناو دەکەن
بەفر هێلکەی لەبن ترووکا
هەور دوا ئاوڕی نابەدڵی دایەوە
بارانی لا جێهێشتم
نەمکرد بزانم دوا جوانی لەسەر زەمین چی بوو بینیبوویەتی
لە کۆڵانی بەشفرەی فیل سپێردراو
کیژی تەواو ئازاد
سەری هەمیشەییت دانێ
قەوزە کێلی ئەو ڕاوکەرانەیە
کە گیانداری ئاوی دەیانکوژێ
ئەو مێوانانەی لەناو کەڵەك یەکتریان کوشت
کێلیان هێلکەی هومایە
دایکیان بێتە سەریان هێلکەکان دەترووکێن
گۆڕیان دەبێتە گۆڕی ئادەم
پەرداخێك مەی بەفرمێسکی بەفر خۆشکە
ددانی مردووان دەوەرێت
لێڵاو دەماری دەپسێ
کیژێتی بەفر دەکەوێت
دیواری ژوور دۆخی دەقگرتوویان بەردەدەن

لا کەسایەتی خۆی وەردەگرێت
خانەکانی ئاوێنە هەریەکی ماوەیەك زیندانی بەسەر دەموچاو سەپاند
باوێشکی هێنا
لە باوێشکدان داوە دەزوویان بەردەست کرد
ناوکی ئادەمیان بەست
گرێبەندی برژانگی گورگ بووەوە
بینایی ڕۆیی
بۆن ناسرا
ئەوانەی ئامادەبوون بۆ مردن
چایەکەیان کردە ژێرپیاڵەیان
قسە سپییەکانیان گوت
هەولێر ماسییەوانە
لە ڕووباری بەخت قولابی گران ڕادەکێشێت
بژیی ئەسپ دەزووی کۆلارەی منداڵانە
ددانی پەڕەسێلکە بکەوێ
تەلیسم کەوی دەبێ
گرد لە ئەفسانە دەڕۆن
ڕۆیشتن ختووکەی مردووانە
ڕەنگی ئاوی ناو تابلۆ چڵکی کراسی نواڵەیە
وزەی چاوی کوێر ئاش بەگەڕ دەخات
شەونمی ئارەزوو لە جەستەی ئەم ژنانە نیشتوون کە نایەنە خەونم
سروشتی نەخۆشکەوتوو
سروودی ئەو پەرییانن
پیاویان بۆ ڕێگای دوور ڕۆیشتوون
تەزبیحیان لە جومگەی سیمرخە

وێردیان جوانییە

شەوێك دەچمە باخچەی پەرییان

وچان دەدزم

پێش بەیانی ئەوێ شەوێ

دەنگی سەیر دەکەوتنە ناو کۆڵان و حەوشە و سەربان

چرۆی خەونیان لە دارستانم دەرکێشا

کونێکی دیوەدەری زەوی بووم

ئارەقەم بەخاولی باران وشك کردەوە

ئاسمان ماڵێکی هێمنە

دانیشتووانی ئاون

حەسیرە ڕایەخستراوەکانی باڵی باڵندەن

سێبەری بەژنی خانەدان ڕێگا بەهەتاوی درۆزن نادات لەناوی ئارەزووی شاباش بکات

کرێوە نۆبەتداری دەرگای پەرستگاکانە

خواناسان لە ژوورەوە خەوتوون

لە خەونی بەهەشت و نیشتیمانن

مووچڕکی گەرم خاوبووەوە

قۆڵم نیشتیمانمە

چۆن بە چی ئانیشك دادەم

گوندم کیژێکی مەزەدارە مووڕێژەیەتی

هەمیشەییم دانیشتنێکی ناو باخچە کوشتی

هەڵوەستەی چی بم

ئەو ڕێیە ملپێچی منداڵیمە

سییەکانی خۆش کردووم

گێچاونیم گیا لە مندا شین دەبن

با کەروێشکەی پێدەکات

خاکی هەستت نەنواندمەوە
دەنا لەسێبەری سێبووری ئاوی دوو پەلکە شیعرمان دەگوشی
لۆکەی ئاوزینگدانمان تەڕ دەکرد
ڕەشەبا ئاسوودەیی باڵندەی ڕنی
دەریا ئاوێکە لە بیرەوەرییەکانی من دروست بووە
یارمەتی ڕاوکەرەکان دەدات لە ناوی بمێننەوە
یەك دوو پەرداخ لە کانی و ئاوی منداڵی لە گۆزەی خودایی دەپارێزم
دەچمە جەنگی نا
تەزرە پەنگ ئەستێرەن دەکەونە زەوی
بۆیان دەچم دەبنە ئاگر گەفم لێ دەکەن
خوناوی باران
چیای چۆڵ
خوداوەندی گوڵەگەنم
پاڵەوانی دڵنەرم
دانە چۆقەی تارمایی
سپێنەی چاوی شۆڕش
سپێدەی هێمنیی پیری
کێلم لە دەسکێشی خۆڵ دەنێن
حەوا ئەندامەکانی لەشی خواروخێچ بوو
لە کەژاوەی جوانخواستی من
خودا هێڵکاریی جوانی کێشا و مرواری بریسکانەوەی ڕشت
لەوە نەما چرا لەناو هالاوی شوێنپێ داگیرسێنم
بەلاما بسەنگرێوە
سبەم ویست شکانە
حەسرەتی من لە ڕەوتێکی کورت لارەمل کەوت

ئاسوودەیی ئێوارانی ئادەم ئاوابوون لوولی دا
سێبووری مۆر کراوە
دەستی بۆ ڕەوان بکەم
سێبەری پەنجەم دادەڕێژێت
وێنەی پەنجەکانم دەداتە خۆژی
ئاوی پۆرگی ناوچەوانم هەڵکەوی چرگە
چاوم بڕوا نادات
نەچمە بەر سێڵی دایکم
هەڵمی نان پەنجەکانم گەرم نەکات
بڕوایی نان هەترەشی دیکتاتۆر دەبا
بەکۆیلەکان دەڵێ بوێرن خەون ببینن
خەونەکانیش بەناوی خۆیانەوە ناوبنێن
سروشتی نەخۆش ترسناکترین لافاوە
نەرمایی پشتی کیسەڵ
ئاوێنەی کۆشکی پایتەختە
سەرکۆمار نازانێت پرچی لەبەر شە کا
ئافرەتی بەهەشت لایتی دەستی هومان
پرچی منداڵان بایان دڵخۆش کرد
ئاو دۆخی ئاسایی بەردا
ترسی ناو جانتای گەشتی بێ ڕێوڕەسم کەوتنی دوو باڵن
سنووری باڵی باڵندە ئاسمانی لینجە
پەپوولە پوولەکەی کراسی خۆڵە ژنە
تەرم لکە کەوتووەکانی درەختی وشکایی ترساندووە
حەوا بەئادەمی گوت
شاخێکی لە کەڕوو ڕایەخستراوی

کارتی ئاهەنگی بووکێنیمت دەسگیر نابێت
دوا گۆرانیبێژی سەرزەمینی زێڕین و شکۆدارم
خودا خۆشی ویستووم
لە باوەشی فریشتان نوستم
خەونم پڕی ژن بوون
منداڵدانیان گەرم
دەست بەپرچی ئاوی قۆپاو دادەهێنم
بزانم زگی لەبارچووی هەور پڕ نابێت
چیا تارمایی باسکی خوداوەندە
تەماشات لە چی دەگێڕی
پەنجەم ئاوەدانی شار
نینۆکم گوند
نینۆکم بەری دا
وا چاکە لە ئاوێ بڕۆی
هەڵسووڕێنەری زەوی لەناو پرچت دەنوێت
ددانی هەستت لە چ سێویك گێرا
بەهەشت گوتی
دەتوانی لە پەرژینی دەرەوەی حەوشەم بمێنیتەوە
تای پیاسە لە یەك دوو گەز دووبارەت دەکاتەوە
کڵاو هەڵدە شەمشەمەکوێرە دێنە ناوی
ئاوی سەر باڵەکانی بخۆرەوە
بۆ هەمیشەیی شەڕی ڕەش و سپی لە پەنجەرەت کۆتایی دێت
بالیف لە مووی برۆی دێوەرە
خەونی لەسەر ببینی دێتە جێ
لێفەی تەنکی گیانم لەخۆ لادا

پەیکەر سەرمایەتی
لە تەماشای هەست نابووری
حەوا لە غەیب ژوورەکانی گەسك دا
دەرگاکانی کردنەوە
لە مووچڕکی بانگکردن
پەنجەی نزام هاوێشتە پێش ڕۆشناییت
پەنجەم پرسیارە نەکراوەکانی خوشنوودی لێ بەربووەوە
داواکراوم بەرپا نەبوو
دانیشتمەوە
کراسم پارچە قوماشی داوەڵ
هەوڵم چالاکی کانییە لە دەمی تەقینەوەی
پێت شۆڕکەوە ناو ئاوان
ددانی ماسی دەکەون
تارمایی ناو تانۆکان دەستەمۆن
کات دەبێتە پێغەمبەر
نیازی وەرزەکانمان پێ دەڵێت
حەوا ڕووی ڕێکەوت کشتەك دەکات
ئادەمیش پەرێشان
نواڵە خواستی بە پەنجەکانی هەست
پێستی با بخورێنێت
دەرم کرد
بە چی دەبم من لەخۆمدا نیشتەجێم
سرووشدارەکان دەموچاویان بە خوناو دەشۆن
کیژێکی کوێر داوە سپییەکانی پرچی بەقسەی هێنا
بە ئاوێنەی گوت

چەند چاو تەنگی دڵپیسی شایەنی ئەوەی
دەمرێژێك جوێنت دەمێ
پشیلەیەك لەناو جەمەدانی گۆرانیبێژێکی میللی زا
خۆی بەسمێڵی وشك کردەوە
دەریا پێیەك چووەتە خوارێ
مووچڕکی فەرامۆشی لێرە
باوێشك بەو بەری
نەخرۆشاوی خۆمیت
چی هەیە بەنەخرۆشاوی ماوەتەوە
نەخرۆشان لە گۆشەیەك لە تەنیشتت دادەنیشێت
قاوە دەخواتەوە
نەخرۆشابوای خوداوەندی هێز
لە ڕێوڕەسمی یەکترناسین لەگەڵ کێڵگە پێی ڕادەگەیاندی
لە پەرستگای خوداوەندی باران بمێنیتەوە
پاش مردن ژنە بەوەفایەکان
خۆیان ئامانەتت دەکەنەوە
تەلیسمێکی بەتاڵ قسەمان بۆ دەکات
کەلایەنێی پشتی ژووژك
پەنجەکانت لە کونی شمشاڵ دەتۆرێنێ
ئادەم و حەوا بوون شکانەوە ناو سروشت و نەمامێکیان هەژاند
دواتریش لەبن باڵی پڕ ڕەنگی پەپوولە
بۆ دڵنیابوون دەموچاویان بەئاوی پاکبوونەوەی حەجکردن شووشت
تاکە پێڵاوی منداڵ لینگاو گۆڕە لە پێی کات
ڕێ دانیشتن
دەربەندی گۆم خرۆشا

ئاسۆی نەکرایەوە

ئاوەدانی نەهاتێ

دڵت دانێ لەتۆ پەرێشانتر

کانییەکانی ژنیان ناچنێ

تریفەیەکی وشیار باوەشێ ڕووناکی بۆ هەڵدام

کەنار بەندیخانەی ئاوە

کەوڵی کیسەڵ هێلکە شەیتانۆکەی لەناو دەترووکێت

ئەو ماڵانەی هەور کەپری مێویانە

هەناسەیان تەنگ نابێت

کوڕ و کیژێك لە زیندان ناوکیان بڕا

بەگرۆگاڵ کەوتن

جانتای قوتابخانەیان بۆ نەکڕا

پۆل و تەختەڕەش و مامۆستایان بریتی بوو لەوە

مانگی جارێك خزمەکانیان دەهاتنە دیدەنییان

لە شوورەبەند لە هۆشخۆ چوون

ئاوی ئەشقیان بەسەر پژاندن

مەست بوون

ئەڵقەیان بەست

لە حەوشەی زیندان شان خرۆشان

چوار مەشقی لەناو زەماوەندیان دانیشتم

پاشماوەی شەڕی نەهاتوو گردێکە لە پووش

پووشیش گەردەلوول بەرێکەوت هێنای

با لە غەفڵەتدا دەیگوازێتەوە

تەنیایی دەموچاوێکی ماندووە

بۆ کەس نالوێ وێنەی بگرێت

بیکات بە پۆستکارت
لە ماڵی شیعر هەڵیواسێت
ئەرێ ماڵی شیعر لە کوێ دانێین
دڵم دەوڵەمەندە
بەشادی بەردەوامی منداڵیی و دیمەنی دەربەندی گۆم
بۆشایی توخمەکان
ماڵی کۆمەڵەی مردووانە
بەخێرهاتنی مێوان ناکەن
ئاگر دەروونی تەنیایی خوداوەندەکانی لەسەر دەبرژێ
خۆڵ ڕەگەکان پەروەردە دەکات و لەناویشیان دەبا
ئاو شاخی کەڵەکێوی مردارە بۆ جوانیش هەڵدەواسرێت
با پیساییەکان لە خواردن و جلوبەرگمان دەتەکێنێ
لە شوێنێکی دی دەچێتە ناو جوانییەکانەوە
تەڵخیان دەکات
بەخۆدا ڕۆیشتن گۆرانی گوڵەگەنمە
کلۆری شمشێر بووەتە ماڵی گورگ
ئەی مرواری قووڵایی دەروونی بێداران
بۆ سەرەتا ئاوا دەبم
سووراییی ئێوارە پێستی کەڵەبابی مۆمیاکراوە
لە جوانیی مەرگ تێگەڕاوتر خەونی منداڵی یەکشەوە
بای ڕووگەنما کوا ڕێکەوت ڕووەو دەم دەیەخێت
قەڵەباڵغی سێرک ئاسوودەیی بفرۆشێت
چاودێری پیاسەی خوداوەند ئەوەی داوایە
کەو بۆ خاوەنی دەچێتە ناو قەفەس
کوندەبۆ باڵندەی دەرەوەی ماڵە

سێشەممە سەر و ڕدێن تراشین پەسەند نییە
پاداشتی تیتروا‌سك یەك دوو لاپەڕەی بەرنەکەوتووە
ساڵکۆچی جوانەمەرگی هوما ناگیرێ
دەرۆزەکەر چوارشەممە لە گۆڕستان گۆرانی دەبزرکێنێت
ماین لایەکی بڕیاری حەڵاڵکردنی دراوە بۆ خواردن
منداڵ یەکەم جار زمانی بە بابە ڕادێت
چاوەکانی بچووك کردنەوە
لەناو بیرکردنەوە جێما
ژیان هیچ مرواریيەکی نەدۆزراوەی تێدا نەماوە
شووشە بۆنێکی بەتاڵ لەگیرفانی وەسیەت دادەنێم
هەمیشەیی تێدەپەڕێنم
بەخودپەرت و ڕامانکورتم دەچوێنن
درەختی پەرژینەکانم ڕوواند
ناوەندەکانم پاراست
پیاو و ژنێکی چڵێسی سێکس سیسەمیان شکا
گواستییانەوە عارد
تا نقورچی کەوتن ناخی شل کردن
تفری کاشی ڕۆیشت
دوو تارمایی بەباران تەڕن
هێشتان داوا دەکەن زێتر تەڕیان کات
خۆویستی ئادەم هەڵدەبژێرم
هەڵمی تەماشا لە ناکۆکی دادەماڵم
دووبارە دەبمەوە
بەشداری دروستکردنی ئامێری غاز نابم
کیژی ئەتۆم پەنجەی لەناو سەرم ما

سێ جار ئادەم مرد
جارێك پەنجەكانی بوون بە كێڵ
ڕۆژی مردن و لەدایكبوونی تێدا نووسرا
دواین جار تەماشام هاوێشتە گۆڕستان
ئەوێ كۆچ قوربانی
ئێرە بێداری مردووان
تا تەكسیشم ڕاگرت دووكەڵی جغارەی بابم
لە پرچ و نێوان پەنجەكانم ما
دەرگای گۆڕی پێكدادا
هێمنی گۆڕستانی پاراست
من لە خاك دووركەوتمەوە
چوومەوە ئاسمان
لێفەی ئادەم پرچی پاكیزانە
حەوا پەنجەی بەگڵۆپی هەیوان وەنا
ڕۆژنامەی ڕاخست
سێبەری كۆمەڵێ گورگ لە پەنجەرە خۆیان هاوێشت
درەختی نەخۆش بیرەوەرییەكانی دەبێتە وڕێنە
لە وڕێنەكردندا گەڵایەكانی لە دەست دەدا
بەینی پەنجە گۆڕەوشاری دەنكەكانی تەزبیحە
١٩٨٨/٨/٢٥ چاوی خالید سابیر حەسەن بووە ئاو
ڕژایە بن درەختی بنەماڵە
باوەشێ پەلك پەرت بوون
مووچڕك لە پرچی مردووت وەستا
گۆڕت لە تاریكییە بینابیم نالەرزێنێت
ئێوارە ئەسپ ڕاگرە

بژی باڵندەی دێنیَ
جۆگەکانی بەهەشت ئاویان شلەتێنە
مەلەوانی لەناو دەکەم
چیا لەژێر گەرمی بەفر زەرتکی هێنا
لە پەرداخە فرمێسکی قەتیَ پەراسووم بەریدا
سیمی ئێڵەگی نواڵە تەماشای ڕاگرتم
تەماشام لە بیرکردنەوەی ئاوێنە داماڵی
ژن بەکراسی نوستن
گەردەلوولی ئاسن لێی دا
نەیهێشت خەونی تەواو ببینێت
لە ئاهەنگە گەورەکانی شار
تەرم کورسییەکان ڕێك دەخات
خۆڵم دا پاڵ گۆڕ
سەرەتاتکێی کیژە مردووەکان تەواو
چیم لە نەخرۆشان
بۆ خۆم کیژی زەردی ئێوارە
دەبەمەوە دوا بەشی ئاسوودەیی شەو
نینۆکی لە بەردی هیمداد خوران
بەختیاری پەنجەوانەیەك بوو
بەخشیمە پەنجەکانی
ماوەیەك ما
نینۆك پەنجەوانەی دڕاند
کرم بژی ئامێرە ئەسپەکانە
کۆمەڵیَ پەرتاو بوون
دەنگی ئێزگەکانی میلی ڕادیۆمان بەدوا سووڕاندن

بانیژەی خانووی ناو باخچەکان تەختەڕەشن
جانەوەر چالاکییەکانیانی لێ دەنووسنەوە
ئای ئەی باڵندەی بەئومێد هەموو دەم لەگەڵمدای
بەیەکەوە دەچینە حەوزی ناو باخ
ڕووناکییەکی سەرنجڕاکێش
کیژێکی چاو چالاکی کردووەتە برادەری شاعیرێکی ڕۆمانسی
کە هەمیشە مایەی خەونە
خەونیش ئاگری هەقیقەتەکانە
جیهان دروست دەکات
شەقامی پڕ و بە گوڵ سێبووری ڕێبوارانە
لە زەردایی ئێوارە بۆق دەیخوات
نواڵە حەوزی سۆبەی لێوڕێژ کرد
یادەکانی سەرمایەتی
خوشکەکانی باران ئێسکیان کلە لە چاوی درەختی کوژراو
پیاوە یاریکەرەکانی شەڕ کراسی چوونە ژووری تاریکییان لەبەر کرد
سندووقی تەرممان کردە تەختەی تێنس
دوو تیپ یاریمان لەسەر کرد
مەڕمەڕی کێلەکانمان بەخواردن گۆڕییەوە
شەقام لەناو چاوانت بنوێنە
سێبەری ئەنوایی دەکشێ و ڕەت دەبێت
پیرێك پەرداخێ ئارەقی لەناو خۆش کا
گەنجێك لە ژووری میوە جغارەی گرانی کاتی نەکێشا
منداڵێك نەبووە شاخێ گڵۆپ
توانای کوتانی دارم نەما
دیاریم دابەشکەم

دارێك منداڵدانی بەتاڵ نەكرد
جۆگە دەنگ بخاتە سیمای کەنارە ساردەکان
شار دەسیسەی ڕاپۆرتدانە
برادەرایەتی ڕەش و سپی فەخفوورییە
هێلکە و ڕۆنێکی لەناو دروست ناکرێ
پەنجەم بۆنی تووکی ناو بالیف نەخۆشی خست
ژوور تەمەنی خۆی ژمارد
وەشاندنی بۆیە
پێویستە بەئارەزووی جاڵجاڵۆکە بێت
شیشەکانی زیندانم کرد بەتەنافی جلکان
دەستم دایە یەك
سەری دوای جەنگێکی درێژخایەنم هاوێشتە سەری
دوو فریشتە لە وەرگرتنی ئیفادەی مردووێ تەواو بوون
کەلکێش هەناسە ڕاگرە
منداڵێك لە خەوندا پێدەکەنێت
خۆشەویستی پەنجەرەی کرایەوە
لۆکەی ڕدێنم دەکەمە بالیفی ئارامیت
نۆبەتدارانی ڕۆژ دەگۆڕێن
دەستەیەك لەبەر ئاوێنە چاویان دەکەنەوە
دەستەیەکی دیش بەگومان دەچنە هەرێمی پشکفتنی گوڵ
خالید کراسی ئوتوو کرد
لە دەرمانخانەی ئێشکگری شار
پێویستییەکانی وەرگرت
چاوی دوو کەلا بوون
بۆ قەڵا سەرکەوتن

بەمنارە هاتنە خوارێ
خواردنی ئێوارەی مردووان
لە حەوشەمان هەڵمی کەوت
نایلۆنی خواردن ڕایەخرا
درەختی گەشت گەڵای نقوومی گەردەلوولە
گیای زەردبوو تارای گۆڕە
گفتوگۆ تارا هەڵدەداتەوە
دێم مردووەکان گۆڕیان بەتاڵ دەکەن
بازنە بەدەورم دادەنێن
پرسیاریان زۆرە
وەڵامیان ناوێ
جێیان دێڵم
نیوە بازنە بەردەدەن
گۆڕستانی جەژن ڕووناکی ئاوێنەیە
ئاوێنەی نەمریی بەشداری ئاخاوتنەکانمان دەکات
باران ئارایشی گۆم و سەکۆیەکانی کرد
ژنێکی دەموچاو ڕووناک
ڕێکەوت هێنابووی
گۆرانی زۆری دەزانی و نەیدەگوت
مێوانێکی نەترووکاوم
ماوەی ترووکانم بۆ تەواوبوونی سێ ڕۆژەی تازیەی باوکم دواخرا
ئێستا و ئەوسا بەداخراوی مایەوە
دەڵێی دەستێکی ئەنقەستی بەسەرەوەیە
ئەستێرە مەمکن
سینگی ئاسمان شۆڕ

کانی دەم
لووتکە دەست
منم ئەندازیاری دەم و یاریزانی لووتکە
وەرز کاتژمێری سروشتە
دڵسۆزە بۆی چرکە و خولەکیش دواناکەوێت
ئەو دووربینەی پێیان تەماشای یووسفی بنی بیر دەکرد
ڕێبواری سەر دووڕیانەکانی هەڵخەڵەتاند
باز باڵەکانی مۆسیقا دەفرۆشێت
هوما لایتی دەست فریشتەی خێلە
سەمەندەر سەرلەشکری ئاگرە
من جۆگەم بردە ناو باخچە گشتییەکان
جوانی تەماشای جێهێشت
١٩٨٩/٨/٤ ئەڵقە پەنجەی چەپی کردم بە باخچەیەکی خەونیی
درەختەکانی بەبای باڵی باڵندەی بەئومێد
نەشونما دەکەن
حەوا مەگیرانی بە سێو کرد
ئادەم بەفەقیانەی سێوەکەی بۆ پاك کردەوە
مۆم وەری
هێز و چالاکییەکانی ئێمە
ئاوێنەی ناو جانتای کیژی بەهرەیە
کیژی بەهرە پێیەکانی بەئاستەم لە زەوی دادەنێت
تا زەوی لە پێیەکانی نەپرسێ یان ئەو لە زەوی نەترسێت
ئەی ئەو ئاوەی بۆ شووشتنی قاچەکانیان
شلەتێنیان کردووی
قسەکانم چەنە لێدان نییە

کەڵەکێوی و چەند ئاسکێکی دڵنیا

لە کێڵگەی ناو ئاوێنە ئاشقی کانی و ئاو بوونە

ئادەم بەڕووتی حەوای بوو

بەڕووتیش نووشتایەوە سەری

لەسەر زەمین شتەکان یەکەم جاریانە دەبنە ئاوێنە و ڕووداو

تاژی و کەرویشك یاری بەخوێن دەکەن

لە دواییدا یاریەکان پرتەقاڵێکن

باران لە داری بەرداونەتەوە

**١٩٨٧ ـ ١٩٨٨ هەولێر**

## جەنگی پرسیار

دەمامکە جوانەکان تا هەتایە
لە جەنگی پرسیار دەمێننەوە
کتێبێکم لەبارەی مانەوەیان خوێندەوە
کۆڵانە بەتاڵەکان بە ئاسۆیەکی ملکەچدا تێدەپەڕن
لە پەنجەرەی من
باڵندەی ئاوابوون دەنگی ڕژا
چیا باوەشی پڕ بیرکەرەوە و لەشکری چاو سوور
دەماری قەڵا کتێب و خەیاڵ و چەکی کاریگەریانە
گۆرانی مێوان
ئێوارە پەڕەمووچی فرۆشت
توانیمان بەناو ڕێگا ئاڵۆزەکاندا بفڕین
هەنگاوێك ماوە بگەینە منداڵیی
**م** مشتومڕی ئاهەنگی برایەکانم لە گەرمی ئاو سارد بووەوە
**ن** نەگەیشتمە ناولێنانی ئاو
**د** دەستی میراتی ئاو دەگرم و دەڕژێمە لەشتان ئەرێ ئاو بڕژێمە کوێ
**أ** ئاوارەیی لە چۆڵایی ئاو ئاسۆی لێ نەکەوتەوە
**ل** لم هەڵخەڵەتاوترین ئاشقی ئاوە بەمژێك هەڵیدەلووشێ
**ی** پەیوەندی نێوان من و دایك و باوکم و داپیر و باپیرەم و حەوا و ئادەم
خوا پێویستی پێ نەما فڕێی دا
ماسی بەدبەختترین گیاندارە
چێژ لە ئاو وەرناگرێت

منیش نەگبەتترین ئادەمیزادم
چێژم لە منداڵیی خۆم وەرنەگرت
وا بەرزاییەك لە منداڵییم دەكوژێنمەوە
ڕەنگە سبەی ببێتە وڵاتم
وڵاتی منداڵێتیم پێشان دە
ڕووناكی ونبوو بەرزاییەك دادەگیرسێنێت
هەنگاوێك دەتگەیەنێتەوە منداڵیی
ئەو گوللەیەی منداڵیی پڕ شكۆی لا كردم بەگومان و هیچم نەگوت
لە گەنجیەتی قەوانەكەیم بردە بەرەكانی جەنگ
كردم بە مەرەكەبدان
یەكەم دێڕی یاداشتم پێ تۆمار كرد
نانی گەرمم نەخوارد
گەرمایی لەناو لانكی هاوین هێمن و سەركەوتوو هەناسە دەخواتەوە
پردی پێست تەنك یەكتەختە بوو بە هەست
ڕاو خامۆش
تەنیایی بۆ یەكەمین جار ژیانی تێدا ئاسوودە بوو
پەسەندی ئەو تەنیاییەی بڵاوە بەو سێبەرانە دەكات
لە دیواری بەرانبەری دەجووڵێت
لەسەر زەوی خەون دانیشتن
كۆچ بەرەو خەون
گەڕانەوە ڕووەو خەون
نیشتەجێبوون لە ماڵی خەون
خەون شادمانی سەر زەمین
سەر زەمین گێژەنی ژیان
ژیان خەونێكە لە شەوێك كۆ ناكرێتەوە
مردن دەتگەیەنێتە خەون

کەوانەی کراوە
خوداوەندێك تێیدا دێتە قسە
نالی لە سوورِی ژیانی ئەسپ
رِەشنووسەکانی پاکنووس و گەشتوگوزاری دەستنیشان دەکات
بۆشایی داخراو
مەحوی لەگەڵ خەمدا چی بۆ کرا
بەخشندە ئارمووش بئاڵێنێ
کات دەبێتە ناسیاوێکی ئێسك سووکی رِاوکەر
ئاوێنە شکۆمەندیی دەموچاوت دەداتێ
بەخشندە ئارمووش داکەلێنێ
کات دەبێتە دێو
پێستی پێڵاوی هاتوچۆکەران دەخوات
شەقامەکانی کۆماری جوانیی پیاسەیان لێ ناکرێت
خەڵك بەپرِتاو دێن و دەچن
منداڵی باوەشی ژنەکان
مەمکی درەختەکانی ئەمبەر و ئەوبەری شەقام دەمژن
سروود
درۆی پفدراو
ژوور
ئەسپی ناڵ لۆکە
رِێگا
هەراسانی دیدەنی
ئاڵا
قەڵغان و شمشێری شەرِکەرەکان
دوو وشکایی لەم کتێبە رِەنگاورِەنگەی هەمیشە کۆمان دەکاتەوە
بسك و سمێڵیان کەوت

دوو تەڕایی لەو نسێیە کۆش سڕەی
هەمیشە توانای مانەوەیان تێیدا نییە گەرمی و تریفەیان گرت
دوو ژوور تەماشایان خۆڵەمێش
ژنی ناوی چاوەڕوانییان سارد
درەختی باڵ بەتاڵ
جلوبەرگی تەڕ بەسەر تێل مانەوە
سێبەری لاوانەوەی حەوشە و هەڵمی گەشەکردنی ڕووەکەکانی دڵخۆشی
نایلۆن چاویلکەی پەنجەرە
خاوی فەرمووده پشوودان
شەو و ئێوارە
ئەستێرەم نەوی
نیوەڕۆ و سبەینە
مانم پەرت
پەشتەماڵی جێماو دەبێتە سێبووری و چاوی پێ دەکرێتەوە
هۆڵ پڕی ڕووگەنمای هەڵخەڵەتێنەر
پیاوی تەوەزەل هاوینی دەریا
تێلی قەرەویڵە ددانی زەردی بیابان
لەسەری بنووی کابووس تەزبیحێکت دەداتێ و پێشت دەڵێت
ناوی بنەماڵەکەتان بژمێرە و ناونیشانیان دیاری بکە
گڵۆپ پۆلیسی شەقامەکانە
ناسنامەی ڕێبوارەکان دەخوێنێتەوە
دیوار گەمارۆی جوانیی
ئێوارە و شەو
مانم پەرت
سبەینە و نیوەڕۆ
ئەستێرەم نەوی

شووشه گولاوی ناو پەشتەماڵ بەداخراوی دەمێنێتەوە
پیاوی تەنیای ناو سێبەر دەیەوێ ڕاکاتە بەر باران
برژانگی بۆشایی ڕەنگ بکات
پانکەی ناو تونێل باڵ گەچلاو
دووکەڵی درەختی تەڕ
یاداشتی ڕاکردووی بە باران شێلدراو
بۆنی دۆڵ
گۆرانی خۆشبەختی ئاشقی لە باخچە ڕواو
سیما ئاوێنە نەیگەست
مانگ مەمکبەستی فڕێ دا
مەمك گردی سێبووری
گەرمایی دەیەوێت کراسی سێبەر بکاتە بەری
ڕۆژباش برادەری نقوومبووی خەون
قسەکردن ونکردنی ئەو خەونانەیە
شەو بەنیازی دەخەوێت
خەون شکانی سزا
ئاوابوون دانیشتنی خۆشەویستی
نواڵە پرچی ناوەڕاستی ئاسمان
ئادەم و حەوا سێبەری خۆیان بەڕووتی لە ئاوێنە دی
بەهەشتیان جێهێشت و ڕژانە سەرزەمین
بولێڵ
ڕوخساری باخچەی دەربەندی گۆم
کازیوە
ڕوخساری باخچەی هەولێر
شوێن پێی ئاو
فەرامۆشی ئەو ماسییەیە زەرتکیەتی

دارستان پەنای کۆچبەر
باخچە دیلی گوڵ
غارێك خۆشەویستی
جریوەی باڵندەی نیوە خرۆشاو
شوێنگری گوللە
پێشانگای رۆژی نیوە مات
پەرداخە شەونمی سەرەتای مانگی بەهار
دووری ئاسمانی یەکەم
سروودی سەربازی لە شەڕ ئیفلیجبوو
بسکی بەخشندە
ساباتی شەوی پەردەی منداڵی پێغەمبەرەکان
سمێڵی خوداوەند
فریزی ئەو حەوشانەی منداڵ تێیدا فێری ناوی خۆیان دەبن
درەختی بەخوداوەند خرۆشاو
گەڵای خانمی شێدار
درەختی بەبەخشندە خرۆشاو
گەڵای جوامێری گەرما
شوێنگری گوللە
پێشانگای ڕۆژی نیوە شێلدراو
ئەوانەی زەرتك سەخڵەتی کردوون
چاودێری ماسیین
چاودێر دەستی ڕاستی گەراجە
دەربەندییەکان لەناویدا بیر لەخۆیان دەکەنەوە
دەستی چەپیشی هەولێرییەکان
نهێنی تێدا دەدرکێنن
سەروەری چیای ڕەنگاوڕەنگ

کۆمەڵێك خەنجەری گومان نانەوەن بەدەست تارماییەوە
گەردەلوول ئارەزووی وەرز
سنوور لوولی مار
پەنجەرەی گەشت
بای مەیی
تاسەی دواخست
نواڵە بیرەوەری ئاڵۆز بوو
خودی فڕێ دا
کیژی دۆزەخ
کوڕی بەهەشت
لە خەون چارەنووسیان وەك یەکە
ناوەندی شار خوداوەندە
شانی ڕاستی
سۆراخی دووڕیان
شانی چەپی
گەرمایی لە ئاگرە خراپەکان دەستێنێتەوە
چلەی ماتەمینی گۆرانیبێژی بەناوبانگ
نواڵەی نەخۆش خست
پەنیری بەتاخمی چاوە هەڵگیرا
باران گەوهەری سەرنج
پەرژینی باخچە
پشکفتنی خورپەی باڵندە
باڵ دەنگی هەڵدا
شەڕە
دوافیشەکم نارد
لەشکر قرپۆك

ژەنگی تفەنگ
جیوەی ئاوێنەی گاڵە گاڵ
با لە پێشوازی باران و تەزرە و بەفر
وەستاوە و سەرمایەتی
قەوزە ئاوێنەی لێوی جۆگە
جۆگە پەنجەی کوڕی بەهەشت
شمشاڵی کیژی دۆزەخ لێ دەدا
شەپۆلی گوللە خلیسك
بەژن لووتکەی کەوت
زاناکانی کەناری پەڕینەوە
سێبەریان فرۆشت
دووکەڵ خەڵاتی پەپوولە
خەڵات لەتە گۆشتی جووراوی ناو دەمی ورچی ددان ڕووخاو
بارانی گەڕەکی خۆشبەختی
برووسك کردی بەهەڵم
دەرگای باخچەی یاداشت ڕۆچوو
ڕۆچوون بەناو جوانییە ئەتککراوەکان
باڵی باڵندەی مەلەوان جوانییەکانی لەناو دەرهات
لە شاری گووفەك
ئەسپ تەرمی سواری خوارد
شمشاڵی کۆچ
نزای هەمیشە وشکی
چایخانەی ئەدیبەکان لەناوی دادەنیشن
باوێشکی باڵندە
هەور حیلاندی
کوێر لە خواردنەوەی تاسەی دیدار

جوانی گۆڕی نوستووی تەنیایی
نسێی ناشرین
گوڵە بەرۆژەی چاو گەرم خوناو ناگرێ
دەربەندی گۆم خوناوی سۆزی دایە گەرمایی
هەولێر تەماشای لە بەژنی کاتژمێر ڕەنگ
مانگ زەرتکیەتی
هەناسەی لە ئاو بانگەوازە
چاوی چەپی تریفە
چاوی ڕاستی ماسی
دەرگای نیوە کراوە
یاداشتی ئاڵۆزبوونی دوو تارمایی
درەختی ساکار
پەلکی گوللە
داخرانی چاو
ئاڵۆزبوونی پیاسەی ئێوارە
گوێی سپێدە کرایەوە
گفتوگۆی ژووری منداڵ تێدا لە دایك نەبوو
خەونی لەناو ناڕوێ
بیابان نینۆکە فرێدراوەکانی چیا
مانگ زەرتکیەتی
هەناسەی لە ئاو بانگەوازە
چاوی ڕاستی تریفە
چاوی چەپی ماسی
بەهار گۆشتی خاك شلە
تەماشای لەرینەوەی مەکە
چاوت هەڵدەپرووکێنێت

هاوین ئەنگوستیلەی تۆزە
لە پەنجەی پەیکەری خۆشڕۆیە
زوو بزر دەبێت
پایز گەردەلوولی کەڕە
بانگی مەکە
وەڵامت ناداتەوە
زستان پردی بەفرە
بەسەری مەڕۆ
فیڵ لە پێیەکانت دەکات
سروشت کیژی گەچڵاو
سوورایی نواڵە ڕژا
تەماشای سوورایی ڕژاوی خۆی کرد
گڵۆپی ژووری دەرهێنا
ئاوێنەی پشوودان ماوەی ڕوخسار پێشاندانی داخست
مێوان زمانی کەوت
لە سێبەری دانیشتن
گۆڕەوشاردانی تیشك
کەڵبەی ڕێ لە پێی دڵ توایەوە
سیمای پەنگری تێپەڕین سیس
پەنجەی کیژی خرۆشان شاری شێلا
دەستە خوشکەکانی نەگەیشتنە پێشوازی
چاوی چرۆی نەکرد
چرۆنەکردن وژەی ترسناکی شمشێر
مۆسیقای باخچەی حەوشە
گۆرانی خۆسرینەوە لە مەمکە خڕەکانی تەنیایی
پەردەی پەنجەرەی ئەو شەمەندەفەرەی پێی دەچینە گەشت

کراسی ڕەنگاوڕەنگی بابە نوئێلە
منداڵان بۆیان دووریوە
هەور بۆینباخی ئەستێرەی تازیەدار
ئاسمان سینگ بەرەڵڵا
مەمکی کلۆر پەنجەیماندوو کرد
کیژی ماڵئاوایی کراسی تەڕی لەسەر ڕستەی هەتاو کۆ کردەوە
سێبەر خەملی
پەسەندە ئەو سێبەرەی بیرکردنەوەت دەخەملێنێت
ئاگری ئارەزوو پێڵووی تەنك
بووکەشووشەی کەمخوێن
دەستەکانی یاری بەدوگمەی ڕادیۆ دەکات
دەیەوێت هەواڵەکانی جەنگ ڕوون بێتەگوێ
پەنجەی بەخشندە
دەرگای کۆشکی بەختی کردەوە
پەنجەکانی پشکفتن
تێکئاڵانی پەنجەکانی کۆتی مانگ
پەلکەزێڕینە برژانگی کیژی ئاشق
بوومەلەرزە شەختەی ناو گۆزەکانی هەڵوەشاندەوە
دروود ماسی ئەو حەوزانەی کیژ بەخێوی دەکەن
دووکەڵی ناو ئاوێنە
لێژاییەکی خزە
کۆمەڵێك سەرخۆش دەیانەوێ بچنە ناوی
ناولەپ گۆڕەپانی یاری
پەنجەکانی جۆگە
قازە دەنگ تیژەکان هۆگری بوونە
کۆمەڵێك جووتیار کێڵگەی شانازی لەبەر دەکەن

چاو تاسەر پێڵووی گران کرد
درەختی لێوار ژووری گەشت
باڵندەی ترسا
فڕین ملوانکەی کیژی خامۆش
هەڵفڕین نەیتوانی ئێوارەیەك بچێتە پیاسە
لە باخچە بیر بکاتەوە
ڕووباری جوانی لە ژێر پێڵووی
ماسی لەناو بن
جوانی دوا پەنا
ئەی جوانی
من شەرعیترین مێردی تۆم
شەڕی ئاسوودەی نێوان من و تۆ
کەرتبوونی سێوی ئادەم و بەربوونەوەی بەردی سیزیفە
سەیری ئاوم کرد
لە چییەوە پەیدا دەبێت
بەدیار چییەوە خەو دەیباتەوە
پارچە فایبەرێك
لە دەنووکی تەیرە ئەبابیلە چوارچێوەی بۆ کراوە
ئەو حیکمەتەی تێدا نووسراوە
ئێرە ماڵی خودایە
بەدەستنوێژ و نیازی پاکەوە وەرە ناوی
دەرگای بە کراوەیی لە دوای خۆت جێ بهێڵە
ئەو ماڵەم لە وێنە لەچاپدراوەکانی کتێبەکان دیوە
سەدەیەك بەرانبەری سڕمام
لەناو باخچە چرام زیاد کرد
لکە لاوازەکانی درەخت داوایان دەکرد بکرێنەوە کورسی

کوڕێکی بلیمەت لەسەری دانیشێت
پەلکە پرتەقاڵ بهاوێتن بۆ دەموچاوی تیشك
لە حەوشەی ئەوماڵەدا
ماسی بایەخ بەو تابلۆیە دەدات کە لە حەوزەکەدا ڕەنگەکانی دەشێوێت
ماسی ئەڵقە لە گوێی ئاوە
بەچاوی شەرمەزارییەوە تەماشای لافاو دەکات
کە فڕێیان دەداتە سەر دارە تەرمی کەنارەکان
تۆڕەوانەکان لە کەنار دانیشتوون
پەتاتە پاك دەکەنەوە
حەزیان لە خوێندنی باڵندەیە
کوێری دەکەن تا بەردەوام بۆیان بخوێنێت
تا لە ئاوازە خۆشەکان بێزار دەبن
ئەریَ بۆ لە ئاوازی خۆش و جوانی بێزارن
کەروێشکێکی شڵەژاو لەگەڵ خۆتان بهێننە باخچەیەکی مردوو
مرۆڤێکی ئاسایی هۆگرتان دەبێت و لکێکی لاواز لە دارستانەکە دەبڕێت
بۆ باوکە پەککەوتووەکەی دەکاتە کورسی
کە ناتوانێت بڕوات و پەلکە پرتەقاڵ بۆ دەموچاوی تیشك بهاوێت
خۆر لە ددانی بەخشندە بەژنی چەماوەی بینی
شانازی فرۆشت
خۆری ڕوونەوی زەرتکی لا دڵ
جوانی کرۆشت
بۆنی پرچی تەڕ
لاوانەوەی پیانۆی ئەو کوڕانەن پەنجەیان لە زەمینی خەون ڕواندووە
ئێوارەی مێوان
ژمارەی خۆشەویستی دزی
مانگ برادەری نیاز پاکی ڕێگا

تریفه دەمامكی پیاوە كەمتەرخەمەكانی هەفتەی جارێك دەچنە مۆزەخانە
گردی گەمارۆدراو بەجۆگە
سزای نەمریی
تەزرە سیس
گەواڵە ئارەزووی هەور
باران هەڵەی ئارەزوو
ئاوزەی خەون
ئەستێرەی لاواز
مانگ زەردێنەی هێلكەی ناو لەنگەری پیاوی جوانی ویست
ژووری پشوودان نەخۆشە
حەوشە پاسەوانییەتی
ناهێڵێ كەس وڕێنەكانی ببیسێت
ئاو تا چۆكی جوانی خڵتی جیا كردەوە
شەپۆل نزم
گۆرانی پەڕینەوە
دەستاژۆی كەڵەكەوان
ڕووباری نزیك شار پردی نییە
خەڵك بۆ دیدەنی بەمەلە دەپەڕنەوە
گۆپكەی داری باران پشكفت
ئاو چاڵایی زەوی داپۆشت
بازاڕی جێهێڵدراو
ونكردنی جانتای گەشت
هەست
ڕاكردنی سێبەری بوڕكان
گوارە هەڵوەرین
چاوی داخراوی ئاهەنگی كیژی

سنوور

جەنگ

نەفرەت

ئاوەدانی

بەهەتاوی درەخت کرایەوە

هەتاوی درەخت

بەیانیت باش

مزگەوتی دەربەندی گۆم

هالآوی پرسەی لێ بڵند دەبێتەوە

گوڵ دیواری لادا

گەرمی مانگ

لە کەمەری شەو خۆشی ڕێبواران

دەنگی غاردانی ماین

کەوتە ڕێگا گشتییەکان

مانگ دەستی لە خانووی گیانم پەنجەرەیە

نواڵە پەنجەی بەدیواری ژوور کێشا

کیژی گوڵەگەنم

کەژاوەی ئاوەدان

گێژەن تەماشای لە پەلکی ئاو کردەوە

لەو خانووەی تێیدا لە دایك بووم

بەخوێنی ناوك بڕینم

نووسییان ١٩٦٥/١١/١٨ هەولێر

دڵنیایی ماڵئاوا

هەوار پێخوستی خەون

خەون ژووری بەتاڵی گەواڵە

گەواڵە ئەڵقەی پەنجەی کیژی شەل

شەل لە بانگی بڵندایی کەڕ
کەڕ کەڕووی ئاهەنگی بووکی نابەدڵ
نابەدڵ بنێشتی هەڵبزڕکاوی نەمێردی ددان ڕووخاو
ڕووخاو گەشتی قڕژاڵ
قڕژاڵ کۆڕاڵی سروودی بیابان
بیابان دووکانی سەوزەی قوم
قوم ژەنگی گوارەی شاخ
تاجی لەشکر لە ددانی بەوەفا و سەرنجڕاکێشی گورگ
دانیشتووان فەرشی پیاوە یاریکەرەکانن
کە لە چاوەڕوانی هاتن و نەهاتن قسەیان نییە
پەرژینی چاوی گورگ
ددانی پڵینگ و شێرە
هەولێر ساکارە
دەموچاوی لە قامیشی شەکر و نەیە
زەنبەقەی ناو ئاو دارێژراوە
هەروەها منیش
قەڵا و منارە بەساکاری بوونە دوو باڵی گەورە
توانیمان ئاوی دەریاکان بخۆینەوە
جوانی ساکارە
زەویش ئاڵۆزە
گڵۆپی پایتەخت کون
غەریبی لە ساڵ
غەریبی لە وەرز
غەریبی لە مانگ
غەریبی لە هەفتە
غەریبی لە ڕۆژ

ئەی غەریبی لێیدە لە زەنگ
لە لێوارەکانی ئاوابوون خەونبین دەڵێت
هیچ شوێنێك نزیك نییە لێرە
شەو کراسی دەریا
ئێوارە
فەرامۆشی پردی دوورگە
نیوەڕۆ
تۆڕی گەورەی ڕاوە ماسی
سبەینە
شمشاڵی دارستان
باڵی ڕەنگاڵەی نەخۆشخانە کەوت
گای پرچ گڤ لە سێرك پێشبڕکێی ئاشتی دەکات
دەرزی بەرگدرووی بووك گوللە
سبەینە
کلۆری ددان
نیوەڕۆ
تاسەی دووگیان
ئێوارە
ئاسمانی نزمی باڵندە
شەو
پشوودانی منداڵی گوڵفرۆش
غەریبی لە ساڵ
غەریبی لە وەرز
غەریبی لە مانگ
غەریبی لە هەفتە
غەریبی لە ڕۆژ

ئەی غەریبی لێیدە لە زەنگ
لە لێوارەکانی ئاوابوون خەونبین دەڵێت
هەموو شوێنێك نزیکە لێرە
ژێر باڵی خاڵخاڵۆکە
ناونیشانی ماڵە دەرکراوەکان
پەلکەزێڕینە مووررووی پرچی بەهار
نارنجۆك کراوەتە تابلۆ
بەدیواری لانك هەڵواسراوە
منداڵ چەند هێمن و جوان لەناو لانك ڕادەمێنێ
دەستی بۆ دەبا
کۆماری مردن
زەنگە دڵخۆشکەرەکان لێیان دا
هەموومان بالیفمان هەستداربوو
جوانی پێڵووی تەنك
گرێی ڕێ لە پێ توایەوە
تەمەنی لێڵ مێوانی بەیانی
پڕشنگی ڕم
ئەستێرەی ماتی دیواری گۆڕ
هەست هەناری کپی
هەناسە
نزای ماڵئاوایی
هەور
پەردەی پەنجەرەی ساڵ
درەختەکانی گوێ بۆ ئەو بایە ڕادەگرن
کە یاری زۆرانبازییان لەگەڵ دەکات
دەنووکی بەتاڵی باڵندەی کوێرن

با پەلکە وەریوەکان بۆ درەخت دەفرۆشێ و ناشگەڕێتەوە لای
بەشەونمی هەورە تریشقە
ڕێگای چیمەنتۆ بەند نەرم
دەستی تەزیوم
بەگەرمایی سۆز گەرم بووەوە
یەك دوو ئاهی سەوزایی
ئاوێنەی ئاوابوون دەموچاوی ناقۆڵا کردم
گەندەمووی هەست
لە پارچەی بچووك گەردەلوولی چاو هەڵناگرێ
ڕوخساری ئاسوودەیی
بەردی خەون گەرمی بوڕکان
پێستی باڵندە
کفنی کیژی ئاشتی
نینۆکی خوداوەند ئاوی کۆڵلا
هێلکەی ماسی ترووکا
سروودی نەمری
سروەی نەفرەت
خۆشم دەوێن
سەرم لە بالیفی خەوگران نقووم
پشکۆی سەرەتای ڕێ
شەیتان پەنجەی داوەتێ
ئاگردانی چاو کراوە
چای ساردە ساردە سارد
سروودی نەفرەت
سروەی نەمری
خۆشیان دەوێم

ناشتنی بریسکەی شمشێر
گۆڕی جوانی
کێلی دوو چاون
چاوی ڕاستی لەگەڵ چارەنووس کەوتووەتە شەڕ
چاوی چەپی شەونمە لە پرچی بووکەشووشە کەوتووە
ئاوەدانی جرووکە جرووکی باڵندە
درەختی گەڵا نەرم و کانی هەناسە گەرم
ساردایی ڕوخسار
جانتام زریزەی کرایەوە
شوێن ڕەش
کات بزر
گەرمایی ڕوخسار
جانتام زریزەی داخرا
شوێن جۆگەی شکا و ئاوەڕۆی گۆڕا
کات ماکی سووتان بەکوڵمی هەڵبژاردراوی جوانی
پەراسووی مرۆڤی بەئەشق مردوو
ژێی کەمان
نسێ هەتاوی بیست
بەردی قادرمە دەنگی بینی
ژووری دەرەوە پێنج لا
خوێناوی کونی شمشاڵی ماڵئاوایی
شای بەردی دیواری جۆگە
کەوتنی دڵۆپەی پەیکەری شەڕ
مەمکی خۆڵەمێش کیژی کەمخوێن
بەهار دڕندەیەکی گیانبازە
بەزەیی لە دڵۆپە شەونمی بەیانییان لێ جێما

مانگ لەناو دەستم کەڕووی لێ کەوت
خانەکانی تریفە ڕشایەوە
گەواڵە گومانی لە هەڵمی گەیینی ترێ
باڵندە دوو چین بێچوویان بەباڵ کەوت
پەڕی باڵیان کورت
تووکی پێیان درێژ
پەرجووی دووڕیان
ئەمەکی هەتاوی زستان
ئاگر
دەرگای حەوشەم نەکراوەتەوە
دەرگات کوتا
بەدەستتەوە بینین دەکەوێ
خۆڵ
دەرگای ژوورم نەکراوەتەوە
دەرگات کوتا
بەدەستتەوە چێژ دەکەوێ
ئاو
دەرگای حەوشەم نەکراوەتەوە
دەرگات کوتا
بەدەستتەوە بەرکەوتن دەکەوێ
با
دەرگای ژوورم نەکراوەتەوە
دەرگات کوتا
بەدەستتەوە بیستن دەکەوێ
سروشت
زریزەی جانتای شەڕ دانەخراوە

زریزە داخەی
بەدەستتەوە بۆن دەکەوێ
بینین
چێژ
بەرکەوتن
بیستن
بۆن
بزانن کێ لەم حەوشە پێیەکانی مەییون
ژیان دەیکوژێ
مردن دەیژیێنێ
ئاگر
خۆڵ
ئاو
با
بزانن کێ لەم ژوورە پێیەکانی مەییون
نە مردنی سەرەتایە
نە ژیانی کۆتایی
سروشت
بزانە کێ لەم شەڕەدا
نینۆکی بوون بەسەنگەری نابەرابەری پەنجەکانی
شەویان دزی و بەیانی لێڵ
خەون بەردە ساوایەکان دەوەشێنێتە ئاوێنە کوێرەکانی دەموچاوت نادەنەوە
ئەو قەرەوێڵەیەی
یەکەم قیژەی من
ئاوازی نائارامی بوو
چوارپەلی ڕزی

دەست و پێی منیش
کۆمەڵێك برای
شیریی
گیانی
گومان بین
بەدوای هەواڵی دەست و پێم هاتن
گۆرانی خەمبارییان گوت
گۆرانییان کرد بەهەلآت هەلآتی ئەو ڕووبارە بێ وادەی
برادەرایەتیم لەگەڵی بەهێز بوو
برادەری بێ وادە چاوی داخست
دنیا غاری دایە ناو بیرکردنەوە لەگەڵ خۆی دوا
ئارەزوو دەکەم بێ دەنگ بم
شەقامی وا ترسناك هەیە ناتوانی بەناویدا بڕۆی
قەلآی وا هەیە قبووڵی نییە پێی لەسەر دابنێیت
بەردی وا هەیە شەڕت دەکاتەوە
چاوەکانی کردەوە
چای سەر مێزی سارد ببووەوە
جۆلانەی ناو باخچە دوو شەمشەمەکوێرە دەیانهەژاندەوە
چاوی مووشەك نیشانە دەکەوێتە ناوی
دیقەتم بدەمە خودای ئاگر یان زۆر گوتنی بەرد
بەرد دەست و پێی لە گفتوگۆی پردی ئاگر دۆڕاند
گەرداوی دەریا
خەونی پاشا
داوای منداڵ
لە تەنکاوی جۆگە لێ هەڵگیراو
سەرسامی ماری ددان هەڵکێشراون

ئاوی ئەو تەنکاوە بخۆرەوە

دەریا

پاشا

منداڵ

چێژ لە گەرداو و خەون و داوا وەردەگرن

گیای مردن لە چاویان دێ

گیا لە چاوەکان

پشتی تیمساح دەکەنە پێستی دووەمی پێیان

پردی لۆکە دەکوتن

پردی لۆکە ترپەی پێی ڕێبوارەکانت لە دەفتەری یاداشت بنووسە

ڕێبوارەکان ئەو کاتانەتان شاد کە تێیدا بەسەر پردەکان دەڕۆن

دەنووم

هەڕەشەی خەونێك خوێنم سارد دەکاتەوە

پرد گەمارۆی توندی گومان بین

بپەڕمەوە پێم لە خامۆشی ون

بازنەی گلێنەم بەتاڵ دەکەم

هەولێر لە ژێر چەتری بارانبارین

لە جوانی خۆی جێدەهێڵم

گوێم بەدەرزییەك پاك دەکەمەوە

هەولێر لە ژێر چەتری گوللەبارین

لە ناشرینی خۆی جێدەهێڵم

جوانی

ناشیرینی

تێر مردنم

ئەرێ تێر گەشتی لە ئاسمانە یان زەمین

کیژی زەوی لوولاقی سەرمای بووە دەیشێلم

هەولێر ئارامبەخشترین خۆڵی ناو لەپی زەوییە
گیای پرچی منداڵە مردووەکان
کەلاوەکانی جەستەی کیژە لە ژوان کوژراوەکان
خوناوی گەشت لە کەلاوەی جەستەی کیژەکان
لە جەستەی گەشتەوەران بنیشە
چاوە منارەییەکان گەڕانەوە منداڵدانی
قەڵا ئاوێنەی خەتاباری بووک
سبەینە بۆ شەوێکی دی
ئەو قەرەوێڵەیەی
یەکەم قیژەی من
مۆسیقای ئارامی بوو
چوارپەلی پەرژینی باخچە
دەستم هەڵبڕاوی سڵاوی مێوان
پێم لە ڕێگای سەردان
خوداوەندی سەرسام و خەوندیدە
پێڵووی پشکۆ بەکەوتنی چاوی مامز گران بووە
پشکۆ پێڵووت هەڵبدەوە
جەلادان ئارامی ئوتێلەکانیان تێك دا
گەشتیارەکان لەسەر تەرمی پیاوی کوژراو ناسنامەیان خوێندرایەوە
تەرم ئازادی بە زەوی بەخشی
درەخت گەڵاکانی بوو بەئاسن
منیش گۆڕم
گۆڕی ئاوێنە
درەوشانەوەکانی لەناو خۆ لوولدا و فڕێی دان
لە ئاوێنە نەگەیشتمە نامەهێنێکی دڵخۆشکەر
سێبەرم بوو بە هەڵم

من مامەوە
بکوژی کەشوهەوا
کۆمەڵێك ئێسکبەند خەریکی تەرمی کەشوهەوان
ڕێگاکان بیری ڕێبوارە لەناوچووەکان دەکەن
لە ژێر خەندەیەکی ساکاریش
تەماشای مەدالیای گیانبازییان دەکات
چۆن هەڵۆ لەسەری نیشتووە
پێیان دەڵێت
دێن بچین بەدوای دەستە بەوەفا و میهرەبانەکان بگەڕێین
جوامێری تاریکییەکان گوڵی گێچەڵی لە باخچەی دڕندەیی کرتاند
بۆنی بەزەوییەوە کرد
کیژێکی خانەنیشینی لە بنەماڵەی ئاو مارەبڕی
لەسەر کورسییەکی حەسیری هەژێنەر دانیشت
پەرداخێك ئاوی تووی خواردەوە
دالغەی لێدا و لە خودی نزیك بووەوە
ئەم حەوشە و ماڵەم بەدڵە
هەموو شتێك تێیدا جوانە
ژوورەکانی لە چاوی نقووم کرد
باخچەش سێوی حەرامی گرتووە
ژووری لەدایکبوون ئەو ژوورەی مانگی هەنگوینی تێیدا بووم دڵە ساکارەکەی زەوییە
باڵندەیەکی پەڕ و باڵ کورت و جەنجاڵ
خۆی بەسەر گەرمپێوی قەد دیواری ژووریّ هەڵواسی
گەرمیپێوەکە فڕییە خواریّ
خۆی لەناو کەلێنی کاشییەکان بزر کرد
باڵندەی قەشمەری ئیفلیج
لە جانەوەری خۆی لیمۆندووزی لە کەپووی تواندەوە

شینایی ئاسمان و دەریای لێ بوون بەتەختەی شانۆی
پێشکێشکردنی چالاکییەکانی زەوی
دەریا لوولی دا
گەرمیپیێوەکە وەك دەستی دایکێکی دڵسۆز
تیشکە شیردەرەکانی نەدەگەیشتن
مەمکیانی لە پەنجەرەوە لە دەمی ڕووەکەکان نا
خانمی ڕووناکییەکان
هەر پێنج پەنجە بڕاوەکانی فڕێ دایە سەربانی ژوورەکەی
سەرەتاکانی لێ بوون بەپردێکی بەستراوە
خەڵکانێکی زۆریش پەلەی پەڕینەوەیانە
پەنجە بڕاوەکان لەبەر خۆر لایەکی کزر ببوون
گۆرانی وەکو بایەکی ئیشکەر وەریگێڕان
لایەکەی تری دانە بەرخۆر
باوکم **کەم** دایکم باوك و دایکم
برایەکانم **کەم** خوشکەکانم برا و خوشکەکانم
خۆم **کەم** خۆم زۆربوونی باڵندەکانی خزمی دایك و باوکم
دڵ لە دڵدانی ئاوێنە
بلوێری نوستوو
ئاوێنە درۆیەکانت چین
بلوێر لە ئاوازێکی دەیکاتە ئەفسانە
بلوێر بەیەکەم گوێگرتن
ژیان لە گەڕەکەکانی کازێوە درێژ دەکاتەوە
هێلکەکانی شەڕیش دەشکێنێت
کە قەلەڕەش لەسەری کەوتووە
مۆرانە و کێچەکانی لە سەری نیشتوون
نەشونما دەکەن

من منداڵی گەورەی ئاسمانم
بەهاتنە خوارەوەم ناوچەوانی زەوی گەرم داهات
بۆنی دانەویڵەیان کردە کراسم و کەوتمە جەنگی پرسیار

**١٩٨٩ - ١٩٩٠ هەولێر**

# مەرگی ئاوێتە

## ١

ئاوی نەفخی سوور خورایەوە
خوداوەند
فریشتە
دەرگای بەهەشتیان لە ڕواڵەت داخراو
لە دڵەوەش کرایەوە
کەڵەکی فریاکەوتن
پەراسووی ئادەم
بزماری ئەو ددانانەن لە سێو ڕەش بوون
چارۆگەی پەڕۆی ڕوو بڵندی شەوی پەردەی حەوا
شادمانی سەر زەمین

**(نغرۆ بۆ من کە نامەی شەڕکەرەکانم بۆ دایك و باوکە نەخوێندەوارەکانیان دەخوێندەوە نغرۆتر بۆ ئەوەی گوێ لە دەنگوباسی شەڕ دەگرێت و ئاگری شکانی لایەك دەروونی ڕووناك دەکاتەوە نغرۆتریش بۆ ئەوانەی خواردن بۆ بەرەکانی شەڕ دەبەن)**

٢

نێرییەك سەری بەقۆنداغەی تفەنگ کردووە
قووڵ کەوتووەتە خەونی مانەوە
بەئاگام هێنا
بچینە پیاسە
بەکەڵەکی گەشت چاومان بەرەڵڵای خەیاڵ کەین
سەوڵ لە کەڵەکەوان وەرگرە
لە کەنار دادەبەزین
لە چاوانم خۆت تەنیا کە
لە شار برادەرایەتیت لەگەڵ برادەرەکانت گەرم کەوە
منیش دەگەڕێمەوە ئەشکەفت
دەرگای گچکە دەکەمەوە
گۆشت بەشمشێر دەبرژێنم
خەوت خۆش شمشێری نوستووی ناو کەللەسەر
سوپاس گەرمایی تەرم
گەرماییت پاراست
بەگەرماییت کاتژمێری دەست تەرمەکان
لەشکرکێشی بۆ سەر تەرمەکان ڕێك دەخەن
باش بوو خەیاڵ لە چاو نەترسا
دەنا گیاندارەکانی چاو
دەیانکردە شەمێی باڵە نزم فڕەکان
مراوی ناو دەستە گەورەکانی دۆڕان
دەنووکی پارێزگارییان فرۆشت

لە خشەخشی ڕادیۆی زەوی
ملکەچی بوومەلەرزەن
دووکەڵ بەرد و خۆڵی بەرنەدا
میراتگرەکانی زەوی
ئاڵای گومانیان کردە کراسی شەیتان پێبینین
گومان بە ژن و مێردەکانت بڵێ
لێفەی خۆیان بەتەرمەکانمان دادەن
لێگەڕێ شەپۆلەکانت یاریمان لەگەڵ بکەن
فەرمان بەئاو بدە هەڵنەستێت
نەك کەڵەکەکان بگەڕێنێتەوە کەنارە درۆزنەکان
ڕێ بدە گەرماییت گەرممان کاتەوە
ژن و مێردێك لەم دیوی پەنجەرەی نیوە کراوە
بەدیار هیتەرێك بۆ منداڵەکانیان نان گەرم و چا سارد دەکەنەوە
هەورێك بەقەد دووگورد
ژەنەڕاڵێکی نەجیبزادەی وریا لە سۆراخکردن نوێژی لەسەر دەکات
بەناردنی نامەیەك سەرەتای ڕێگاکان تەفرەدران
بەگەیشتنی کۆتایی ڕێگاکان ئاشنا بوون
ئەو وێنەیەی لە جەژنی دە ساڵە کێشام
لە ناوەندی ڕێگا سپاردمە تەفرەدان و ئاشنابوون
بەڕۆیشتنێکی یەك دوو ڕۆژی چووم
نامە بگەیەنمە ئەو پاشایەی شمشێری کردە کورسی
بەپەنجەی تفەنگ سبەینان زەنگی قوتابخانەکان لێ دەدات
نیوەی سروودی قوتابیانم گوێ لێ گرت
بەزیم
وێنە پیر بوو

پێیە گەورەکانی خەڵك شەقامەکانی شاریان داگیر کرد
ئوتومبێلەکان شۆڕش دەکەن
گڵۆپ ڕەش
پۆستەچییە ساختەچییەکان نامەکان دەکەنەوە
ئاسنگەرێکی خەواڵوو لەناو قەڵەشی بوومەلەرزە
کلیل بۆ دەرگا جێهێشتراوەکان دروست دەکات
مەرگ
بەهەشت
دۆزەخ
سەرزەمین بەهرەی داخراوە
نهێنییەکی سەرسوڕهێنەری لا نەماوە بیدرکێنێت و بەختیارمان کات
بۆ
هەڵبژاردنی گشتی
لێبووردنی گشتی
تەنیایی گشتی
مەرگی گشتی
دەعوەت کراوین
چێشتلێنەرەکان بە کەڵەکی جەنگ دەڕۆن
برادەرپەروەر شەپۆلە سەرپێچیکەرەکان دەبنە دۆستمان
ئەو شەوەی دیواری گەورەی حەوشەکان دروست کران
پەنجەرە پەیوەندی نێوان حەوشە و ژوورەکان بوو
پەیوەندی هەمیشە لە شەڕگەکان
ستایشی پاڵەوانیەتی جەللادەکان دەکات
دیوار
پەنجەرە

ژوور

حەوشە

کەڵەکی گەورەی جەنگ دەڕوا

دەتوانین بە شەپۆلە سەرپێچیکەرەکان بڵێین دۆست

برادەرپەروەر شەپۆلە سەرپێچیکەرەکان سەوڵیان لە کەڵەکەوان وەرگرت

دڵنیابوونی ئاو

چاوە بریقەدارەکانی گورگ

خواردنی زۆربەی ماڵانی ساردکردووەتەوە

گورگ هەمیشە لە پەیوەندی سینگفراوانە

سەرزەمین

هەور دەستی پڕ دۆستایەتییە

بۆ دۆقە توند داچڵەکیوە

ئاو لە باوەشی خاك نەبێ نازانێ بخەوێت

ئاسمانی چاودێر دوو دەنکە ڤالیۆمی دایێ

بێهوودە لە باوەشی خاك کەوت

چاودێر هەمیشە لە دوا ڕکاتی نوێژی ئازاد وێرد دەکات

بۆ ئەوەی من بژیم

پێویستم بە مەرگی ئێوە نییە

وێرد بکەن وێرد بکەن وێرد

لە حەوشە و ماڵی گەورەی من

دەموچاوی ئادەمیزادەکان گەرمی و ئارامی دەبەخشن

مرۆڤ بێ هوودە کەوتە سەرزەمین

ستایشی هاتن دەکات

لە ژێر زەمین

بالیفەکان لێك نزیك دەبنەوە

ئەو خەونانەی شەوان دەیانبینن
چەقۆ لە دەستەکان سبەینان لێیان ناستێنن
مرۆڤ ئەی بەتاڵترین هاتن
ببەوە کرمی ناو سێوی ئادەم
شارێك ڕوودەدات
تاراوگای لە دایك نەبووە نەمرەکانە
شەقامەکانی بۆ ناتوانن لە بیرەوەری ئاوارەکان نەمر بن

## ٣

درووود بۆ هەموومان
هەموومان کەم من
تۆ
ئەو
ئێمە
ئێوە
ئەوان
پێویست بوو بڕووخێ
سەرزەمین کەرنەڤاڵی تەواوی تێدا نییە
ئێستا باخچەیەکە هوماکان تێیدا دێنە قسە
قسەکردن میراتی ئێمەشی تێدایە
نامەکانم بپێچابووایەوە
قۆڵ و باسکە کوتراوەکانی ئەو ئاوانەی دەبنە خوێ دەمبینێ
ساکاری ئاوە بەکەفەکانیشم ئاڵۆز دەکرد
ئەوە بڕواهێنانی ئەو مانەوەیەمە
لە چوار ڕیان هەشت پیتی ژیان و مردن
بە هەشت دەنگ بانگیان کردم
ئێسکبەندی دەنگەکان هەڵوەشانەوە
ژ یـ ا ن
م
ر
د
ن

ژیان چ مۆمێکە باران دایدەگیرسێنێت

لە ئەشکەفتەکان تیشکە سەرخۆشەکانی شیرینیی دەدەن بەخەون

لەسەر گێڕانەوەی خەون لەگەڵ شەوی خەوخۆشی ڕێك نەکەوتین

مردن چ نامەیەکە تراویلکە دەیپێچێتەوە

لە سێبەری ئەو درەختەی بەختیاری بەری دەخوات دەگا

لەسەر پچڕانی نامە لەگەڵ بەختیاری ڕێك نەکەوتین

خەون شەوی خەوخۆشی و بەختیاری خوێن شیرین کرد

مەودای ڕێگاکان دیارن

ماوەم نادەن بڕۆم بەرەو بزربوون

ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان

چەند ساڵ ژیام ژیان

چەندان ساڵی تریش بژیم ژیان

ناتناسم ژیان

ژیان ژیان ژیان ژیان ژیان

لە کەڕنەڤاڵی گواستنەوەی کیژی زەوی بۆ کوڕی ئاسمان

هوما لەسەر شانی ڕاستم

بەگوێی چەپمی چرپاند

ناسین مەحاڵە

مردن مردن مردن مردن مردن

چەند ساڵ مردم مردن

چەندان ساڵی تریش بمرم مردن

نووسینی سەر کێلی خۆم بۆ ناخوێندرێتەوە مردن

مردن مردن مردن مردن مردن

لە کەڕنەڤاڵی گواستنەوەی کوڕی زەوی بۆ کیژی ئاسمان

هوما لەسەر شانی چەپم بەگوێی ڕاستمی هاڕاند
خوێندنەوە مەحاڵە
ئەگەر بکرێ حەز دەکەم
بتناسم و حیکمەتی ئازیزانی سەر کێلی خۆم بخوێنمەوە
ئێسکبەندی دەنگەکانیش لە گیانێکی پڕ لە هەڵمەت و ڕاکردن بڕوێنمەوە
مەحاڵ وەك تۆپێك هەڵدە ئاسمان
کەوتەوە سەر زەوی بکەوە دوای
ماسوولکەکانی پێت بەهێز دەکات
پێیەکانی بەهێز بوون بەردەکەی گەیاند
درەختی تەمەن ژمێر
لکەکانت خوار و بێ مانان
کەی بکرێ دەکرێتە دەکرێ
بکرێ و دەکرێ
لە پەرداخێکی نیوە بەتاڵ و نیوە پڕ
وەك منداڵێك مانگ بە کۆترێکی هەڵفڕیو بزانێ
بە ئاوابوون پێبکەنێ
مشتومڕی ڕەنگە گەرمەکان
ئەی تاوانبارکراو بە ژیان

ژیـــان ژیـــان ژیـــان ژیـــان ژیـــان
دوای ئەو هەموو لەخۆ دوورکەوتنەوەیە — ژیـــان
گۆڕیەی گەڵا
لە پێی ژیان دەکەم — ژیـــان
پەڕینەوە بۆ ناو دارستانەکان بۆ خۆم — ژیـــان
ژیـــان ژیـــان ژیـــان ژیـــان ژیـــان

مشتومڕی ڕەنگە ساردەکان

ئەی تاوانبارکراو بە مردن

مردن مردن مردن مردن مردن

لـــە ژێـــر خـــاکـــێـکـــی دڵـخـــۆش

بـــەدیـــار پـــەنـجـــەرەیـــەکـــی چـــاوکـــراوە مردن

لــــەخـــــۆم نــــزیـــــك دەبـــــمـــــەوە مردن

ئەستێرەیەکی هەمیشە هـــەڵاتـــوو

دێـــــنـــــەمـــــە کـــــنـــــە خــــــۆم مردن

مردن

مردن مردن مردن مردن مردن

هومای ناقۆڵا

لەبەر ئاوێنەی گۆمێکی لاڵ

هێرش دەبا و خۆبەدەستەوە دەدات

ئاگادارییەك لە شەقامی

ژ یـ ا ن

م

ر

د

ن

چاو بانگ دەکات

ئاو لە دەستی منداڵ بڕژێ

لە گێژەنی خەیاڵ وێنەی

پەیکەر
پەیکەر
پەیکەر
زمان لە قسەکردن میراتی ئێمەیان ژێر خۆڵ کرد
چەتر
چەتر
دەرگا

وێنە دەکات

لە دەرەوەی پێشانگای

هونەرمەندێکی خەیاڵ داخراو هەڵیدەواسێ

دووبارە وێنەی

قەڵەباڵغی شەقام

پاککردنەوەی شووشەی مۆزەخانە

دەنگدانەوەی ئاژێڕی کارگە

زمان قسەکردن میراتی ئێمەشی تێدایە

ئاشقبوونی کۆتری ناو منارە و کەنێسە

پشکفتنی سبەینە

حەزکردنی ئاوێنە لە مرۆڤ

وێنە دەکات

لە دەرەوەی پێشانگای

هونەرمەندێکی خەیاڵ کراوە هەڵیدەواسێ

شاعیرێکی سەرسام بە سەرەتاکانی ناولێنان

لە دەفتەری تێبینییەکانی

بەزمانی دڵ لە دڵدان بۆی دەنووسێ

ژیان ـ ژیان = ئەی کۆتری دەبەنگی

به ئارەقەی بن باڵت بۆن ڕیژم کە
بۆ هەمیشەیی پەیمانمان بەتاڵ ناکەین
تۆ بەسەر منارە و کەنێسەکان درۆ بکە
منیش لەناو ئەو ڕێیانە دادەنیشم
خوداوەندان دژی فریشتە قاچاخچییەکان
خۆپیێشاندانیان تێدا بەرپاکرد
ڕوخساری بەقووڵی ڕوانییە چاوم
نیگایەکی تاوانبارکردن
بیانوو مەهێنەوە
درۆکانت لە سێبەری بایەکی
چاکەت چەرم
پێڵاو بەکرێ
ڕوون بکەوە
خامۆشی دێ
شەپقەیەکت لە پەڕی قەل لەسەر دەنێ
برۆ تازییەکان
کتێبی دڵنەوایی
بە هەموو شتێکت ڕازی دەکات
ڕازی بوون
لە تۆڕنانی بارانی هەوەسباز و خۆڵی داوێنپیس
هەوەسباز و داوێنپیس حەزیان لێك کرد
درووود بۆ نەوەکانیان
ناون بۆ ڕووناکی
مانان بۆ بزربوون

**(ڕووناکـی و بزربـوون جمکانـەی دایکمـن دایکـم لـە گرانـی ڕووناکـی پـۆدرە کـرد و فڕێـی دا بزربوونـی گـەورە کـرد ئێسـتا بزربـوون کیژێکـی درەوشـاوەیە ڕووی خاکـی ئارایيـش کـردووە بـێ خـزم و کـەس و پەیوەنـدی قـاچ لەسـەر قـاچ لەنـاو باخچـە دادەنیشـێت دەچێتـە کەنـار سـەکۆیەکان یـاری بـە گوێـی ماسـی و هێلکەشـەیتانۆکە دەکات دەبێتـە هاوڕێـی گایەکـی گۆشـتن لـە سـێرك خوێتـی دەبەخشـێتە یاریکەرێـك کـە یـاری دەزانێـت یـان نازانێـت)**

٤

هاوسێی مانگ و ئەستێرە

بیرەوەری ئارامییە

منداڵەکان نایەنە کۆڵان

ژنەکان کۆڵان ناماڵن

چڵکاو بەکۆڵانەکان ناڕژێ

لە زەمین ڕامام و دانیشتم

زەمینم بە پەنجەکانم بەرزکردەوە

لە ئاسمان ژوورێکم بەکرێ گرت

سەرم لەناو لکەکانی دەستم دانا

**(لـە خەیاڵـم شـەڕی پەلکەزێڕینـە و بـاران گـەرم بـوو شمشـێری پەلکەزێڕینـە شـکا کەوانـی تیرهاوێـژ ڕاسـت بـووەوە بـاران نمەکانـی هەڵگرتـەوە قەڵغانـی شـەڕکەرەکانی پـێ شووشـت نووکـی تیـر ئایەتـی لـە جەسـتەی گوناهــەکانی بەهەشـت کوتـا گەڕانـەوە بـۆ سـەر زەمیـن پرسـیارێکە کاتێـك خـۆر نیـوەی دەرکـەوت یـان نیـوەی ئاوابـوو دەکرێـت)**

سەرم لە لکەکانی دەستم کردەوە

بینیم زەوی شمشاڵ دەژەنێت

گردەکان بوونەتە گورگ

گورگەکان بە ژن

ژنەکان بە پیاو

ڕەختی شەڕیان کردووەتەوە

پێڵاوی منداڵە کوژراوەکانی لەناو دەنێژن
کەڵەبابێکی لاڵیش بانگ دەدات

٥

مەلۆتکەیەك نەپێچراوە
لافاو زمانی هەڕەشەی دەرهێنا
لە کیشوەری هەشتەم
ماسیگرەکانی خنکاند
خودایە ئەوەندە ئاوەم بدێ
ماسییەکان لە حەوز و ماڵی مندا نەخنکێن

٦

داڵ ئاگربەستی شەڕی ڕاگەیاند
پرچی درێژی یادگاری سەرکێلەکان
ئاڵۆزی ئاگربەست
نەفرەت سێبووریی پیاوە چاو کەلاشووشەکان
هاوەڵی ناوکی منداڵەکانی لە شەڕ بوون
ماری نەخۆش
ژنێ دەستی لە سەوڵی کەڵەکی گەشت مەیی
کیژێنی خۆی لاواندەوە
کیژێنیم ئاوێنەیەکی نوستووە
ڕووی پڕی
کۆتر
داڵ
تەختی بووکێنی

تابووتی جوانەمەرگی

ئاڵای سپی

دێوجامە

لە هەڵبزرکانی ئاگر

سێبەری دەستێکی کوشندە و نەشمیلانە

پەرداخە ئاوی مەزەداریم لار دەکاتەوە

ئاگر دەستی لەبەر ڕاگرتووە

خەوی پێ دەڕەوێنێتەوە

ئەو خەونەی سندووقی دەخیلەی منداڵیمە

بیرەوەرییەکانمی جەنجاڵ کردووە

ڕێگام لە ڕووناکی ون

تا دەگەمە شکاندنی سندووقی دەخیلەی منداڵیم

سبەینەیەکی پڕ سروودی پێ دەکڕم

من و سبەینەی پڕ سروود دوو کەسی تەنیاین

ئەو بە باڵە کەمخوێنەکانی درەخت دەفڕێت

منیش

٧

خەیاڵ پرچی شەپقەیەکی ئەستوورە

پەنجەکانی پێی پۆتینێکی نارەنگی

ڕاوم دەنێت

بۆی ناگیرێم

خەیاڵ دڕندەیەکی بە بەزەییە

بۆی بگیرێم

دەگەمە

ئێرە و ئەوێ

دەچمەوە

ئێرە و ئەوێ

زەمین گەورەترە یان ئەو لەنگەرییەی چێشتی لەناو دەخۆم

دووکەڵکێشی دێرێ فرەوانترە یان شوێنی کەڵەك ڕاگرتن

تریفەی مانگ جوانترە یان بریسکەی دەسڕێژ

دەسرازەی منداڵ نیانترە یان کۆت

بلوێری ئاو خۆشترە یان زڕەی شکانی چرا

ئەو ئێرەیە بەتۆ دەسپێرم

تا تەواوی پەنجەرەکان بەدوای مندا سەرگەرم بن

بارانی دەموچاوەکانی بزرم کردن

بدەیتە ئەو کێڵگانەی دڵیان ئەستوور بووە

ئەو ئەوێیەی لەناو دەستەکانت بووە خوناو

تیشك گەمارۆی دا

پاسەوانی تەواوی شەقامەکان ئاگادار دەکەمەوە

باخچەی نەخۆشخانەکان حەز دەکەن مردووی لە ناودا بشۆن

لە سبەینەیەکی گەرم

قسەیان لەبارەی سەربازی تۆپخانەکان

سەری ساڵی مۆزەخانەکان

پێشوازی مێوانکردن

ئاوێنەی داگیرساو

هێمنی پێش وێنەگرتن

پەشیمانی دوای وێنەگرتن هەیە

لە بێ دەنگی بوویمە بەردی ناو ئاوی گەمژە

ماسی بێ مانا بەسەرم دەپەڕنەوە

خەیاڵ خاکەوانێکی ئاگربەست

ڕووناکی لە دەست دیل

باخچەی نەخۆشخانەکان دەستی کراوەن

ئاسمانەوانی بێباك دەتوانێ ڕۆژنامەی چاوەکانی بخوێنێتەوە

پیتەکان هەمیشە دەستی وەرگرتنیان لەسەر چاویلکە

دەستی بەخشینیان لەسەر گۆپاڵ

گۆرانییەکم

بێ مانام کەن

دەچمە کۆچی مردن لەودیوی دەرگا

گۆرانییەکان

بێ ماناتان دەکەم

دەگەڕێمەوە کۆچی مردن لەم دیوی دەرگا

شوێنێك بۆ چاوەڕوانی ئاو بەندکەن

یادم مەکەنەوە

بۆ کاتی خۆتان لە پەند و تاجی شکۆ دەمرێنن

باڵندە درێژە بە فڕینی دەدات

٨

خۆر لە تاریکی نیوە شکاو دەرکەوت

دەموچاوی زەمینی ناشیرین کرد

٩

وێنەی چاوێکی کوێر لە دیوار کێشراوە
چوارچێوەی دەرگا وێنەمی دیل کرد
شەقامی ژووری
شۆستەی جغارەی حەشاماتی دەکێشا
لێفەی خوری دایپۆشیم
خوداوەند بەپەیژەی بن زەوی سەرکەوت
زنجیری پێڵووی داخستم
بەخشندە کردییەوە
دەموچاوم لە ئاوی ناو ئاوێنە شووشت
وێنەی چاوێکی کراوەم کێشا
چوارچێوەی دەرگا وێنەمی ئازاد کرد
دەموچاوم لە زەردەخەنەی منداڵان شووشت
شەڕنامەی دامێ
بەرلەوەی گڵۆپ داگیرسێنم
پێشوونی کەوانەیەکی نیوەکراوە گڵۆپی لە ناوە
کەوانە بکەمەوە
دایخەم
گڵۆپ بکوژێنمەوە
پێ بکەم
سۆسەی کرد
تارمایی ناو قەڵەشەکان گۆرانی
گۆرانی باخچەی بێ ئاگا و لاڵی دەروون

بسپێرینە چرای مردوو

بە پێخواسی بچینە ناو کێڵگە

شەراب بە ئاوی ناو خەتە جۆتان بخۆینەوە

خوێندنەوەی نامەم دواخست

دەستی قەڵا و منارە دۆقەیان کرد

دۆقە ئیقاعێکی ستوونییە

تامەزرۆییان دووبارە دەکاتەوە

ناولەپیان کانی خەوندیدەی چاوەڕوان

دەستیان لە ئاسمان مایەوە

منداڵانی شار کۆلارەیان بۆ فڕاند

دەستی نیوە کراوە

تەواو بکرێوە

شەو دەزووی کۆلارەمانی پێ دەسپێرین

بەیانی دەنگی چوونە کاری باوکمان

ماڵ پڕ دەنگ دەکات

منداڵیش ناوکی لە خوێنی دایکی ببێتەوە

ماڵ پڕ دەنگ

**(تیشک نەخۆشە پێستی شێرپەنجەی لێیە درەختی بارانت لێهات وریابە تیشک دێت ڕوخسارت بترشێنە گۆپاڵم ون بووە مەوداکانی سەردانی خۆشەویستان شێواوە ناتوانم سەر لە گۆڕێک بدەم بەگوللە ناوی لە کێل تۆمار کراوە و قەوان کێلیەتی)**

شوێن

گۆڕەپانی شەڕ

کات

زەوی کراسی سووری لەبەردابوو

بیری لە یەکەم ئێوارەی بەدەزگیرانکردنی ژنەکەی دەکردەوە
سێبەری درەخت دڕندەیە
تەزووی مێوان خامۆش ناکاتەوە
مۆسیقای تووڕەیی ڕژا
کەڵبەی کۆتری کەواند
کۆتری پیلانگێڕ
بەسەر نینۆکەکانم بمێنەوە
ئاگام لە درێژبوونیان هەیە
مانگ پەڵەیەك خوێنە
کۆلارەی منداڵان نییە
حەزی کانی دڕندەیە
تریفە چڵکەکانی لە ڕۆخی دادەنێت
بەڕووتی لەبەر ئاگری ئاو دادەنیشێت
لەناو قەڵەشەکانی گەرمبوونەوە ڕەژوو دەفرۆشێ
ڕەژوو وێنەی چاوی کوێری کراوە
کاتژمێری قفڵدراو
باوەشم بەکراوەیی جێهێشت
نشوستی ڕژاوم بە پرچی گەرم کۆ کردەوە
دەستم لەناو زەمبیلەیەکی داخراو
بەپێمەوە
لە کوێ لێم دەکەوێت
پێم لەناو زەمبیلەیەکی کراوەیە
بەدەستمەوە
کێ لێم وەردەگرێت

**(ئارەزووەکانی پیاوی پێخوست لە پێستی سەی تووکن نووسراوە دەستێکی کراوە تووک هەڵنەداتەوە ناخوێندرێتەوە ئەم سەیە لە هۆڵی مۆسیقا دەنوێت لە باخچەی منداڵان بەدڵنەرمی گوڵ لێ دەکاتەوە چەتری کردووەتەوە چاوگەرمی پیاسەیە لەسەر ئاوازی سروودی شەڕ گوێ بۆ گۆرانی دەکاتەوە)**

دڵنیایی من لۆچە ناشیرینەکانی ڕوخساری نووسەری ناولەپم

لۆچەکانی ڕوخسارم بەناو یەك چوون

ئێسکی دوای لافاو

نقێمی ئەنگوستیلە

کووپی شیر

هێلانەی باڵندەی لە کڵاوەی ئەژنۆی پیاوانی دۆزەخ

سمۆرەی دارستانی بەرد

ڕیژنەی گەواڵە نەرم

تێلی ژەنگداوی کەمان

پیاوی بن دارەبازە

ژنی دوای تەرم

لێوی قرمساوی ئاوێنە

ددانی زەردی ئەو منداڵانەی

هێشتان ددانی شیریان نەکەوتووە

هەور دەیەوێ

هەناسە بخواتەوە و بە بەختی بڵێ چۆنی

من سییەکانی تۆم

ئەی دایکە زەمینی دڵنەرم

دایکە زەمینی بالیف گوڵ

گۆرانییت بەرەڵلاکە

قەل باڵی گران

باڵی قەتێ سووك

له گۆڕی منداڵان باڵیان ڕژا

بەهەوا کەوتن

له گۆڕی پیران باڵیان ڕوا

بەربوونەوە

قەتێ پەڕی قەلی له باڵیدایه

قەل پەڕی قەتێ

جرووکەیان له کلۆری نووسەری ناولەپ مایەوە

قەتێ گۆرانی قەل

قەل گۆرانی قەتێ

قەتێ ئاسمانی ڕەش

ئاسمانی قەل سپی

قەتێ و قەل باڵیان پەلکەزێڕینه

پەلکەزێڕینه دەستی پڕ نزای دوای شەڕ

له ئاسمانی بەتاڵ شل بووە

**(لەگەڵ برادەرە شەهیدەکان نیوەی مێژێکی بازنەییمان ڕەنگ کردووە هێندە بەدڵ ڕاستییان بۆ هەڵدەبزرکێنم ددانەکانم فرمێسکیان لێ دێ وێنەکانتانمان لە دیوارەکاندا وێنەکان لە خەڵکانی ناو شار سەرووەرتر بوون لە نێوان شارێکدا و شارێك پەیکەرەکانتان سڵاویان لە مێوان وەردەگرتەوە دوای تێهەڵچوونی برادەران وێنەکان لە چاو کەوتن پەیکەرەکان لە شوێنی خۆیان چوونەوە ناو زەوی درەنگمە ژنەکەم لە ماڵەوە چاوەڕوانمە پارەی مێزەکە دراوە توخوا زۆر مەخۆنەوە با سەرخۆش نەبن)**

هەنگاوێك

نیو هەنگاو

جێ پێیەك

کفنی ئەوانەی له دوای شەڕ ماونەتەوە

کراسی ئەو ژنانەی ئاگر مێردەکانی لێ ستاندن

میوەی تفتی بەهەشت

ئاوی ساردی دۆزەخ

ئاوێنە و

چاویلکە و

پۆتین و

جانتا و

تەمی دانێ

بە ئاوی شەڕ

ئاگری بەختەوەریم پێ کرد

**(مانگی خۆشنوودیم لەناو قاوغە شخارتە تەواو بوو لە چلەی ماتەمینی هۆشمەندی مردن دانیشتووم بایەکی کز دەستی گرتووم بایە کێ دەڵێ ئەم چاوساغییە بەدیوی خۆڵم دانادات ئاسوودەیی لێمی پرسی لەکاتی دەستبازی لەگەڵ دەزگیرانم پەنجەم لە خەناوکەی گیر بوو خەناوکە پسا لە هەڵگرتنەوەی دەنکە مووروووە ڕژاوەکان تۆ چیت دەکرد بە ساکاری لە ڕۆخ ئاو پیاسەم گەرم بوو بەردم هاوێشتە ناو ئاو تا بازنەی شەپۆل ببینم بە نقوومبوونی بەرد بازنە دەبێتە خاڵێکی کەوتوو لە گلێنەم ماسی مرد تاوانی کوشتنی ماسی لەبەر برووسکەی ئۆتۆمبێلە سەربازییەکان فێربووم لە شەوە گڕنی گڕنییەکاندا تروسکەی زەردیان دەگرتە ناو ئاو ماسییەکانیان دەخستە حەوزی بەرپێی ژەنەڕاڵە تازە لە ماڵ گەڕاوەکان لە نشوستی شەڕ سروودی بەرگرییان ددان کێشانی ماسی حەوزی بەرپێیان بوو دوای هێمنبوونەوەی زەوی تفیان لە ماسییەکان دەکرد ئەوجا سەربازەکان لەگەڵ سەیە سەقەتەکانی پاش شەڕ دەیانخواردن)**

قەل

قەتێ

ماسی

سەرباز

سە

من

شەوێك لە دۆزەخ

خۆڵەمێشمان ڕەنگ کرد

ڕۆژێك لە بەهەشت

ئاومان گەرم کرد

**(خۆڵەمێش و ئاو گۆرانییەکی خۆش بوون ئێوارەیەك لە چلەی ماتەمینی هۆشمەندی مردن لە ئاسوودەییم وەرین نایەتەوە یادم چۆن و کەی فێری ئەم گۆرانییە بووم چاوم لە چالاّیی پێشوونی شەیتان لێکەوت پێڵووم قۆپا چاوە کەوتووەکانم لە چەنگاڵی پەنجەکانم گیر نابن برژانگە خوارەکانم بۆیان هەڵناگیرێتەوە بیخەمەوە ناو قەپێلکەکانی)**

مانگ هەنارێکی قەڵەشیوە

لەسەر پەنجەکانی دەیلەرێنێتەوە

تکەی تریفە

زەوی کوتیوە

دوای هێمنبوونەوەی زەوی

کەللەی مێرووولەم کردە خانووی گەشت

شمشاڵم لەناو لێدا

شمشاڵ چوارچێوەیەکی کراوەیە

سروشت گۆرانیبێژێکی درۆزنە

بۆ هەموو وەرزەکان گۆرانی دەڵێت

**(زێ دەخرۆشێت کەفی خۆشووشتنی کیژی ئاو کەنارەکانی پاوان کردووە کیژی ئاو هێلی ئارەزووەکانی کاڵ بوونەتەوە چاوەکانیشی هار بوونە خوێنی بۆقێکی نێر تێکەڵ بە کەفی هەستانی بکەی دەستەکانی دڕندەیی لە کەنار دەکێشێتەوە کەنار زێوار دەبن پاکە پێی باجگری پێ نەکەوتووە نوێژی لێ دێت)**

لە زێوار شەڕ وا دەکات منداڵەکان لە فێربوونی ژمارە دوا بکەون

لە زێوار نوێژکردن چرای دڵخۆشی گەش دەکاتەوە

لە زێوار ئاشتی نازپەروەرە دۆشەکی لە مووی خوداوەندانە

باليفيشی لە پەلکی گەنمەشامی

لە زێوار تەرم ناشتن خەون بینینت زیاد دەکات

لە زێوار موو دەرکێشان لە ڕوومەت ئەشقی ئاوێنەت کەم دەکاتەوە

لە زێوار قونێر تەقاندن لەبەردەم پەنجەرەیەکی کراوەدا گومانت دێنێتە دیدەنی

لە زێوار

دەموچاو شووشتنی دوای لە خەو هەستان

بەیانی باشی ئارەزووە بێباکەکانە

لە زێوار

پانتۆڵ ئوتیکردن پیاسەی ناو شەقامە قەڵەباڵغەکان داوای کردووە

تەرمەکانی لە دیواری سەنگەرەکان نێژراون نامەیان کرایەوە

مەچکۆ جوانترین باخچەی جیهانە

گڵکەند خۆشترین چایخانەی جیهانە

باوەشم بەکراوەیی جێهێشت

ئەو جێهێشتنەی منداڵییەکی خۆشە بۆ هۆگربوونەوە

قورمیشی کاتژمێری زەنگدار خاو دەکەمەوە

بەیانی بۆ گەشت هەڵناستم

## ١٠

کۆماری پشوودان داوایەکی مەحاڵ نییە

دەنووکی بازی چڕنووك گەرم

لە پایتەختی شمشێر زەنگی شادمانی لێ دەدات

## ١١

منداڵەکانی ڕۆژهەڵات

چوونەتە گەشتی نوستن

لەم خەونەدا بە چی دەگەن

(. . . . .)

دایکیان پێڵووی گەرم لێك دەدا

**(برژانگی ئەستێرە و برژانگی ئەو پەنجەیان تێك هەڵکێشا برژانگی ئەستێرە نەرم نەرم پەنجەی بەرەو بەیان کێشایەوە بۆشایی پێڵووی ئەو پڕ بووەوە چووە قۆزاخەی ئیفلیجی نوستن بە بینینی یەکەمین دیمەنی خەون ڕووبار لە شووشەی پەنجەرەی دەکشا پەیکەر دەموچاوی تێدا دەشووشت هاڵاوی هاری لە دەمی دەردەپەڕی دارستان بیابانی داخراو بوو گۆرانی تێدا نەدەگوترا)**

منیش کەلکێشی نابێن بەرزی و نزمی

ژووری خودم پێڵووی پەنجەرەی کەوتوو

دەرگای خەنجەر

مێوانداری شەوی مردوو

نیوە چاوی پێ نووقاندم

چرام لە ژێر تابلۆ داگیرساند

جغارە یەزدانی کپی

( . . . . .

. . . . .)

لە دەرەوە

**(بـا زللـە لـە ڕوومەتـی درەخـت و شـەقام و پەنجـەرە و دار تێـل و هەژارەکانـی نـاو کۆڵانـە جوانـەکان دەوەشـێنێت دروشـمی دیـوارەکان یـەك یـەك دەکـەون یـان منداڵـە هـەژارەکان لـە دیـوار دایدەپچڕێتـن دەیئاڵێننـە خۆیـان)**

خەونی ناو ئەو هەموو دروشمانە

ئەگەر هەبێ دەبێ چی بێت

( . . . . .

. . . . .)

دەرگای خودم

لە ڕووی تابلۆ و جغارە و چرا داخست

چوومە دەرێ

منی وڕ و کاسی سێرپیانی هەڵدێر

**(بـێ ئـاژاوەی کۆڵانـە جوانـەکان ئـەو بلیمەتە ڕاماوەی نـاو تابلـۆی ژوورەکەمـم هونەرمەندەکە بـە هەڵـە پێشکێشـی کـردم ماوەیەکـە ئـەو ڕامانەیـم لەبیرکردنـەوەم مرانـدووە خەریکـم بیشـکێنم بیهێنمـە پیاسـەیەکی دەمـەو ڕۆژئـاوا)**

ڕێکی کۆڵانە ناشیرینەکان

سەرسامی کەن

بخەویتەوە

نارێکی کۆڵانە جوانەکان

هەراسانی کەن

ڕێکی ناخەویت

نارێکیش

کۆڵانە جوانەکان

درۆ و شەڕ و دەستەمۆبوون دەیانپارێزێت

کۆڵانە ناشیرینەکان

منداڵیەتی و دەستەمۆ نەبوون و پاکی

## ١٢

خەتێکم لەگەڵ پەنجەکانی ڕووبار جووت کرد

ڕەگەکان ئاوەکانیان دامەوە

کە ڕژاندبوومە بنیان

**(باڵندەکانی ناو پرچی ڕەگەکان باڵیان کردەوە و دوورکەوتنەوە نامەیەکیان بە لکی دارێکەوە بۆ جێهێشتووم یەکەم دێڕی کیژە هەژارەکان ئێژن پاشاکان کۆلیتەکانیان پیس کردین)**

منیش ڕەگەکانی خۆم گواستەوە ناو ئاو

ماڵم لەناو کەڵەك

منداڵەکان گەمان دەکەن

**(گیای کەناری کەڵەکەکە دەڕنن لە وەنەوزی چاوەڕوانی وشکی دەکەمەوە لە نامەیەکدا بۆ باڵندەکانی دەنێرمەوە)**

پاشاکان لەناو لوولی ماری کەوی دەسترن

کیژە خرۆشاوەکانی پاژنە پێ تەقیو

سەمای خۆشین

پاشاکان لەناو لوولی ماری هار دەخەون
کیژە بێزارەکانی پاژنەپێ دایساو
سەمای ناخۆشین
پاشاکان گوڵەگەنم بە سینگی کیژە خرۆشاوەکان وەدەکەن
پاشاکان گوڵەگەنم لە سینگی کیژە بێزارەکان دەڕنن
ئەی سەما ترپەی پێت چ دەنگێکی ترسناکە
ئەی سەما ترپەی پێت چ دەنگێکی ڕووناکە

## ١٣

پێت لە کام درەخت دەکەیتە ڕەگ
سەرت لە کوێ
بە سۆزی سۆراخ ژەهراوی کراوین
ژیان بریتییە لە ساکاری و ئاڵۆزی
ماوەتەوە
ئەو گومانە بپارێزین

## ١٤

تەرمێك لەسەر شۆستە پاکەت دەفرۆشێت

## ١٥

پەنجە گەورەی پێم مرد
پەنجە گەورەی دەستم ژیا

**(مارێکی پەلکەزێڕینەیی کلکی هەوەسی لەگەڵ پەنجە گەورەی دەستم خەواند کەللەی هابیلی کردە هێلانە هێلکەی تێدا ترووکاند قابیل خواردنی کۆمەڵێك سەدەی لەناو لوولاقی هابیل خستووە)**

پەنجەی گەورەی پێم هابیل

پەنجەی گەورەی دەستم قابیل

**(ئێوارەیەکـی دوای بـاران پەلکەزێڕینــە منداڵێکــی بلوێرفرۆشــی فڕانــد پێڵاوەکانــی لەبـەردەرگا لـێ جێمـا پێڵاوەکانـی بۆنـی باڵنـدەی مرداریـان دەدا پەیامبەرێکـی سـڕ لــە دوا نامــەی بــەرزی و نزمــی دێــڕەکان لــە دەســتی چــاوی بەربــووەوە)**

گێژەن لە تووکی باڵندەی مردار چەپۆکی شکا

مەلەوان گۆرانی پەڕینەوەی گوت

مانگی پەنجە تەزیو لە تووکی شەمشەمەکوێرە گەرم بووەوە

تریفە کەناری بوون

کەناری بوونی شەڕکەرێکی پەنجە لە شەڕ خووساو

لە نێوانی ئەمبەری شەڕ و ئەوبەری شەڕ

پەنجەی بە ئاوی دۆزەخ کرایەوە

**(ئێوارەیــەك تەلیســمی مەســیح بنمیچــی ژێــر زەمینــی هەڵکێشــا ئــەو فــووەی مریەمــی دووگیــان کــرد قۆرتەکــەی پــڕ کــردەوە منداڵەکــە هەتــاو دەســتی بــۆ ڕاوەشــاند خــەو بــەری دا پێڵاوەکانــی بەپێــی گچکــە ببوونــەوە)**

زەنگی لاوانەوە

تاسەی

بینین

چێژ

بەرکەوتن

بیستن

بۆن

بەهێز دەکات

هەتاو گەرم داهات

هەزاران ئارەزووی بێباك

لە دۆزەخ دیل کراون

ئەفسانەی دۆزەخ دەتەقێنمەوە

**(ئـاوازی تەقینـەوە باڵنـدەی مـردار باڵـی هەڵـدا بـۆ ئـەو بۆشـاییەی گەردوونـی تێـدا باڵـق بـوو دیدەنـی لـە چەمانـەوەی خـاچ ڕووخـۆش کـرد مانگـی هەڵاتـوو دەرگاوانـی بۆشـایی)**

مردوو مانگی ئێستای کەوتووە

لە کۆڵانی ئاینده و ڕابردوو

گەمان لەگەڵ درەختی نهێنی دەکات

## ١٦

ڕووبار

دەمی داپچڕاوی ئادەم

بەردەکانی ڕۆخی

ددانی کەوتووی

کەلاوەکانی مەمکی حەوا

منداڵی لاسار لە ناوی

ئاوێنە لە ڕۆژ ڕادەگرێت

چاوی باڵندەی پێ دەنووقێنێ

**(لـە نێوانـی دوو شـاتاندا کانییەکـم بـە تـەرم کوێـر کـردەوە چوومـە گەشـتی شـەڕ و دژواری بارانـی هـەوری تەنـك و ئەسـتوور لـە ڕدێنـم جۆگەیـان کـرد لـە چەناگـەم دەرچـوون گەڕامـەوە شـاتانەکانی ئەوبـەر و ئەوبـەری کانـی گۆپکەیـان نارنجۆکـی دا کیـژە هونەرمەندێك پێشـنیازی کـرد شـریتی یەکەمیـن پێشـانگای لـە کـەلاوەی مەمکـی حـەوا لەدەمـی مقـەس بنێـت پەنجەکانـی بـۆ نارنجـۆك نـارد لـە گۆشـەیەکی کـەلاوە لـە هـەوای دا پەنجەکانـی فڕێـی دا تابلـۆ هەڵبـزڕکا ئادەمیزادەکانـی نـاو تابلـۆ لـە دەمـی جۆگـە کەمێکیـان پێیەکانیـان بەرەڵـلای نـاو ئـاو کـردووە کەمێکـی تریـان دەسـتنوێژ دەگـرن کەمێکـی تریشـیان کفنیـان هەڵوەشـاندووەتەوە دەیشـۆن کیـژە هونەرمەندەکـەش ئەڵقـەی لـە ئـاو هەڵدەهێنێـت لـە پەنجـەی هەڵدەکێشـێت ئەڵقـەی نارنجۆکیشـی بـە ددانـە کەوتووەکانـی ئـادەم توانـدەوە دایە کارگـە کردیانـە ئاسـنی سـەر زێرابـی کۆڵانـە نوسـتووە بەخەبـەرەکان منداڵـەکان پڕیـان کـرد لـە هـەوای تاراوگـە و ئاوارەبـوون)**

چاوی باڵندە لە ئاوێنە کوێر

کوێر هاواری کەوت

## ١٧

خوداوەند
لە مانگ نزیك بووەوە
شەو لەناو شیعرێکی بەکێش و سەروا دانیشت

## ١٨

گای فێ لێهاتوو
بە دەنگی ئاشنا مانگ هەڵفڕێنە

## ١٩

بە لێوی پەنجەرە
چڕنووکی کەواندووە
چاوی مووروووی لە ڕوخسارم نقووم
بەئاگایی
بیرە خەو
نوستن
دەژمێرێت
یاری ئێوارە
ئاسوودەیی
تارمایی سۆز گەچڵێن
سڕ
کەوی لە درەختی خەندە مردوو داتاشراو
مۆسیقا لە ئەندێشەی پشکفت

باڵی لە سەری ساڵ داوێ

پەردەی قەرەویڵەی ئەو یادانەی تاسە خاو دەکەنەوە

لەناو چڵەکانی پەیامی گەڵا پیتێن پەرێشانی کردوون

کەو

پەردە داداتەوە

لاش دەدات

گڵۆپ دەکاتەوە

دەمرێنێتەوەش

قەیتانی پێڵاوی مێوان شل دەکاتەوە

توندیش

قەفەسی کۆڵانەکانی ڕۆژهەڵات

لکی پەنجەی منداڵ

قەفەسی کۆڵانەکانی ڕۆژئاوا

لکی ئاسن

**(کەو لە کەللە گەرمی گەڕان باڵی شۆڕ کردەوە جوانی و ئاڵۆزی دەنووکی قاسپەی پێ لێکنا تەپڵەی جغارەی ڕاکێشایە بەردەمی دەنکە زەنگیانەی چاوی بۆ ناو تەپڵە شۆڕ کردەوە ئاگری جغارەی داوەشاند ڕووبەری بازنەیی تەپڵە دووریانی پێکەوە گرێدان و لێکبوونەوەی جەمسەری سەروو و خواروو بوو بە ئاگری جغارەی دێوجامە و دووریانی کون کرد خۆڵەمێشی لە کون هێشتەوە هەور گەواڵەیەکی دا برووسک شەهید بوو کەویش بە توندی باڵی هەڵدا مووروەکانی چاوی کەوتە دەستی منداڵێکی گۆرانیبێژ)**

گۆرانیبێژێکم سەرسام

لەناو کفن یان کەژاوە

گۆرانیم ون

ژوورم لە

ئاگر

خۆڵ

ئاو

با

کەپکە مار بنمیچی

پانکەم پێوە شۆڕ کردەوە

چاوی ئەستێرە لە هێڵەگی پەنجەرە کوێر

فرمێسك بەرەڵلا

بەدڵۆپەی بەردی حەوشە هەڵکەو

کەو مەلاشووی کانی هەڵدایەوە

پێیە زیوینەکانی منداڵ تێیدا ئازاد

قوڵپی هەڵقولآن بە نکاڵی بازنەییدا دەدات

پەنجەی ڕدێنی مانگی لێ گیر

کانی وێرانەیی تاسەی تریفە

تریفە کوێستانی گیا نوستوو

ئەستێرە بە دەستی ڕاست بگەشێتەوە

گەشتم ئا

بە دەستی چەپ بکوژێتەوە

گەشتم نا

گەشتی

ئا

نا پێیەکانم دەسپێرمە ڕێگا

پرچم بە شەونمی ئەستێرە تەڕ

پەڕی کەوم لە پەنجەی پێم گرێ دا

گوێم لە دەنگی منداڵانەی ئەستێرەیە

کە هاوڕێی چاوی ڕاستمە

پێم دەڵێ لە بەرزاییەکان ڕاوەستە
بەردی شوێنەوارەکان پێت دەڵێن
فەرموو بمان خوێنەرەوە
چرایەکی هەڵخەڵەتێنەر
کە هاوڕێی چاوی چەپمە
دەیەوێ سێوی ئادەم
بهاوێتە بیر یووسف بیخوات
قسە نەستەقەکانی باوکی لە یاداشتی بسڕێتەوە
چاوی گەشت
کەلای ناو پەرداخێك ئاوە
بەخشندە بیخواتەوە
لە کەلێنی پەنجەی منداڵ
کەلا غلۆر دەبێتەوە
خوداوەند بۆی ناگیرێتەوە
لە ناخ بەردەبێتەوە
غاری دا
سێبەری نەمریی دوورکەوتەوە
ئاویلکەی چاوی وشك بوو
سەری بەگرانی خستە نەرمایی شانی
لە ڕۆژ ڕاما

## ٢٠

لاری و ستوونی ڕۆژ

سێبەری کورت و درێژ و تەنك و ئەستوور دەڕێژن

سێبەرم ناشت

هێزی خۆم دایە تارماییيە برادەرەکەم

مێژوو بەڕستە بوون

پێرێم

ئەمڕۆ لە دایك بوو

دوێنێش لێم تۆرا

کات لکەدارێك بوو

قەلەڕەشی

دەنووك ئاگر

چڕنووك خۆڵ

باڵ ئاو

سینگ با

بۆ هێلانەی خۆی بردی

شوێن لکەدارێك بوو

قەلەڕەشی

دەنووك ئاگر

چڕنووك خۆڵ

باڵ ئاو

سینگ با

هێلانەی خۆی تێدا دانا

**(ئەو شەقامەی ئێوارە جوانی لێیەوە بە ڕستەی تەماشام وەدەکەم بە هەمان شەقام لەۆژە لەۆژ دەگەڕێمەوە ناو خانووە ناڕێکەکەم منداڵەکان شیرینی دەستم وەردەگرن بەڕوومدا پێ ناکەنن)**

**(ئەو شەقامەی ئێوارە ناشیرینی لێیەوە لە ڕستەی تەماشام فڕێ دەدەم بە هەمان شەقام لۆژە لۆژ دەگەڕێمەوە ناو خانووە بلوورینەکەم منداڵەکان شیرینی دەستم وەرناگرن بەڕوومدا پێدەکەنن)**

منداڵە هونەرمەندەکان

برژانگی کات دەردەکێشن

کوێریی شوێن جوانییە

منداڵە هونەرمەندەکان

برژانگی شوێن دەردەکێشن

کۆسەیی کات جوانییە

کێوی جوانی

شەپۆلی با دەیکوژێت

کێوی ناشیرینی

دەستی ڕەش دەیژیێنێت

منداڵەکانی ڕۆژهەڵات گوللە دەزانن بۆن کەن

منداڵەکانی ڕۆژهەڵات گوڵیش دەزانن بتەقێنن

سیمای کات هەڵبزڕکا

ئاوێنەی شوێن گەچڵا

منداڵەکان گۆرانییان ماوە

**١٩٩٢ - ١٩٩٣ هەولێر**

# ڕێزمانی کۆڵانەکان

## کۆڵانەکانی زەوی

بیرکردنەوە جەنگێکی ئاسۆییە
ئازایی و ئازادیم تێیدا خەواندووە
کاتژمێر دەخاتە دەستی
درەختەکانی ئەمبەر و ئەوبەری شەقام
پانتۆڵێکی ئاوریشمینم لەبەردابوو
لەناو باخچە دەڕۆیشتم
باخچەش خەونی دەبینی
ملپێچە خورییەکەمم لەسەر لکەکانی دانا
بێ شومار جگەرەم کێشا
پەنجەکانم بەدووکەڵ زەرد بوون
کاتی نانخواردن ژن و منداڵەکانم ئارەزوویانە دوور لە من دانیشن
ئەم نهێنییەم بۆ ئاشکرا نەبوو

بەڵام چڵکی دووکەڵ بووەتە پێستی پەنجەکانم
من ئەوە دەزانم
منداڵەکانیش
گۆڕەپانێك پرد دروستی کردووە
کۆمەڵێك لاشەی ددانگڕی کۆکردوونەتەوە
تەرمە بەد و بڵحەکان
بەکارە بێهوودەکانیان بێزاریان کردووم
سندووقی تەرمەکان لە ئێسکی پشتی کیسەڵ دروست کراون
ئەو کاتژمێرەی کاتی چێشتلێنانیان پێ دەزانی
زیاتر پێویستیان پێ نەبوو
چاوی ترساندم
تەسلیمی هەستێك دەبم
شتێك لە گیانم ڕوودەدات
مادام مەحکومم بەوەی بچمە باخچەی حەوشە و گەڕەك
لەسەر کورسی حەیزەران دانیشم
یاداشتی ئەو ماسییە بخوێنمەوە
لە کتێبی زیندەوەرزانی ئاشنای بووم
خۆشی لە جۆگەلەی شەقامەکان بووە برادەرم
ڕێنومایيم کرد
لەگەڵمدا بێتە شاری نهێنی میوە
زمانی تەنکی کەڵەبابە لە خەوماوەکان داخ بکەین
بۆ ئەوەی بفڕین
بفڕیت گوێت لە گفتوگۆی دڵۆپەکانی باران دەبێت
لەسەر ئەوە ڕێك دەکەون کێ بشۆنەوە
گریا
فرمێسکی بە پرچی سڕی

ئەی پرچی تەڕ ببە باڵ دەتوانم بفڕم
خانمی ساڵە تێپەڕیوەکان
جانتا پێست تیمساحییەکانیان
لەسەر مێزەکەم دادەنێن
بەدەمە بۆڵە دێنەوە ناو ساڵەکانم
لاپەڕەیەك خۆی بەخشندە کرد
بۆم نەخوێندرایەوە
بەناڕازیبوون مێوژی نایابی مام زۆرابی خۆڵاوی کرد
خەونەکانم وەکو ئێسکی بێ گۆشت
لە گۆڕ هاتوونە دەرەوە
قسە لەگەڵ خەڵکانێکی ڕەند و مێرخاس و پەنادار دەکەن
کە خەونەکانیان پێیان دەڵێن دڵخۆش بن
دیواری گەراجەکان ڕووخانە دەروونم
بەهانەیە بۆ ئامادە نەبوونم بۆ گەشت
تابلۆی ژوورەکەم گوتی
ئێمە بەدرێژایی ژیان ڕێکەوتنێکی دەروونین
دایك بەعەلاگەیەك بەفرەوە بە تەنیشتمان تێدەپەڕێ
شانەیەك لە پرچمان نادات
کێشمەکێشی شەپۆلی سپی لەناو ئاوی شین هەناری سوور کرد
دەنکەکانی بدەینە دەریا
کەنارەکانی دەبنە دەست و پێمان
پاسەوانیمان دەکەن
ئەسپی ئاوی لە داخورپانی دڵ کورتتر
دەریای دایە دەست
مێشکی گوشی
چاوەکانی بچووك بوونەوە

سەرکز ئەم ناوەی جێهێڵا
ئەسپی ئاوی بە تووکی خورمایی داپۆشراوە
شەمشەمەکوێرە داوای لێ کرد تووکەکانی بداتێ
دەیەوێ بچێتە گەشت و باڵەکانی نەپەنمێ
لە فڕینێك ڕووی خۆی خۆش کرد
دایە قاقای پێکەنین
پشیلەیەك خاوەنی ناو ماڵێکی ساکار بوو
بەسەر پردی شووشە پەڕییەوە
لەگەڵ تارمایی خۆی
ڕێککەوتنی دەروونیان مۆر کردبوو
لە خەیاڵێکی هەڵخەڵەتێنەر خرۆشا
بێباکانە دەمی لەبن زگی خۆی نا
تارمایی سێبەری خۆی کێشایەوە
ئەمیش سەرکز ئەم ناوەی جێهێڵا
شەرم گەرمایی خستە سەر دەموچاوی
دەست و پێ و باڵیان بەسەر زەوی بڵاوکردوونەتەوە
ئەو زەوییەی بە هەموو قوربانییەکانیەوە قسەیەکی نەگوتراوە
ئارەزووی گەرمی بۆ خۆخستنەڕوو هەیە
کورسییەك بەهەڵاوگێڕی لەناو کێڵگەی پرتەقاڵ کەوتووە
وەریدەگێڕم و دادەنیشم
سامانی هەستم
دەکەمە ناوێك و لە هەموو شتێکی دەنێم
یاداشتی ماسییە برادەرەکەم دەخوێنمەوە
بۆ دڵنەوایی ئاوی ناو گوڵدانەکان
یاداشت و ڕەنگی نقێمی ئەنگوستیلەی ئەنگوستیلەوان
بۆ هەنگە پاسەوانەکان دەنووسمەوە

باڵندەیەکی قۆڵبڕ بەئاسمانی ئێرەدا تێپەڕی
سێبەری خۆی لای ئێمە دانا
هەموومان سێبەرەکەیمان بەماڵی پشوودان زانی
پەنجەرەیەکی پانوبەرینمان بۆ کردەوە
لە پشت ئەم سێبەر و پەنجەرەیە چیمان پێ دەکرێت
دەتوانین پەیوەندی بەکێوە بکەین
ئێمە لەناو نوێنی سروشت
بەنارێکی و خواروخێچی ڕاکشاوین
لە ئاوێنەی ژووری بەکرێ بخەوین
ناتوانین خەون ببینین
کرم
بەڵگەنامە و
ناونیشان و
دەفتەری ژمارەی تەلەفۆن و
یاداشت و
نامەی برادەرەکانی خوارد
دایکمان شمشێری باوکە چەتەوڵەکانمانی لە پەڕۆی مەلۆتکەیی پێچا
لەناو ئەو مەمە شووشانەی پاراست
بەمنداڵی شیری پێ دەدایە ئێمە
بای خۆشی یاری بەمیلی ڕووگەنما دەکات
پاش کەمێکی دی دەگەینە ئەو ڕووبارەی نەهەنگی خەواڵووە
بەتەماین ئاوی تێدا بخۆینەوە
پێیەکان لە کەنار دەپارێزین
کەنار ڕاپۆرت لە پێیەکان دەدات
ئەو نەخشەیەی بۆ دروستکردنی یەکەمین خانووی نیشتەجێبوون کێشابووم
لەسەر گەڵای پانی قامیشە پاسەوانەکان ڕایدەخەم

بیر دەکەمەوە
مۆزەخانەیەك بۆ پەڕۆی مەلۆتکەیی و مەمە شووشەکانمان
بوار ڕەخساندنێك
بۆ دزینی شمشێرەکانی دایکمان بەپیرۆزیی پاراستوویەتی
باخچەی ماڵەکەم چوارگۆشەیەکی گەورەیە
شوێنێك بۆ ڕووەکی دڵخۆشی سبەی خۆش دەکەم
ئەو سبەینێیەی بازرگانەکە کڕی
بەئامانەت لای ئێمەی دانا
پێشمانی گوت دەستکاری مەکەن
لەناو کونی دەرزی کفندروو دادەنیشم
غەڵبە غەڵبی داستانە نەگێڕدراوەکان
دەکەمە خوێنی خەوتووی هاوڕێیە نەمرەکانم
خەیاڵی تێدا کۆ دەکەمەوە
دڵی ئەو ئاوە پەستانەش دەدەمەوە
بەپێستی شەقام دەڕژێن
دڵگرانن لە زەوی نایانپارزنێت
ئەی هێزەکانی چلچرا و فریا
ئاوازی ئەو ئاگرە خۆشکەن
چاوەکانی هەڵۆ لە تەنیشتی دادەنیشێ
گلەیی لە باڵەکانی دەکات
شەمێی باڵەکان توانەوە
کونەکانی جوانی لە ئاسمان کردبوونی
پەنجە کورت و درێژەکانی جادوو ئارایشی کردن
گۆسکەیەك موڕەبای هەنجیر داوێینە بەر باران
پاشا گەنجینەکانی دەبنە ئێسکی پەپووسلێمانە
دەیبەخشێتە پیرێژنێك

کە پەندە ساختەکان لە خۆی پەروەردە دەکات
پیریژنیش بەسەر و قژێکی بژەوە مرد
لۆکەی لێفە و دۆشەکی باڵندەی هەڵخەڵەتێنەر کردنی بەپەڕوباڵ
تۆپێکی لاستیك هەڵدە
ڕێکخراوەکانی ئاسمان یاری پێ دەکەن
بەو پەلکە دارانە یاریمان دەکرد
لە پەلکەزێڕینە بەربوونەوە
دەستی ئاگرمان دەکردە قوماش
حیکمەتی ئەگەر بڕۆین
دەگەین بەکوێمان لێ دەنووسی
وەفادارتم ئەی کۆچی دژ
لە پێناو هێشتنەوەی توانای ڕۆیشتن
لەم ئارەزووکردنە هەمووما‌ن بێ دەنگ دەبین
ژیان تاوانبارە بیردەکاتەوە
بەردی پرسیار لە ژێر بالیفەکانمان دادەنێت
ئێمە هەمووما‌ن وەك بەردی پرسیار پڕین لە
سکێچی واقوڕمان
ڕێگای پێچاوپێچ
خرۆشانی پڵینگ
پاکانەی شمشێر
شەرمی خودایی
دڵپاکی بەهرەمەند
چالاکی پەڕگیر
کەمانچەی وتوویژ
بانگەوازی بێباکی
تەنیایی وێنەدار

چرای باخچەکان میوەی ئەفسانەیی دروست دەکەن
دەیکەینە نۆبەتداری گەنجینەکان
ئەو گەنجینەیەی لە خولێکی یاری پێشبڕکێ
دۆڕاندمانە یاریزانێکی تەپ و حۆل
ئاوی ڕژاو و خوێنی پژاو
شەڕی چارەنووسیان تێدا مەییوە
با ناوبژیوانییان دەکات
تاوانبارە ئێمەی لەبیر نەکردووە
دەتوانێت بەو پیتانە بماننووسێتەوە کە ژیانی لێ پێکنایە
کەسوکارمان باڵندە و ئاژەڵە شیردەرەکانن
لە ژێر ئەو بنەدارەی نازمان دەکێشێت
باڵندەکان کردوویانەتە ماڵ
قەپێلکە هێلکەیترووکاو بوونەتە پاشماوە
پێشانگایەك دەکەمەوە
پاشماوەکانی تێدا پێشکێش دەکەم
سێبووریم پێ دێن
بیرەوەری یارمەتیمان نادات
کەسوکارمان هۆڵێکی گەورە لەو بەردانە دروست دەکەن کە هاوێشتمانە باڵندەکان
مێوانی دوورەدەست و خانەدانمان دێ
لە خانوویێکی پشتگوێخراو گاڵتەوگەپ دەکەن
ئەو دەریاوانەی ڕەوشت فێری ماسییەکان دەکات
ئامۆژگاری کردم
قفڵی کۆتایی ئاوەکان پەستت دەکەن
پرسیاری بەهەڵەبردنت بۆ لەناو پەرداخێك ئاو دەتوێننەوە
بیخۆیتەوە شووشەی پەنجەرە ترسناکتر دەبن لە ئاسن
ئاو سزا دەدرێت

تیشك دزێكی ڕاهێندراوه
له غه‌فڵه‌تدا پێناسه‌ی له گیرفانی ده‌رهێنام
تا نه‌توانم له ماڵه‌وه بێمه ده‌ره‌وه
ئاوێنه‌ی ستایشكراو چاوی هه‌ڵخه‌ڵه‌تاندم
لارولەنجه و ئه‌فسوونی ئومێد ماندووی كردووین
پڕۆژه تەواونەكراوەكان داوێمه بیر
یووسف تەواویان ده‌كات
ئه‌و ئومێدانه‌ی نه‌متوانی له‌ناویان دانیشم
باخچه‌یه‌ك بوون له‌و خانووه‌ی
قه‌ره‌وێڵه و
مێز و
كورسی و
ڕادیۆ و
دیوان و
قاوه و
سێبووریت له‌ناو دانان
گیای نه‌مریی ئاگر دزی فریو دا
قیامه‌تناسه‌كان ویژدانی زه‌وین
به‌نهێنی په‌نجه‌ره سه‌رگه‌ردان بوونه
په‌نجه‌ره به‌رده‌وام به‌ده‌نگێكی ئارامه‌وه بانگمان ده‌كات به‌براده‌ری ڕێگاوبانی دوور
خودا گرشه گرشی ئه‌ستێره‌كانی به‌منی جوانی ویست فرۆشت
ده‌ست وه‌شاندنی گه‌واڵه و برووسك ئاماده‌یی ته‌واوی ئاوازه‌كانن
باران گۆرانی پێكه‌وه گوتنی هه‌ر هه‌مووومان
ئاو له هه‌ناوی هه‌ور به‌شكۆمه‌ندییه‌كی میهره‌بان خرۆشاوه
به‌هار لێفه ئه‌ستووره‌كانی له هاووڵاتییان وه‌رگرته‌وه
به‌تانی ته‌نكی دانێ

زەوی باڵق بوو
ستایشی دار و پەردووی ئاسمان و گەرمبوونی خوێنی ناوڕانی دەکات
گیای پاراو و وریابوون تێکسمڕا
چەقۆیەکی دایە برادەرەکەی
پێی گوت
دەتوانیت لەم چاڵە بچووکەی ناوچەوانم ئاسمان بنێژی
ئێمە هەموومان بەفەرمانی سروشت
تێکەڵ خوێنی ڕژاو بووین
بەپیسبوونی جلەکانمان زانیمان زەرەرمان لێ کەوت
ئاو بشۆینەوە
پاشان جلەکانمانی پێ لەکەشۆر بکەین
با بتەکێنن
ئەوجا ڕێگای بدەین جلەکانمان وشك کاتەوە
پشیلەی چاو ڕەنگاوڕەنگ
ئێستا دەتوانین لە شەقامێکی بەئاسایشی خەیاڵ سپێردراو
ڕابردوویەکی دوور بکەینە بابەت
لە چاو و برۆی قەڵای خانەدان پیاسە بکەین
نەمتوانی لە ئێوارانی ناو هەولێر جێ نەمێنم
نامەیەکی دڵتەنگ بۆ ئەو چاوناسە نەنووسم
کە بەدرۆی پتەو کەشکۆڵی خێر و سۆز لە گەرووی باڵندان دەنێ
باڵندەکانیش لە جامخانە
نهێنییەکانیش لە جامخانە بێباك دادەپڵۆسین
بەو میهرەبانییەی یەکتر ڕازین

# کۆڵانەکانی ئاسمان

بەختەوەر بوون
بلوێریان چالاکی خستە دڵی سواری بە بەردبوو
ئەشق پێی لە شوێن پێی خودا نا
هەستایە سەرپێ
خۆی بەهەمووومان نیشان دا
عەوداڵ بووین بەدوای ناسین و پێشوازی
زەنگی دەرگا لە ددانی فیل دروست کراوە
چاوم پێش جەستەم ناردە ژووری
قادرمەی پێچاوپێچ پلەکانی دەجەنگین
کەرتە مۆمێك محەجەرەی کردە نیشان و ناو
دەستی خەزنەی نیشان و ناو یارمەتی دام
ڕێپێدراو و ڕێ پێ نەدراو
هەرا و زەنایەکی جوانیان کردووەتە مارش و دەبێتە هێما و توانا

بۆ بەرزاییەکانی شاری خانەدان ڕاتدەهێنن

لە دەرەوەی کڵاوی چۆلەکە

یاری لە گۆڕەپانی بەرگری سەرنج ڕادەکێشێت

سروشت دەم کراوەیە

ئاگری فڕوفیێڵەکانی ڕەنگاوڕەنگبوونی تاووس سارد دەکاتەوە

ژوورێکی لاکێشەیی بەقەنەفە پڕ کرایەوە

چاوی سڕ کردم

تەمومژێك لەسەر چاویلکەم کۆ بووەوە

سەرنشینەکانی مردوون

تەماشاکەرەکانیش بەزۆرەملێ پێدەکەنن

لەوماڵەدا کە باخچەیان هەتاوی زۆرە

ژنەکە خەریکی دروستکردنی کێکە

کشمیشی لەناو فڕنی تەباخەکەیان بڵاوکردووەتەوە

کەوەنتەرە بۆیە کاڵبووەکەی کردەوە

لەگەڵ مێردەکەی هاتنە ناو باخچە

کە بەبۆنی خێزان هەوای خۆش بووە

چا بەکێکەوە چێژدار بکەن

مارێك کراسی لە نێوانیان دانا

خۆی بەکرێمی کێکەکە شێلا

سەرگەرمی ئاشقبوونە

فیل شفرەی لە ددانم دا

خوێنی بێ پەروایی دروود و تاجی باب و باپیرمان

ڕژایە ناو لانك و قتووی دارینی پایپ و چەرخم

خوێنی مردووان کە زەوی پێ دەسووڕێ

هونەرمەند تابلۆی تازیەباری پێ هاوڕەنگ دەکات

ددانەکەمی لە نێوانی ژن و مێردەکە دانا
مار بەپەلە کراسی کردەوە بەر
لە ئاشقبوون پەشیمان بووەوە
ئاسمانیی دەڵێت
کێ دەڕوات بۆ قووڵایی زەوی
زەویی دەڵێت
کێ دەڕوات بۆ قووڵایی ئاسمان
ئەوەی باوەڕ بهێنێ بەڕۆیشتن نائومێد نابێت
درووددەوان خەڵاتی گیانی خۆی پێ دەبەخشێ
تا هێز لە پێناوی دەستە و دامەن بووەستێت
ڕووباری پڕ زیندەوەر بۆ مەلەوانی بەهێز
شەوی فێنك و بەئەستێرەی سەرا و کاروانە
من ئاوێنەی ئەزموون پاڵاوتنم
وەرە بەرم دەمارەکانی پێکهاتنی چاوت ببینە
خوێنی ڕەچەڵەکپارێز تێیدا پل دەدا
تای بوومەلەرزە دەموچاوی زەوی سوور کردووە
لە نازێکی پاراو پرچی بەپرووشە تەڕبووی ڕادەوەشێنێت
مار ڕاهێنەری تیپی مۆسیقایەتی
ئەی مۆسیقا نازی نەخۆشی زەوی رابگرە
هەوری لەخوری چوو لە حەوشەت دەزێ و گوڵەجۆ و گەنم
لەو ڕستانەی لە دەمی قوربانییەکان جێماون
پەرژینت بۆ دەکەن
دوای ئەوەی تای بوومەلەرزە زەوی بەردەدا
کوێر
کەڕ

لاڵ
چاك دەبنەوە
ئاو دەڕژێتە باخچەی ماڵان
گوڵەكان گفتوگۆیان لەگەڵ مێوان و پەیژەی پاككراوە دەبێت
شەونمخواردیان دەكەن
باخچە سەرۆك خێزانی ژیری ماڵە
ڕۆژی لەدایكبوونی منداڵەكان دەزانێت
شەممە بیر ناكەینەوە
یەكشەممە دەرگا داخراون
سروشت بەدخووە هەتاو و خوناو چەواشە دەكات
دووشەممە باڵەخانەیەكی ناسكە
كاتژمێرەكانی خەوتوون
پەردە ڕەنگاوڕەنگەكانی هەڵنەدراونەتەوە
دەكرێت ئەم پەردانە بكرێنە ئاڵای وڵاتێكی تازە ئاگرودوو تێدا كرایەوە
سێشەممە پیرەمێردێكی ئاشقە
دیواری ماڵەكانی نووسیوە
ئەمڕۆ داخوازی كیژان قەدەغەیە
چوارشەممە بایەكی شێدارە
چاویلكەكانی لێڵ كردوون
دروشمی ئاشتییەكی ساردوسڕی پێ ناخوێندرێتەوە
پێنجشەممە یەكپارچە ئاگرە چایەكی پێ گەرم ناكرێت
دانیشتن چا تێیدا دەست گەرم نەكاتەوە
نابێتە یادگاری و بڕیاری لێ وەرناگیرێت
هەینی نامەیەكی ترسناكە پۆستەخانە ناوێرێت بیگەیەنێت
ڕۆژێك كوودەتایەكان دوا دەكەون

وەرزەکان جاڕی چاودێریتان بەناوچەوانی گورگ هەڵواسن
زستان کوودەتای لە بەهار بەهاوڕێکانی دەگەیەنێ
بەهار لە پایز دەیتەقێنێتەوە
پایز یاری بەبەختی هاوین دەکات
هاوین شەمشەمەکوێرەیەکە
گوانی لە دەمی بێچووە بەختەوەرەکانی لێوڕێژی شیر بوو
دایە دراوسێکانی
ساڵەکان ئێوە نەتانتوانی
هەڵۆیەکی چاو بریقەدار بکەنە برادەرمان
هەڵۆ وەك باجگر مایەوە
واز لە ڕووباری هەفتە ناهێنین
لە ناوی مەلە دەکەین تا دەبێتە کانی
ڕێنووس و ڕێزمانی نەمریی و هاوواتای
بۆ هەمیشەیی خرۆشمان بەرز دەکەنەوە
کۆرسی هەفتەین
گۆرانی لە دەم وەردەگرینەوە
هەفتە پایتەختی بەرفەرمانی مانگە
دەمەوێت بچمە پانایی زەوی بە ئارەزووی خۆم پێیدا بسووڕێمەوە
دوای ئەوەی حەوزی مەلەکردنی حەوشە بچووك بووەوە
جانتام لە زینی پایسکیلم بەست
چوومە سەر ڕووبارێك
ئارەقم بەمەعکەڕۆنییەوە خواردەوە
خاولییەکەمم تەڕ کرد و کردمە کەپری سەرم
کەمێك کولیچەم خوارد
ئەی بەئاگایی دیکتاتۆر

ڕێگام دەدەیت بەئومێدی خەون بنووم
خەون هێزی ڕزگارکەرە لە ژیان
ئەو ژنەی لەسەر ڕووبارەکە سەتڵێك جلی گوشراوی بەدەستەوە بوو
بینی کەف بە لا ڕوومەتێکم وشك بووەتەوە
هێزم نەماوە بیتراشم
دڵی دامەوە
ئیسفەنجی میکیاجی دەرهێنا و پاکی کردەوە
هەموو سوورایی دەموچاوی داچۆڕایە شوێن پێیەکانی
فەرمانێکی نیشتیمانییە
شوێن پێیەکانی بکەین بەشاری خانەدان
ئەی هێزی زەوی
ژەنەڕاڵ فەرمانی بەهێزەکانی داوە خۆ ئامادە بکەن
بۆ یاریکردن بەقەرتارەیەك مێوژی مام زۆراب
پیرەمێردێك لە باخچە سەرخۆشە
تێکەڵ بە بەهەشت دەبێ
یاری بەو خۆخ و هەڵووژانە دەکات
دوای خواردنەوەی ماوەتەوە
دەیەوێت بیهاوێتە ناو قەرتارەی فریو و فڕین
ئادەم لە کۆڵانەکان کیژێکی گەرمی پێ هەڵخەڵەتێنێ
زانیارییەکانی تەڕایی ناو دەم بکاتە توانای فێربوون
گیان و هەستەکانی ڕێبواران
لە شەقامە قەڵەباڵغەکانی شاری خانەدان کەوتوون
فیل پاسەوان و چاودێریانە
ئەسپی کوڕە گەورەی ماڵ و ئاوێنەی جادووگەر
لە پێشبڕکێی یاریکردن بەمێوژی مام زۆراب و تێکەڵبوون بە بەهەشت

بوون بە برادەر
ئاوێنەی جادووگەر
ڕەفتاری توندوتیژ و دەم پیس بوو
لەگەڵ ئەسپی ڕاهێندراو
گوتی پەلەمە و لەناو سەد ئازار و سۆراخ دەتلێمەوە
ئاهەنگی شەوی لەدایکبوونی شاری خانەدانە
منی داوا کردووە مۆمەکە بەئاگرکەم
شاری خانەدان خرۆشا
لەناو ڕووناکیدا خەملا
دیواری یانەی ئاهەنگ
بەهەڵواسینی یادگارییەکانی ڕازاوەتەوە
دانیشتووان ڕژاونەتە باخچەی یانە
یاداشتنامەی شاری خانەدان دەخوێننەوە و سروودی ستایش
هێزی گوێ دەپاڵێوێ
لوولە هەڵم لە کونە لووتی ئەسپ بوون بەدوو شەقامی ڕاست و چەپ
بە لەفافێك سەری پێچاوەتەوە
خوێن لە لەفافەکەدا تابلۆیەکی دروست کردووە
تارماییەوان قەمسەڵەیەك لەبەر منداڵێکی مێوژ بەدەست دەکات
بەپرۆژەی هەرا و زەنایەکی جوانەوە
دەچێتە ئاهەنگی شەوی لەدایکبوونی شاری خانەدان
لە شوێنە گشتییەکان چادر هەڵدەدات
پەرداخێك ئاوی ترێ
بۆنخۆش بەمیوەکانی دیکە دەخواتەوە
ترسناکی نییە
هیچ شتێك ڕوونادات لێرە

هیچ ڕوونەدان دلێرترین شاسواری ڕووی زەمینە
خوودەیەکی مسی لەسەرە
هاروهاج بەرد دەگرنە خوودەکەی
بەردەکان پێش ئەوەی بەر خوودەکە بکەون
بەردەبنەوە
دەبن بەکاتژمێری چاڵمەی دیواری ماڵە گەوران
ڕاکە
گیرفانی دڵت پڕ نازی کات و کاتژمێرکە
فیلێك خەریکی لێستنەوەی پەنجەکانی خۆیەتی
شمشێرێکیش کەوتووە
هونەرمەندێك کە پڕشنگ هێزی دەداتێ
لەناو پێستی خۆشکراوی گادا ڕەنگەکان تێکەڵ دەکات

## کۆڵانەکانی ئاو

ئەوانەی بەمن دەچن زۆربەیان مردوون
کووپەیەکی پڕ ئاویشیان بۆ قاز و مراوی جێهێشتووە
بە برادەریی دەریاوان خۆم هەڵناخەڵەتێنم
بە جێ پێی شادمانی سەرزەوی جوانی دەکەومە ڕێی دڵچاکی و داد
شەڕی بێهوودەییە تێکەڵبوون
هەموومان لە بیرکردنەوەی تەنیایی و جاویدانیداین
تا دووگوردی نوێژ و پەنجەرە و پەردەی ژوور و گڵۆپیش
بێ مانایی گڵۆپ لەوەیە بۆ چوونە ژوورەوە دەیژێنین
لە هاتنە دەرەوەش دەیمرێنین
چوار دیواری ژووری ماڵم
ڕەنگینە بەڕەنگی ئەو خوداوەندانەی پێش من بەکرێیان گرتبوو
پێستیان بووەتە تابلۆ و پەڵەی دیوار
لەگەڵ تابلۆ و پەڵەکان

هێمنی گفتوگۆمان بووەتە مشتومڕێکی دژوار و درێژخایەن
هێندەی من ڕانامێنن
ئەو ڕۆژەی لە سڵاوی بەهرەمەند هەنگوین ڕسکا
شیر و سەوزە و میوە گۆرانی کولێرەیان سەندەوە
ئامادەبووم بۆ گەشت
ئەو شارە خانەدانەی مێوانداریمی کردە ئاڵای شەکاوەی
منداڵە و دایکیشە
ڕووبارەکانی لێوان لێوی تریفەن
کۆڵانی بەئەستێرەن
ئاسمانیشی گۆڕەپانی تۆپێن
لە مانگی سەوزبوونی زەوی
گەنجینەی بەتاڵان بردراوی دەستێنێتەوە
دەیبەخشێتە نەوەی پێی بچنە گەشت
ئەو منداڵانەی لەخۆ ئامادەکردن بۆ گەشت مردن
لەناو کووپە دەیاننێژین
هەنارێك بەبازنەیی کووپەدا غلۆر دەکەینەوە
هەنار ئەم ڕاستگۆییەیە کە ئاو لە فەرهەنگی خۆیدا هێڵی بەژێردا کێشا
ئاو ڕوخسار و لەنجەولاری ئاسکی هەیە و دڵی دڕندە
لەو پردەش بە گلەییە کە برادەر و خوشك و خزم و کەسی بەسەر دەپەڕێنێتەوە
ئاسکێکی لە هۆشخۆچوو
هەوری جوانی
ئاو دەپرژێنێتە سەر دەموچاوی دارگێلاسی حەوشەمان
لکەکانی کردوون بەتام و بۆ و پەپوولە
لە دەشت و دەر بڵاوی کردوونەتەوە
لە پەیمانی پتەوی سروشتی داهێنەر دەڕوانن

ئەو خوداوەندانەی لە ڕۆیشتنیان لەسەرەخۆن
دەچنە ناو ئەو خانووەی هێشتان منداڵی تێدا لە دایك نەبووە
بەڵام پیری لێ مردوون
بارانی خاوەن گەشە و دەرهێنەری دەنگی کپی زەوی
منداڵێکی لە ڕەچەڵەك پەرێشانکراوی ناو خێزانە ئاڵۆزەکانە
ترساندوومی
برووسکەیەك دەموچاوی ئاشکرا کرد
تارمایی دەستی نایە سەر دەمم
نەیهێشت هاوارم ببیسترێت
کەسێکی خرۆشاو نانی ئێوارە درەنگ دەخوات
دەرچوونی بۆ ڕۆخ
ئاو و دۆڵە بەقاز و مراوییەکان چاوی پڕ کردووە لە خواست
چاویلکەی چوارچێوە پلاستیکم خستەوە ناو کیفی
بەکیسەی نایلۆنی پڕ میوە و لەشگران
بە بەرباران کتێبی کراوەی ماڵ گەڕاندمیەوە
شەقامم لە دوای خۆم تەنیا و بێ کەسوکار کرد
ساقۆی خوریم دڵۆپە بارانی لەسەر وەستا بوون
لەبەر هەیوان ساقۆم داتەکاند
سۆبەی ئەم دیوی پەنجەرە دڵسۆزی نواند
بەئاگری شین و جوانمەوە خۆشبەختیم بۆت
فەرموو مێوانداریم بکە
چووم
ژنەکەم سێتێك هێلکەی لێ وەرگرتم
بەدەنگێکی نزمیش ئەو گۆرانییەی بۆ گوتم
کە هەردووکمان حەزی لێ دەکەین

چاوە ڕوونەکانی لەناو برژانگی درێژی شتێك بوون وەك
قاز و مراوی ناو ئاوی خومار
مەنجەڵی خواردن هەڵم بانگەواز بۆ پێگەیشتنی دەکات
کەمێك خۆراکم لە خواردنی گوناهـ خوارد
تەمی ئارەزوو بووە کاتێکی شاد
پەلکەزێڕینە تێیدا هاتە ژوورەوە
پێی گوتم دەتوانم ببمە برادەرت
بەو برادەرییە ئاوی چاوی خۆم دا
ئاو تەواو ئەهریمەنە
زووش پەشیمان دەبێتەوە دەستە و نزا چاو هەڵدەهێنێ و ختووکەش دەدات
ئەگەر بەدوای بانگی سۆبە نەچووبوومایە
ڕووبەڕووی ئەم جەنگە پەراوێزییە نەدەبووم
ماڵئاواییم لە دالآنی خەو خۆش و خانووی پشوودان کرد
ماڵی خاوەن پیری باران و ڕووناکی پەنجەرەی ڕووەو خەیاڵ کراوەتەوە
شۆستەی شەقام نەرمن
پێی منداڵەکان ئەم شاهێدییەیان بۆ دا
بلووزێکی مەرەزم کردە بەر و جانتای پڕ کەلوپەلی گەشتیش
بێ هیچ نیازێك گەشتم پێش خست
بەچوونە گەشتم
قاز و مراوی لە گۆمی دڵ هەڵنافڕن
گەشتم لە جەستە و بینینی ژنێکی بلیمەت
لە چوونە گەشتم لەسەرەخۆم
ئەو خوداوەندەی لە ڕۆیشتنیدا لەسەرەخۆیە
زەوی پاکەتێك جغارەی دەداتێ و پێی دەڵێت
لە پیاسەیەکدا کە سەرقاڵیی چاخە دێرینەکان

قسەی تێدا دەکرێت
بیکێشە و بیر لە بڕینی لکوپۆپ و بەهێزبوونی قەدی سڕ بکەرەوە
خەڵاتی دەریات بەردەکەوێت
لە سالۆنی چاوەڕوانی فڕۆکەخانە
مۆسیقایەکی نەرمی
پرۆڤەکراوی بیرەوەری و بیرکردنەوە و ئارەزوو
دەستی بەسەر و قژی داهێناین
گوتی سڵاو لە بەختگەشیتان
گەشتێکی خۆش
ڕووناکی لێ بەرزببێتەوە
بایەکی بێ هێز فەرمووی لە نوێژتدا ناوم بهێنە
گوناهــەکانت دەبنە قاز و مراوی
لە درەختی لەشت دەفڕن
گیان دەیەوێ خەونێك تەواو پڕشنگداری کات
ئارەزووی ڕێکخستنی باخچە لە ژوورەوە هەراسانی کردم
هاتمە دەرێ
چەند ئەندامێك لە بنەماڵەی لە گوڵە هێرۆکانی باپیرم
هاتنە بەخێرهاتنم
درەختەکان پێش ئەوەی بگەڕێنەوە ناو خۆڵ و ئاو
لکەکانیان کرد بە سەبەتە
ماڵە هەژارێك نانی تیری لەسەر هەڵدەخەن
ژن و پیاو و منداڵەکانیان پێکەوە لەگەڵ کازیۆە و ئومێد و سرووود دەپەیڤن
تۆپێکی پلاستیکم فڕێدایە دەریا
هەڕەشەی شەپۆل و نقووم نەبوونی تۆپ
خەونێك بوو بینیم تەواو گیانی پڕشنگدار کردم

لەگەڵ ئەو خەونە سەما دەکەم تا دەمکوژێت
ئەی جەنگەڵ مۆسیقایەکم لە ئاهەنگە گەورەکانی سەری ساڵان دەکوژرێم
خوێنەکەم بەخێرایی تیشکدانی گڵۆپ
هۆشی جوانمەردی کۆدەکاتەوە
ئەو منداڵەی دەبێتە یاداشتنووسی پاڵەوانەکان
شەیدای دەبێت
پێم لە پۆتین دەردەهێنم
دەیهاوێمە دەریا
پێیەکانم گیانداری ئاوین
بۆ زانینی هێزی فڕینی قاز و مراوی
دەچمە بەربارانی توند
لە لەدایکبوونی من
مامم هەنارێکی هاوێشتە ناو ئاو
بانگەوازی کرد
ئەمە بەردەوامی و وجاغی بنەماڵەکەمانە
کە یەکەم ددانم لە دەم ڕوا
بردمیانە نزیك ئاوێك
شیرینییان بەپرچمەوە گرێ دا
بۆ ئەوەی لەگەڵ ددان ڕوانمدا
سەرم نەیەتە ژان و بەخت بەڕوومدا بکرێتەوە
شیرینییان لە پرچم کردەوە
هاوێشتییانە دەریا
گوتیان ئاو بیتوێنێتەوە
تەمەنی لەگەڵ تەمەنی ئاو ڕەنگاوڕەنگ دەبێت
دەریا لێی دەپرسێت

منداڵیی چییه
ئاو دەڵێ نیوەی لەشی منه
زەوی دەبێتە مەیدانی ڕاو و خۆ تاقیکردنەوە بۆی
ئاسمانی ڕووتیش دەڵێت
ئەستێرە
مانگ
هەور
گەواڵە
باران
بەفر
پەلکەزێڕینە
بەبڕیارەکانی ئەو پێستیان دەبریسکێتەوە
کەشتییەك لە ناوەڕاستی دەریا
مانگ گەمارۆی داوە
برای شیریی و پشتگیریمە
لەناو ڕووناکییەکە جێگای پشوودانە
گەمارۆ دەشکێنم
جیاوازی نێوان من و مانگ ئەوەیە
ئەو کەمتر لە من ڕادەمێنێت
تابلۆ و پەڵەکانی دیواری ژوورەکەشم
وەك سەرکردەی سوپایەکی پەرێشان
گوێڕایەڵی ئەو ئامۆژگارییانەم کە دەڵێت
لە باخچەیەکدا کە تیشکی چاوی خودا
هێز دەداتە دەرکەوتنی
کتێبێك کە دێڕە سەرەکییەکانی هەرگیز دیارنین

دەکەوێتە کۆشت
بەشانازی و نازەوە
دەستەکانی کردوومن بەدەرگای خەزێنە
بەترپەی دڵ دەکرێتەوە و دادەخرێت
بیرخەرەوە ورووژێنەرەکانی منداڵێکی بەدەمودوو بوون
پرچی لووسی ڕژابووە سەر دەموچاوی
ڕستەی دەریا خۆماڵین
دەتوانێ نامەی پێ بنووسی
پۆستەچی بیگەیەنێت بەمۆزەخانەی شاری خانەدان
ئاو ژوورێکی بچکۆڵەی بۆنخۆش بوو
ماسی گەشتی بلیمەتی خۆی لەناو تەواو کرد
شڵپ و هۆڕی دا و سەرکەوت
ڕاوچیش نامەی پێیە
کەس لێی وەرناگرێت
ماسی خەریکی خواردنی دەم قولابە
منیش لە خەونێکی خەملێو بەجوانی
بەرەو مەستبوونم
پەری بانگیان کردم
شەڕی ئەم جوانییە ببینە
ئەگەر حیکمەتێکی هەیە پێت ڕابسپێرێت
بەرفەرمانی بیت
بڕوام بەچاوی خۆم نەکرد
تەواو ئەو جوانییانەی بینیبێت
کووپەیەکم لێوڕێژ لە شەونم دانا
پڕ بەزەویش هەڵاتم

قسەکردن و نەکردن هەر هەمووی گومانن
بڕوا بە چی بهێنم
هەڵبەتە حەزم لە ژیانێکە
توانا و پاکی وەك خونچە دەمی تێدا بکاتەوە
لەناو تەمێکی تێکەڵ بەترس دەیدرکێنم
دەریا ماسوولکەکانی سست بووە
ئێسکەکانیشی نەرم
سووڕی گەشەسەندنی لێ سەندراوەتەوە
دەریا لە تەقینەوەی هێزی سروشت
چووە ناو ئاهەنگی نەبەردی
بڕوام بەنەبەردی هێنا
سوپاس بۆ ڕەنگی قاوەیی
خەونی دەریایەکی شینی بینیوە
شەپۆلەکانی خافڵ بن
نوێژ بۆ هاتنی بەختیاریی دەکەم
بەختیارییەکی پاراو بمباتە گەشت
میوەی ڕژاو بکاتە بواری پەڕینەوە لە لافاو
بەشێکی خودم بەردی سیزیفی کردە تۆپی سەبەتە
بەشەکەی دیکە پرسی
هونەرە جوانەکانی سارێژبوونی برین لە کوێوە دێت
تەڕی دەنووکی قاز و مراوی برینەکانی پاك دەکاتەوە
ئارەزووی ڕێکخستنی باخچە وای لێ کردم
ڕوو لە تکا وێرد بکەم
منداڵیەتیم کەشتییەوانی بووایە
ماسی پێشبڕکێی لەگەڵ سەوڵ وەشاندنی من

بدۆڕاندبووایە
بیریش لەو گیاندارانە بکەمەوە
لەگەڵ یەکەم نمە بارانی پایزان
گیانیان دەبێتە دڵۆپە ئاوێك و دەڕژێتە زەوی
زەوی تەواو گیانی پڕشنگدار کردم
چرایەکی کەم ڕووناك
ستایشی ئاشتی و خزمەتگوزاری باخچەی کرد
پەپوولە لەناو گوڵە پێست سوورەکان یەکتریان ڕاو دەنا
مێینە نازیان دەنواند
نێرینەش هێز
ئەو هەموو ناز و هێزەی ئاماژەمان بۆ کرد
پێویستە ببێ بوو
ئەلبوومی نهێنییە هاوبەشەکانم
لەناو کیفە نایلۆنەکەیدا دەرهێنا
لە وێنەکەت تەماشای دەریات دەکرد
گێژەن چۆن باجگری کەنارەکانی ڕادەکێشایە ناو بێبەزەیی خۆی
ماسییەکانیش دەمامکیان دەکردەوە و دەیانگوت
ئەوەی گێژەن دەیڵێت
حیکمەتی ئاوە بۆ ئێمەی سڕبووی ناوی
دەریای چاونز ڕازی دەبێت بپەڕمەوە
لەم دیوتدا ئالآیەك چاوەڕوانی بشکێنێت
ببمە برادەری ماسی فرۆشەکان
ئەو ماسی فرۆشەی بالیفی خۆی پەڕە کردەوە
گیانی لە قۆچی گایەکی گۆشتن ڕواند
دەریاوان دەموچاوی بەخوناوی ئەو گیایە ڕسکا

چاوی داخست

چووە ناو ئاماژەکانی قوربانی و بێ پەروایی

بیابان بەلێوی گەشاوەیەوە بەبن پێڵووی داهات

داوای لێ کرد دەتوانم خۆمت پێ بناسێنم

بۆ ئەوەی فێری هونەری سەدەکانی دێرین بم

وردە وردە بۆی دەدوێت

ڕەنگ تێکەڵ دەبن

زەبر و زەنگ

هەرا و زەنا

فریا و هۆگری

مژدە و زایەڵە

هەمووی دەگۆڕێن

هاموشۆ لە زەوی کۆتایی پێ دێت

تەختی نوستن

ئەلبوومی وێنەی ڕەش و سپی

ڕادیۆی پاتری کز

پێشبڕکێی ناوچەوان تۆمارکردن

پەیوەندی وەرزەکان

پرسەنامەی ڕۆژنامە

ساڵنامەی بەشێك یادگاری لەسەر نووسراو

چەتری ناو دەستی قوتابییەکیی ڕێگای قوتابخانە

بۆیە و فڵچەی فڕێدراوی ژێر قەرەوێڵە

دەفتەری نیوە نووسراوی یاداشت

کورسی بەتاڵی باڵکۆن

بەخێر بمێنن

ساڵێکە سەرومڕ
باجگرەکان چاوانیان بووەتە گەچی مردوو
باران ڕێگا و ئاراستەی داباریینی لێ ون بووە
زەویش دەستی بەستراوەتەوە
ئاماژەی بانگکردنی بۆ ناکرێت
دەریا سکاڵای پێشکێش بەدەریا پارێز کرد
باجگرەکان خانەکانی ویژدانیان بەکرێ داوە
سزاش نەدران
منداڵێك دەنگوباس دەخوێنێتەوە
سەردێڕی هەواڵەکان لەبارەی ئەو خوداوەندەیە ئاراستەی گەرداوی گۆڕی
ئێوە بڕۆنە ئەو بەری
لە چاوەڕوانیتان هەنارێك فڕێدەدەمە ناو ئاو
سروودیش بۆ منداڵان دەکەمە یاد و قوڵپی کانییەکی مات
کەشتییەوانێك ڕێنمایی باجگرەکان دەکات
چاوی چۆلەکە پشتی بۆ دێنێتە بەر بینین
ناتوانین ئاڵا لە چەقی سەری هەڵدەین
ئەوەی ڕوواوڕووش بێت دەبێتە پرسیارکەر
ئەرێ برادەر
چی هەیە
چی نییە
ئەی شینایی دەنگ و بێدەنگی
ماسی بارمتەی ئاوە
متمانەی دەریای لە دەستدا
بەیانی تەمبەڵ و خەواڵوو دوودڵی کردوومە
ژیانیش هێندە بەگرینگ نازانم

پیر بوومە

ئێسکەکانیشم نەرم

ئاسکێکی گۆشتن شاخەکانی لکوپۆپیان داوە

بێ یارمەتی وەرگرتن

بەدڵبەرزییەوە دێت

سەر دەنێت بەسەری ئەسپی گەشت و ڕاوم

نوێژی ناوەخت و کاروانکردنی بێ سەرا و ئەشق

تەواو ئەهریمەنن

دەرۆزەکەرێك لەسەر شۆستە

پووش و پەڵاش و پارچە ڕۆژنامەی فڕێدراو گەمارۆی سەریان داوە

ڕەنگە خەون ببینێت

لە خەونەکەیدا لە نزیك یەکێك لە دەریاکان

دەرگای ماڵ و خانوویەکی سێ نهۆمی دەکاتەوە

لە پەنجەرەکانی درەخت هاتوونەتە ژوورێ

پەردە دانادرێتەوە

بیر لەوە دەکاتەوە

ئایا لەبارەی ئەو شتانە دەزانێت

کە پێشتر هی دەریا بوون

زەوی لەناو لێفە و دۆشەکی شینی خودا نوستووە

ئەی یاڵی ئەسپی چالاك

بەئارامیی پێغەمبەرێك بڕوام بەتۆ هێنا

کوا ئارامییەك بۆ منی هۆی لێدانی دڵی زەوی

گەرمایی بەهار ڕۆژی خۆش کردووینە ڕۆژێکی هێمنە بۆ یاری

یادی هەموو بیرەوەرییەکانی تێدا دەکرێتەوە

بەڵام تیپی بەرانبەر نەهاتوون

نزیك یاریگە
دەریایەکی خاووخلیچك
چەتری خستە کەنارەکانی
دەریاوانێك کە ماڵی لەناو دراوسێیان نییە
شێوەیەك بۆ خۆی وەردەگرێت
شەپقەیەکی لە پێست دروستکراو
سێبەری بۆ چاوی کردووە
ڕەنگەکانی خۆر ئاوابوون
دەیباتە بەر ئاوێنەی ئاڵۆزی دەریا
کەس بۆی ناکرێت
گفتوگۆی لەگەڵ دەریا یەکلا بکاتەوە
پیتەکانی شێوەی بۆ خۆی وەرنەگرتووە
هێمنی و هەڵەشەیی ئاو
دوورگەی لا کەوتە
لەنگەری کەشتی
پردی پڕ
تۆڕی گران
ڕێزمانی ئەم زمانەن
هەموو شتێك
بەسڵاو و ڕۆژباشیشەوە
ئامادەن بۆ قسەکردنێکی تەواو

## کۆڵانەکانی زەوی

کۆڵانەکانی زەوی کێ پێیدا دێت
زەوی بەهاری گەشبینی کرد بەکتێبێکی کراوە
منداڵێك تێیدا بەقسە هات

## کۆڵانەکانی ئاسمان

کۆڵانەکانی ئاسمان کێ پێیدا دێت
ئاسمان ئەفسانە ئاشناکانی کرد بە کتێبێکی داخراو
ژەنەڕاڵێك بۆ ڕاهێنانی لەشکرەکەی کردییەوە

## کۆڵانەکانی ئاو

کۆڵانەکانی ئاو کێ پێیدا دێت و دەڕوات
ئاو بێ یارمەتی وەرگرتن لەناو زگی زەوی وەرزش بە ماسوولکەکانی دەکات
شمشێری بەخوێن گەرمە و بەدڵبەرزییەوە سڵاو وەرناگرێتەوە

**١٩٩٥ - ١٩٩٦ هەولێر**

# خەونی خودایی

## خەونی سروشت

گیان لەناو قەفەس
بەهەموو شێوەیەك ستایشی مانەوە دەكات
ستایش لەناو قەفەس چی دەگەیەنێ
ئەگەر مانایەكی نەگەیاند
زەمینییەكان گیانیان بچووك دەبێتەوە
لە بچووكبوونەوەیاندا تووشی هیچ گرفتێك دەبن
ئەی ئەگەر گەیاندی
پڵینگەكان دارستان بۆ خێزانە كەمئەندامەكان جێدەهێڵن
لەناویدا ترمسەكەیان پڕ ئاوی سارد بكەن
بێ باك بەشكۆمەندییەوە بیر لە خولیایان بكەنەوە
دوای ئەم چەنەبازییە سەغڵەتكەرە
پێمان ناڵێی ژیان دەیەوێ چی بەمردن بڵێت
مشتومڕ و گەفی ناقۆڵای مردن خاوبووەوە
پیاسەی نابەدڵیش تەواو
ئەی ژیان دەبێ تۆ چی بیت

لەم نەگوتنە ڕابردوویەکی بەهێز
بەباڵندە کۆچەرییە تادارەکانی ڕاگەیاند
لە کۆچ پەشیمان ببنەوە
سەمفۆنیایەکی دەوڵەمەند بەخەیاڵی هاتوچوون
شاری مەستیتانە
چاوە تادارەکان بکرێنەوە
دەڵێن چ شوێنێکی دڵگیرە
هێمنی تێدا فەرمانڕەوایە
لەم ئاسوودەییەی لێوانلێو لە پەیمان
تا چاویان بەردەدا
دەچنە خەونی ئەوانەی بیریان دەکەن
گەشتیان لەناو ئەو دارستانەی بەپڵینگەکانیان جێهێشت
تەنیا دەبێت و گۆشەگیریان مەستتر
تەختە ڕەشێك
لەلاپەڕەی مۆزەخانەیەکی زمانپاراودا
کەس بەلایەوە ناچێت
لە بەشێکی بەختێك کە چاو پشووی تێدا دەدات نووسراوە
دۆ
ڕێ
می
فا
سۆ
لا
سی
لە بەشەکەی تر
فەرموودەی دڵگەشێك ئاگادارت دەکاتەوە

کەس خەون بۆ کەس نابینێت
کەی دەبینە هاووڵاتی دارستانێکی سەرنجڕاکێش
ئەمە خەونی بولبولێك بوو
ڕێی پێ دام لە بری ئەو ببینم
شیر یان شەهێن
شمشێر یان شەونم
شمشاڵ یان شەڕانگێز
شەراب یان شەرم
شازادە یان شکست
دەمانکات بەخاوەنی
چ شەڕ و گێژەن و چەپڵەی ساردوسڕی ناو هۆڵ
بۆنەکان تەواو بوون
چوونە سەنگەر
لە گۆڕنان
چلەی ماتەمینی
ساڵیادی کۆچ
جوانی و سۆز و بیرەوەرییان تێدا نەما
وەك منداڵێکی دەمهەراش زمان دەردەهێنێت
ئەی ناولێنەری هەموو شتەکان
بێ ئەوەی سکاڵایان لێ بکەی
بەهاری ئەمساڵ دواخە
باران هێشتان ئەزموونی تەواوی خۆی بۆ زەوی نەدرکاندووە
ڕەگەکان بەئاسانی دەتوانن
فێڵ و چەنەبازی لەگەڵ بکەن
کوژراوەکان فەرمانیان دا
پاش کەمێکی تر کتێبەکانی قوربانیی

لە تاقیگەیەکدا تاقی بکرێنەوە
نووسەرەکانیان نیازیان وایە
لەو نهێنییە دڵنیامان کەن
قوربانییەکان لە باوەشی بۆسە سەرمایان بووە
لە ئامێزی ژنان گەرمیان نابێتەوە
ببوورن بۆ نەوێراون
ڕستەکانی ئەم لاپەڕەیە
مەست و دلێر بکەن
چەشنی ئاوێك لەبەر هەتاو گەرم بووبێت
کۆتر نەتوانێ بیخواتەوە
ئەفسانە بێ ماناکانی بۆسە
بوون بەمانا بۆ باڵندە گۆشتخۆرەکان
باخچەوانێکی پیر بوو بەگۆرانی خەڵوەت
بەتەنیشتمان تێپەڕی
کتێبەکانی لەناو کەپرە دارینەکەی کردە منداڵێك
بەدەوریدا پێیەکانی توند بوون
بەختەوەری کلیلە لەناو قوفڵی دەرگاکەیدا
هەواڵ یان هاژە
هەتاو یان هەڵقوڵان
هەوار یان هاڵاو
هەنگوین یان هاوار
هەڵۆ یان هیوا
دەبێتە خاوەنی
باخچەوان ئەکتەری شانۆیەکە نمایش ناکرێت
وێنەکێشێك چوو لە نزیك کەپرەکەدا
یاری قەرەجانەی کرد و بە ستوونەکەی گوت

ئەی بلیمەتی گەورە
کەی شانۆگەری باخچەوان نمایش دەکرێت
لك و گەڵاکان لەناو هۆڵ دەنگە دەنگی سەغڵەتکەربن
مۆسیقاژەنی چارەنووس ڕوون
بەرانبەر ئینجانەی پڕ گوڵی ڕووخۆش بۆ ماوەیەك دەتاسێت
دەموچاوی پێمان دەڵێ چاوەڕوان بن
دوای تاوێك بەشڵەژاوی دێتە قسە
وا دەزانێت پاڵەوانی دارستان هاتووەتە لای
ئاگری بۆ کردووەتەوە
گەرمایی گەیشتە باڵی باڵندەکانی
شێوە و ڕەوشتیان دەچێتەوە سەر ڕەچەڵەکە گوپنەکانیان
شەمشەمەکوێرەی هەمیشە گوان هەڵخەڵەتێنەریش
بەئەستێرەی هۆشمەند و هێزی گوت
ئەی خاوەنی هەموو زەوی
ئەگەر برادەرایەتیم قبووڵ بکەی
دڵخۆشی کەروێشکە گۆشتنەکانت بۆ دەهێنم
لەخۆبردووی پڕ نهێنی
ئەو کەسە کێیە نهێنییەکانی پێدەڵێیت
لەناو هێڵی تەلەفۆن چاوە گەورەکانتم بینی
دەلیلی بەدالەش ماڵەکەتی پێشان دام
بە هەستیش زانیاری تەواوم لە بارەتەوە زانی
ماڵت
هەور ڕەنگ دەداتە گڵۆپەکانی
باران مێز و قەنەفەکانی دەسڕێتەوە
دایك
ئەو دایکەی هەمووومان بەتاسەوەین

سبەینەیەك بەرچاییمان بۆ بکات
قاپ و کووپی چات دەشوا
ئەی ناولێنەری هەموو شتەکان
بێ ئەوەی سکاڵایان لێ بکەی
بەهاری ئەمساڵ دوا مەخە
باران ئەزموونی تەواوی خۆی بۆ زەوی درکاندووە
ڕەگەکان بەئاسانی ناتوانن فێڵ و چەنەبازی لەگەڵدا بکەن
ئیسرافیل
عزرائیل
میکائیل
جوبرائیل
لە شەوی بەرات هاتنە لام
لەگەڵمدا نانیان خوارد
دواتر ددانیان شووشت
لە ماڵئاواییدا ئەم سرووشەیان جێهێشت
دوو ماسی لەناو ئاودا گیانی بەگیانی بوون
قسەیان لە قسەی یەك نەدەکرد
بەیەکەوە دەچوونە سەردانی خزمەکانیان و سەیرانیان دەکرد
شەپۆل فڕێیدانە کەنار
ترسی مردن وای کرد قسە لە قسەی یەك بکەن
ڕابردوویانیش تاوانبارکەن
ڕاوچی تەرمیانی لەسەر سەبەتەیەك دانا
ژنێ ڕۆبێکی لیمۆیی لەبەردا بوو
تەرمەکانی خستنە زەمبیلەیەك
فڕنی تەباخەکەیانی گەرم کرد
مێردەکەشی لەسەر ئەسکەمیلێکی قۆڵدار گوێی دابووە گۆرانی

بیری لەوە دەکردەوە پاراستنی خوێنی ڕەچەڵەکی دەیکات بە چی
منداڵەکانی بەدەورییەوە دانیشتبوون
مەتەڵی بۆ هەڵدەهێنان
باوکایەتیشی بۆ دەکردنە حیکمەت و پەند
لێرە هەمووومان لە جەنگ گەڕاوینەتەوە
بۆ ئەوێی پشوودان
ئەوێ
پانتایی ئەو جەنگەی بەپڵینگەکانیان جێهێشت
بەڕەزامەندی بچۆرە ناوی
بەختێك بدە بەپاشماوەکان
تێر سۆز و پێکەنین بن
سۆز و پێکەنین
هێلکەی ترسناکی ناو حەکایەتەکانیان بۆ دەشکێنێت
ڕەشنووسی فاڵچییەکانیش پاکنووس دەکات
گشت بوون لە جانتات هەڵگرە
بەتەواوی ئارەزووەوە بەئومێدیانکە
بەرەو شوێنێك یەکەمین تاوانی تێدا سڕاوەتەوە
ئەی پەنجەرە کە چاوی خانووەکانی
یارمەتیم بدە تا مردووەکانم بنێژم
داوای لێبووردنیش لەو برادەرە دەکەم
لە گۆڕستان چاوەڕوانمە مردووەکەی لەگەڵ بدەمەوە خاك
ناوەرۆکی بێ بڕوای مردن وای کردووە
ئاو ڕەنگاوڕەنگ و
ئاگر ڕەنگاوڕەنگ و
ئاسمان ڕەنگاوڕەنگ و
زەوی ڕەنگاوڕەنگ و

جەستە ڕەنگاوڕەنگ و
گیان ڕەنگاوڕەنگ و
ئاهەنگ ڕەنگاوڕەنگ و
شیوەن ڕەنگاوڕەنگ
ببینم و بێن پێڵووی ماندووم بەپەنجەی کۆرپەییبان بشێلن
هەستیش بەگەرمایی خوێنیان نەکەم
سەیرە پەنجەی منداڵ گەرمایی تێدا مردبێت
ئەفسانە بەدبەختی کردوون
ژمارە بێشومارەکان بەیانییەك دوای
دەموچاو شووشتن
بەهەڵچوونەوە داوام کرد
ئارەزووم لە مورەبای گوڵە بادەم و گوزەرانی ساکارانەیە
ژیان سندووقێکی دارینە
چامەیەکی ڕاستەقینە جامخانەیەتی
خێرا بیکەرەوە
دەفتەری یاداشتی لەناو دەربهێنە
مردن خانووی پڕ ناوماڵ و وچانی ئەم ڕاستەقینەیەیە
کە تۆ وریاییت لێی نەبوو
ئەی دانیشتووی ئەو شوێنانەی
لەوێ شتەکان کۆتاییبان پێ دێ
زەوی زەردەخەنە گرتی
منیش برادەرایەتی گیانی بەگیانی ڕێگای شوێنێکم قبووڵە
هێشتان بەلووعەکانی دەموچاوی لەبەر نەشۆراون
ئامۆژگاری برادەرێکی گیانی بەگیانی غەفڵەت کوژکراوم یادی خستمەوە
بەگومانەوە بچمە ناو سەرەتاکان
سەرەتاکان هەمیشە گومانن

## خەونی زیندووان

کوێری دەمپاک

بە دووعا بەرزکردنەوە و وزەی ئەفسانەیی

پێڵووی دەکرێنەوە و بەخۆشحاڵی دەگات

لەناو نەوا و ئاواز و دەنگی ئەو هەقیقەتە گەواهییە

هەوا لە گردی قالینج ئاغا بپاڵێورێ

لەقلەق چالاك دەفڕێت و خۆ هەڵدەخات

باڵ کە مەحکوومە بەگەنجینە پاراستن

دەستەسڕی ڕووناکی دەچنێ

تەرمی گۆرانیبێژانی لە گۆرانی گوتن مەردەمەرگ بوو

شەقامی شاریان کردووە بەقومری نوستوو

بەتەرمی فلووتژەنانیش

دوژمن و دۆست لە دوورەوە دیاردەخات
چاوی ئاژەڵی دڕندە و مەمکی مردوو
 دواکەوتنی پۆستەی دەریایی ڕێکخەری پەلامارێکن
مۆڕەیان لە چراهەڵگر کرد
ئەمیش بەپەلە جانتای کۆچی سەرگەردانی زنجیردا
هەر لەبەردەرگا دەستی ماڵئاوایی و ڕێزی
بەسنگەوە گرت و سڵاوی ستایشی وەرگرتەوە
بانگی هەڵدا ئەم کۆچە کوشتنێکی دواخراوە
نەوەستا تا چاویلکە لە چاو بکەم
بەنەرمە غارێك بیری بهێنمەوە
هێشتان بێچووە ئاسك لەبەر بارانن نەگەیشتوونەتەوە
حەوشەوبانی بەنەخش و نیگار بۆندار بکەن
نێوانمان ئاوێکە ئاگری هەموو ڕۆژێی تێدا دەکوژێتەوە
کورسییەکی بێ پشتی نەرم بەکەوڵی بەرخ
لە بەشی شکۆ و شانازی بۆ فەرمانڕەوا خۆش کراوە
لەسەر کورسی بێ پشت بیر بکاتەوە
کەڵکەڵەی چی لێی دەدا
خوێندنی کوندەبۆ یان دەنگی شادبینی فلووت
پەڵەی نەدەویست
بەو شێوەی سواری پەیتوون بووین
تاوسمان لەسەر دەستمان ڕاگرت
بەهەمان شێوەش سبەینان ئاوی گەرم بەدەموچاومان دادەکەین
ڕووخۆشییەکانی شەتڵی برنج و پەڕەمووچی پەرییان گێڕایانەوە
ڕاما و سەیری چاکەکاری کرد
شکۆی دا بەبرادەریی

هۆ برادەرەکەم چرا هەڵگری کەمدوو
بەدەنگی ئێمە تارمایی دەبێتە خوداوەند
سێدارە لە مەیدانەکان لادەدا
بەقوربانییانیش دەڵێ تاجتان دەدرەوشێتەوە
پەلکی چنار کەوتووەتە سەر دەست و پەنجەی فلووتژەن
سەمای شمشێرە فەرموون
شازادە وەفای هۆگری ڕێگا میهرەبانەکان کردووە
شای بێ تاج بەو ڕێگایەوە کە نایگەیەنێ
لە ئاهەنگی خەڵات دابەشکردن
لە ژوورێکی دڵکوێر تێدەکۆشێت
ڕاز لە پەنجەرەکانی مردوون
بنمیچیش لە بیانووە سێبەری لەسەر لابدات
ڕۆژ
هەفتە
مانگ
ساڵ
کەلوپەلی باخچەی ساوایانن
چاودێری هێلکەترووکان و کاڵبوونەوەی جلوبەرگی بەهار
تەباشیری ڕەنگاوڕەنگی کرد بە تەختەڕەشێك لە بەرەکانی شەڕ
بۆ وێنەکردنی درەختی بەردار
تەختەڕەشێکیش لە ئاهەنگەکانی ئاشتی
بۆ قوڵپی سەرچاوە
دیواربەندی جوانیش
لە چەتری پاسەکانی ناو شار
بۆ بیرکردنەوەی نێوانمان

ڕەنگ دەوڵەمەندن بە ناوداری

ڕۆژ

هەفتە

مانگ

ساڵ

هەمووی دووبارەکردنەوەی یەك ڕووداون

ئێمە دەزانین باپیرەکانمان لە پێناو چیدا جەنگان

بەڵام نازانین خۆمان لە پێناو چیدا دەجەنگین

لەبەرچاوانیشمان

لەقلەق خۆراکی بێچووەکانی بردە ناو دەنووکیان

چەند قسەیەکی بێ مەبەستم کرد

ئەندێشەم ماندوو بوو

بەردەوام لە لێکدانەوەی ئەوەم

قسەی بێ مەبەست چییە

شاری پاکزادی تاهەتایەی لە گرفت نقووم

بینینی نەجۆشا

بانگەوازەکانی هەر هەمووی هیچ

سڵاو ئەی لە پشووکەوتوو

مۆزەخانە بەدڵخۆشییەکی زۆرەوە

دەرزی لە ئێسك دروستکراوی دایە دەستم

فەرمووی کرد وەرە ناوم

ناودارمکە و کراسێك بدرووە

هەموو شتێکت لەبارەی خۆم پێ دەڵێم

پیاوی هەڵبزرکاویش

شتەکانی زەمینی پڕ ژیان بەهێزی چاو دەخوات و دەڕسکێنێت

گیاش بواری گەشەکردنی لێ وەردەگرێ
خۆبەختکەری هەموو شوێنەکانیش دێنە لای
دیوانی ڕەش و سپی ئادەمیزادە
هیچیش لەبیر ناکات
ماڵم هەڵکەوتی بەرزاییەکانی سرووشە
سەرڕێژە لەو درەختانەی بەروبووم و ئەزموون بەسروشت دەدەن
چراهەڵگر لە پیاسەی زۆر درەوشاوەی
قاچێکی شەپکە بوو
نەیدەتوانی سواری ئەسپ ببێت
بەردەوام نزا بۆ ئەسپ دەبا
ئەی سۆزی هەمیشەیی و فرمێسکی نەمریی ژیان پیرۆزکە
ڕاو هێمنییەکی جوانە
گەرمی قیرِی شەقام پێ داخ ناکات
گۆڕەپانی وەك دەموچاوی چراهەڵگر ڕووناك و ئارامە
خوداوەند تێیدا خەریکی باڵی خەرتەل خۆشکردنە بۆ نەی
بەلەمی ماسیگرانیش ئامادەیە
ئەی کوا
دەگەی بەکوێ
نەخشی کراسی ڕاوکەر
لە ئاسمانی بەئەستێرە وەرگیراوە
سەروەریی دەستی پێ کرد
ئاویش بەتینوویێتی دەڵێ گەورەم
بۆنی بخوور بووەتە سەرداری بەهار و نێرگس
لە شەرمان ڕوومەتی پلی دەدا
تاقتاقکەری سەر درەختیش تەپڵی بۆ ورچ لێدەدا

به گاڵتەجاڕییەك کە هی دڵی بوو
دووبارەی دەکردەوە
ڕێگاکان چراهەڵگریان جارس و ماندوو کردووە
قاچی شەپکە شووشتن و پۆدرەی ناوێ
دەتوانێ ببێتە هاودەمی کورسی گەڕۆك
مانگەشەو بێ ئەندازە کانی و حەوز نازفرۆش دەکات
دەچێتە بەری لە چاوەڕوانی دەمێنێتەوە
چۆن جوانی دابەش دەکرێت
قامیشی شەکر کەی پێدەگا
کدوولیفکە چۆن دەستی کیژی پارچەڵە دەلاوێنێتەوە
نەیژەن چ کاتێك باڵی خەرتەل کون دەکات
شەقام بۆ قبووڵیەتی بێ خەیاڵەکان ببنە بار بەسەریەوە
چراهەڵگر کوڕێکی جێماوی ئاسمانەکانە
زەوی وەری گرت
توانی لە ترۆپکی چیای هەست ببێتە بەشێك لە ڕۆشنایی
ڕەچەڵەکی بێنەوە ناوی
لەقلەقێك ئاشتیی دەروونی خۆی لە ڕووبەری دەمی بوڕکان تۆمار کردووە
تا سنووری کەس لەبیری کەس نییە
بڕوا بەحیکمەتەکانی بەهار بکە و چی دەبێت با ببێت
یەکەم ئارەزوو
دایك
باوك
خوشك
برا
برادەر

نیشتیمان

سروشت

گیانداری ماڵی

تۆڕی چاو

بەهرە لە باڵندەی گەشبین

فریونەخواردن لە ئەژدیهاکوژی گەندەخۆر

وتوویێژی بۆنخۆشی بیرەوەری

ئەو خێزانەی بەمردن کەم ناکات

خەیاڵی پاگژ وەك ئاسمانی ساماڵی ناو ڕەز کە میوە پێدەگات

ئەمانە هەر هەموویان و درەختە بەردارەکانی باخچەی خودا پارێزگاریت دەکەن

خودا جوانیی و ویژدانی ئاسوودەییە

بەقووڵی بەژیان دەڵێ بەڵێ

ئەرێ هۆ ژیان کێن لەلات

هیچ ناسیاوی منی لێیە

بێمە لات یان لەسەر حەوز و ئاوی

بووك گواستنەوەی قاز و قورینگان ڕێکەوتم دەکەی

تەماشای ئەلبوومی پاڵەوانەکان بکەین

ناسیاوم منداڵەکانیان دەبنە پیاوی نەبەرد و ڕازنامەی

بیرکردنەوە و بێباکی سیمرخی ون

خواردن بەڕۆنی مامز دەخۆن

قاوەی بەهێل کوتراو مێوان بەخێرهاتن دەکات

گەڕەکەکانی ئاگر هێز بەهانایانەوە دێت

ئاگر بانگ هەڵدەدا

ئەی خەڵکینە زەمبیلەیەك میوەم پێیە

بۆ دابەشکردنی چەند بیانووم پێویستە

لە سووڕی سروشتی پێگەیشتنمان گەیشتین
ئەو ئاراستەیەی هەڵەی بەلەمەکانمان دەسڕێتەوە
تێکەڵمان دەکات و وزەیەکی ئەفسانەییمان دەداتێ
ڕێکەوتی ئەژدیهاکوژی گەندەخۆرم کرد
چاوانی لەناو دەموچاوە باینجانییە پڕ گۆشتەکەی شاڵاویان دێنا
دەمیشی لەژێر لووتییەوە وەکو هاشەی ترسناکی لافاو لە گوێی کیسەڵی خانومان
کە هێلکەی لە کەنارە نزیکەکان دانابێت
بانگ هەڵدەدات نووسراوەکان هەموو لەناو دەبەم
قەڵەم بۆ ئەهریمەن
ئەی مەلەوانی گەمژە
لافاو ڕووی زەوی سپی هەڵگەڕاندووە
ڕەنگی مردنی داوەتێ
بێڵی ئاژووشتنی بەلەمت بەبووکەشووشەی منداڵان دەکەوێ
بووکەشووشەی سزادراو دەمەوێ بێدەنگییت بدوێنم
ئەرێ چراهەڵگر دەیویست چی بڵێ
هێشتان هیچم نەبیستووە
پەیوەندییە یەکگرتووەکانی نێوان زەوی و ئاو
بەسووکی پەپوولەپایزە بەرەو هەوا بەرزبوونەوە
ئەو تارماییەی بوو بەخوداوەند
بەخت بەدەرگا تەختەییەکان هەڵدەواسێ
بانگ هەڵدەدات
بەسووکی باڵی ئەو لەقلەقە ڕاکەن
ئاشتی دەروونی خۆی لە ڕووبەری دەمی بوڕکان تۆمار کردووە
وەك خۆڵەمێشی تەرمێکی بێ وەچە
بەسەر ئەو ئاوە مایەوە

بوار دەدات بۆ پەڕینەوە
پرچی درێژی ئاو گرانی کردبوو
نەیدەهێشت با داوداوی بکات
تا منداڵێك بۆ دەزووی کۆلارەی حەزی بچێ
منداڵ کۆلارەی لە ئاسمان بێت
چی داوە لە ڕوونبوونەوەی باڵکۆن
ئاگرم بۆ کردەوە و گەنمەشامی برژاند
گەرمایی درۆی لەگەڵ نەکرد
گەرداو دەنگی هەڵخەڵەتێنەری بۆ بەردی خز و چرووکی ناو ئاو داوە
مۆسیقا کراسی زەمینە
دڵکرمێ کراسی دەخوات
بەفریش کەللەی منارەی خانەقای دەمامکدار کردووە
لەقلەق بەسەری نەدەمایەوە
ئەو لەقلەقەی ئاشتی دەروونی خۆی لە ڕووبەری دەمی بوڕکان تۆمار کردووە
خووی داوەتە بەفرە خلیسکێن
زەویش چەشنی ژنێکی هەوەسگەرم
لەبەر باران چاوی خومار ببوون
ئەو شەقامەی دەرمانخانەی ئێشکگری شاری دەکەوێتە ناو
شەوی لەناو ڕووناکیدا حەساوەتەوە و مردنیشی لێیە
ئەم شارە هێندە سەرساردە
هەوا لێی ترساوە و بەنارێکی پەخش دەبێت
هێندەش بە بۆسە و گرد و گرێیە
هەوای یەکپارچە هاوارە و فڕینی تێدا سستە
لەسەرساردی و بۆسەی
سروشت ناتوانێت

ڕووەك پەروەردە بكات و كەشیان بناسێ
بەیانییان بەدەم ڕێگای چوونە كار
تەمی ڕۆشن
لە ڕووی ئادەمیزاد
ببێتە ئاونگی مازوو و بۆنی قۆزاخە
لەگەڵ هەتاو تێكگەیشتنیان هەبێت
دەمەو ئێوارە زەوی لە باران دەترسا
بەناو باخچەی سارد و بەتاڵی شار گەڕامەوە
كاتژمێری چاڵمەی دیواری ماڵ
چاوی گەفمان لێ هەڵدێنێت
درەوشانەوە پڕ شۆڕشەكانی كتێبی سوودمەندی
هەركە دیتت تەقەی لێ بكە و بیكوژە
قسەیەكی لەگەڵ پەیڕەوكەرانی واقوڕماوی هەبوو كردی
تارمایی تەندروستی باشە
شەراب بەقامیش دەخواتەوە
دەموچاوی بەقوماشی كەتان پێچاوەتەوە
هێزی لە تیژی چاوی گورگ وەرگرتووە
جادووش لە مێردەزمەی خنكێنەر
ڕستەیەكی تەواو لەسەر بەردێك كە زەوی شانازی پێوە دەكات
دەبێتە جەژنی چاو
مردن لەسەر كەوڵی شێر مانا تەباكانی ژیان
لە پۆلی ڕاهێنانی منداڵیی زەوی لێك دەداتەوە
هەواڵێك زاری بەختمان هەڵدەدا
بەرزاییەكانی كە پێكەوە بەشدارییمان تێیدا كرد
تارمایی لێ بووە خوداوەند

ئەی خوداوەند
فلّچەی ددان شووشتن و جل و پاککردنەوەت ئامادەیە
درەنگانی شەو بکەوە ڕێ
مانگی نیاز باشی بێگەرد بەئاسمانەوە دادەبەزێتە ماڵەکەت
دەفتەری نۆتەی سروودی سەری ساڵ دەبەشێتەوە
فستق و گۆشتی زۆر کوڵاو دەخوات
خەون و سرووشی منداڵی دەگەنە فریای
هەڵەکانی یەکەم ئادەمیزاد دەکاتە تابلۆ
لەگۆشەیەکی دەنووسێت ناسراوی جیهانە
بەیانی دوای ڕۆژباش و گفتوگۆ خۆشکردن
داوا دەکات دار باوی لە حەوشەت بڕوێنێ
لەبارەی نەریتە گشتییەکان و چۆنیەتی گونجاندنی
ئاقیقی مشتووی خەنجەر و ئەنگوستیلە
کۆمەڵێ سەرنج و تێبینیت بۆ یاداشت دەکات
بەتۆوە دڵی دێتە قسە
چرا هەڵگر
ماچی دەستی دایکی بەقوللە و دواپەنا زانی
لەقلەقیش لە ئەفسانە ئاسمانییەکانەوە
نیشتە سەر منارەی خانەقا
باڵەکانی دایە بەر هێزی خۆرەتاو
نهێنییەکانی لەناو سندووقێك بەساکاری سپارد
کە کلیل و قفڵی تەنیا ڕازە
ژووری چاوەڕوانکردن کاتژمێری نوستووە
نەیتوانی تێیدا بمێنێتەوە
لە گۆمێك مەلەی کرد کە دڵی زەوییە

باڵهاوێشتنەکانی یاداشت کرد
سڵاوی ئەم لەدانایی بوو
لە پیتەکانی قالینج ئاغا
کە گەشت لێیەوە بووە ئینجانەیەك بیرەوەری
ناکەسبەچە بە وەڵامیان
شمشێریان لە کاتی ڕووخۆشی دا
تۆڕە کراوەکان دەنگیان بەرز کردەوە
دەرگای ئێمە فەرامۆشییەکی بەخشراو و ژیانێکی تەواوە
چوار خوداوەندی ئەفسوون زادە
دەمپاك
فلووتژەن
لەقلەق
چراهەڵگر
هێمنی دەموچاویان گۆڕی
لە نارەزاییان کەوتەوە
خەون نوێژە نیازی کرد
مژدەی دا
تارمایی بوون بەخوداوەند
ئێمەین لەناو کێڵگەی خێزان دێین و دەچین
بەسرووش و بەهرە دەڵێین جوانی

# خەونی مردووان

نیشتیمان کپ تاجی هێزی سروشتی لەسەر نا
ئەشق جما و ئەسپ و گالیسکەی دا هەموومان
بەخۆی و ڕۆژی درەوشاوەی
خەریکە بڕوا بێنن سپێدە سەرەتای کاروانکردنە
کاروان سووری ژیانە
ژەنەراڵ گوێی لە ئاوازێکی ناسراوی میللی گرت
لە کتێبی مێژووی کۆندا مردووەکانی دۆزییەوە
کارتی فریاکەوتنی بەخشی
زەمبیلەی زێڕی لەسەر خوان دانا
چۆکی نوێژی بۆ یەکەمین قوربانی لە دووگورد خشاند
بینینەوەی خەونی نەمرەکانی کرد
بەسەرەتای ئومێد
چاوەڕوانی خەزێنەی پێغەمبەریشی لە کەس نەکرد
تیپێکی مۆسیقا لە مەشقدایە
گەشتێك لە وچان و بڕوای تەواوی دەستی پێ کردووە
تاخمێ گۆرانیبێژ پەلەیانە

گۆرانییەکانیان بکەن بە قاڵی گوڵگوڵی کورسی ژەنەڕاڵ
دەموچاوی ڕوون و پڕ خوێنی
ئەستێرەی سەر لە ئێوارەیان لێ قبووڵ بکات
بەدڵخۆشییەوە پێدەکەنن
گوێڕایەڵی ئامۆژگارییەکانی داپیرەن
داپیرە پاك و خاوێنەکانی باولیان نهێنی
بانگەوازی یەکەمین کتێبی تێدا پارێزراوە
ئەسپی شۆڕشگێڕ
کار ئاسکی ئازا
نێرگز فرۆشی خەندەدار
ڕەزەوانی بەرهەم ڕسکاو
کە بینییان جاڵجاڵۆکە پەردە و کوڵلەی
لەسەر مینای کاتژمێری مۆزەخانە هەڵداوە
ماتی و واقوڕماوییان ڕەوییەوە
ڕەوینەوەیان کرد بەسەرەتایەك
لەگەڵ یەك بەسادەیی دوان
باوەڕیان پێك هێنا
بەدڵنیاییەوە تێکەڵ ڕمهاوێژەکان بوون
وریاییەکی ئاشکرا
وەك شازادە بەسەر شەقامەکانەوە
درێژە بەگەڕانیان دەدەن
دەبن بەخاوەنی هەموو زەوی
ژەنەڕاڵ ئەی خواناسی فەرامۆشی
کێیە خاوەنی هەموو زەوی
بارانە شاژنی جوانی
ساقۆیەکی لە پێستی ئاژەڵە کێوی لەبەرە

تا ملی بەزریزە داخستووە
خانمە ژن
قسەت مەبەستمە دەموچاوت گرینگ نییە
ئەی دەموچاو سێبووری و نامەی گەیشتوو
پەنجەکان خەوتوون
پەنجەرەش داوا دەکەن بکرێنەوە
تریسکەی دڵخۆش و بۆنخۆشی سەر دەریا
ئەی بەهەشتی ئارەزووکراو
سەر زەمین پڕ باس و هەرایە
گۆرانی پێ نەماوە هاوار نەبێت
شمشاڵی سفر
شمشاڵی جاو
شمشاڵی باغە
شمشاڵی ئێسك
دوازدە مانگی ساڵ
قیغەی قەلەڕەش و سیرەی باز ناناسێت
بەهاری گەمژە
قومرییەکی ون لە هەر لکێکدا نیشتەوە
بەماڵی خۆی نەزانی
چووە نزیك هەر ئاوێك
ئاگاداری کردەوە
بای تێنوویەتیت بمخۆرەوە
پەلوپۆم لەناو نەشۆی
پردی تەختە
پردی ئاسن
پردی چیمەنتۆ

پردی جێگیر
پردی گەڕۆك
پردێك بۆ كرانەوەی كتێب
تا لە سەیرانی خێزانیی بەناو دێڕەكانی بگەڕێنەوە ماڵەكانمان
ماڵەكانی داپیرە پاك و خاوێنەكان تێیدا دەبن بەسەمەرەیی گوڵ
پاشماوەی خواردن بۆ ئەو ئاژەڵە كێوییانە جێ بهێڵین
كە پێستیان دەكەین بە
قەمسەڵە
جانتای قوتابخانە
جانتای بچووكی دەستی كیژەكانمان
كاتێك بەبووك دەچن
جانتای كەلوپەلە تایبەتییەكانی كەسایەتیمان
پەنجەوانە
ئەلبوومی وێنە
جزدانی پارە
كیفی چاویلكە
ژنەكانمان دڵەدووی نەمرین
خوداوەند خۆویستە نایەوێ بمرێت
هاواركردن بۆ خۆشییەكی بەردەوام
خۆشییەكی بەردەوام بۆ تۆ
ئەی تریسكەی دڵخۆش و بۆنخۆشی سەر دەریا
لە مەلەوانی ناو ئاوێكی تیژ
بیر لە ماسی ڕووناكبیر كردنەوە
هێلكەی زیندەوەرەكان بترووكێن
ئاگر نهێنییەكانی خۆی ئاشكرا دەكات
زەوی ماوەیەكە فێری ئەو خووە خراپە بووە

نهێنییەکانی خۆی دەشارێتەوە
هاوخوێن لە نێوان نهێنی ئاشکراکردن و شاردنەوەدا تەواو دەبین
ئاگر و زەوی فریشکی گوڵەکانیان خست
گوڵەکان سەردانی شوێنە فەرامۆشکراوەکان دوابخەن
ئۆهـ خۆت تەفرە نەداوە
گوێت دانەخستووە
بێوەژنێکی دووگیان
پرسیار لەو کۆرپەیە دەکات
کە منداڵدانی پڕ خوێن و جووڵە و یاری کردووە
ستایشی چی دەکەیت
ئەمیش وەڵامی ئەوەی داوایە
داستان چۆن دروست دەبێت
خیانەتە هەستەکانت بشێوێنێ
قسەیەکە کراوە مەرج نییە حیکمەت بێت
دارستانێك پڵینگەك دەنوێنێت
ڕووبارێك ماسییەك دەنوێنێت
ئاسمانێك کۆترێك دەنوێنێت
ڕێگاییێك ڕێبوارێك دەنوێنێت
زەوی ڕزگارکراو لە لافاو
نەیزانی ستایشیان بکات یان سەرنجی پەنجەرە بدات
چەند لاپەڕەیەك یاداشت بخاتە ناو جانتاکەیەوە
درووود بۆ ئەو نیشتیمانەی منداڵی ژەنەڕاڵی پاراست
پاراستنت پڕ شکۆیە
جوامێر زادەیەکی ئەمبەر و ئەوبەر گەڕاوی کەلکێش
لە جێنشینەکی ڕووبەر گچکەی پرسی
سەرکەوتن بۆ کێیە

ئەی حەکایەتخوانی دەموچاوی کەمخوێنی زەوی
کە لە گەرمایی هاوینیش گەرمی نابێتەوە
دەموچاوی پڕ دەنگی ئاسمان
کە لە ئارەزووی وەرزەکان
دەنگەکانی بۆشایی کۆ دەکاتەوە
دەموچاوی بەردەوام لە خەندەی داپیرەی پاك و خاوێن
کە ژیان وەك باڵی باز لە بەردەمی دەکرێتەوە
دەموچاوی بەردەوام لە پەستی باپیرەی پیس و پۆخڵ
کە ژیان وەك باڵی قەلەڕەش لە بەردەمی دادەخرێت
ڕەنگە هێمنەکانی دیمەنی سنووری منداڵییت
وریایان دەکەنەوە ڕیاکار نین
ناڵەی بەهەشتییەك
بەدبین سوورە لە پیلان
بینینی ژەنەڕاڵی شاد و گەشاوە
بەوشیاری لە شەقامی بیرەوەری هەڵکشاوە
قاز و قورینگ و کەڵەکێوی پیاسەی لەگەڵ دەکەن
لەسەر دوگمەی ئۆرگۆنیش دادەنیشن
ئەمی لە دوایی جێماو قەڵەمی دەست و پێی شکا
ژەنەڕاڵ گەڕایەوە سەری
دەستی لەسەر ناوچەوانی هەڵبزڕکاوی دانا
بەبەزەیی و دڵنەرمییەوە پێی گوت
هێز بێنەوە بەر خۆت
تۆش دەتوانی گیا بخۆیت
بەڵام گیایەکی کاتیی
خەیاڵیش کە بڕوات پێی هێنا
دەبێتە کووپەی پڕ ئاوی مراز

کەلکێشی بوێری و توانایی فڕینی داوەتە باڵی باز
دەستەمۆییش توانا و هێزی فڕینی لە باڵی کۆتر کوشتووە
دیکتاتۆر بەئارەزووی خۆی وانە دەداتە گەردەنکەچ
دواتر لە وانەکەیدا بۆ هەمیشەیی دیلی دەکات
خوانی دیل لەسەر ددانی بەراز تەپڵی جەنگە
خەوتنی منداڵانی دیل جەژنی تێدا نییە
ساڵی منداڵانی دیل جەژنی تێدا نییە
قوتابخانەی منداڵانی دیل
یاری تۆپتۆپێنی تێدا نییە
ژووری منداڵانی دیل
دەفتەری وێنەی تێدا نییە
دەشێت مۆسیقازانی سروشتخواز
تارمایی خوداوەندێك بووبێت
پاشان دار لالەنگی لە دەم ئاوان ڕواندبێت
دروود دەبێتە گومان
گومان پەسەندکراوی دڵ نییە
مردن و ژیان
لە مۆسیقازانی سروشتخواز جێگای بووەتەوە
ئەی بۆچی مۆسیقازانی سروشتخواز
لەناو ڕووناکایی چاوی هەڵۆدا نەبێت
هەنگوین و گوڵ خۆی پێشان نادات
ئاسمان شینێکی ڕۆشن و هەتاو خۆشە
گردێك لەناویدا دەستی بەرز کردووەتەوە
هێشتان ڕاسپاردەی ماوە بۆ زەوی
یەکەورێ دەچێتە خەڵوەتی ترسناکی شەترەنج
پلانی سەربازی بەلووتبەرزی دەسەپێنێت

بە ئاماژەیەك
ئامادەی هێرشی کتوپڕیان دەکات
شا
وەزیر
پیادە
فیل
ئەسپ
قەڵا
دەڵێن مەیدانی جەنگ ماندووە
لە ماڵی ئومێدەوە ورشەیەك بۆ پشوودان
باڵندەیەکی زێڕ هێلانەی هێنایە ماڵت
منداڵێکی زێڕ کەرەستەکانی یاری لە ماڵت پاك کردەوە
دایکێکی زێڕ وەك درەخت لەسەر یەك قاچ لە ماڵت وەستاوە
هەورێکی زێڕ سەرمای لە ماڵت کوشتووە
بمبەخشە ئەی شازادەی ئێستا
شتەکان دووبارە دەبنەوە
لەسەر هەموو درەختەکان باڵندە کوژراوە
لە منارەش حاجی لەقلەق
ڕوخساری فریودەری سبەی
لەسەر مێزی ناقۆلا
خەونی دەکات بەئاماژەی پڕ سۆز
کەرە و هەنجیر دەخوات
تارماییەکی پەرێشان دەستەکانی دەلەرزین
کەپووی بردە ناو کۆمەڵێك گەلای خەنەیی
ئاماژەی بەوەدا
سەما لە کەللەی بەردیدا مەستی کرد

چی لە کوێ
گوللەی ڕۆشنکەرەوە و گوللەی دووکەڵ
شەوە و دایکی ئاڵ
قەڵغان و دەف
ژەهر و دەرمان
شەمامە و گوژاڵك
پێغەمبەر و فریودەر
وشە و هێڵ
شێوە و شوێن
جوانی یەزدانی و کۆشکی ڕەنگاوڕەنگ
کە تاریکی پەنجەرەکانی ئەشکەنجە دەدات
کافتریای سەر دەریا و زبڵدان
لە بێ بایەخکردنی مەدالیای ئازایی
بەزەیی دایك و ڕقی وەردیان
زستانی توندوتیژ و هاوینی چاو خومار
نازی بەهار و ئومێدی کوژراوی چاوە زەردەکانی پایز
قسە نەستەقەکانی لەدایکنەبوویەك و زۆربڵێیی پەککەوتوویەکی بەدخەون
توانای خۆت بنوێنە ئەی خۆشبەختی
چاوی کورسی ژوورەکەم دەبینێت چ کاتێك
ڕێگاوبانی باڵندان قەرەباڵغ دەبێت و چ دەمێکیش چۆڵ
بەفر شوونپێی برادەرە سەرگەردانەکانمی کردووە بەمۆزەخانەیەکی بێ بایەخ
کتوپڕ یاری پێ کرا
ببوورن سڕکراو بێدار نەبووەوە
ئەشق مرد
زەردەی هەتاو دواکەوت
غەریبی ئێوارە پاشماوە ئاڵۆزییەکانی لوول دا

شمشێری فرێدایە ناو کتێبخانەکان
لە ئێوارە دەپارێنەوە خەون بەناوی ڕەت بێت
فریشتەی بەخشندە
بووکەشووشە و دەستنووسەکانی سێبووری
بەباڵندەی ڕەنگاوڕەنگ دەسپێرێ
ئەی باڵندە
دانیشتووی ئاسمان دەمودوویان خۆشە و چاکەکارن
ئەو ڕێگایەی دەشبێت بەتۆ
ئەی چیرۆکی ڕووناکییەکانی ئەستێرەی گەورە
سەکۆی ڕسکان و ڕێوڕەسمی خەڵات دابەشکردنمان باڵەخانەیەکی ئەفسانەییە
دەرگای چوونە ناو پەنجەرەی تەماشاکردنی پاراون بەسەرنجی خودایی
بای داستانبێژ زەوی ئاگادارکردنەوە لە سەرچاوە ڕا مەکەن
تۆوی گوڵی پشوودانم هێناوەتە باخچەی شار
ژیان خرۆشا
دیارییە بۆ هەمووتان
باڵندەیەك خەڵوەت و هێلکەی لەناو لکوپۆپە هەستدارەکانی دانا
بڕوای پێ درا مەترسییەکانی لافاو ڕابگەیەنێت
تیشك ساباتی هاوینی و زستانی بەسەردا بەست
کتێبی هێز و ڕۆشنایی شاقووڵی باڵندەیەك دەپەرستێ
مۆسیقای ڕۆمانسی
مۆسیقای جەنگ
مۆسیقای ماتەمینی
مۆسیقای هەراوهۆریا
مۆسیقای دڵنیایی
بۆ ئەوەی لە مۆسیقایەکان حاڵی بین
چەند خۆپێشاندانێکی گاڵتەجاڕیمان پێویستە

لە کۆشك دادەبەزین
دەرگای ماڵمان ڕووەو شەقام و باخچەی گشتی دەکەینەوە
هەر هەمووومان دەچینە پیاسە
لە پیاسە دەفتەری تێبینی دەردەهێنین
گرینگین یان نا
بە ئۆرگۆنەوە دەکەوین
بەنیمچە بێهۆشییەوە بیرمان دەکەوێتەوە
گرینگ نین
برادەرێکمان بوو فڕی ماڵی لەسەر قەڵا دانا
فیڵێکە لە دەروونی ساویلکەی دەیکات
باڵی بەقەرز وەرگرتووە
دوای سەمایەکی سوور دادەبەزێت
خەون ئەی ڕەنگی ونبووی ناو تابلۆ
دەنگی سۆز بەهێزکە
ساڵ خۆشە و قسەی ناو خەون هێمنە
ئەی خودا وا لێرەم
کێ بوو بانگی کردم

## خەونی سروشت

گیانەکان لەباخچەی گەڕەکە میللییەکاندا بچووك بوونەوە
ڕووەکە چواروەرزییەکان لە خۆیانی نزیك کردنەوە
چاوی دا بەڕێوبان و لە ئێمەدا شەوقیان دا

## خەونی زیندووان

چراهەڵگر لە پیاسەیەك لەگەڵ دەستە برای سەروەریی
حاجی لەقلەقی لێ بووە هێلکەی قەقنەس
لەسەر کارتی ڕەنگاوڕەنگی پۆستەدا ناسییەوە

## خەونی مردووان

قسە نەستەقەکان لە چاوی ژەنەڕاڵ بوون بە تارمایی
نەیتوانی ببێتە گۆرانی ئاهەنگەکانی سەری ساڵ
بوو بەسرووودی بۆنەکانی یاقووت لە ئاڵادا دەڕژێت

**١٩٨٩ - ١٩٩٩ هەولێر**

# خەون وا خۆی گێڕایەوە

## سرووش

### ١

ئەوی لە هەموو شتێك دروستكراو
تەواو مەست بە هەموو شتێك
كتێبی چی ئێمەی هێنا بەكراوەیی
لە دەستە گوناهـ نەكردووەكانی بووە گیانێكی شیاو دابەزییە سەر زەوی
گریان هێندێك شتی دەهێنایەوە بەهەشتی پڕ ئاوازی بێداركردنەوە
ناوچەوانە دەمار دەرپەڕیوەكەی بۆن دەكرد

لەسەرەخۆ سووتانی دەنۆشی
چاوە سرە بریقەدارەکانی لەگەڵ دێڕەکان لە خۆشییەکی بەردەوامدا بوون
دێڕەکانیش هەمیشە بەبرادەری یاد و درووديان دەزانی
بەهەردوو دەست توند ژیانی گرت و دەمی کردەوە
بڕوای کرد بە بازێکی ژیر بۆ حیکمەتەکانی ڕووناککەرەوەی چاو و نیگا
ئاسمانی سەرگەردانی بە ئاسوودەیی پێوا
تۆی تێکەڵ بە ناز و مەنزڵ و نیازم بۆچی بوو ئەی ئاسمان
ڕێبواری ماندوو بە هەموو ڕێگاکانی تێپەڕی
خودای دڵکەش و ئارام بە جوانیی
لە دەموچاوی ڕوون و بە بەزەیی کتێب هاتە دەرێ
ددانەکانی گوشی
ئاگری داهێنا
گەڵاکانی درەختی ناوبانگ شاد و پەسەندن
دەبن بە کاغەزی بەرەکەت و بێتەگەرەیی
سرووشەوان کڕنۆشی خۆشبزوێنی بۆ دەهێنێت
هێمنن لە ئاخاوتن
نامە ئاڵوگۆڕکردنی نێوان ئادەم و حەوا هاوسەنگیی زەویی تێکدا
مەلەوانی لەناو شەپۆلی تووڕە و توند و هەڵچوو
خوێنی ماسوولکەکان دەکاتە دارگێلاسێکی وشکبووەوەی لەبیرکراو
شەپۆلێك گومان تووڕە و توند و هەڵچووی کردبێت
سەرگەرمی نەمریی نییە
لە پەناکانی ژیان فریشتەیەکی ڕەخسیوی ساکار بەپێی کوتراو ڕادەکات
منداڵدان و کفن
لانك و گۆڕ
بێوچان بەدوایەوەن

ئاوی بەبەزەیی
گیای دڵڕەق
نووسەری هەموو ژیان لەناو خەون کەوتە سۆراخی ناونیشان
گەیشت بە گەورەترین ڕۆشنایی
کە ماڵە ڕووناکەکەیەتی
یان دڵ و هۆش و یەکەم بەیانی
ڕەنگی پەردەی پەنجەرەی ژووری نووستنی
لە ڕەنگی چاوی ژنەکەی وەرگرتووە
چەرچەفی مێزی نووسین و تەختەی نووستنیش
لەناو ڕووناکی هەموو شتەکان بە ئاڵووالایی نابیندرێن
تۆی تێکەڵ بە ناز و مەنزڵ و نیازم
بۆچی بوو ئەی ئاڵووالایی
نۆتە دەستنووسەکانی دانا
باران سەری ڕۆشنی بە دۆستی هەرە نزیکی زەوی هەمیشە بڕواپێکراو کرد
ئەمیش بە ڕۆشنایی نۆتە دەستنووسەکانی
فەرمانڕەوای دارستان هەڕەشە لە بازی پیر دەکات
بازی پیریش ترس و بیری هێلکە نەترووکاندن ئەستێرەی داناکشێنێت
مۆزەخانەییێکی لە هەفتەی ئاسوودەیی مەستتر لە ڕابردوو
پیاوێکی لە هەفتەی ئاسوودەیی چاو ڕوونتر لە ئاگر
گوڵدانێکی لە هەفتەی ئاسوودەیی بەدیدارتر لە پەنجەرە
ماسییێکی لە هەفتەی ئاسوودەیی دڵخۆشتر لە ئاو
درەختێکی لە هەفتەی ئاسوودەیی بە بەرهەمتر لە دارستان
گڵۆپێکی لە هەفتەی ئاسوودەیی سەرەتاییتر لە خەون
بیرکردنەوەیەکی نا ئاشکرا یان خەیاڵێکی ترسناک
هەفتەی ئاسوودەیی ئەی بەردەوام لە پێشبڕکێ و پێشوازی

ئەم گیتار و ئاوازە دیاری خودای دڵکەش و ئارام بەجوانیی بوو بۆ من
نەیانهێشت لە ئاهەنگی سەرکەوتنم
بیانکەمە سروودی گوڵی لە سێبەر گەشەکردووی
ئەو میوانانەی بە فەرمانی نووسەری هەموو ژیان
لەبەر تیشکی بەرهەمی بێپەروایی
پەرستراو و سروشت و خەونیان دەگەشاندەوە
نیازەکانیان لەدایك دەبوو
بازی باڵ بۆنخۆش دڵگرانییەکانی سەبەتە و ئاوێنە
میوە و دەموچاو ئاوازی بۆ دادەنێن
دوو قاچی بەهێز خۆیان لە چیاکان دزییەوە
شەقامەکانیش وەك مۆمیا یان وەك پیاوە دارینە ڕێگای دان لێیەوە بڕۆن
ڕستەیەکی تەواو
دوو چاوی نیوەکراوەی قاچ بەهێزەکان
پاراستنی تایبەتمەندییەکانی ئەو ئاوەن
کە ئێستاش کەشتیی لافاوە گەورەکەی تێدا لە گێژەنە
گێژەن شاباش
لەشکرێك بەدیل گیرا
سەرلەشکریان کەشتییەوان بوو
خەونی بازی بینی هێلانەی لێوڕێژی هێلکەیە
ئەی خەونی ماندوو خەزێنەت باش چاودێر بکە
کلیل و قوفڵی بە ئاگایی بێپەیمانە
ئاسمان لە کوێ شکۆی ئەستێرەی تێ دەکەوێت
ئەستێرە شکۆدارە یان نا
زەوی لەکوێ شکۆی کێڵگەی تێ دەکەوێت
کێڵگە شکۆدارە یان نا

ئاو لە کوێ شکۆی میوەی گەییوی تێ دەکەوێت
میوەی گەییو شکۆدارە یان نا
ئەی داهێنەری ئاگری ئەمەکدار
ژیانی سەرزەمین
ژیانی ئاسمان
هێشتیان ڕێزی پاشەڕۆژ بگریت
مۆسیقا لە ماڵت شتێ بڵێ
چرایەك بێباکانە ڕووناکی خۆی تێدا بناسێنێت
مشتومڕی زیندووان
لێکحاڵی نەبوونی مردووان
زیندوویی
مردوویی
باڵی بۆنخۆشی یەك بازن
زەمینی وشك
ئاسمانی بەباران
ئەوانیش باڵی بۆنخۆشی یەك بازن
باڵێك هێندەی دووگوردی نوێژ دڵنیا و ئازاد و بڵند و بە پەیمان
تەنیایی ئەی قووڵترین ڕاستی بە هەموو زەمیندا تێپەڕە
با هەڵەی کرد هاتە ناو دارستان
دەستی ئاشنابوو بە ڕاشڵەقاندنی هێلکەی گەرمی ناو هێلانە
باز نهێنییەکانتان لای کیژی کافرۆش بدرکێنن
بڕوای پێبکەن ئەگەر فەرمووی نیازمە ژیان بکەمە باخی گشتی
بە هەموو ڕوخسارێکی حەز لە ئاخاوتن ئاشنا
یان بیکەمە کاتژمێرێکی بڕواپێکراو لە دەستی هەمووتان
چی ژیانی بەزەوی بەخشی

زەوی چی بە ژیان بەخشی
ژیان چی بە زەوی بەخشی
مردن نهێنی هەموو ژیانە
کیژی کافرۆش هەر تۆ نی دەژیت
بە ژیانت جوانییەکان ئازاد دەبن
پێیەکانی بەسەر تەپڵەی کانزایی پێش دەمی درێژکردوون
کورسی پلاستیکیشی بە پشتدا شکاندووەتەوە
تا خوێنی بە وەفا لەسەر پەنجەکانی بگەڕێتەوە
قۆپچەی برۆنزی بە کراسی ئەو منداڵانە دەدرەوشێنەوە
لە بەرانبەری گەمان دەکەن
ئەو بە شەوق و تاسەی منداڵان دڵ توندە
دەتوانین لەناو درەوشانەوەی قۆپچەکان
دوا وێنەی دارستانێك بکێشین
نووسەری هەموو ژیان بگاتە ناوی
کشمیش و شیری کوڵاو و مێوژ و برنج بخوات
بازیش هێز و هۆش دەگەیەنێتە گەڵا
دەبێتە هونەرمەند وێنەی ئەو لکانە دەکێشێ دەکرێنە زەمبیلە و سەبەتە
دەشتایی ڕووت و ئاسمانی نائومێد دەبن بە نێچیری لاواز
ڕووباری کەنار پڕ مرواری و ماسیگرە باوەشی دەکاتەوە جگەرگۆشەکانی دەژمێرێت
سێبەری بەسەر بەرد و درەختە ئارەزوو بەرزەکان درێژ دەبووەوە
شار لەناو تریفەی شەوی قەڵای مێردان
باخچەکانی پڕ منداڵیی گەشبین دەبوون
باخچەکانیش باخچەوانە زیرەکەکانیان دەدواند
ڕێگا فەرمووی دەنگی کلیلی دەرگاکان مۆسیقایەکە بۆ خرۆشانی هاوبەش
شار بە پڕبوونی منداڵی گەشبین

باخچەی فریای پاکنووسکردنی یادگارییەکانی دەکەوێت
دەریاش بە کەشتی گەورە و بچووک و قولاب فڕێدانە ناوی
لە سێرك شەپقە پووشەکەی بە هەوادا هەڵدا
بە لەخۆڕازیبوون و دەموچاوی گەشیەوە توند چەپڵەی سەرکەوتنی لێدا
سێرکەوان خۆشییەکانی لە ژیان بینیوتن
دەتوانی چەندیان بژمێریت
سێبەر لە هاوین وشیارە
هەستی منداڵیی ڕێبواران لە گۆرانیدا دەکاتە پاداشتی ژیاننووس
هەتاو لە زستان وشیارە
هەستی منداڵیی ڕێبواران لە گۆرانیدا دەکاتە یاداشتی ژیاننووس
داهێنەری ئاگری ئەمەکدار
برینەکانی لەشی بە ڕۆنی بەڕوو تیمار دەکات
هێشتان بەهار لاوە گیایەکانی بۆ دەرمان دەشێن
بۆنی گیای تەڕ و پاراوی پڕ وزە
دڵخۆشی و خوێن جمانی ئەسپە
ئاوێنە لە سێبەر پیلانگێڕ نییە
هاوپەیمانە لەگەڵ ڕاستگۆیی ڕۆشنایی
ئەی داهێنەری ئاگری ئەمەکدار
هەموومان دەپرسین هەنگاونان بەرەو تۆ خەیاڵ خۆش دەکات
پێستمان لە پەلکی گوڵ دەپێچێت
لە تەمێکی چەوری نابینا چاوت بکرێنەوە
لە یەکتر ئاشکرابین نەبی بە بکوژمان
ئەی دەموچاو هاوار بکە پێڵاوجووت کەوتوون
ڕێگا جادووبازە بە ئاوازی مارش و بزەی فیڵاوییەوە
بڕوات پێدەهێنێ بکەویتە ناوی

زەردەواڵە دەتپشکنێت
جەنگە نەمرەکانیش بەڕێت دەکەن
ئەندامانی خێزان لە شکۆداریی خۆیان گەڕانەوە
ناڵی برۆنزی ئەسپیان وەك شمشێری تازە تیژکراوە دەتریسکایەوە
مێزی نانخواردن
لە کەیفخۆشی بەخێرهاتنەوەیان هەستایە پێیان
دەستەیەك گوڵی نازکێشانی خستە دەستیان
مۆم پرچی ڕووناك بوو
داهێنەری ئاگری ئەمەکدار چووە سەرمێزی نووسین
لەگەڵ دایکی نازکێشی خەیاڵ هەموو شوێنێك گەڕا
گەیشتە بەهەشتی هەست
لە درەوشانەوەی گەیشتنی ژیان دەبێتە هی هەموومان
هەموومان دەبینە بیرەوەری خۆشیی نووسەری هەموو ژیان
کتێبی چی ئێمەی هێنا بەخشینی لە ناوەندەکان هێنایە کەنار
کەنار شاباش
دەرەوە هەوای سارد و پەرێشان
پرچی منداڵەکانمانی لێ ئاڵۆز دەبێ
لێوی منداڵەکانمانی لێ بەبار دەبێ
پێی منداڵەکانمانی لێ دەقەڵەشێ
دڵی منداڵەکانمانی لێ دەڕەنجێ
شاباش نەهامەتی منداڵەکانمان
ژوورەوە بەناوبانگە
داهێنەری ئاگری ئەمەکدار بە کۆڵانی پێشی تێدەپەڕێ
کتێبێکی دەستنووس لە ڕووی کۆنە دیواری ڕۆچوو ماوەتەوە
زەوی شێدار زیاتر داچێت

بازی هۆگری چاوی خومار و دڵی وریای دیوار
کاغەز و قەڵەمی داواکردووە
زۆرانبازی ئەسپ یاداشت دەکات
دوو بازی وشیار و دڵسۆز
بەسەر دەرگای دیواری نووسراو
ماتی و بێدەنگییان دروست کرد
چیم نەپرسی
دوو بازی وشیار و دڵسۆز
بەسەر دەرگای دیواری نووسراو
ماتی و بێدەنگییان شکاند
چییان نەپرسی
باز مرد پێڕانەگەیشت
هێلکەکانی بترووکێنێت و بێچووەکانی تەواو ئاشق و بێباك بکات
باز ئەی گیانی پەتی
بەخۆت و ئەو بێچووانەت دەتەوێ چی بکەی
ناکامییەکانی خەون وریایان نەکردیەوە
ئەسپەکەم نزیك کوختێکی دارین لە پاوانی خودایی مەست کرد
تا فریا بکەوم گەشتەکەم تەواو بکەم
ڕێزێکم بۆ ئەسپ دانا
ئەسپ بەکەلکێشی دەوڵەمەندە
کێ ئاوی دایە ئەو ئەسپە
لەخۆبایی کرد
کێ ئەو ئەسپەی لە ئاو ڕەواندەوە
دڵشکاوی کرد
جۆگەلەیەکی مەودا کورت و ناڕێك بە ماسی ئاو زادەی گوت

ئاشقی ئاو نیت

لە وڕێنەی تێنوویەك کە گومان تووڕەی کردبوو کەوتییە ناوی

ناچارکرای نەگەڕێیتەوە ماڵی وشکایی خۆت

باران لە شەقامەکان بە ڕازاندنەوە کەوتووە

کەروێشکی نەشمیلانە و ئادەمیی خرۆشان

جامی ئۆتۆمبێلەکەم کردەوە

دابەزیمە ناو شەقام

لەگەڵ باران بە گەشە کەوتم

وا بزانم چاوم بوو نەیزانی بۆنی ژیان لە کوێ پەخشکات و هەڵەی پێکردم

## ئاوێتەی یەکەمی سرووش

ڕۆشنایی لە ماڵەکاندا
ڕەنگ و ڕووی منداڵەکانی کردووەتەوە
خودا ئەی هەمیشە دڵگەرم
هەمیشە دڵنەرم
هەمیشە سادە
تاریکی لە دارستانەکاندا
ڕەنگ و ڕووی ئاسکەکانی هەڵبزرکاندووە
ڕاوکەر ئەی هەمیشە دڵسارد
هەمیشە دڵڕەق
هەمیشە ئاڵۆز
ماڵ و دارستان
بەشدارییان لە نووسینی کتێبی چی ئێمەی هێنا کرد

# ئاوێنەی دووەمی سرووش

کتێبی چی ئێمەی هێنا
خەونم لە تۆدا کەسە دوورەکانی بینی
قسەم لە تۆدا بووە گۆرانی
هەنگاوم لە تۆدا جۆگەلەی دەرەوەی پەرژینی هێنا ناو ڕەز
ئالآم لە تۆدا ئارمی ڕۆژی چاپ کرد
منداڵە ناو نەنراوەکانی نیشتیمانی لە سێبەر دادەنێین
جۆری خوێنی خۆیانیان پێدەڵێت
بە ستایشکردنی دەمارە هەستیارەکانی
خەون و قسە و هەنگاو و ئالآ
ڕەویێك بازی ڕۆشن دەبن بە پەنجەمۆری
دەموچاوی دێڕەکانی کتێبی سەرەتاییتر لە خەون
بە ئومێدی دیداری خودا مەشق بۆ ڕاستەقینەترین قوربانی دەکەن

## ٢

دوو کتێبەوان کوڕە گەورەی ئاسمان و زەوی یان ئا و نا
لە ژوورێکی لاکەوتە ئێمەیان دۆزییەوە
بە لێوی وشك و قاقای لە خۆڕازیبوونەوە هاواریان بەسەردا کردین
ماوەیەکی بێپەیمانە
ماڵە و ماڵ
کۆڵانە و کۆڵان
گەڕەکە و گەڕەك
شارە و شار
بەڕووشکاوییەوە بەدواتان وێڵین
ئاسمانیان لە زەوی هان دا
کورسی لە سەرنشین
باز لە کرانەوەی ئاسمان و باڵ و پارچە گۆشتی سەرپەنجەکانی بازەوانی نیەتپاك
لە سێدارەدانی گوڵ بۆ شکۆ شکاندنی بەهار
باز چاوی لە ئاسمان شەپۆل دەدا نیازی هێلانەی دەدرکێنێت
بۆ ئەوەی دلێری لە بەرزاییەکان وەك شمشێری هەڵکێشراو ناز بکات
بەتەنیا مەبەست و مەستی فڕین بەس نییە

گوللەی نەتەقێندراو ئیرەیی بە مەمکی گەرمبوو بە شیر دەبات

کتێب ئەی سرووشی ئاژاوە

لە کێڵگەی لۆکە قوڕگی کیژی چاوڕەش و کراس ئاڵوواڵاو پرچ حەلوایی و کەمەرە شلیان بڕی

بڕوا بێنە

وشەکانت لە ناوەندی زەوی نیوە تەواو پەرتوبڵاو کردەوە

بۆ وات کرد

بەختەوەرییت لە تەواوی زەوی وەرگرتەوە

ئاویش شەهیدی بێ ئینتیما

ئاسمان بەدەست ئەستێرە ڕژاوەکانی

جوانییەکی تەڵخە یان ڕوومەتێکی ئەفسانەیی

نووسەری هەموو ژیان بەناوبانگ و فەرمانڕەوایە

پێویستی بەناونیشان و کات دیاریکردنە بۆ دیدار

زەوی و ئاو و ئاسمانی خستە بەرنیشان و ئەڵقەی کەوان

لەبەرچی نهێنیی هەموو چاوەکانت دزی

بەبێ چاودێریش ڕێیان نەدای ناسیار و کەسوکارت ببینیت

چاوێك بەبێ چاودێریکردن ڕووگەی لە بینین بچووك بووەتەوە

ئەی بۆ هێزت دایە خەیاڵی باوەڕ پێنەکراو

نەتهێشت بازی دەنگ گەرم ببێتە بیرەوەرییەکی لە هەتاوی چاوساغ مووتوربەکراو

یان دڵخۆشی مێوانەکانی ئاهەنگ

دزەکانی دەریات دەوڵەمەندکردن بوون بە ڕابەر

ڕووەکی تەمبەڵی بەرسێبەری دارستانی گەورە

کولتووری دەوەن بە ئەوین نازانێت

زەوی ڕازاوە بە خانوو پاڵپشتی ئەوینە

منداڵەکانی کتێب بەسەر چەندان کیشوەر دابەش کراون

تۆماریان بەگەڵێ زمانە
منداڵێك گوڵدانی ژووری باوکی دزی
بردی لەناو کتێبەکانی کردی بەپاسەوان
یان باوك گوڵدانی ژووری خۆی بۆ برد
کردی بە پاسەوانی کتێبەکانی
نووسەری هەموو ژیانی ناوەند لێ ونبوو
فەرمانی لە وشە وەرگرت کەوتە بەر زەبری ویژدان
بە شەرمەوە قەڵەمکێشی خۆی داپۆشی
پاشای مەرگ هەراسان و توورە و توندە
هەمیشە بێیارمەتی و ئاگادارکردنەوە دەرگاکان دەکاتەوە
جوانیی لە درەختی بەرداری حەوشە دەکوژێ
زەوی دوای باران دڵخۆشیی خۆی دەپارێزێت
بەردەوامیش دووبارەی دەکاتەوە
ساماڵە و جۆگە خامۆشەکانی ناو دارستانی سنەوبەر
پەنجەیان خستووەتە ناو پەنجەی تریفەی شەیدا
کۆڕنیشی سەر دارستان چپەیەکی مەردانەی دا بەگوێیان
ئاگری نەجیبزادە لە چارەنووس هەڵنەهات
ئەزموونی قەڵای مێردانی لە دوودڵییەك پێشکێش کرد
نووسەری هەموو ژیان لەناو ئاوێکی خاوێن ڕاوەستاوە
دەتوانی مردووی پێ بشۆی
سەدەف گەرمایی دەداتە پێیەکانی
یاقووت گەرمایی دەداتە پێیەکانی
ئەڵماس گەرمایی دەداتە پێیەکانی
مەرجان گەرمایی دەداتە پێیەکانی
برادەری یاد و درووود ئەو ڕۆژە بە ئاکام بگەیەنە

له سەردانی مۆزەخانە نقوومی ڕۆژهەڵاتی دوور بووین
ئەنگوستیلەمان خستە پەنجەی خانمی کەلەپوور
خانمی کەلەپوور داپیرەیەکی بە بەزەییە
دەفتەری تێبینییەکانی وەك پێویست ڕووناك نییە
ئاگری ترس و بەختیارییەکی ژاکاوی لە هەناوی کردووەتەوە
هۆگربوونی دووگوردی بەئەمەك و هانا زانی
ئەفسوونیش بەتاقانەی ژیان
ڕکاتی یەکەم
ڕکاتی دووەم
ڕکاتی سێیەم
ڕکاتی چوارەم
سەلامی بەرزبوونەوەی دایەوە
تاجەگوڵینەی یاری خۆشیی لە ئەشق و بێباکی نزیك کردەوە
نیشانەی سەرسووڕمان بەهیچ ئاکامێك نەگەیشت
نیشانەی پرسیار کەوتە سپێدەی تەمەنی ڕستە
چاودێری لە ئا و نا حاڵی نەبوو
هەوای خۆش پەیوەندیی نێوان نووسەری هەموو ژیان و کژی باران بارینە
گای زۆرانبازی ئارەزوویەتی
بەمووی کلکی تەمی چەوری پەنجەرە بسڕێت
پەردە پەنجەرەی خۆش ناوێ
پێیخۆشە هەمیشە بەتەنیشتی لارەمل شۆڕ ببێتەوە
پەنجەرە لە ڕەگەزی ئاسنە
ئاسن دەمارەکانی لە خوێن ڕایانکردووە
پەیام ڕەگەزی خوێنپاك نووسیویەتی
پەیامبەر ماڵی سرووشی لەناو دڵی گوڵە

خاڵخاڵۆکە بردییە ناوی
خوێنی دڵی بەجۆشی پەیامبەر ڕژایە لوولەی تفەنگ
خوێنی دڵی بەجۆشی پەیامبەر ڕژایە گۆپکەی میکرۆفۆن
نووسەری هەموو ژیان مقەڵیت بکە بەچاوی ژەنەڕاڵی دۆڕاو
بەرخێك بە تەماشا مەست دەبێت
ئاهەنگ دەگێڕێ
ئاسمانی بەئەستێرە منی بردە کۆڕی یاران و ناسینی هەموو شتەکانی
دڵشادی و کەشی جوانیی
خوڕەی ئاوی زوڵاڵیش خەیاڵی کردمە
پەیژە و سەرکەوتمە لای نهێنییەکان
دیکتاتۆر ناهێڵێ بۆنی خۆشی لە ڕێی خۆیدا برادەرەکانی ببینێ
پێش ئەوەی لە ماڵ دەرچم ڕووتم پێشاندە ئەی سرووش
گوڵ ئاو دەخۆنەوە گەشانەوەیان دەکەنە
ئەو پیاوەی تۆزێ بای هەڵمژی و دوا دێڕی
نووسینێکی گرەوی پێشبڕکێ برەوەی ستایش کرد
مرۆڤ لە کۆیلەییدا گۆرانییەکانی خۆی بۆ ناگوترێ
دیکتاتۆر بۆ خۆشادمانکردن دەینێرێتە ناو ژیانی
لێوانلێو لە تیر و توانج و لەخشتەبردن
منیش شووشەی مەرەکەب یان تۆپی یاری
دەگرمە دارمێوی لك بەهێشوو دەوڵەمەند و چالاك
بازەکانی دەفرێنم یان بەفری دەتەکێنم
گشت ئاوەکان یەك ئاون
گشت بایەکان یەك بان
گشت خۆڵەکان یەك خۆڵن
گشت ئاگرەکان یەك ئاگرن

هەور بیر دەکاتەوە و سەرەڕۆ دەڕوات
یان بەدوای دەنگی کێڵگەیەکەوە دەچێ
باران بێباکانە بەناو بیرکردنەوەی تێدەپەڕێت
نووسەری هەموو ژیان لە دوا ڕکاتی نوێژی درۆ بەزاندن
ئەم حیکمەتەی کردە ڕەنگی ئێمە و دڵی جیهان
ئەگەر دەروونی خۆت پڕ ڕووناکی نەبوو
تەماشای هەتاو مەکە بیرکردنەوەت لێ ون دەبێت
گریانی بێ بیانووی مێوانی دانا و ناودار
سمۆرەی سەر کاکڵە گوێز لە ئەمەك و خۆشی توایەوە
لوول دەخوا خەریکە دەست دەخاتە پێش چاوی
گومەزی لووتبەرزی تورەهات کوا ماڵی خانەدانان تێکەڵ بەتۆن
تاسەی لووتکە
ڕازی لووتکە
وێڵی لووتکە
مەستی لووتکە
لووتکەویست ئەی پەنجەرەی داخراو و کتێبی بەندایەتی
ئاژانسەکان هەواڵی بەرزبوونەوەی دیکتاتۆریان تێدا نەبوو
خانە گومان و شەرمەزار بیری لە بەد ئەشقی کردەوە چیی پێکرد
بەبینینی
شەوی بەئەستێرە
تیشکی بەپیت
بەهاری بەهێز
لانکی پڕ پێکەنین
خامۆش و دەم بەباوێشك دەروون گرژبوو
لە گڕکانێکی دەکرد گەرمایی پێ نەمابێت

بازگە دەرگای گەورە و بێبەزەیی پایتەختە
بەچاوی نیشانگر و هەستی فریودەریەوە دەترنێتەوە
شەقامی ناز و مەنزڵ و نیازی خۆشبەختی یان بەدبەختی
ژیان لە سێبەری ڕوونی مردن دەبێتە ڕازی هەموو جەربەزەیییەك
یان پیاسەیەك نزیك کۆشکی دەنگوباس یان کتێب لە هەموو شوێنێك
مردن شەمەندەفەرێکە بەیەك ئاراستە دەڕوات
شەمەندەفەر هەمیشە لە کاتی خۆی ڕانابووری
ژیان یانی سەوزایی خومار و خۆبوونی کاتی ڕابوون
دەچمە کتێبخانە ڕۆژنامەی سبەینان وەردەگرم
بیر لە ئاژانس دەکەمەوە
بۆ پاشا جەنگی مانەوەی نەکرد
لەسەر هێڵی ناوەڕاستی زەوی سوپاس بۆ بینین
بۆنی خۆشی شوێنپێی خۆی شیرین دەکات
یان تاسەی دەمهاوێتە سەر ڕێگایەك دابەش ناکرێت
چەتری خۆشنوودی دەکەمەوە
سێبەری وڵات بزرکردوو ئومێدی تێدا دەدرەوشێنێتەوە
وڵات بزرکردوو بەهای سێبەر دەزانێ بۆیە لە وچان شەوقێکی تەواوە
خوێی ناوچێشت مەتەڵی هەزار و یەکشەوەی هەڵێنا
ئاو لە سەرچاوەیەکدا دووجار مێوانداریت ناکات
بەڵام هەمیشە لە ڕۆیشتندا بێ دایك نییە هەمووومان دەناسێت
درەختی لاواز پەلەیەتی تیشکی هێزدار داگیری بکات
سەرکردەی لاواز پەلەیەتی لەشکر میلی تفەنگ نەهێنێتەوە
کتێبی لاواز پەلەیەتی خوێندەوار چاوی ڕەشکەوپێشکە بکات
خەونی لاواز پەلەیەتی خەونبین خەبەری ببێتەوە
لە سپیاتیی کاغەز ژیان بەسەردەبەم

کەشی سەربەستیم دەکەمە ڕەنگی بەیان و شینایی ئاسمان
ڕەنگی بەیان منداڵێکە خاچێکی بەدەستەوەیە
شینایی ئاسمان پێغەمبەرە دەگات بەچارەنووس
نووسەری هەموو ژیان کەی هێمنی و میهرەبانی دەکەیتە ڕستەیەکی چالاك
دیمەنەکانی پایتەخت سەرنجمی بردە لای ئاوێنەیەك گومانەکانمی لەبەر خاو بوونەوە
چاوم لەناو
مۆسیقای دامەزراندنی
گۆپاڵی دڵخۆشی پیرانی
حەوزی شڵەقاو بە مراوی
شێتی پرچ ئاڵۆز و دڵڕوونی ناو شەقامەکانی
جواننووسییەکانی ناوچەوانی دیوارەکانی
پەنجەرەی ئامێز بەمنداڵی ماڵەکان دەکەمە پاسەوان
حەوز و فوارە چەندان پیاوی دژە مۆسیقایان لە خۆیاندا خنکاندووە
بازی خرۆشاو بڕوای بەزەوی نەما دەنگی لا جێ بهێڵێ بردیە ئاسمان
دەستێك لەناو وەرزەکان بەفری کردە دەنکەگەنم بوون بە دۆستی کێڵگە
ئەسپ فەرمانت بە چییە
سەرپێچی و پێداگرتن
بە هێز بڕوانە و تێپەڕە
ئاسمان تەنیایە پێویستی بە دڵتە بینێریتە ناوی
پاشا لێکەوتووەکان نەوییاتیی زەوییان تەواو پشکنی
لە بیری ئەوەدان بڵندایییەکانی لێکبدەنەوە
باران بەدەستی نەرمی نەوییاتی و بڵندایی لەخەو بە ئاگاهێنا
ڕایکێشانە ڕاستایی
قەڵغانەکانی شکاندن
نووسەری هەموو ژیان بەجوانییەکی ڕوون دروست بووە

لە بەخشینی خوێنی گیانی یان ماسوولکەی پتەوی بەرەنگاربوونەوەی
بۆ نوێژی درۆ بەزاندن ماندوو نابێت
تەلی تەلەفۆن بەناو پەنجەرە هاتووەتە ژووری
دەم بەباوێشکی بێ جووڵە و بێ بەرەکەت
ڕەنگی سووری تاریك تێیدا درێژەی کێشا
پاشا کاتژمێری داکەندراوی دەست باوکی مردووی لە دەست کرد
بە سواری ئەسپ و کراسی زێڕین هاتە ناومان
لە سەرەتاکانی بەردەباز و قەڵەمباز دوا هەواڵی پیت و دەنگی پێبوو
کەس گوێی نەدایێ
گوێ ناپرسێ کێی
دەنگدانەوەی پرسیاری سەغڵەتکەر
پەردەکانی دارِزاندووە
کەس دڵی نەدایێ
دڵ ناپرسێ کێی
ڕوو وەردەگێڕێت بەبرادەری یاد و دروودی نازانێ
دەستی بەرەو حەوانەوە بگرێ
کەس هەستی نەدایێ
هەست ناپرسێ کێی
حەپەساوی کشوماتی
دوای تەقەی شەڕێکی بێئامانە
کەس چاوی نەدایێ
چاو ناپرسێ کێی
لە سەرنجدان وەك بەهرەمەندی ڕۆمانسی
بەهەڵپە خۆی بۆ بزەی ناسیاری هەڵداوێ
دایکی هەر هەمووومان هات ڕستەیەکی ئاسوودە کرد

سێبووری نەیهێناوین

ڕەنگی ژیان لە ئێوارە دەگۆڕێت و خەلاّت دەهێنێ

بۆ کوێ دەڕۆین

دیارییە سادەکانمان بدەین بە کێ

زەمین بریتییە لە ڕوخساری ماندووی

کەسنەناسێکی ناو تەپوتۆزی پەرشوبلاّوی

برادەری ناز و مەنزڵ و نیاز بەدوایدا نایەن

دڵنیایە لە هەموو شوێنێکدا خودای لەگەڵدایە

لە ماڵ و سەیرانیش منداڵەکانی

## ئاوێتەی یەکەمی سرووش

نووسەری هەموو ژیان
گڵۆپی مەودایەکانی گفتوگۆی زەرد کردووە
حاڵیشە لە میهرەبانی ڕووناکی
ڕووناکی یانەی تایبەتییە
دەشزانێت گەشانەوەی خونچە دڵخۆشیی خودایە
دڵخۆشیی خودا مۆسیقای ڕاپەڕینی تەواوی زەوییە
مۆسیقا دەنگی ژیان بەگوێی
ئاسمان
برادەرایەتی
ئادەم
دەگەیەنێ
پێویستە ئێمە ئا یەك بڵێین

## ئاوێتەی دووەمی سرووش

نووسەری هەموو ژیان
گڵۆپی مەودایەکانی گفتوگۆی ڕەش کردووە
حاڵیشە لە جادووی تاریکی
تاریکی یانەی تایبەتییە
دەشزانێت سیسبوونی خونچە دڵتەنگیی خودایە
دڵتەنگیی خودا زەنگی کەوتنی تەواوی زەوییە
زەنگ دەنگی مەرگ بەگوێی
ئاسمان
برادەرایەتی
ئادەم
دەگەیەنێ
پێویستە ئێمە نا یەك بڵێین

# ٣

باز لە گەرمایی ئاگری پیس نەبوو فامی کرد بۆنی ڕیای لە دەنووکی سڕی
پڕە لە سۆز بە تەواوی ڕازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ
کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگات بە درەوشانەوە
پڕە لە بێگەرد بە تەواوی ڕازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ
کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگات بەدرەوشانەوە
پڕە لە بەندەناس بە تەواوی ڕازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ
کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگات بەدرەوشانەوە
پڕە لە جەربەزە بە تەواوی ڕازەکانی برادەرایەتیت لەگەڵ دەبەستێ
کتێبی چارەنووس دادەگیرسێ دەروونت دەگات بەدرەوشانەوە
منداڵیی بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێهەڵدەهێنێ
چارەنووس بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێهەڵدەهێنێ
شکۆ بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێهەڵدەهێنێ
سەرەتا بەرەو ئاگری پیس نەبوو هەنگاومان پێهەڵدەهێنێ
دایك و باوکم و منداڵەکانیان
لە شادیی بەهەشت درەختی بنەماڵەیان خوێندووەتەوە
دەستەویەخەی ئەو ناز و مەنزڵ و نیازەن
تەنیایی پەیکەرە برۆنز و مەڕمەڕییەکان سەرکەش نابێت
بەوەی ناوبانگ و پایتەخت نابێ بە هی ئەوان
شەقامی ژێریان زێرابە لەسەرەخۆ شەق دەبا
کتوپڕ دەکەونە ناوی
ناز و مەنزڵ و نیازیان لە دەست بەردەبێتەوە چاوترسێن دەکرێن
منداڵێکی زۆرزانی قەشمەرجاڕ دەنگی بڵاوکردەوە
ئاڵا پێچراوە بازێك باڵە فڕییەتی بەسەریەوە بنیشێتەوە شوێنێکی پێ بدا

ئێوە دەبنە پەیامێکی حەڵاڵزادە
تاهەتایی دەستتان بۆ درێژ دەکات
پەیکەر لە فەرموودەیەکی کە قوتابخانەی سەرەتایی خۆی هاتەوە بەربینین
ئاوی گفتوگۆی بۆ ژێر ئەو درەختانە بەردا ئاگریان پێدەکرێتەوە
لە تۆماری بێئاکاری پایتەخت
شکان و ڕەنگچوونەوەی خۆی تۆمار دەکات
تارمایی درێژی دیکتاتۆر بەناو پایتەختدا دەجووڵێ
پایتەخت ئازایەتی بەو خەڵکە دەدا
تێیدا لەدایکبوون و خوێنی بەدەمارەکانی داون
جامی زێڕ و ئەفسانەکانی گوڵ و ماسی و باز دەمگەڕێنێت
ئەرێ گەڕان هیچ دەگەیەنێ
کوێندەر بکەین بە پایتەخت
سەرەتای ڕستە یان کۆتایی
یان گیانی نیمچە مردووی ناوەند
دەنکە چەوی وشیارییمان داوێینە ناو شینایی دەریای پاڵەوان لێ ون نەبوو
بۆ ئەوەی بە درێژایی ژیان لەگەڵ یاقووتەکان یەکتر بناسن و بەوەفا بمێننەوە
نووسەری هەموو ژیان تەنیا لە بۆنەی یەکترناسیندا
حیکمەتەکانی ئەستێرە لەکاتی گۆرانی گوتن نیشان دەدا
لەکاتی گۆرانی گوتن ئەستێرە چەند بەلار و لەنجە و نازپەروەرە
مرۆڤ ئەی بوختانکەر بە گوڵ و مۆسیقا و پیاوی
بە ئومێد ڕاوەستاو و ئاوی ڕوون و فووی شمشاڵ و هەواری قورینگان
شتێك لەماڵی ڕێز لێندراوی هەست
وەك تیشك خۆی فڕێدایە ئاسمان
گەیشت بەدڵی تەندروستیی باشی زەوی
پرسیارەکانمان لە لووتکەی باران خواردوو دەکەین

بۆ ئەوەی خۆشییەکانی ناوەند سەغڵەت نەبن
یان گومانەکانی دامێن پەنایەك بە مانەوەیان سەرقاڵ نەکەن
نووسەری هەموو ژیان تەنیا لە بۆنەی
خۆشییەکانی ناوەند و گومانەکانی پەراوێز
بەکتێبی چی ئێمەی هێنا دەچێتەوە
پایتەخت هێندە دەروون سارد و چرا کوژاوە و توورە و شکاو
کاتژمێری شوێنە گشتییەکانی پاش و پێش دەخەن
سییەکانی خەریکە بڕزێ
درەختی لێوار شەقامەکان کەوتوونەتە باری دڵەڕاوکێ
کۆگا و قاوەخانە و بازاڕی لێمان هەڵدێن
سەرەتای ژیان بوو بەفری بێپەیمان قاچی خانووەکانمانی تەزاند
سەرەتای ژیان بوو بارانی شاڵاو هێنەر دەمی خوشك و براکانمانی کلیل دا
سەرەتای ژیان بوو کوللە بەسەر خوانی خێزانیمان پژمی
سەرەتای ژیان بوو مشك جلوبەرگی گەشتی کونکون کردین
نووسەری هەموو ژیان کتێبی چی ئێمەی هێنای
پێشکێش بە خوداوەندان
گوڵ و
ماسی و
باز کرد
خوداوەندی یەکەم گوڵ وای گوت
شەقام بە پێیەکانت بە ئاگابێنە درێژە بە بینینی گەڵای خەنەیی بدە
تەمومژ بەغەریب نەزانی و بە فڕین نەڵێی ماڵئاوا
پەڕەمووچی باڵە بەهێزەکان بهێنە ژوورەوە
لە پەنجەرە ڕەنگی خودا و ژیانت لێ دیار دەبێ
فریشتەکان خوێنی مردن لە دەمارەکانت بەتاڵ دەکەن

خوداوەندی دووەمیش ماسی فووی بە کەڕەنا کرد
لە شەڕەکانی ژیان ئاشق دەیباتەوە
قەشمەرجاڕ تێیدا دەدۆڕێ
لە بینینی براوە خەجاڵەت و داماو و بێهێز ڕووی کەڵیی تێدا نامێنێ
ئەشق زۆری خایەند لە خۆشییەکانی بردنەوەی پرسی
شەڕی جوان دەستەویەخەی با و درەختی تازە گەڵا کردووە
لە سەرەتای یاری و ڕووبەڕووبوونەوە
ژنەکەم گوڵەکانی ناو ماڵی ئاودا
شیری دا ساوایەکەمان و نانی گەرمیشی لەسەر خوان دانا
خوداوەندی سێیەمیشیان باز دوور نییە ئاوا بڵێ
کتێبی چی ئێمەی هێنا ئەی ڕازی ناکامی
کوڕی سادە ڕوو و سادە دڵت نەماوە
شەڕەکانی ژیان بکات بێجگە لە ژێریی ڕۆژهەڵات
ماڵی ئەشق چەند گەرم و ماناداره خوێنی لە زەوی ڕسکاند
لە دەمودووی دایە شازادە ئاگر دەکەوێتە سەر زەمین
سووتان گەورەییەکی خودایی دەداتە
بیرنەچوونەوە و دەمودووی پەیوەندییەکان
پەپوولەی ئالوودە بڕوای بە برادەرە دڵناسکەکانی هێنا
خاوەنی هەموو گوڵ و گەڵاکانە گوڵ و گەڵاکانیش مێژووی ئەون
پەڵەیەك بەڕووی شانازیی ئەو لکاوە
پێشانی ڕابەرە ڕزگارکەرەکانی دەدەن
خەریکە یادەوەری لە پێستی مێشکی پەپوولە دادەماڵدرێ
گوڵ و گەڵاش بڕوایان بە دڵناسکیی پەپوولە نەمێنێ
مێژوونووس لەبەر دەرگای ماڵی گورگ دانیشتووە
نووسینەکانی ئەرشیف دەکات

هیچ ناز و مەنزڵ و نیاز ماوە سەرنجت بورووژێنێ
تەرازووی سەموونخانەی گەڕەك
بنیادەمێکی دەست لەناو ژیان بەدیار جوانییەوەی بەختیار بوو
نیگاکانیم بە چارۆگەی کەشتیی هەڵخەڵەتاندن هەڵواسی
دوور زۆر دوور لە کانیی وەفادار و سێوە لاسوورە تەنیام کرد
بێدەنگی و گەشەنەکردن لەنزیك کانیی وەفادار و سێوە لاسوورە دروستبوو
لە وشیاری و گیانبازی دوورکەوتەوە
نووسەری هەموو ژیان کتێبی چی ئێمەی هێنا
تەماشای گشت لایەك دەکات ستایشێکی پاراوە
لەم ستایشکردنەدا شادمانی چرای ماندووەکان شەوق و ئارەزووی ئەوەیان نەماوە
گوێ بۆ ناز و مەنزڵ و نیازی پەپوولە ڕابگرن
بەڵێنی چرا بە پەپوولە بەڵێنێکە پڕ لە زەبروزەنگ
ئاگری بەندایەتی خەونی پایتەخت چۆڕایە ناو خۆڵەمێش
باز ئەی پەیبەر بە هەوای خۆش و گەرمدا هاتوو بە بێباکی
هەڵوەرین مانایەك بەگوڵ دەبەخشێ
بەخشینێك ئاوی کانیی وەفادار نازی کێشاوە
نووسەری هەموو ژیان ئەگەر دەستت لەرزین و ڕوخسارت تێکچوو
کام نووسینت دەکەیتە شانازیی ژیاننامەت
نەوەکانت بەچیتەوە بنازن
ئاگری پیس نەبوو
خەون لەناو سروشت حەساوەیە و درەختێکی بەفەڕە
نووسەری هەموو ژیان پەنجەکانی لەناو توند و بەهێز دەکات
با گلەیی ئەوەی لا کردم کە ناتوانێت خەون ببینێ
پێمگوت سەرگەردانییت لەوەیە
بالیفت بە شەڕ گەمارۆدراوە هێشتان ئازاد نەکراوە

خەونێك هاوبەشی خەونی كردم
ڕازە كۆچكردووەكانی هەموو بۆ هێنامەوە
گۆرانی لەناو سروشت حەساوەیە و سێبوورییەكی بەفەڕ
بە ڕێكەوت گۆرانیم نەگوتووە
بە ڕێگاشدا نەڕۆیشتووم
گۆرانی هەواڵێكی خۆشە ئەلبوومی منداڵیی لەكراسێكی ناسك هەڵگرتووە
نوێژكردنم لەناوی چاو لە هیچ ناترووكێنێت لەگەڵ بەهەشتەوان ئاشنایە
لە دەرەوەی گۆرانیی نوێژ وەرزشی پڵینگێكی شەپڵە لێدراوە
هاتوهاواری بەدگۆ و گەلحۆی دێتە ناوی
كەشوهەوا بە باران دڵشادە
زەویش دەستی دڵنەوایی و ئاسوودەیی پڕ میوە و یادگاری وەرزەكانە
ژێریی ڕۆژهەڵات
قاقایەكی ئاشتیخوازانەی بەڕوومدا بەرەڵڵا كرد
بە شیری ڕووەك ئومێدی كردمە قەڵای دمدم
لەشكری چاوڕوون دەگەنە ناوی هەڵە و ئاوازەكانمان جوانتر دەردەخەن
ئەگەر زەوی ڕەگی درەخت پتەوی نەكردبێ دەتوێتەوە
زەوی بتوێتەوە دەبێتە گلێنەی ژەنەڕاڵێكی دۆڕاوی چاولێڵ
قەرزدارە بەسڵاوی ئەو ئاگرەی
باران نەیتوانی بیكوژێ
ئاگر ئەی ئامانج و بەخششی هەموو پێگەیاندنێك
نووسەری هەموو ژیان لە دیمانەیەكی تایبەتیدا
وچان و هەست نیشان دەدات
پاشان بەناوبانگێكی پڕ دروود و شكۆوە دەچێتە ناو بلیمەتی
ون نییە وەك ئاوازێكی شاد و بریسكەدار
سۆزی منداڵیی

بێگەردیی چارەنووس
بەندەناسیی شکۆ
جەربەزەیی سەرەتا
دەگەڕێنەوە ماڵەکەت
کە لە شادیی بەهەشت درەختی بنەماڵەی خوێندراوەتەوە
دیوارەکانی دەنکە تەزبیحی باپیرانمانە
پەنجەرەکانی بیلبیلەی چاوی حەیرانبێژانمانە
دەرگاکانی دەمی پاکی فریشتانە
ژوورەکانی هەستی بەختەوەریی یەزدانە
لەگەڵ مانگ ڕێککەوتووە
بەشێك لە گەنجینەی ڕووناکی
بەدرەختی حەوشەوە بکات
هەموو کەسێك ئازادن پێویستییەکانی خۆیانی پێ بکرن
یاد ئەی خاوەنی هەموو پەیمانێك
کە ڕێکەوتنامەی بە شیری ڕووەك ئیمزا کرابێت
تێبینی بکە دڵی تەرازووی مام زۆرابە
ئەگەر لاسەنگ بێ ڕیا هەناوی ژیان دەخوات
زەبروزەنگ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ
لە لایەنگریمان بۆ ژیانی نازپەروەر و شیاو ڕووێندران
فڕوفێڵ لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ
لە لایەنگریمان بۆ ژیانی ناز پەروەر و شیاو ڕووێندران
ڕکوکینە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتەدەرێ
لە لایەنگریمان بۆ ژیانی نازپەروەر و شیاو ڕووێندران
پڕوپاگەندە لە هۆشی پیاوی ئەهریمەن نەژاد هاتە دەرێ
لە لایەنگریمان بۆ ژیانی نازپەروەر و شیاو ڕووێندران

کاتژمێری خەبەرکردنەوە خەبەری کردمەوە
ئارەقە و چەوریی نووستنم لە دەموچاوم لادات
ماوەیەکی کورت لەبەردەمی کتێبخانەکەم وەستام
هۆشم هاوێشتە ناویان
دیوانی نالیم بۆ خوێندنەوەی شانازیی کەوتنە گیان دەستنیشان کرد
چایەکە پێگەیشت
پارچەیەکی گەورەم لە کێکی ناو خوانچە بڕی
دراوسێکەی بەرانبەرمان
لە زەنگی دەرگای دا هەموو بوونی بووە سۆز و هاوار
دیکتاتۆر دەموچاوی شکۆداری دایە زەمینی تێکشکاند
دەتوانی بێیت بۆ سارێژکردنی یارمەتیم بدەی
ئا بۆ نا
شووشەی قۆڵۆنیام لە شوێنی خۆی دانایەوە هەنگاوم نا
ڕەویێك باز بە تەنیشتم تێپەڕی
زەمین سرەوت
نووسەری هەموو ژیان ناوبژیوانی ئاژاوەکانی زەوی و ئاسمانە
چارەنووسمانی لە کتێبی چی ئێمەی هێنا
بەخەون چواند بەڵام نەزاندرا بۆ نەینەخشاند
گەردەنی ئازاد لە ماڵی گەشاوەی خەیاڵ نیشتەجێی کردین
خەون سروودی خۆگری پێگوتین
دەمی حەزیای کلیل دا
گۆی مەمکی ژنی نەزۆك دەنگ بە فەرمان و تووڕە و لاسار و بەخیلە
ماسی براوەترین پاڵەوانی مەلەوانییە
بەرەنگاربوونەوەی شەپۆلی ستەمکار و گێژەنی پێخۆشە
ئێمەش شەقامی نیازپاکی و نزای خودایی و گەشتی درێژ

بانگ و سەڵای ناو پەندی پێشینان فەرمانی پێکردم
لاسایی ڕاستەقینەی ئاگرکەرەوە یان ئاگردز بکەمەوە
چ جوانە
جووکە جووکی یەکەم فڕین
دەنگوباسی پشووی هەفتە
بەروبوومی کشتوکاڵ
گریانی گەرمی ئیماندار
کتێبی چی ئێمەی هێنا ئەی گیانی ڕێزلێگیراوی نووسەری هەموو ژیان
تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بە ژیان دا
تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بە جوانی دا
تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بە زیندووبوونەوە دا
تارمایی یان خەون یان مرۆڤی ڕوون مانایان بە نەمری دا
گۆرانی بەرەو جەنگی سەرفرازی ڕازی کراوەیە
هەموو ڕێگاکان بە ئومێدت دەکات
برادەری یاد و درووود
لە باخچەی گشتی یان خەزێنە یان مەیدانخوازی شەهید نەکرا
لە تووڕەیی و سەرگەرمیی سروودگوتن خۆی کوشت
نووسیبووی خانمانی ڕزگاریکەر لووتکە پێپەستن
ئەرێ کوێندەری دامێن لە ئاوی مردوو شووشتن نقووم بکەین
چاوساغانی سەوزبوون و پشکووتنی بەهاری ئێمە
ئەو چرکەیان سرووشە جەنگ تێیدا بەرپا دەبێ
هۆشم بە ئەشق و بڕوا و تەنیایی خودایی ڕوونە
دڵیشم هێشتان سادە و خەونی دەڕوانێ
ماڵی خەون ژوورەکانی لەناویەکدان هاتوچۆکردن تێیدا جەژنێکی داگیرساوە
خانووی یەك نهۆمن
زەوی لە ژێر پێی دانیشتووان خەونی ئەسپ دەبینێت

## ئاوێتەی یەکەمی سرووش

کوندەبۆ ئەی پرسیارەکانی چارەنووس و دۆستی کۆیلەیی
باڵەکانت لە خێزانی ناکەس بەچە ڕوواون
ئاژاوەکانی زەوی بۆیە توانییان
شلی بکەن و لە فڕین دایبگرنە سەر گردە نزمەکان
دڵنیاییت لە دەست دا
ژیان بەو ڕەنگە دەبینی دوژمنایەتی جۆشاندبی
هێلانە و ماڵ و سامانی باپیرانی فرۆشت
ئەم و ڕەچەڵەکی جەژنی بێکۆتاییان لە بەیندا نەبوو
لە دەنووکی نووسراوە ڕۆژگارێك چاوەڕوانمانە جێی شانازی نییە
کلیلی خەزێنە لە دەستی نەزانێکی دێرین دەشاردرێتەوە
بەدبین هیچیان زمانی خەزێنە فێر نابن
کتێبی چی ئێمەی هێنا دادەخرێت

## ئاوێتەی دووەمی سرووش

باز ئەی پرسیارەکانی چارەنووس و دۆستی بێباکی
باڵەکانت لە خێزانی خانەدان ڕوواون
ئاژاوەکانی زەوی بۆیە نەیانتوانی
شلی بکەن و لە فڕین دایبگرنە سەر گردە نزمەکان
دڵنیاییت لە دەست نەدا
ژیان بەو ڕەنگە دەبینی برایەتی جۆشاندبی
هێلانە و ماڵ و سامانی باپیرانی پاراست
ئەم و ڕەچەڵەکی جەژنی بێکۆتاییان لە بەیندا بوو
لە دەنووکی نووسراوە ڕۆژگارێك چاوەڕوانمانە جێی شانازییە
کلیلی خەزێنە لە دەستی زانایەکی دێرین دەناسرێت
ڕوونبین هەموویان زمانی خەزێنە فێردەبن
کتێبی چی ئێمەی هێنا دەکرێتەوە

**١٩٩٩ - ٢٠٠٠ هەولێر**

# بلیمەت

١

شتەکان هەر هەموویان دووبارە دەبنەوە
بە مردن و لەدایکبوونەوە
بەهانەکانیشی بەڕاستی نوێژت پێدەکەن
نوێژ ڕەنگی خودا و ئاو و شیعرت دەداتێ

٢

بیرەوەریی یەکەمین دیمانەی زەمینی جوانی
ئینجانە دەخاتە ئاخاوتنەوە
لە شەرمی نازپەروەری خۆی
بە
ئەمەکنەزان

دەمبەڕەڵڵا

دەروون هەڵبزڕکاو

کردار ڕەشی زانین

بوومەلەرزەی مەست بەخراپەکاری ڕووناکیی لێ لاداون

شخارتە و مۆم بە ئاستەم گیانیان پێماوە

چ سوود بچیتە فریایان

دەستیان ماسوولکەی هەستیاریی تێدا بووەتە بەروبوومی زێدەڕۆیی

بۆچی و چۆن هەڵیلووشین

لەناو ئامێزی ساردمانەوە

کزولاواز چاو بە تکا و پاڕانەوە داماون

هەست و هۆش و هێزیان لوول بکرێتە ناو قەوانێك

گوللەی دەمی پڕ حیکمەتی ڕەندێکی بەست

فڕێیدایە لای گوڵە بە بارمتە داندراوەکان

ڕووبار لە قووڵاییدا هەڵەی کردووە

ئەسپی بلیمەت لە تاو ناشیرینیی سوارەکان

لەنجەولاری لەبیر چووەتەوە

نامە لە کەسوکاری دوور ناگەیەنێ

دەستنووسێکیشی لەبەردەستدا نییە

زانیاریی ئەوانی تێدا بێت

ماسی لەناوی چاودێری گەرا بکات

ببێتە برادەری بێچووی لە خەم ڕەخسیو

پێبکەنن و پێش بەگریانیان بگرن

٣

ڕوخسار زیرەك لەسەرەتای ڕێگا کەوتووەتە سنووره بەستراوەکانی
ڕك
لێژایی
کەوتن
لەناوچوون
دەست بەباڵییەوە دەگرم
دەیهێنمە ناو شکۆی ئەستێرەناسێك
ڕقی لە زۆرنووستن ببێتەوە
بێوچان لەگەڵ هەست و هۆش و هێزی پەپوولە سلێمانە
هەموو شتێکمان لەبیرماوە
بچینە ناو گیانی لەخۆڕازیبوونی لووتکەی بێپەروا
هەنار بەهەوای پاکیان دەنکی سوور دەبێت
تامیشی مێخۆش
پەپوولە سلێمانە لەکاتی فڕین چاوی خرۆشاوترە

٤

ئەهریمەنی ناو ئەشکەوتی خەواڵوو
مانای بۆینباخی ڕەش و هەموو شتێکی لە هەست و هۆش و هێزی تۆمارکردووە
لاشەی خاوی جنۆکەی کۆیلەش ختووکە دەدات
کورسیی پرسگەی نینۆك درێژی چەواشەکاری جاڕس کردووە
گۆرەویی بەدناوییش خوێنی ملکەچی لەپێدا جۆشاند
بەکۆڵانی دەست لەسەرسینگ بڵاوی کردەوە

هەڵم ڕەنگی ڕژاندە سەر ددانی مشار
مشار بە بیانووی ددان شووشتن
لە ناخی درەختی دووبەر
بانگەوازی خێرا فریامکەونمان بیست
بانگەواز جگە لە چرای چێشتخانەکان شتێکی تر نییە

٥

بێباك دەمی تێکەڵ تیغی پڵینگی سروشتخواز لێکدەکەمەوە
لە ددانەکانی دەڕوانم ببینم هێشتان لاوە
هەست و هۆش و هێزی لە پاڵ دەنگی یەزدانی و سروود و پەیمانی ئێمەدا
ئاوازبەخش
پەنابەخش
چاویلکەبەخش
پەیکەربەخش
وەك بای بەهاناهاتنی دەریا بە ڕاستگۆیی ئاراستە دەگرێت
دەنگی پێی هاتنی پیاوی بڕوادار لەناو باران
خۆشنوودییە دەچێتە ئەژنۆی مامز
بیر لەو ڕێگایە دەکاتەوە پێیدا دەڕوا
حەزیشی لێیە کەو مۆڵەتی ڕێوڕەسمی بۆنەکانیان وەربگرن

## ٦

بارانی تەوەزەلی تازەگەیشتوو درەنگ کەوتی
پەپوولە سلێمانەی حەز بە چاکە بە نەرمی گوتی باران زانا نییە
لە پشت ئەم کۆشك و هەزار و یەك تەلارە
دیوار و بەردی ئاسوودەیی حەز بە پیاسە کردوو فەرمانڕەوایەتی
بە دڵێکی چالاك وچانی دا
لە دەروونەوە ماندوو بوو
کەوت
ناوچەوانی لە گەرمیی بێبەختی دەسووتا
پرسی ئەرێ بچین بۆ کوێ
میوە هاوینییەکانی کوێندەر پێگەیشتوون
لە درەوشانەوەی خەڵوەت و دڵ لەدڵدانی پاکانەی گومان
کابووسی ناقۆڵا ناوی ئەنگوستیلەی حیکمەتی لەبیر بردوونەتەوە
دوورگەیەکی پشتگوێ خراوە
دەست و پەنجە لێوی بەستراوی کتێبی دایك و باوك ناکاتەوە
ژیان دەبێتە ئەشقی تەواوبووی چاوی مردووان

## ٧

له فەرامۆشیمدا بارانی هەمیشەیی دێن
دەست دەخەینە ئینجانەی سێبووری
هەستی خۆی تەنیا بۆ کاتی کورتی گەشەکردنی گوڵ دەدرکێنێ
دەچین لەگەڵ وجاخی ڕوونی ئاسمان
لەسەر پێستی خۆشکراوی زەمینی جوانی دادەنیشین
گۆرەوییەکانمان دەخەینە ئاوێکی گەرمەوە
بە پارچەیەك
پەنیر و کولێرەیەك و هەنگاوی گێژوویژەوە
لە بەردەمت ئەی ئەفسوونی شادی
گوێڕایەڵی سەدساڵەم
فەرمانت بە چییە
درەنگ هەڵکشاویتە لام
ئەی ناوداری سۆزی ڕۆژهەڵات
سەرگەردان بووم
لەناو مەحاڵ و تووتی و ژەنگ و شێی ئێسکی دێو
مرۆڤ خۆی بۆ خۆی دێوە
گوناهـیان ئاشکران
تا سەوزاییم هێنایەوە یاد
زمانی بەرەو بە تۆ گەیشتنم جەنگا
لە خەونمدا بانگی گیانە نەمرەکانم کرد
بە ئاوی بن کووپە دەموچاویان شووشت
زەنگوڵەی ملی مامزی حەوشە لەرییەوە
ئاوازدانەر بەڕیزەوە

مەشقی نۆتەیان لەسەر کرد
نۆتەیەك هەمووومان لەسەری کۆبووینەوە
ڕابەری گۆرانیبێژان لەکاتی گۆرانی گوتن چاوی خرۆشاوترە

٨

لە نیازیان حەشارگەی پاراستراو
دەنگی دلێرە ڕێوی
ترپەی دڵی سستیشیان
بە بۆنی گۆرەویی تاوانباران
سووڕی تەواو وەردەگریٚ
چاوی خۆویست دەوروبەر وا دەبینیٚ
بۆ ناچنە سەر پشتی ئەسپی بلیمەت
خۆشییەکی ئاوالا ڕوونتان بکاتەوە
جوانی لە هەست و هۆش و هێزتان بمێنێت
بە مردوو نەژمێردرێن
زەمینی جوانیش گۆشتان بکات

٩

سبەینیٚ دیدارێك لە چاوی ڕوخسار زیرەك هەڵدەقوڵێت
سوور
سەوز
شین
زەرد
پرتەقاڵی

مۆر
قاوەیی
پەلکەزێڕینە ڕەنگەکانی چەشنی لاولاو
بەلاپەڕەی کتێبی دایك و باوك بەرز دەبنەوە

## ١٠

زەمینی جوانی کێڵگەکانی گەنمەشامین
خاوەنی ڕووناکییەکە ڕازی دڵی لەناو دادەڕێژرێتەوە
ماناکانی سادەیی لێوە فێر دەبین
چاوم بڕوادار و مەستە
بە نانی گەرم و نارێکیی شەقامی لێوانلێو لە ناسیاو
هەست و هۆش و هێزیشم
ڕۆشنایی داوەتە پێناسەی شوێنپێی ئاسمانی
سڵاو لە دار هەڵووژە و بەردەباز دەکات
بەڵێنی ڕیا دەنگی قەلەڕەشی زۆربڵێ بوو
نەمرە بەدبەختەکان لە سادەییان تێبینییان نەکرد
نەیتوانی بەداخورپانی دڵ و تاسە و پەرۆشیی ڕابەری گۆرانیبێژان
مۆسیقا لە هەست و هۆش و هێز بڕوێنێ
ئەرێ گۆرانیی چی دەڵێت
کەمانچەژەنی نائاشق
تاووسی تەمبەڵ
پۆلیسی خەواڵوو
باجگری چارەگران
نابن بەهیچ پیرۆزییێك

دەبنە پیرۆزکراوێکی لەبیرنەکراویش
گلەیی لە بەخۆنازینیان دەکەن
تەمەن لە ژیان گرینگ نییە با دەستی لێ بەردەین
عەلاگەی جلك هەڵواسینیان هەروەك خۆی دەمێنێتەوە
زەوی ئەوەی لەباران گوێبیستی بووە
بەهار بە گوێی جۆگە وشکبووەکان دەیچرپێنێ
جۆگە لەڕووترین جوانییە بۆ پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان گیانداری یاخی و ماڵیی
باران بەرگدروویەکی شارەزایە
ئاسمان بەزەوییەوە دەدروێت
کە جانتام بۆ گەشت پڕکرد لە بەهرەی
دانبەخۆداگرتن و کاتی کورتی گەشەکردنی گوڵ
لووتی ئەسپی بلیمەت پژا
زەمینی جوانی برینی پڕ خوێن بوو
هەراو هۆریای دێویش
بێگومانەکان سوور هەڵمەگەڕێن
یەکتر بانگ بکەن ژیانەکەم
ئەم وشەیە بکەن بە هی خۆتان
تا هەتایە بەختیار دەبن
فەرامۆشی سەرنجی پڕ گلەیی بەم جۆرە نادۆزرێتەوە
پێویستە لاپەڕەیەك بۆ پرسیاری سادەییمان جێبهێڵین
گۆڕمان دەکەوێتە کوێی زەمینی جوانی
ئەستێرەمان لە ڕاکردن بەدوای بەیداخ هەڵدێ
یاقووت و شیر و سێوی سووری ژیانمان
بەسەر دابەش دەکات
بووەتە جێگای سەرسامیی هەر هەمووومان

دەریا نەریتەکانی ڕێزگرتنی پاراستووە
ڕێگای بۆنداری یارانی هەمیشەیی دەباتە ئاهەنگی هەنگاو توندبوون
پێیان لە فەرموودەیە
دەستیان لە قسەی نەستەق
بەو ئومێدەم نامەکانی لە باپیرانمەوە پێمگەیشتوون
بەدیار ئەو سروشتە زیرەکەی کە ناتوانم ڕکم لێی ببێتەوە
دێڕە جوانەکانیان بگوازمەوە وتووێژی لە کارکەوتنی چاو یان چەواشەکردنی هەست
پاشان پێیەکانم کە لە جووڵەیان ڕووەك ڕەنگی خۆش دەبێت
لەناو پێڵاوێکی چەرم پشوو پێبدەم
گفتی نهێنیبین گەشبینی بە شەقامێکی گەمارۆدراو گەیاندە شاری
سەرقاڵ بە پەپوولە سلێمانە
لێرە لە بازاڕی ڕەش و گاڵتەجاڕی
دوازدە مانگی ساڵ لای گیانی ناوازەمان بنازێ
دەرگای ژووری خەزێنە
چوارچێوەی جامخانەی کۆگا
سێپایەی کامێرا
سەوڵی کەشتیمان
لە داربی دروست بکات
دڵنیاشبین تایبەتە بە ئێمە
خوێدانی سەرخوان دڵکەش و ئەمەکداری کردووین
لە وتووێژی چۆنیەتیی بت شکاندن
پەندە نووسراوەکانی خستە ناو ڕستەکانی حەکایەتخوان
بت شکێنەکانیش لە پاپۆڕ هاتنە خوارێ
گومانی کەناریان کرد بە یەقینی
کورتەیەك لەبارەی شارێك هەبوو سروودی نەمرەکان

دەریا بەدەست ستایشێك كە پەیامی تێدا بەدی ناكرێ حەسرەتدارە
جەنگاوەرانی دێرینیش بێكەس و خۆراك و گۆپاڵی فریاكەوتن
چیرۆكی ناسكی باخچەوانی باخچەی بەندیخانە چ شێوە و ڕەنگێكی ماوە
چاو بە بینین نا
بە كوێری ناودارە
كێڵگەی خوێنیش دەست بەڕووی كاروانی هەزارویەك ڕێگاوە دەنێت
خۆی پارچە پارچە دەكات
هەوا شێدار بووە
دیارە لە ڕووبار نزیك دەبینەوە
ڕووبار بەدەم ڕۆیشتنەوە هیواكانی زۆر دەبن
بۆیە بەپەلە هەموو سنوورە بەستراوەكان دەكاتەوە
بەدوای گەیشتن بە ناخدا وێڵە
ناخ دەبێتەوە یەكەمین دیمانە
خوداوەند بەو زیرەكییەی خۆیەوە
نابێنی لەگەڵ مردن كۆتایی پێهێناوە
خەریكی سووربوونی سێوی ژیانە
لەم ئەزموونەیدا فنجانی قاوە هیچی پێنالێت
شەو سامالە
مانگ تا بلێی دڵخۆش و خومار
دێم ئەی كەروێشكە نەشمیلەكانی تێبینیی تەواوبوونی وەرز
لە دەفتەری سروشت ڕوون دەكەنەوە
تێبینییەكانی كتێبی دایك و باوكیش بكەنە چرای ماڵی ناتەواوی مانا
درەختەكانی كەنار ڕێ
تۆزی پێی هاتوچۆكەری نائاشق سییەكانی دەردەدار كردوون
بە درەنگەوە هەناسە دەخۆنەوە

زەمینی جوانی دەتوانێت ناخمان بکاتە ئاڵایەکی هەڵدراو
ئەو پردەی هەستی لەخۆڕازیبوونی پێیەکانم
بەسەریەوە شاد و پتەو دەبوون
بۆ
قوتابخانە
دیداری بازاڕ
کتێبخانە
تۆمارگای گۆرانی
تینی barووت کردی بە لێڵاو
ئەوکاتە سنوور بایەخی نامێنێت
ئیدی سەرەتای دلێریی بەیانە
شکۆی خۆر پێڵوومان لەگەڵ خۆی دەباتە ئاهەنگی ڕابەری گۆرانیبێژان
پەپوولە سلێمانەی لانەواز باڵەکانی بۆ پێشبڕکێ لەناو ڕادەهێنێت
بە هێلکەکانیشی دەنازێت
دەنگی ڕابەری گۆرانیبێژان و هەوری ئەوەڵ بارانی ساڵ
تارای نەوازشن بەسەر خەیاڵ وماڵی یارانی هەمیشەیی
قسەی نەرمونیانی تاج زێڕینی فریودەر
کەمتر نییە لەدۆستایەتیی ساختەی خێوی بێئامان
دەستی پێخستمە سەر مشتووی خەنجەری ڕەچەڵەکم
نقوومی گیانی خودایی بووم
شار لەژێر باران پێستی دەموچاوی پەمبە هەڵگەڕا
کۆمەڵێك خانووی لێکدی دووری پەردە لە هەست و هۆش و هێز
سرووشی پایەداربوون تێیاندا وەك شەونم لە داری بە بەر دەنیشن
لە پەنجەرە کە هەتاو لەناوی ڕێزلێندراو دەبێت
دەرەوەم کێشایە ناوی

پەنجەرە لە بڵاوکردنەوەی وەفا دەستبڵاوە
ئەوەی بەپێشیدا تێبپەڕێ گوڵاو لە دڵی نزیك دەبێتەوە
گوڵاوڕشێن حەوش و بان داگیر دەکات
داگیرکەرێکی جوان و بە بەزەیی و هەنیە بڵندە
بەڵێنیش تازە دەکاتەوە
بۆ بینینی پێویستییەکان چاوی ڕوون بێت
خودایە بەر دلۆڤانیی تۆ بکەوێ
ئاوی دەروونم کەنارەکانی نقووم کرد
لەناو فنجانی بەختکرانەوەدا بوو بە ناونیشانێکی سەرنجڕاکێش
پەپوولە سلێمانە لە بەرزفڕین و بەختەوەری دەمرێ
دەکرێ بەسروودی قوتابخانە سەرەتاییەکانت بچووێنم
ئەی بەرزاییەکانی ئەستێرە لێدەرکەوتن
ئایا قەلەڕەش
هێلانەی بە پووشی سپی هەڵدەهێنێت
هێلکەکانی چ ڕەنگن
بێچووەکانی کە هێشتان بە بەدخوویی پەروەردە نەکردوون
پەڕیان چۆن دەڕسکێ
ڕابەری گۆرانیبێژان لە سندووقێکی داخراو هەڵگیرابوو
گۆرانییەکی تازە تۆمارکراویشی پەخش دەکرا
بە فیلمی ترس و لەرز و چەپۆکی گورگی حۆلت تێدەگەم ئەی سندووق
سندووقی دەستنووس و ئەزموون
سندووقی تەرم و بووکەشووشە
سندووقی پیلان و مێوە
سندووقی دووپشك و دروشم
مەلەوانێکی چالاك باوەشێ گوڵی لە دەمی گێژەن ستاندەوە

لەناو قۆرتاییی ئەو ناوکەی دانا
ئاو لە جەستەی خانومانی زەمینی جوانی دەستنیشانی کردبوو
پاشان کردی بەمێزی کارکردنی
ئەو پەپوولە سلێمانانەی لە بەرزفڕین و بەختەوەری مردوون
فڕۆکەوان لە ئاسمان درێژە بە مەشق دەدات
کۆمەڵێك منداڵی هاروهاج
فڕۆکەیەکی مقەبایان دەکردە بارهەڵگر
فڕۆکەیەکیش گەشتەوەریی دەگەیاندە ڕاز و بەختەوەریی شوێنەزا
دواتر بوو بە قەلەڕەشی جەردە
بەردی هاوێشتە ناو فەخفووریی پڕ خواردنی ماڵە جوان و ڕووناکەکانمان
کە یەکەمین جار چارەنووسی گیانلەبەری لەناو دەستنیشان کرا
دڵە خورپێی نەخۆشی سەرتەختی نەخۆشخانە
گەردەلوولی کوشندە
لافاوی فراوان
لەشکری پاشای نۆبەرە مردوو
هێرشی درێژخایەنی هەورە تریشخە لێیدان
قەلەڕەشی جەردە
لە ئاسمان باڵی ناز دەکات
هەواڵی وشکبوونی شیری هەنجیری پێیە
زەمینی جوانی خوێن دەپاڵێوی
لە چەند ساڵییەوەش ئارەزووی زاوزێی ڕسکا
خوداوەند بەهەڵوێستەکانی خۆیدا نەچووەوە
پێویستی بەسزایە
دایکم گەنمەشامی لە بێژینگ دەدا
خوشکم گوڵەبەڕۆژە دەبرژێنێ

براکانم لە دەوری باوکم کۆمەڵیان گرتووە
بەناوی خۆیان بانگیان دەکات لای هەڵکورمێن
نیازەکانی کە بۆی جێبەجێ نەکران بەسەریان دابەش دەکات
بەڵێنیشیان لێ وەردەگرێت خیانەت لە وەسیەتی نەکەن
کۆسپ بەهەست و هۆش و هێز
دەبێتە ئەو ڕێگایەی شوێنپێیەکانت بەیادگاری خۆی دەزانێ
پێیدا بڕۆیتە هەموو شوێنێك
بە سەنگەر و ژوانیشەوە
پردیش ئاوا دروست دەکرێ
گیانناس ئەی مێوانی زەمینی جوانی
هاوڕێیەتیی ئەستێرە و مانگ و مراویی
ناوجۆگەی شەوی ڕوون گۆشی کردووم
جوانی بکوژرێ کێ تابلۆی ماڵ و خەیاڵ دەکێشێ
کێ بەماڵ و خەیاڵ دەڵێ
وەك تاووس پەڕەکانت بکەرەوە
ماڵ و خەیاڵ بە چی ترێیان دەڕسکێت
پاشایەکی بێدەست و پێوەندم
ماڵ و خەیاڵ
ویستەکانیان لە ڕوونیی شووشە داوا کردووە
خوداوەند گوڵی جۆراوجۆر بۆن دەکات
ددانە تۆقێنەرەکانی پیاوی مردوو لەوەو بەدوا
ڕاماندەکێشێتە ناو چارەنووسێکی دەستنیشاننەکراو
گیاکانی زەمینی جوانی
زۆرم پێخۆشە
لەبری ئەوەی هاواربکەم ئەی بەخت

نووسینی ناوچەوانم بپشکوێ
لە پشکووتنی مۆسیقاژەنەکان
ئامێرەکانیان بگرن بە دەستەوە
تا ئەوپەڕی برین سارێژبوون شادبن
ئەی ماڵ و خەیاڵ
کەی دەنگ و ئاواز و خرۆشان دەبنە ئارەزووی نەمری ئێمە
سەیری هەموو لایەك بکەین
مۆسیقا بەجێهێنانی پەیمانی خۆشنوودی زەمینی جوانییە
برینەکانی کتێبی دایك و باوك پاك دەکاتەوە
هەواری یارانیش لە بارێکی چاکدایە
گردەکانی سەرسامی پڕ ئاهەنگگێڕن
دەنگ لە لێومان خۆی ڕاپسکاند
تیژ ڕەت بوو
بڕوا بەگەف و لاوانەوە ناکەین
مرۆڤ لە ناواخنی بەردەوامی
خۆی لە هەنگوینی نایاب دووبارە دەکاتەوە
ئاژەڵی ددان کەوتووش لە دڵی دەنگدار
شەمشەمەکوێرە لە ئاسمانی ڕۆژەکانمان
هەستی کردووەتە تەمومژی چارەنووس
خۆش دەفڕێ
شوێن باڵیشی بانگەوازە بۆ وەرگرتنەوەی
تەرمە هەڵواسراوەکانمان
دەشێ نیشتیمان بەدڵی خوداوەندێك بێت
هێشتان دەسەڵاتی دەستنیشان نەکراوە
وەك کەتانچین بەناویدا دێت و دەچێت

تەنیا قسە و نزایەکیش بۆ بەردەباز ناکات
نەیتوانی سێبەری خۆشبوێ
هەروەها هەتاویش
لە پەنجەرەی ماڵەکەیانەوە
چاودێریی منداڵەکانی ناو باخچەی دەکرد
سۆز شکێندراو و ئاڵا داگیراو بوو
نەیزانی گوڵ و منداڵەکان
بهێنێتە ژێر ئاسمانێکی سادەی دڵگیر
ئاگرێك بکەنەوە
هەرچی پەپوولە سلێمانەیە داری بۆ بکێشن
خوداش خۆشی بکات
دەحەسێتەوە و دەماری پڕ خوێن دەبێ
پەیکەری ڕێزلێندراوی دوای مەرگی خۆی تێدا بەدی دەکات
بە چاوی گەش و کراوەوە
پەنجەکانیشی بەڕەڵلای ناو ژیان
ڕەگ تەواو وەڕس بووە لە داوای گەڵا
خاك لە بەندەیەکی خۆی
نەزانێ ناو لە گوڵی باخچە بنێت
پشکێنەری تەختەڕەش سەروبنکەر
چارەنووسی بەرزبوونەوەی دەستنووسەکانی
لە قوتابخانە پاراوەکانی ئێمە تۆمار کردووە
دوو سمۆرە
لە درەختی هەست و هۆش و هێزت
داخوازیی یەکتریان قبووڵ کرد
پاشان گوێزەکانیان ئامانەتی دەستەکانت دا

تۆزوبای ناپەسەند چاوی شێواندووی
هەست و هۆش و هێز
وادەی بینینی پێداوین
بۆنی لۆبیای سەوز و باینجانی سوورکراوە
دڵخۆشی ئاگر و ڕۆن و خوانە
بایەکی ناحەزیش بۆنی قیرتاوی شەقامی
دەهێنا ناو ژووری نانخواردن
هاوسەرەکەشم قەندی لەناو تاخمی چا دانا
گوتی سروشت
ڕابەری خۆی هەڵبژارد کە باران بوو
ئێمەش کەی پەپوولە سلێمانەیەك
بۆ کوڕ و کیژەکانمان پەروەردە بکەین
ئەستێرەناس زاری هەڵێنا بەرەو ئاسمان چوو
گوڵە گەنمەشامی ژیانی دەنك کرد
پاشان دای بە یارانی هەمیشەیی بە بەری بێنن
زەویش پڕە لە گوێڕایەڵی بەرێکەوتووی
ئەو ئەستێرەناسەی ئاسمانی کرد بەخاوەنی پێغەمبەرێکی لەش سووك
من و کۆمەڵێك
قۆزاخە
شا هەنگ
خاڵخاڵۆکە
جوانوو
هانامان بۆ ئازادیی سروشت برد
یارمەتیمان بدات
ڕۆژانە بە دەوریەوە ژیان خۆشبکەین

شەویش بگەڕێینەوە ماڵەکانمان
شووشەی چرا پاك بکەینەوە
ئاوازی تاڵ وەك هێزێکی ستەمکار شالآوی هێنا
ترساندمانی
پەپوولە سلێمانەیەکی بچووك
لە سەربانی هۆڵی کۆبوونەوە گشتییەکان ڕایکرد
هێلکەکانی لەناو دەسماڵێکی گوڵگوڵی دانابوو
ئەو وێرد و ئەشق و خوێندنەی
برینی گەرمی درەختی بەردار سارێژ دەکات
وچانە لە تاجی ئەستێرەناس ڕژاوە
بە درێژایی تەماشاکردنی چاودێرێك
زەوی بە مرۆڤ خرۆشاو و چالاك و هۆشمەندە
ئاسمانیش بە خۆری دەگمەنی نەبەرد
ئەستێرەی دۆستی کاروان
مانگی چاو گەورە
هەوری وجاخڕوون
مردن ڕازی خۆی ئاشکرا کرد
ژیان بۆ ئاشکرای ناکات
هیچ مایەیەکی دڵخۆشیش نارژێنێتە زەمینی جوانی

## ١١

باران لێرە یەکەم جاریەتی
بە دڵپاکی لەگەڵ یارانی هەمیشەییە
بۆن و مانای ناوازەی دەڕژێتە چاوی
بە هەڵمی شیری هەنجیر
هەستیار
سادە
خومار
ڕوونبین
ستایشی نەزانانە نییە
قەرەباڵغییەکانی ئاسمانی هاوبەش
هەنگاوی ئاوالا و گیانی گەرمی هەموو جیهانی بەسەرەوەیە
ئێسك و پەڕوباڵی پەپوولە سلێمانەی لێ هەڵدەقوڵێ
چاو لە ئەفسانەی دابارین چۆن باسکراوە
حیکمەتەکان دەکاتە دەستنووسێکی کاریگەر
دەجۆشێ و لە ڕۆشناییەکی سروشتی
پیتەکان مەشقی گەیشتن بە چارەنووس پێکدەهێنن
باران زەمینی جوانی کردە
جێگۆڕکێی ڕووناکی بێگەرد و کتێبی دایك و باوك
پاکانە و ملکەچی شەپۆلێکن
دەچنەوە سەر سۆز و دڵڕاگرتنی گورگ
نەزانین دووبارە دەکەنەوە
بۆ ئەوەی ئێمە دڵخۆشبین
دەچینە دیداری ڕووباری وشکبوو
داوا لە ئەڵماسە جێماوەکان دەکەین

ئەرێ پێناسەی ئامۆژگاریمان دەدەیتێ
چاوەڕوانی لەگەڵ ژیان چی پێ نەکرا
لە دواکاتدا زمانی ڕەنگە دڵخۆشکەرەکانمان بردە ناو مۆسیقا
بارگرانیی دێڕە نووسراوەکانی لە ناوچەوانی فڕێدا
زۆر شتی لەبارەی داخوازییەکانی
هەست و هۆش و هێز زانی گەشتی بیرکردنەوە ڕسکا
گەیشتین بە پەڕوباڵ و نوێژ
خرۆشی ژیان ڕژا
ڕابەری گۆرانیبێژان چەتری باران و هەتاوی هەڵدا
ئاگر بە یەکجاری ڕۆیشت
ڕەنگەکانی تابلۆی کیژی کافرۆشن
بەردی ژێر زمانی تەنیا بۆ ئەو دەموچاوانە دەکاتە ناوچەیەکی
بە مۆسیقا و تابلۆ و ئەسپی بلیمەت ناودار
لە بیرەوەرییەکانیان داوایانکردووە ئەی ئەستێرەناس
خاوەنی سورگیی دەرگاکان لە زەمینی جوانی دامانێ
هەڵدەری چەتری باران و هەتاو
نووسەرێکە بە زمانی کتێبی دایك و باوك دەنووسێ
وا کەسێکی تەواو ئەفسانەیی دەبینێت
بەختمان دەباتە لای ئەو پیرانەی بەیەکدەنگ ناڵێن سەروەرمان کێیە
نرخی گوڵیان دانا
دەشتوانن ڕووداو بخوڵقێنن
پەرە بەتواناکانت بدە بێ
شڵەژان
هەڵچوون
تکا

شەرم
لە وەڵامی بانگە بێنرخەکان
بە هەست و هۆش و هێزی چاودێری باخی پرتەقاڵ
دەستت دەخەمە سەر گەوهەری پێشینەکان
دەچین بۆ گشت شوێنێك
کتێبی دایك و باوك تێیدا سیمای خۆش بنوێنێت
مردووەکانی دەموچاوی لە باری هەر هەمووماننن ئەدی دەست و پێم چی بکەن
بارانی فرۆشراو
بەفری فرۆشراو
تەزرەی فرۆشراو
کرێوەی فرۆشراو
ئەرێ مۆسیقا چیی دەوێ
ناوبانگی میللی
پاشانیش خۆشییەکی گومانلێکراو
ئەی خاوەن دڵ
لە کۆتایی یاری خۆشگوزەرانی ئەسپی بلیمەت
وچانی بەرداش یان گەردەلوولی کەڵەبابی شەڕ هەڵنەگرتوو
بکە ڕەنگی تابلۆی کیژی کافرۆش
دەنکە زەنگیانە لەخوێندا شێوە هەڵدەبژێرێ
ناوەندی ملوانکە یان نەخشی سەر مشتووی خەنجەر
بە گفتوگۆی هەنگ و گوڵ تەم دەتوێتەوە
لەناو قەدی درەخت کۆمەڵێك ڕەنگ دەڕژێن
وا دەزانم یەکەم جارمە بریق و باقی ژیان
بە ئاسوودەیی برژانگەکانم ڕێکدەخات

## ١٢

ئاوی لافاو دابەزی

پۆپەی درەخت ڕزگاربوون

پەپوولە سلێمانە لەسەری نامەیان خستە سەر باڵی جەربەزەی شاگەشکەیان

وەڵامیان هێنایەوە ناو گەنجینەی ڕوخسار زیرەك

شوێنێك بۆ پشوودانی مێوانی ماڵە کۆچەرییان

دەنگی پێی دڵپاکەکان دوورکەوتنەوە

قەڵەمی دەست و پێ شکان

هیچ گەشبینییەك لە ئارادا نییە

ئەرێ بێدەنگی چی دەڵێت

کەمانچە یان دەمانچە

ژیان لە سەرەتاوە تا کۆتایی

گۆرانییەکە ڕووبەڕووی ئەو ڕازانەی کتێبی دایك و باوك بانگی کردوون

کلیلداری پیتەکانی دەبێتە سەرۆکی تیپی مۆسیقا

دەچینە گەشت و وچانی دەستڕەنگینی لەبیر دەچین و لەبیر ناچین

مۆسیقاژەن خرۆشی بۆیەکراوت لە دڵ ناگرم

ئایا ئەو

مرۆڤ

باڵدار

ئاژەڵانە

مردوون

مردار بوون

تۆپیون

ئاگری نازدارت لە کتێبی دایك و باوك دزی

ڕاستیشت لەگەڵ زەمینی جوانیدا نەگوت

## ١٣

کەشوهەوام بۆ خۆشکە ئەی ئەڵماسی خاوەن ناخ و بڕیار
یەکەم بارانی ساڵ
کووژەکەیە بە ناوچەوانی زەمینی جوانی
هوما لە کەژاوەی ناوازەی هێلکەکانی پێشکێش بە پەپوولە دەکات
وەریبگرین
کراسە گوڵگوڵییە نیو قۆڵەکەمان تروسکە دەڕێژێت
قەلەڕەش هەی جەردەی زۆربڵێ
شوێنێکی سەرکەش چووەتە ناو ڕەنگتەوە
لکی درەختی ڕووناکبەخش یان پەیکەری پاشای لە بیرنەکراو
داوی کراسە ڕەشەکەت دەردەکێشم
هەڵیدەوەشێنمەوە
بانگی تیترواسك دەکەم
نزیك لە ڕەچەڵەکم
ئەی دەموچاوی لەباری هەر هەمووومان
ئەستێرە بەڵێنی داوە
برژێتە ناو هێلانەت
خوداوەندی هێلکە ڕۆمانسی و دیدار شادە
لە جوانی ورد بووەتەوە
سبەینەیەکی گەش و ڕوون
تیترواسکم لە زەوی جیاکردەوە
چووە ناو ئاسمانی ڕووخۆش بەخۆرەتاو
بیرکردنەوە لەبارەی تیترواسکی نزیك لە ڕەچەڵەکم
گەشبینییەکی ساختە نییە

گەشبین ڕابەری گۆرانیبێژان
لە دوا ساڵەکانی تەمەنی دەتوانێ سڵاو لە کێ بکات

## ١٤

خوێنی خاڵخاڵۆکە
بانگی کەسێکی تەواو ئەفسانەیی کرد
ددانی پڕ هەڕەشەی دەرهێنا لە دەمی دەمانچە
زەردەی ئێوارەی نزیك کردەوە لە مۆم و خوان
پەپوولە سلێمانەی بەسەر دەریا هەڵفڕیو
مەست بەبێپەروایی
بەخت و دانایی دا کەمانچە
بە نیازی دڵۆپە باران
دڵگەرم بوو بە سەمای ناو دێڕەکانی کتێبی دایك و باوك
لە سەما ئاگر باز بەسەر نیشانەی سێدارە و گەشتی زۆرەملێ دەدا
ئەو دابونەریت و بانە بە ئەمەکە
دەکەینە شووشەی لالەی هۆی ژیان و گەورەمەندی پەپوولە
گومەزی زێڕین و نێرگز و حاجیلەمان تێیدا مەبەستە
پەردەکانی پووشی هێلانەی پەپوولە سلێمانەن
لە ناویدا بەرەو ناوەندی زەمینی جوانی دەڕۆین
لەوێشەوە بۆ تاهەتایی
دەنگی ڕوونی خودا کە لە ئەشق دەبێتە نەوا
لە ڕوومان دەدا
دۆستە شیر پاکەکانی بانگدەکاتە ناو کتێبی دایك و باوك

مردووەکانیش بە زەمینی جوانی ڕازین
نازوفیزی باران
نازوفیزی خاڵخاڵۆکە
نازوفیزی بازدانی سمۆرە لە لکێکی ڕووت بۆ لکێکی بەگوێز
نازوفیزی کەڵەباب لە ئەستێرە بزربوونی تاریك و ڕوون
چەند یادەوەرییێکن کەوتوونەتە بەرهێرش
لە کاتە زۆر تایبەتییەکاندا نیشانە و ناون

## ١٥

باران مزگێنیدەر و ڕابەرمانە
بەدڵۆپە گەورەکانی مانی بەزەمینی جوانی شکاند
بەو دڵنەرمی و وریاییەی بەناو شکۆی کێڵگە ڕۆیشت
شارێکی تەڕ و پاراو و بەپیتی بۆ بنیادناین
بارانە و باران
خەونە و خەون
ئاسمانە و ئاسمان
زەمینە و زەمین
ڕووەکی فەرامۆشکراوی بانگهێشت کردە ئاسۆی ناوداری
بریق و باقی ژیانی نیشان دا
بەڵێنی نازپەروەری بۆ بەرزنشین ئاشکرا کرد
هالاو لە دەمی ئەسپی بلیمەت بازنەی بەستبوو
ژن و مێردی وجاخکوێر بازبازێنیان بەناودا دەکردە
سێبووری و خەونی دیار هۆگری ژیان دەبوونەوە
ماڵیان دەبووە مێرگی سەمازان

لە هەوای زۆر خۆشی گیتار نقووم بوون
ڕەوڕەوە قاقای لێدا تاجی بەختیاریی پڕ کرد لە ئاواز
ڕابەری گۆرانیبێژان لەسەر خۆڵی شێدار
تووڕەیی خۆی خاو کردەوە
تیپی مۆسیقای خستە ئومێدی بێپایان و سەرەتایەکی گەرم
باران دەنگدار و ناودارتر ڕابەرایەتیمانی کرد
ئەوی گوتی زانیمان
بواریشی دا ئەوەی بمانەوێت بیزانین
هەست دەکەین شتێك لە هەناومان دەفڕێ

## ١٦

ڕوخسار زیرەك لەناو باخی هەست و هۆش و هێز بەدوای خەونێك وێڵە
ببێتە سەرەتای هەموو سەرەتاکان
دەشخوازێ ڕازە سەرسووڕهێنەکان
وەك خۆیان ببنە سووڕی خوێن
بە بەرچاوی کات
ئاپۆڕەی خەڵکێکی گەرموگوڕە لە شەقامەکاندا پێیان دەزرینگێنەوە
دەروونی پڕە لە دەنگدانەوەی نەبەردی
هێنایە ناو تابلۆیە بەناوبانگەکان
ژیانی کردە ناسکی سروشت
دەست لەسەر دەممان لادەدات
هاوارێك بە تەوژم لەگەڵ زرینگەی پێ
لە شەقامەکاندا جێدەمێنێ
دێتەوە ناو چارەنووسی خۆی

دەگات بە چ خۆشییەك و قەڵای ئەستێرەناس
چیرۆكی پیر باجی بە ئاوێنەدا دەگێڕێتەوە
گۆرانییەك لە گوڵێكی كراوەی هێندەی دەمی یاد گوتنەكانی وەردەگرێ
بیرەوەری و گەرمیی دڵ دەلاوێنێتەوە
دەنگ
مۆسیقا
شیعر
ئاوازی
لە هەست و هۆش و هێزی ئەفسوونی بەتاڵنەكراوی زەمینی جوانی بارمتەیە

## ١٧

ویستت لە گەڕەك و ماڵێكی شان و مل بە پەپوولە سلێمانە
دەنكەهێلێك بشكێنیتە ناو چاپەستی خێزانێكی بەختەوەر
ئەی سۆراخی نەزانین
ئاگری نازداری كتێبی دایك و باوك
متمانەی تەواو بە دەرگای زێڕین بكە
كلیلداری وەفا و برادەرایەتی لەناو دوو دەست بەرزكردووەتەوە
خەنجەری دەسك لە ئێسكی جوامێری مێژوودار
تا مێرگی سەمازانی هەست و هۆش و هێز لەبیركردنەوەی خاو هەڵكێشاوە
سڵاو لە سنەوبەرە ناز ڕاگرەكانی ڕێگا وەردەگرێتەوە
دەمبینی پاڵەوانێكی تەواو ئەفسانەییم
هەمبانەی جاویدان دەمپارێزێت
بۆنی بكەی
حەز بەفڕین دەكەیت

هەسارە دەبێتە گۆڕەپانی قوتابخانەی سەرەتاییت
هەڵدەری چەتری باران و هەتاو
ڕووناکییەکی زەردی هێناوە
ختووکەی زەمینی جوانی دەدات
خۆشیش لە هەمووڵاوە هاتە ناو سیمای کتێبی دایك و باوك
زیاتر لە گۆرانییەکی گوت
کەس لەجیاتی کەس برسی نابێت
هیچ درەختێك لەجیاتی درەختێکی تر بەر نادات
گلۆپی ژووریّ لەجیاتی هەیوان داناگیرسێت
مار لەجیاتی کیسەڵ هێلکە ناکات
لە دیمەنێك ژیا
هیواکانی زۆر بوون
هێلکەیەکی نیوەترووکاوی تێدا بانگکرایە ناو شەڕێکی بێبایەخ
کەس پێی نەوت تۆ کێی
شاری تەڕ و پاراو و بەپیت
گژوگیای خۆی بەخودا سپاردووە
وا کەسێکی تەواو ئەفسانەیی دەبینم
لە تووڕەبوونیدا مێرووله لە ژێر قاچی زاوزێ دەکەن
لە سرەوتنیش بوومەلەرزە دەقیقەیەك
بۆ قوربانییەکانی بەپێوە دەوەستێت

# ١٨

سۆزی خودا بەسەر ماڵی باشی ئادەمیزاد پرشنگ دەدات
ئەسپی بلیمەت دەژمێرم چەندن
بۆنی بارانی هێمن و بێباکییان کردووە
دڵیشیان پێشانی بەهار دەدەن
ڕابەری گۆرانیبێژان لە یاڵیانەوە
نەشونمای زەمینی جوانی دووبارە دەکاتەوە
ترووسکەی زینیان تەواو شایەنی پەرستنە
بۆ دیداری ڕاو دەردەچم
لەم لا بۆ ئەولا
لە هەڵمژینی هەوای سرووشن
هەستەکانی ڕاوکەر باش خۆیان نووسیوەتەوە
نێچیری بۆ هەموومان کوشتووە
ماڵەکەی مۆزەخانەیە لە بەرزی و نزمی
شتومەکەکانی ئاماژە و هێماکانیان ڕوون کردووەتەوە
وێنەشی دیارییەکی نایابە بۆ دیواری
خانەدانی
جاویدانی
دانایی
ڕەندی
بە دڵنیاییەوە سەری بەرزکردەوە
لە کێڵگە و ماڵی بووکەشووشە ڕاو دادەمەزرێنم
مامزێکی چاوکەژاڵ دێتە پاوانی بێگەردیی
کەرکەدەنەکان ناخیان دەکەوێ

هەست و هۆش و هێزیان
گەرم دەبێ بە ڕۆشنایی گەشت و شکۆ بەخۆدان
وەك ئەوەی کە بوون نا
لەوانەیە پێش گەشەکردنی مێشك
هەموومان لەسەر زەمینی جوانی بێگوناهـ بووبین
زەمینێك بەتەنیا دەژیا
هەر هەمووماني لەبیر چووبووەوە
ناوی خوداوەندەکانی خۆشی
ئەرێ
زەمینی جوانی
کتێبی دایك و باوك
ئەسپی بلیمەت
ڕوخسار زیرەك
پەپوولە سلێمانە
ڕابەری گۆرانیبێژان
ئەستێرەناس
قەلەڕەش
یارانی هەمیشەیی
هەست و هۆش و هێز
لە ڕێگاوبانی یەکەمین ئادەمیزاد کە هێشتان ڕەنگی ئاشکرا نەبووە چ دەکەن
ئینجا نۆبەی ئێمەیە
بەرەو بڕوای باپیرانمان بڕۆین
لەوێشەوە بۆ سرووشی ئەشکەوت

## ١٩

کاتژمێری ناو کتێبخانەم قورمیش کرد
ژمارەی تەلەفۆنی دەرمانخانەی ئێشکگرم بە پەلە نووسی
کاتێکی زۆرم هەیە بۆ بینینی زەمینی جوانی
نەشمدەزانی شاری تەڕ و پاراو و بەپیت
تا ئەوچاو بەچاوییە تاجی شکۆمەندی کەوتووە
هەتا درەنگانێك لە تاریکی دادەنیشێت
قاڵۆنچەیی بیردەکاتەوە و گوێ دەداتە مۆسیقا
کۆتایی ڕوانینی بریتییە لە ئارەزوویەکی تەنك
نەبەردی تێیدا نەبووە خاوەنی هیچ دڵێك
بیهێنێتە گۆ ناوچەوانی بەیەکدادا
ئارەقەیەکی سارد کردی بەهۆی سەرنجگرتنی چاوەکانی
هەقیقەتیان تێدا حەرام نەکراوە
ئەرێ شاری تەڕ و پاراو و بەپیت
فۆرمی کۆتاییت چییە
هێلکە مار لەناوت دەترووکێن

## ٢٠

ناوی ئەو لە هەموو شوێنێك خوێنە بۆ فڕین
لەگەڵی دەڕۆینە جیهانی ئارەزووە هەمیشەییەکان
خەباتی ئەستێرەی جریوەدار دەباتە ناو جانتای حیکمەت
شێوازی سانای گیانی جوان ئومێدی نامە گرێدراوەکان بەشاخی کەڵەکێوی
لەشەوی سەیر و سەمەرەدا دەمانگەیەننە بیرکردنەوەی چالاك
ئاسمان دەتەقێتەوە
داروپەردووی پەشیمانی شێرە لە پەلاماری مامزێکی گوان گران
جیهان لەناو دانایی ڕاچڵەکی
ڕوخسار زیرەك سەربەستی ناوچە ناشێوێنێ
پەپوولە سلێمانە لەسەر دەستی دانەوێڵەی حەڵاڵیان عەمبارکردووە
کتێبی دایك و باوك لە بەرەو سەرەتابوونەوەدایە
هەمووومان نۆبەتمان گرتووە
کاتی ئاشقبوونە
پیتەکانی بۆ نووسین فێربین
شوێنپێی فڕیو گەیشتووەتە هەموو شوێنێك
بەرزبوونەوە وشەیەکی تاقانەیە
ڕووی بەرەو زەمینی جوانی کراوەتەوە

**٢٠٠١ - ٢٠٠٢ هەولێر**

# پێغەمبەر

پ

ڕاو کاتێکی دلۆڤانی باوکی سەرزەوییە
چرکەیەکی ناشایان بەجوانی خۆی درکاند
مۆسیقا و خوێندنەوەی ڕۆژنامەی سبەینانی لە گیانی مرداندووە
ڕەنگ لە ڕووی بووە سێبەرێکی کۆچەری
مامز بە گوللەیەك
مەمکی سروشتی لە دەم دەردەهێنن
کوشتن لە بەرزکردنەوەی چرادا دووبارە دەبێتەوە
ماسیش بلیتی نانخواردن لە نووکی قولاب دەبڕێ
ژیان بەکێوگەڕی و نزیکی ئێوە لە نیوەی ڕێوە تاسەکانی گەرمت دەکەنەوە
بەخشینی دڵنیایی چاوی یارانی
ڕێگای زۆر درێژ و کورتی

ژیانی خۆش و جوامێریی
لە سەیرکردنی نەخشەی چەخماخسازیی بریسکەیان
شەرم و ناز و بۆنوبەرامەی بێپەروایی
سووربوونی گێلاس
بەهێ زەردبوون
ڕەشبوونی ترێ
گەراز سەوزبوون
نارنجیبوونی قەیسی
شاتوو شەرابیبوون
وەك فوتبۆڵێکی پڕکراو لە هەوای بەهەشت
دەهاوێنە سەکۆ و بانیماڵان
کەسانێکی ونبوو گەنجینەی نادیار دەهێننەوە
بە چاوی تێرخەوەوە
دەست بەدەرگاتەوە دەنێم
ئەی سەکۆ و بانی شاد
بەترپە دڵی چالاکی گەیینی میوە
شووشە گوڵاوەکەم پڕە
خەیاڵ بەوێنەی پیاسەیەك
نزیك شەقامی ناوەندی شار دەکرێتەوە
گەڕەکێك بانگی گەڕەکێکی دی دەکات
دانیشتنەکانمان چاوڕاوی لێ ناکرێ
گوڵپەروەرێکی بە لەپەکوتێ دەربازبوو لە باخچەی پاشا
خەزنەی گیان و هەنگوینی ژیان بۆ سرووودبێژان دەگەڕێنێتەوە
پیری دەست لە سەر دڵ ئەمەی بردەوە خولیای
درەختە دووبەرەکانی سۆزیان بووە خورپە

باوەڕیان بۆ دایك و باوكمان و نەوەكانی هێشتەوە
لەگەڵ دوا پرشەی گوڵاڵە سوورەش
نەخۆشیی زەردوویی پەكی ناخات
ناچێتە ناو ڕابردوویەكی بەسامیش
دیاری شیاوی خۆیمان دەداتێ
هەڵۆ لە چێژی بەرزبوونەوەی خۆ دەرخستن بەرانبەر مەرگ
هێلكەكانی لەناو دەستی گەرم كرد
لە تۆماركردنی سەرنجەكانی باڵی لە هەموو بایەك نادا
دەتوانێ هەست بەدڵمان بكات
فڕین تا خۆشیی دەگمەن
سرووشزادەی دڵی پاڵەوانەكان
بینین ئارامگرتوو
بەئەزموونی پاراو و ڕووناكیی دیدار و هێزی یەزدان
چەتركراوە
خەڵاتكەر
هەواڵهێن
فریاگوزار
نەمربین
پەیمان پتەو
بۆ بێدەنگكردنی تفەنگی ڕاو
هەمووومانی لە تۆڕی چاو نزیك كردەوە
دەنگی ونبووی یاداشت كردین
تا دەستی ڕاوكەر
ئێسكی باریك لە گۆشتی سپی ماسی دەرنەكێشێت
هەردوو دیوی یەكەمین دیمەنی زەوی

کردە گەلەرییەکی هەمیشە پڕ تابلۆی زوو لە خەو هەستاو
ئەستێرەی لەناو جامی ماست لێ هەڵات
هەزار و یەکشەو مابوو بۆ ئەستێرە هەڵاتن
ڕوخساری بەزەیی تێدا نەما
وێنەی کەڵەکێوییەکی دی بەمیدالیای شانازییەوە
وەنەوزی تەوەزەلی هەڵیخەڵەتاندووە
سەری نارەزایی ڕادەوەشێنێ
بەروبوومی پەروەردەکراوی
ساتی چاوەڕوانیی تەواو
بیرەوەرییەکانی دەستی بەهرە دەفتەریان بوو
لاپچین و جلی وەرزشیان فڕێداوە
لەسەرەخۆ زەوی دەجووڵێننەوە
ئاوریشمی نەچندراوی بەنمەکییان سکاڵای خستەڕوو
درەنگ چوونە ئاسمان
زووش لە زەوی بە دێو و پەری لە ناوچوون
خەتێکی ڕاست و چەوت بەسەر هەنییەی پڕبووەوەی ئەو باوەڕدار و ڕابەرانە دەکێشم
کە نەیانتوانی لەناو دەنگێکی بچووك
داوا بکەن بمانبەخشە باوکی سەرزەوی
تۆ چی دەڵێیت ئەی چرکەی شایان بەجوانی
جوانی گەنجینەی شکۆدارە
شکۆدار شارەزای پڕوپاگەندە نییە
بەکرنۆشەوەش دڵ ئیقاعی ئەشق و کەڵی ناژەنێت
پەروەردگار ئاوی داوەتێ
تێکەڵ بە کپی و جوانی سەرەتایە
لەناو کەوڵی تەڕ ڕەنگی خانەدانی دەکاتە لەچك بۆ دایکێکی کیژ

پیاوەکەی هەمیشە لە ئاسماندایە
نیشتەجێی خەونەکانیمان دەکات
شەوێك و هەزار خەون

ێ

سرووشزادە چاویلکەی دانا
بەچاوساغی لەرەی ڕۆشنایی گەڕایەوە
ماڵی پڕ کەسوکاری تا دڵبخوازێ فریا
ئەشق و کەڵی لەدایکبوو
نووسی بەفر
دەفتەری تێبینییەکانی شێوەکارێك
ڕەنگە خانەدانەکانی هێنایە ناوخۆی
نووسی کەروێشك
لە بەرزی و نزمی چیاکان هاتنە دەرێ
نەوەیان خستەوە
نووسی وەفا
دڵخۆشی بردییە ناو ژیننامە ئاشقێك
مەحاڵ گۆڕی کردە نقێمی ئەنگوستیلە
نووسی ناو
خودا کەرستەکانی هەنگوینی
لە خوانچەیەکی زیو پێشکێش بەسرووشزادە کرد
نووسی سەوزایی
سروشتی ژیر داوای کرد ئەسپەکان

پشوویەکی باش بدەن
نووسی دەستنووس
لە سووربوونی سێوی بڕوای قوربانییەکان
هەموو هێرشێك بەرەو چاوە
چاو ڕەوانبێژی یاری خۆڵەپەتانێ
نهێنی شتەکانی داوەتێ
ئاگای لە ئارەزووی دڵمانە
لە ڕووبار و ڕێگا و بانەکانیش دوورتر دەچێت
واڕسکی بێئامان گەمارۆی نادات
ئاوازە ڕووناکییەکانیش بەهرەی گۆرانیمانن
بۆنی سۆز و بەخششی خودا
لەماڵی پڕ کەسوکاری تا دڵبخوازێ فریا
ئەلبوومی گەورەبوونی منداڵە وەرزشوانەکانن
پاشان ناونیشانی ونبوونی هەر هەموومان
دواهەمین هەستی سەرسامی لە بەهەشتەوە
شۆڕەبی سەرچاوەی باشەی لە ئاودا دۆزیوەتەوە
بەکامی دڵ لە ناوی لاپەڕەی غەزەل هەڵدەداتەوە
سەرلەنوێ ئادەمێکی بێباکی خاوەن پرسیاری
بۆچی حەوا منداڵەکانی لە دەرەوەی ماڵی
پڕ کەسوکاری تا دڵبخوازێ فریا لە دایکبوون دروستدەکاتەوە
ئاواتی قاز و مراویی کێویش
بێدەنگین بۆ هێمنی و بەهرە
هەموو جوانییەکانیان لە مەلەوانی پێشووتر بینیوە
مەلەوان جوانییە ڕسکاوەکان بدەرەوە سەرچاوە
حیکمەتی خوداین

باوکی سەرزەوی هاوڕێی سادە و چاکەکەمان

دەتوانێت بابەتێکی نایابمان بۆ بنووسێ

ماسی لە گەرمایی لم گەراکانی دەپارێزێت

لە قووڵایی کراسی شیندا

ئێسکی گۆشتی بەسەردا دەکشێت

ژیان پرسیاری قەڵەمبازی لێ کرد

بەچاو و دڵی پڕ لە ئایندەی باش

دەگات بە کووپەی نهێنیزان

لە دەنگی نەرمی گۆرانیبێژەکانمان

سەیری مانگی تەواو دەکات

مانگ لە ڕووناکیدا

چ زەمانێك بەکاردەهێنێ

لە شەڕدا پایە و خەڵات مەزنایەتی هەیە

زمانی پەندێکی کۆڵەوار بۆ دەستەکانی

لە ژێر ئاودا لێوی داچۆڕاوی مەرجانیان

لە ماڵی تەنگ هێنایە ناو حەوشەی مەست بە وەسیەتەکانی

باوك و باپیران و بۆنی منداڵیی و زمانی دایك

شاخی کەڵەکێوییە

لە ماڵەکانمان نیشانە و ناومانی پێوە هەڵدەواسین

کازێوانیش قاز و مراوی لە گۆم نزیك دەکاتەوە

مانگ بۆ وچانمان تێدەکۆشێت

تاجی خۆشبەختی بەدەم قسەوباسی

ئامادەکردنی پێویستییەکانی ئاهەنگ

لەناو عوودی ساکار جۆشاند

تا مردن سەیرکردنی وێنەی کەسێك

لە ئەستێرە ئەفسووناوییەکانەوە دادەبەزێت

٥

مۆمم لە پەنجەرە دانا
لەمەو پاش ڕووناکیمان بۆ خۆمان
پایزی گوێڕایەڵی تاوانبار
بەشێك لە بەختەوەری بەهاری برد
سوورایی کوڵمی گوللە و نامەی فڕۆکەوانی جەنگ
مژدە و دیارییان هەڵنەگرتووە بچین بۆ دیدەنی
تەمەنیشمان بە لاوی بمێنێتەوە
ناچاری نووسینی پێشنیازێکیان کردم
داوا بکەم لە زەوی نیشتەجێبم
بڕوای تەواوم لە وتوویژی پێشینی و دەمامکی نێوان
پەیتوون و دەبابە
منارە و دووکەڵکێش
هێڵی ئاسنین و مینی چێندراو
گەراجی گەشت و تەلبەندی سوپا
ڤۆڵدەری مۆزەخانە و کەتەلۆکی جەنگ
جوانووی جماو و کیسەڵی خەواڵوو
کردە دارستانی گوێز و چنار
کرم و ڕەشەبای لە خۆ جیاکردەوە
عوودی لێ دەتراشین
مۆسیقا فریای ئارەزووەکانمان دەکەوێت
لە کوێی سرووش و بەهرە بەختیارییەکانمان دەژمێرین
سەرسام دەبین و گوێگرتن بەهێز دەکات
سەرسامی خەڵکێکی بێشوماری لەناوبرد

ڕوخسارەکان بە هەسارەی ناسین تێدەپەڕن
هیچ شەیداییەکیان بۆ دانانێم
سێبوورییەکانیش دەبەمەوە ناونیشانی نامەکانی لەناو زەرفدا نین
بۆنی قیرو و نەوتی شەقام
یادگارییە کسپەدارەکانی نەوەی سرووشزادە
بەئەسپایی لە دەزووی کۆلارە ڕوونووس دەکەن
لە پشوویەکی ڕاستەقینە
بۆ چاودێرە ناقۆڵاکانی پەنایان
وەك ئاوی مردووشووشتن ڕشتین
دەکاتە کاتێکی سوود لێبینین
جانتام پڕ کرد لە
مێوژی ڕەشمیری
کاکڵە باوی
کونجیی کوتراو
خۆراکی قووتی
کولێرە بەپەنیر
موڕەبای شاتوو
بەیانی دوای بەیانی باش و بەرچاییەکی ساکار
مەشقی مۆسیقام کرد
ڕەنگی پەلکەزێڕینەشم لە ژووری
کردە سۆزی شوێن و جێمهێشت
تەختەی کتێبخانە بووەوە درەخت
بەپردی پیادەڕۆ ڕۆیشتم بۆ ئەوەی بپرسم بۆچی تێدەکۆشین
مۆسیقا گوتاری ئایینی خوداکانە
لە چارەنووس دەپرسێت

نوێژی پێغەمبەرەکان چ داوایەکیان تێدایە
ئەو ڕێگایەی نەبڕدرا
پاکیش نەکرایەوە
تیتراوسك و تاقتاقکەرە
یەك خێزان و ڕەوشت پەروەردەی کردوون
ڕەوشتی فڕین و مۆسیقا
لە بەڵێنیشیان پاشگەز نابنەوە
هێلانەی شایەد ئەم زانیارییەی دا
ڕوونکەرەوەی ئەستێرەی ناو هەموو ئاڵاکان
پارچە ئەڵماسێکی گەورە دەکاتە کۆشکی سپی بانگەواز
لە سەری دەکەوێتە مەلە و شەڕی مشاری پۆڵابڕین
سەندەویچی هێلکە دەخوا
پاشان پەنجە بەرزدەکاتەوە
سەرەتا ئەشق و خوێن
گۆشتی مرۆڤیان کردە هۆش
لە وەرگرتن بۆ ئاگر و حاڵینەبوون لە ئومێد
چەواشە و بەدبوون
چاویلکەی پزیشکییان بەدەستەوەیە
بەپەرۆشییەوە سەیری
کوا کوێندەرە دەکەن
ژێر باڵی بێگانە
چۆن شێوە و خوێنی خانەوادەی خۆیان کرد بەئاو
لە گوێیان دەنگێك دەنگدانەوەی نەما
نامەیەکی پەشیمانی دەنووسن
چی دەبێتە گوتاری ئایینی باوکی سەرزەوی

ژیان زیڕیکە ڕژاو
شەڕانگیزیك كۆی دەكاتەوە بۆ دروستكردنی گوللە
دەمانكات بەهەڵخەڵەتاوی كەلووەكان
هەر ڕۆژەی ڕستەیەكی ناتەبا لە تەویڵمان تۆمار دەكات
سرووشزادە ئەریێ مرۆڤ تیشك و تەمی ئەو هەموو ڕستانەیە
دەشڵێت لە سەر ڕێبازی باران پەروەردە بوویم

ئەو شارەی هەرچییەکی هەبوو بزری کرد
جۆلانەی ناو باخچەی گشتی
بیانووی هەبوو بۆ سەردانی ئێوارانی خێزان
سرووشزادە ئۆخەم لە کۆترێکی نیشتووەوە بەسەر سێو ببیسە
داواکارم تا سەد ساڵی بژیم
لە جەژنە تایبەتییەکان موورووی ناز و ئەفسانە
دەخەمە ناو دەستەسڕی کیژی ڕوومەت نانی گەرم
ساڵی مردنی دێو
ساڵی ژیانی پەری
یەك ئاهەنگیان بەسەر پشتی ئەسپەوە بۆ گێڕدرا
ئەفسوونی نقێمی ئەنگوستیلەی هەردوو دەستی عوودژەن
لەو دەریایەی تازە لە پەنجەکانی قاوەگرەوە کەوتووەتەوە
نقوومی تریفە و وچان و تێبینین
تا ئەزموونی زۆر نزیکی گیان
ڕاز لە ڕوخساریان
ئاوازی شەرمی پەلکەزێڕینە لە کۆتایی بەهار هەڵدەداتە ناو تەمومژی بەیانییان
بای گەورە کراو هەر یەك دوو خۆنواندن لە لووتکە دێنە هانای
کامێرای هەزار و یەکچاوی ئاقیقەوان
نۆتەکانی سروودی خودایە وەتەن ئاواکەی
دوا هەواڵی قۆزاخە
کراسی پاداشتی خۆشگوزەرانی
شانازی تاشە بەردی سەرخراو بۆ لووتکە
گەرمایی گوانی چێڵ

دەستنووسەکانی گەمارۆ شکاندنی کردینە دیاری
هەڵبژێردراین بۆ خەڵاتی بەهرەمەندترین نەوەی سرووشزادە
تفەنگی زۆربڵێ و مرەمرِی ئاژەڵە کێویمان بێدەنگ کردن
ئاماژەکانی سێرکێکی گەمارۆ نەدراو بەخشینی لە یاریدا چڕ کردەوە
دەستی بەناخماندا هێنا
قۆمەتێك یاقووت و هەرِشتە هاتە پێشمان
هەتاوی پاراوم لە ماڵی پڕ کەسوکاری تا دڵبخوازی فریا بینی
نانی تەرِی شەکر بەسەرداکراویش
سەیرکەن شوێنێکە پێی دەوترێت ماڵی دڵێکی لەت نەکراو
لەوێ هەوا نە گەرمە نە سارد
نیشانەیە بۆ بوون بەخاوەنی ئاوەڵناوی پاڵەوان
ڕوون و پڕ مۆسیقا و زمان ئاوازدارە
تەپڵەکی ستیل جگەرە لە ناوی ڕەنگی خۆشە
دیوانی مۆنالیزا ڕووەو دەم داندراو لە سەر حیکمەتی
ئەو پرسیارەی لە سەنگەری لێوت جەنگاوەرە
بیجەنگێنە
نیاز و نەزری وەڵام دەموچاوت نەکاتە کۆیلە
بڕیار وابوو چەکە ملکەچەکانی لە پێناو خۆزگەی نابەجێ دایانە قاقای باری بێهۆشی
بێرەدا بڕۆن
ستوونی پردەکانی شوونپێمان ناگرن هەڵکەنن
بەخوو و ڕەوشت و دەمودووی هەورە تریشخە
شوێنەواری ناشیرینیان جێهێشت
خەندەی تەمومژاویی پڕ بەڵاش سەیر نایەتە بەرچاو
زەنگی ئاگادارکردنەوەی بۆردومان خامۆشبوو
ژەمێك خواردنی سەوزە و پەنیر خستمیە یاری و غار و جمین

نەریتی پاکڕاگرتنی مۆزەخانەی نیشتیمانیش
چوومە شەقامی هەزارویەکلا
ڕاسپاردە لە گیان ڕەوانی بانگەوازدەر وەربگرم
پێش تاوێك پاشای گومانکار گەڕابووەوە
کۆشکی فەرمانڕەوایی و سێرکی ئەسپ ڕاهێنان
کەڕوکاس بەلادا هات
قاووقیژی تەنگەتاوی هەڵاتن لە شەقامی ناوەندی شار
بردیە ڕێگایەك کۆتایی نیشان دا
ئەهریمەن لە هەنیەی دابەزیوی
پڕۆژەکانی پڕکرد لە پڕوپاگەندەی نیاز

ب

سروشت دەستفرۆشێکی بازاڕییە
ڕەنگە خانومان و جوامێرییەکانی دەفرۆشێت
دەریالووش وەك تەرمێکی هاروهاج لە زەوی دەڕوانێ
چەپەڵی لە هەموو پێستی دێتە دەرێ
دەست بەیەکدا مەدە
دەرگای زیوڕێژی ماڵت بەکلیلی ئاسن نا
بەچێژی بارانی پەڵە و شەپۆلی گیا بکرێتەوە
دڵخۆشی هاتنمان هەست پێبکات
ژیننامەی بڵێ وا ژیاوم
چاوی شاد و بەناوبانگی فوارە
تەقە و زرینگەی ئاون
پایسکیلی سێ تایەی منداڵ
سۆبەی بێگەردی تا هەتایە ڕەنگخۆش
وێنەی بە بزەی قەد دیوار
گۆرانیبێژی ناو تەلەڤزیۆن
لە پێستی پەرییەکی بەلارولەنجە
لەناو بیرکردنەوەت غار دەدەن
تەمی جۆراوجۆر بێمتمانەیی لە شووشەی کاتژمێر دروستکردووە
لوولیدە ناو گۆرەوییەکی دڕاو
چاوی دەستکردی لێ وەربگرەوە
بیکە بە خامێکی ئاوریشمین
کۆترێکی نقوومی تاریکی لە ناوی ڕووناکی پێوانە بکات
پێویستە پێوانە گەورە بکرێ

ڕووی ناز بداتە ڕاکردنی کیژێك لە ڕاڕەوێکی درێژی تیشکاوی
دوایین گڵۆپی کەشی گشتی پیێڵووی لە گۆ بکەوێت
شێوەکارێك لە پەنجەی پڕ تەم و سێبەری خۆی
نەکشاوەتەوە چاوەڕوانی ئارامبوونەوەی بین
فریای قورمیشکردنی کاتژمێری مەچەکی مۆمیاکراوەکان و پاککردنەوەی
ددان
گوێ
چاو
کونەلووت
ژێر نینۆك
نێوان پەنجە
دەکەوێت
بیربکەرەوە مۆمیاکەر چ کارێك بەڕێوە دەبا
خراپ سیمرخی خۆپەرست کرد
قسە جوانەکانی لە بیر نەما
لافاو هەڵیکرد و پەی بەهیچ شتێك نەبرد
لێو لەناو قسەی جوان بزرنابن

٥

بۆ بینینی ئاوێنەیەکی سوور هەڵگەڕاو
بەسیمای ئاشنایانی ساڵانی پێشوو
پاشان کڕینی جووتێ دەستکێشی ئارمووش
نووسینی هەواڵێکی مزگێنیدەریش
بۆ ڕاگەیاندنە ناوخۆییەکان
حەکیمی کاروان کەوتووەتە ڕێ و نەگەیشتووە
پەرۆشییەکی زۆریەتی
بەچاوە زیرەك و گەورەکانی چاودێری بەخت بلێت
ئەی تەنیا باڵ
خەمی ژیربوونەوە پەرێشانی
نەخاتە ماڵی پڕ کەسوکاری تا دڵبخوازێ فریا
هیچ شوێن پەنجەیەك بەسەر خاچی کەوتوو دیار نییە
مێوانی نادیار بیانوویەتی
نازانێت لە خۆشەویستی خودا و بەراوردا چی بکات
ڕووبار چاوە خرۆشاوەکانی گەرمایی هێناوەتە ناو خۆی
دەتوانین مەلەی تێدا بکەین
منداڵەکانیشمان لە کەنار دانیشن
ئاڵووباڵوو بخۆن
دەنکەکەشی بخەنە دەخیلەی خەزنەداری ڕەزەوان
بۆنی پۆدرە یان ژەنگی زێڕ
لەناو دەمی خەمەگرِوو بکاتە نارنجۆکی دووکەڵ
چارەنووس هەڵێنان و خەونڕوونیی دارسێو
خۆنواندنی پەلکەزێڕینەی ئاشکرا کرد

بێهێزبوونی گوڵی سەرمێزیش

بۆ دیدارم ڕێگای دووبەختی مەبڕە

ڕەنگ و بۆنمت لە فڕینی باڵندە بوێ

کۆمەڵێك دەنگ لە ئاخاوتن بێزاربوون

بەرەو دەم دەگەڕێنەوە

هاوڕێیانی زۆر شکۆداری سروودبێژم

لە شێوەی هەتاوەوانێکی ئێشکگری ئەستێرەی بەخت خوێندراوە

بۆ پێشەوە

کات لە بەرەبەیانییەوە تا ئێوارە

هی بینینە و ڕەتیش دەبێت

لە ڕەتبوونێکی دی

دیسان بینین هەڵدەڕژێت

بینین دەربازبوونە لە خەوندا قسەکردن

ر

پیتەکان لێکدە

ڕازیبوونی سرووشزادە بەدۆستایەتیمان

نەرم

بێگەرد

بەبێ هاوارکردن

دەبێتە ئاوازێك لە شكانی كڵۆشەكرێك

لە خوانی خێزانیمان

**٢٠٠٣ - ٢٠٠٤ هەولێر**

# شەڕی چل ساڵە

**ئەلف و بێ**

**ئـ**

**شوێن**

هەولێر دەسکی نیکلی دەرگای بەهەشتی یەکەمینە

خودا تێیدا پەلکەزێڕینەی هەڵدایە بەرزایی بۆ فرۆشتن و کڕین

دەنووکی ڕازپۆشی حاجی لەقلەق

کلیلی سندووقی پرسیارەکانی من و چەکبوو

بڵێی وابێت

ئەگەر حەزت کرد گرێ لە دڵت نەهێڵی

هێلانەی لوولدراوی منارەی خانەقا

باوەڕت پێدەهێنێ

ساڵی ساڵەکان توانا و پێویستی سرووش وەرگرتنە

بۆ ئەوەی بتوانی بەسەر پەیژەوە کێبەرکێت بێت و هەنارت لە دەست بەرنەبێتەوە
قەڵا باڵندەی لێ پەیدابن
خاڵییش نەبێت لە هەتاوی خانومانی خولانەوەی زەوی و خۆ ئامادەکردن بۆ
بڕوا بە دڵ کردن و ڕۆیشتن لەگەڵ یار و یاوەر بەناو کنێری بۆنداردا
کە جوانوویەکی پشت نەگرتوو تێیدا لەگەڵ سوارچاك چاوشارکێیەتی
بەهەشتی یەکەمین تۆ لە کوێ لەدایکبووی
چەقۆ گۆشت جێدەهێڵێ و خوێن دەڕژێتەوە هەموو ئەو برینانەی کە لێی دڵنیایە

## ١

## ئادەم

کەسێك هاتووەتە ئێرە لەمن دەچێت
پەنجەرە لەسەر پێستی گایەکی دوو ڕەنگ پشکووتووە
سپیی زۆرترە لە ڕەش
ئەو باڵندەیەی خودا پەنجەکانی خۆی کردووەتە پەڕ و کڵاوی
هەموو شتەکانی بەو بەخشینە گەرم کردوون
لە ناخمدا خەریکی نوێژە
ڕازەکانی هەڵدەبژێرێ و دەروونیشی ڕوون دەکاتەوە
هێلکەکانی لەناو چاوم دادەنێت
پێڵوومی لەسەر دەنیشێ
لە ئێستادا دەترووکێن
بەدڵنیاییەك کە جیهان دەکات بەدۆستی خۆی
هاوارێك لە ناوەڕاستی ئاسمان ڕادەوەستێت
ئادەم ئەی نازکێشی هەر هەموومان
ئاسمان لە چاوی پڕ هەستت سادەترە
ناوچەوانت زەوی دڵ و خاوەنی دەستنوێژی ئەشق ڕاگرتن

## ب

## حەوا

خەونێکی جوان بوو

ژیانبینی

ژنێك ڕووگەش و شاد و لەش مێرگی سڵاو

دەنگی بارانی دەناسی

بەتەنیشت کۆشکێکی پڕ ئەفسوون

کە درەختی بە پەڕ و باڵ بە چواردەورییەوە وەستابوون

بەتەواوی هێزی قاچیەوە هەڵدەهات

بۆچی ئەوها هەڵدێی ئەی دایکی

سەرەتاکان و کاروانی نیشتەجێبوون و یەکەمین ڕەنگ و بە کیژی خودا ناودار

گوڵاوی لێ دەڕژا

پیاوێکی بە بەخت

بۆنەکانی بردەوە ناوەخنی گوڵەکان

ناوماڵی مرۆڤ خەملی لە دەمی گەشاوە و بە گوڕوپڕ

ئەگەر خۆر ماڵەکەمی لە خۆیدا نقووم نەکرد

بەمۆمێك ڕازیم و تەماشای یاڵی نەرمی ئەسپی ڕاو دەکەم

# ت

## باوكم

له پەنجەرەی خوداوە دەنگ هاتنە بۆشاییی ئاسمان
وچانی لەناو نیشتەجێیە
له شەوەکانی کە باوکم دەیویست بگاتە زەوی
لایتی ئۆتۆمبێلی گەشتوگوزار و گەڕاوەی تەواف و حەج
کۆمەڵێك وشەی خورپەداری ڕژاندە سەر خوانمان
بەروبوومی هەزاران چاو لە ڕوومان ڕووا
زەبری شەختە و خوس چیمەنی دڵمانی خوارد
چاوی چاڵی تاریکییە
دەزانێ خەڵك لە خۆحەشاردان لە بەرزاییيە وشکەکاندا هیچیان لێ ڕوونادات
لە دیدەنییەك کە لە هێمنی خوداوەندا ڕوودەدا و دووبارەش دەبێتەوە
تۆم هاتە دەست
ئەی پاکیی خۆم و خودا و تەمی گەرم کە بەسەر گردۆڵکە و کەناردا چەتر هەڵدەدا

# پ

# دایکم

داوای لەیلووکێکی کرد دایکم
خولیاکانی باوانی بریندار ی
لەناو بخاتە ئارامییەکی پڕ نانی گەرم و بەهاری هەزار و یەك چاو
بە خورپە و تاسەی دڵەوە ببینێت
سەبەتەیەك کوارگ لەسەر گۆڕغەریبەکانیان چەتری هەڵداوە
دارتاش نەبوو لکێك لە درەختێکی گەورەی بەسێبەر و بەر تەماشای کرد
دەچمە ژێر پێڵووی ڕووبارێکی ناوچەوان کراوە و زەرکەفتەوە
بەپشتمەوەیە
دەڕۆم
تا هەواڵی تۆز لێ نەنیشتوو لە دەنووکی تیترواسك دەڕژێ
بۆ ئەوەی چلچرا و پەنگەستێرە
لە هەموو شوێنێك
یارمەتی بن بۆ بەخت دان بە بولبول و ڕووناکی بە شوێن
پارچە زەوییەکانی دوای بوومەلەرزە دەگەڕێنمەوە دۆخی خۆی
حەز دەکەم سووری خوێنی ماسوولکەی خۆش بێت
بەئەسپاییش دەست لەسەر شکۆی گوڵەکان دانێین
بەرانبەر کانییەکانی دانیشین هەموو شتێکمان بەبیر دێتەوە
ئاویش بەدەموچاوی تەمبەڵە لەخەوماوەکان دەپرژێنین
بەڵێ ئەوە دەکەین

# ج
## وێنە

مردوو لە ژێر خاکی داگیرکراودا
نەوەکانی بەرۆشنی نایەنە خەونی
بە بەرچاوییەوە ناوەکان بە دڵتەنگی ژاکان
وێنەی خزمە نزیکەکانی لە ژووری دانیشتن
حەزیان چووەتە خواردنەکانی لەسەر مێز جێمان
میوە هەراسانن و چاویان دەفڕێ
دەستی شووشەییی شۆخێك کە زەوی چاوەڕوانە بەختەوەر بێت لەودا
بەڕێزەوە نەهێڵێ ڕەنگیان بڕوا
پەلکەکان بخاتە کیسەیەکی نایلۆنەوە
هێلکەی ڕەنگکراو ببەخشێتەوە
ڕەوێك ئەسپیش
چاوەزاری ناوچەوانیان بەخوناوی قۆپەنە گیا بەهێز بکەن
تا خەیاڵیان نەشێوێت و لە دارستانی چۆڵ و بەترسدا بپەڕێتەوە

## 2
## سروشت

خۆر سبەینان ناسکە

ڕازی یارانی لە دەستی پڕ بەخشش و پاراوی ناوە

وێرد دەخوێنێ و بە نیگا سۆز دەکات

نیوەڕۆیان دەموچاوێکی توندوتیژ و شەپقەی سیاسەتی لەسەرە

شەق لە دەوروبەری خۆی هەڵدەدا

وێنەی سەگێکی ددان کەوتوو

بەدیار ئێسکەوە داماو

جێی بەزەییيە

هیچ شتێکیشی لێ ڕوونادات

خاسیەتی مرۆڤی ڕاڕا هەڵیدەسوورێنێ

ڕستەکانی ڕێکوپێك نین

پەیژەی دەشکێ

بچووك دەبێتەوە

لە ڕنۆکی لەرزیوی پڵینگی یەخسیر دەکوژێتەوە

## خ
## هەڵەبجە

گڕوگاڵی خاڵخاڵۆکە

قووڵ تا ژیان

بێ گەرد تا خوناوی مانگی یەکەمی بەهار

سێبوورییە بۆ منداڵبوونەوە

لە بێ پەروایی پۆستەرفرۆشێك

مووچڕکێکی سارد

بەڕووناکایی شار تێپەڕی

سەیری بوون بکە ڕەنگاوڕەنگ دەچێتەوە

ئارەزووی بەتین

وەك دووگوردی نوێژ

لە ناوچەوان پاراو دەبێتەوە

پەیوەندی بەگیانی مردووەکانمانەوە دەکات

کار و کردەوە و توانایان دەناسێ

چاوەکانی قووڵ تاژیان لەسەر شتەکاندا ڕادەگرێت

پەلکەزێڕینەش لە نیشتیمانی مندا بە هەموو ڕەنگەکانی دەرناکەوێ

## ٤

# ئەنفال

تەختەڕەشێکی هیچ لێ نەنووسراوە
دەوروبەریش پڕ لە خورپەی ڕستە
دەچنە ناو ئاخاوتنەوە
ژیان ناسک دەبێتەوە
بەتەوژم و گەرم
وەك ماچی جەژنی دایك
کاتیش ڕەنگی لە بیر ناچێتەوە و دەگوزەرێ
لە کوێوە هاتوون
دوای ناسین و پەڕاندنەوەی زەمبیلەیەك میوە
کە هەڵفڕینی پێڵووی چاو پێیگەیاندبوو
پەیوەندیمان بەیەکەوە کردووە
ئەمسەر و ئەوسەری نێوانمان تاسا بوو
بەزەردەخەنە هات
سەرەتاکانی دەستپێکردن
بوو بە فانۆسێك لەناو دەستێکی دڵخۆشدا
نیگایەکی گەرم لە ئێمەدا نیشان دەدا

# د

# سەرچاوە

لۆچی توورەیی ناوچەوانی منداڵ
یاسای پڕ زەبروزەنگی وڵاتێکە
پەرێشان بەدەستی دراوسێ
دەمانچەی بێدەنگیش فەرمانڕەوا
جوانی ڕووناکییە بە ڕووەوە بەتاو و گوڕ لێدەدا
بیر لە ئامانەتەکانی سەرچاوە دەکاتەوە
خانمێکی دەمودوو بە مۆسیقا
پەڕوباڵی ئەو باڵندانە بپۆشێت لەشار دەژین
خەزێنەی زەوی بکاتە ئاوازێك
هەڵیداتە ناومان
دووبارەی بکەینەوە
ناو لە هەموو بۆنە خۆش و عەوداڵییەکانمان بنێت
لە مەرجانی گوارەی کیژێکی گۆرانیبێژدا
ئامانەتەکانی سەرچاوە وەردەگرینەوە
کە قاقای سروشتن و ناچنە ڕێوڕەسمی بەخاکسپاردنەوە
کتێب دەنووسرێن
مۆزەخانەی دەوڵەمەندیش دەکرێنەوە
دەستنووسم هەن و کۆمەڵێك کەلوپەلیش بۆ پێشکێشکردن

## ر

## هێڵ

هێڵێکی پەمبە بەناو دیوانم کشا
سووری سڕیەوە
ڕەشیش
وەنەوشەیی شێواند
قاوەیی دڵتوند
تەماشام کرد دار بادەم لە ئەفسوونی ئاوێنەدا دەتوانێت
پرچی ئەو کیژەی لە ژێر سابات لە جۆلانەیەکدا خەوتووە
نقوومی ڕەنگ بکات
بەخێوکەری ئاژەڵە کێوی
نامەی سێبەر و ڕووناکیی بەکراوەیی گەیاند
ڕەنگ دیوان نییە
لە دیوان دەچێت

## ڕ
## کاتژمێر

پەنجەرەی بلیت فرۆشتن ڕووناکی لێی دا
ڕیزەکە تەواو وەریانگرت
سالۆنی چاوەڕوانی هەوای پاراو
کیژە سەرپەرشتیارەکەی دووکانی بچووکی ناوی
پاکەت و شخارتە و شیر و قاوەی بەخەندەیەکی بەنازەوە دەفرۆشت
کاتژمێری هەڵواسراو هەموومانی خوێندەوە
لە چرکەیەکدا ئامادەی کردین
بەقادرمەی فڕۆکەکەدا سەرکەوتین
کیژی ناو فیلمەکەم تا دوایی نەبینی
یاری بە بۆینباخی گوڵگوڵیی دۆستەکەی بێهوودە بوو یان بێزار و کەمدوو
چاویلکەکەی خستە ناو جانتا دەستییەکەی
بە چیچکانەوە لەسەر کورسییەکی دار دانیشت و لە خۆخواردنەوەدا نقووم بوو
ئەرێ دەفتەری ناونیشانەکانم لە کوێیە

## ز
## یاداشت

ساڵی تازە لۆچێکی خستە ناوچەوانی بەختی خانووەکەمان
ئەمیش تەبای ئێمە
مانگ لە کزی و درەوشاوەیی و ئاوابوون سەرنجی ڕادەکێشێت
دوای تاوێك لەناو دەچێت
کەسێك خۆی و خێزان و منداڵەکانی
لە ناوی گۆرانی لە پێشوازی پێکچوونەکان بەگوێی نەرمەبا دا دەدەن
کوژراوی نوێژ دوا دێڕی یاداشتی
لەسەر پەلکی گوێزی بەردەم سمۆرەیەکی بەهرەمەند بەچاو دەنووسێت
تکایە گەورە مەبن
مۆسیقای ڕسکاوی ڕوومەتی گۆرانیبێژەکان
دەگوازێتەوە ناو شەمێی باڵە خرۆشاوەکان
شەڕی دوو هەنگ گوتیان گوڵ ئەشقە و هەنگوین پاشماوەی شەڕە
بۆچی تاج دەیەوێ هێزی ژیان پاڵەوانیەتیی بێت
هەندێ پاڵەوان لە دووری دوورەوە هێزی ژیانن

## ژ

## ئاوێنە

خانمی ماڵ قەرەوێڵەی منداڵەکان پاك دەکاتەوە
پارچە ئاوێنەیەك بۆ ئاسمان هەڵداوێ
پێخەفی بەسەر بڵاو دەکاتەوە
پارچەیەکی دیکە هەڵدەدا
کە تێرخەو بوون
باپیری ئەستێرەناسمانی لە دەموچاوێکیدا پێشانداین
بەردەوام دەڵێت خودا چەند دەستی نەرمە
ئاوێنە زەوییەکی کراوەیە
ئایندەی لێ تێکناچێت و هەوڵی مانەوە دەدات

# س

# کەمانچە

لە دەم کێڵگەی برنج
هەموو شتێکمان لە بەخششماندا کۆکردەوە
لە ئاگری ناز و مووروووە ڕژاوەکانی خۆش ژیاین
بەرانبەرمان قۆزاخەی لۆکە
بیری لە دووری و نزیکی بۆنە خۆشەکانی ئێمە دەکردەوە
بکرێتەوە یان کۆچ بکات
پەنجەمان بەسەر ژێی کەمانچەوە
خوێنی بووە چێژی تێکەڵکردنی ڕەنگ لە تابلۆی تەواونەکراوی شێوەکاردا
ماین جوانووی بردە سەر ئاوی ڕاهێنان و ئاسوودەیی

## ش

## بەراورد

دەروونی پڕ ڕووبەڕووبوونەوەی کەڵەباب
بڵندایی پۆپنەیەتی
ڕووناکیی ناوەڕاستی ئاسمانی جێهێشت
نەیزانی خۆی بە چی بەراورد بکات
پردی فەرامۆشی هیچ کەسی بەسەردا ناڕوا
نهێنییەك لە شیری هەڵچووەوە ئاشکرای کرد
هەورێکی ناوچەوان گەرم
دوا شەڕی لەگەڵ نەمری تەواو دەکات

## ٤
## داوا

باران بەئارەزوویەکی بەتینەوە دەباریێت
زەویش داوای هیچی نەکردووە
ئەم چاکە لە خۆڕاییە چییە
گۆرانیم بۆ لیمۆی بە لکەوە شووراو تەرخانە
بیریش لە پێش کەوتنەخوارەوەی دەکەمەوە
زەوی دڵخۆشە بەسەریدا تێبپەڕێ
بەروبوومی خۆڕسکی خۆیت بەتاسەوە پێشکێش کات

## غ
## گرانەوە

خانمی ماڵ و منداڵەکانم نوستبوون
پێخەفم بەسەردا ڕێکخستنەوە
سییەکانی ژووریانیشم والآ کردن
دەرکەوتم
لە ڕێگا با یاری لەگەڵ بوون و هێزی مرۆییم دەکرد
یاری منیش لەگەڵ ئەفسوونی ئەو
نیوەی زەویمان بۆ خۆمان برد و لە ڕەخسینی میوە نیشتەجێ بووین
با پێش هەموومان
ماڵەکانمان پڕ دەکات لە خەڵاتی گێلاس و هەڵووژەی تازە بەئارەزووکەوتوو
کێیە بەمێوانداریی با
دڵی گەرمتر لێدەدا
کووپەشی لێوڕێژە لە شەرابی هەست بە بوونی کەسانی تر کردوو

## ف

## گەنجینە

له لەخۆبردوویی گوفتاری شایەد
پەردەکانی گوێ شەوقی لەسەر دەڕژێ
پشوویەکی هەستییە ڕژانە ناو لەخۆبردوون
ئەو هاودەنگییانەی لە زمان و دەم و لێودا دەبنە گەنجینەی شار
دەنگێکە دەنگێکی گیان ڕسکاو دەبێتە هاودەنگی
سۆز کەرت ناکرێ
نەواش یادگارییە دەگەڕێتەوە
سروشتیش دوای چاو کوێربوونی جانەوەر
هەمان قۆزاخەی بۆ پەروەردەکردنی ژیان تاکۆتایی هەبوو
چی بە پەنجەرە دێتە لامان
سۆز و نەوا
لە پشت شووشە چاوەڕوانن ببنە پشتیوانی زیندووبوونەوەی خانەکانی جەستە
کە نانی چۆلەکەن
تەنیا دەیانەوێ زەوی تێر کەن

## ڤ

## چاو

تەمەن لە ساڵەکان نقووم بوو
لە کەنارە ترسناکەکانیدا
نەوەیەکم پەیوەندی کرد بەڕووناکی لەناکاو
قەرەباڵغیی سروشتم خاو کردەوە
بۆ هەمیشە خودام لە شوێن چاوم دانا
گیانداری دەنووکدار هاتنە ناوی
تەمبەڵیمان وەك جاران پەروەردە نەکرد
بێ بەرد بۆ فڕێدان هەڵفڕین
بەشداریی چالاکییەکانی ئاسمان دەکەین

# ق

## سێو

ڕۆژنامەفرۆشێکی گەڕۆکی پەرێشانی دەستی دەرد و بەڵا
پارەی هێندە هەبووایە
لە پشتی دەستی جێی ببووایەوە
پرچ و سمێڵی ڕەنگکارییەکی پڕ لە ئەفسوون
وەك لافیتەکانی ببوون بەدیواربەندی قەڵا
کە مەرگی ئەمیان دوانەخست
نەیبووایە
پرچ و سمێڵی وەك شیری سەر بەکەفی چاچییەکەی مەچکۆ
لە ئەشقدا سەرگەردان
دەبووە مژدەکانی سندووقی پۆستەی شار و هەناسە ساردی نەدەکردین
جغارەکەی تەواو بوو
فڕێی دا
پەنجەرەیەکی کردەوە
تەماشایماڵی خۆی کرد
شەڕی لالە و چەلۆ ڕۆژیان ڕاگرت
هەواڵ لەناو خۆیاندا دەتوێننەوە
بەچاوی کراوە
لەناو لاپەڕەکانی دیوانی هات یان نەهات
بووە خۆڵی داغبوو بە شەڕی ڕەگ و لێو سەوز بوون
لە بەرزاییەوە سێوێکی خلۆر کردەوە ناو ئاوی بینین
کە ڕێز لە بوونی خۆی دەگرێ و خەون دەکاتە ژیانێکی تازە دەست پێکراو
چاوی گەورە بوو
تەماشای هەمووومانی کرد و زۆر دوورنەکەوتەوە
هەولێر لەسەر لەپی ڕۆژنامەفرۆشێکی گەڕۆك

## ک

# شەقام

دەنگی ئاشنا جەژن و شادییە

گیانی کردە ناونیشان و بەردەنووس

لە جامخانەی کۆگای جلی تازە

نەواکان بەیەکگەیشتن

تراویلکە لە شەقام و دووڕیان و سێ ڕیان و چوارڕیان کەوتە شەپۆلدان

ڕووناکی لە نێوانەکانیاندا باری

پشووی درێژی جەنگاوەرە

نازی شەقامە پەرتوبڵاوەکانی لە ناوەندی شار دەرچوون

هەتاو زیاتر زەمینی تەڕی خەواڵووی گەرم کردەوە

هەنگاو وریاییی لە چاوی دۆزینەوە چاند

گەشتەوەرانیش گەڕانەوە ناو چرکە بەختیارییەکانی فەرامۆشی

## گ

## خوێن

خوێن لە لەشمدا چەشنی زرمەی تانگۆ هەڵیستاندمە بەر تەختەڕەش
بۆ ئەوەی قسەیەکت ببێتە دەنگوباسێکی زیندوو
دەستەکانت لە هەواری ڕوون هەڵخستووە
باسی خۆی دەکات
دیکتاتۆر و داپڵۆسێنەر و لەناوبەر وجاغیان کەوت
ژیان بەتەنیا بۆ ئێمە مایەوە
لەسەر شاخێکی بەرز ماڵمان گەورە دەکەین
تامی میوەکان لە کتێبی ڕووناکییەکی بەوەفا لێك دەدەینەوە
خۆر جارێك بەدەوری دڵنیایی دەسووڕێتەوە
لادەداتە ماڵمان
چێشتێکمان لەگەڵدا دەخوا
باران نەرم نەرم
بەسەر مراوییەکانماندا دادەبارێت
مراوییەکانیش دەڵێن لەوەفای ئاو لەدایکبووین

## ل
## ئافرەت

چاو تەمبەڵ بووە
کلیلی ماڵ بەزەحمەت لە گیرفان دەردەهێنم
ئافرەت ئەی سێوی گەییو
هێند دیکتاتۆری هەموو ڕەنگەکانت لە چاوی قاوەییت بێ هێز کردووە
لە پەلکەزێڕینەی ناو دڵی خودادا پڕ ڕەنگتری
من بەشوێن قاوەیییەوەم
لە شوێنێکەوە دەستپێدەکەم
پێپلیکانەی ئومێد بە وڕێنە و بوومەلەرزە نابەستمەوە
چاوی کەڵەباب پاك و بێ بوغز و بڵندە
تاجی پەڕ پەڕی لەسەرە و زەوی دەجووڵێنێ
لەم ژیانەدا نازانم بە چی دەبم
عەزیا دەکوژرێ یان شەقێك لە فتبۆڵەکەمان دەدات
دەیهاوێتە دەرەوەی گۆڕەپان

## ڵ

## بۆنە

سوپاس بۆ گوڵی بۆنەکان
ئەو گوڵەی لە یەکەم ڕۆژی لەدایکبوونم پێشکێشم کرا
ئەو گوڵەی لە یەکەم ڕۆژی چوونە قوتابخانەم
ئەو گوڵەی لە یەکەم ژوانی دڵداریمدا
ئەو گوڵەی لە بڵاوکردنەوەی یەکەم شیعرمدا
ئەو گوڵەی لە چاپکردنی یەکەم کتێبمدا
ئەو گوڵەی لە ڕۆژی زاوایەتیم
ئەو گوڵەی لە لەدایکبوونی یەکەم منداڵمدا
من لە ژیان بەردەوامم
سوپاس بۆ کۆسەکانی لە بۆسەدا
گوللەیان ملکەچی سیمرخی ڕژاوم کرد
ئەسپەکەم بەڕێگاوەیە
خرمەی ناڵی کەوانی مانگە و دەکرێتەوە
مۆسیقاژەنەکانی پەڵەی خوێن بەجلوبەرگیانەوە نییە
پەیژەی سروودی سیزیفی لەبەر دەنووسن

# م
# بەردەوامی

سیزیف لە خۆشبەختی لە دایك بوو
بنار بەنرخترین شوێنی پێشکێش بە بەردە دڵخۆشەکەی کرد
قۆرتاییی چاو
چاوەڕوانی پەیمانی چاخی دڵنیاییی تاقی کردەوە
سەرکەوت
لووتکە قوربانییە
لاولاو تێی دەئاڵێ
ئەرێ ئەو هەموو مرواریيەت لە کوێ داباراند
لە گوڵاوی بیرەوەری
گرینگ نییە
بڕۆین و لە لەنجەی ئەسپی گالیسکەیەکدا نقووم بین
گەزۆیەك بەسە بۆ خواردن

## ن
## ماڵ

مێزی نووسینم داخست
شیر و قاوەم خستە سەر ئاگر
ڕەنگی گڵۆپی هەیوان گۆڕا
ڕووناکیی مانگ لە چاوی سمۆرەی ناودار بەهێ داستانسازتر
خانمی ماڵ خوانی کردە باخچەی حەکایەت
سەکۆ خۆش و تەڕتر بوو
بۆنوبەرامەی نێوان ژن و مێرد
مەست وەك پرچی کیژان بەیەکەم بارانی ساڵ
جلەکانی دوای گەڕانەوە لە گەشت
بۆ دەقکردن دەشیان
کزەکانی جەرگم خەون و وەرز و شایی و یاد
بە فراوانی حەوشە تۆپ ماندوو دەکەن
شا و وەزیر و پیادە و فیل و ئەسپ و قەڵا
لە تەختەی دابەشکراودا دۆشداماون
قاچیان لەسەر کامە خانە جووت کەن
یارییەکان شازادەن بە تاسەی بێ پەرواوە دەژین چی خەمگینیان دەکات
بەیەك بینین هەموو شتەکان لە ناخی مەسیح دەکەنە پڕشنگ
ڕێگایەکیشیان هەیە و دووریان ناخاتەوە و شیر و قاوە و ناوچەوانی کراوەیان دەداتێ

## ٩
## جابولقا

شارێك خۆی بەتاڵ کرد

لە ئایین و ئایینزا

بەناو بۆسەی تارماییەکاندا هات و باخی دروست کرد

مۆمی کرد بەلەشکری پاراستنی

ڕووبار لەسەر گەڵایەکی بەنازی

مێژووی بۆ هێنا

دانیشتووانی خەمیان فەرامۆش

ئومێدیان بەئاسمان پووچ کردەوە و هاتنەوە ناو زەوی

بڕوا و جوانییان لە دڵۆپە شەونمێکی گەرم بۆ تکا

دڵنیایی خستە نانیانەوە

## 99

# بێستان

شەقام بۆنێکی خۆش دەبەخشێ

درەختەکانی گۆپکەیان پشکووتوون

ئاراستەی چارۆگەی کەشتیم وەرگرت

قووڵ قووڵ دەچمە ناو کۆچێك

لە پەروا و لێکدانەوەی چوونە ڕاوی

دەریاوانە چالاك و هێمنەکانی بەیانی ئێمە بێ وەی دەکەن نقووم دەبم

سەرێکیش لە بێستانی گیانڕۆشنی باپیرم دەدەم

سێبەری دەستی خودا دەبێتە کەپری ئارمووشی

شانە هەنگوینی لە بەردەم دروست دەبێت

بە زەردەخەنەوە دێتە پێشوازیمان

کەروێشکێکی خەنەیی تێدەپەڕێ

دەمانسپێرێتە بیرکردنەوە

لە شاری بێ سنوور و بەخشندەیی سروشت

## ۆ

## فڕین

دارتووی حەوشە

ناز و نازەنینیی دەداتە دەرگای ژوورەکان

گلۆپیش تینی گەرمی بڵاو دەکاتەوە

لێی نزیك دەبمەوە

دەستی چەند نەرم و تەزوو بەخشە

پڕە لە کاتی دۆزرایەوە بۆ باڵندە و ڕاهێنەری فڕین

باڵندە لە شاری بەناوبانگ تامی ئاو دەناسن

موورتکی ناوچەوانی شەقام چەکی بانکەکانە

پێکەنین بەردەوامە

پێکەنینێك تەواو لە دابونەریت نەچوو

منداڵەکان خامۆشانە لە هاتوچوونی سەدەکان نقوومن

خانمی ماڵیش ڕاخەری تەختی نووستنی پێچایەوە

ڕێکەین

شەقام گەنجینەی ڕێنماییە و سەرنجی شکۆی تەواو نابێت

بەرمیلی زبڵی تەنیشتەکانیشی بۆنی ناخۆش نادەن

## هـ

## دیکتاتۆر

چادرێکی سوپایی لە ناوەڕاستی حەوشە و بانی ناوچەوانمان هەڵدرابوو
یاریزان شەترەنجی پێ تەواو نەکرا
خانەکانیشی شێواند
بە پڕتاوی ڕایکردە دەرەوە
بە نەوازشێکەوە تەماشای کووپە لیرەکانی دەم گۆلی ماسییەکانی کرد
ژەنگ گەمارۆی داون
گیانی ساردبووەوە
فریا نەکەوت چاوی پاگژ بکاتەوە
هەڵچوونێکی بێ مەبەست هەڵیسووڕاند
ئەستێرەی کاروانکوژە بووە ئەنوای بەختی برینداری
زەردەواڵە لە لێوی گۆرانیبێژەکانی شین بوو
چیای داهات
ئاسکە دیلەکان ڕژانە دەشتی ڕووکراوە
تفەنگ چرووکیان کرد
سەنگەری جوانی خەڵات کرا

## ٥

# هێز

تووڕەبوونی ئاگر خەسڵەتی ڕەنگە
کەس لەناو یەکڕەنگی شەرمندا نەیبینیوم
کەسیش وەکو جێگای برینێکی سارێژبوو
سەوزبوون و خەنەیی و زەردهەڵگەڕانی گەڵای بەرزاییەکانی یاداشت نەکردووە
کە پێشبینی و بەرزبوونەوەی هەستی لێ خڕ دەکرێتەوە
کە ڕەنگ لە سروشتدا دەمرێ
سروشتیش کە لە ڕەنگدا گیان دەدا
من ڕەنگەکان دەفڕێنمە ناو پیتە سادەکان
ڕەنگ گەنجینەی زمانی منە
لە منەوەش بۆ خوداوەند دادەبەزێتە سەر زەوی
سەر لە ماڵی باوانی دەداتەوە
دەتوانێ بە شتەکان بڵێ دەبن بەچی

# ی
# ڕاسپاردە

زەوی دڵی بەنائاسایی کەوتە لێدان
تەوژمی خوێنی بەرزبووەوە
ئاسمان چەترەکەی دادەخات
شتێك وەك دواخستنی تێگەیشتن لە پەڕە خوێندراوەکان ڕوودەدا
باڵندەکانیش دانەویڵەی خۆیان کۆدەکەنەوە
چوونەوە مەشقکردنی کەلکێشی
ناهەموارییەکانی سروشت ڕاسپاردەن
چاومان لە ڕووی کاتژمێر بگوازینەوە
لە مەلەکردنی ناو ڕووناکی لەیەك بچین
گورگ بەکراسی سوورەوە
دێت و لەسەر کورسییە چۆڵەکەی تەنیشتمان دادەنیشێت
زووش کراسەکەی فڕێ نادا
نەخێر واناکەم
دیداری تێگەیشتن لە پەڕە خوێندراوەکان دوا ناخەم

## ێ

## بەخت

گوڵەگەنم و جۆ ئەی ئاوەدانکەرەوەی زەویی ئارەزوودار
سوورِی کلیل لە قفڵی دەرگای ئاشناییمان لەترێکی ماوە
بۆنی چێشت و زمان بدرەوشێنێتەوە
مەشخەڵ بولبولی زەنگ بخاتە باری تێبینی هەموو شتێك
هەموو شتەکانیش ئامادە دەبن بۆ کەرستەی ڕەنگ
ئاواز چەشنی شکۆی کێڵگە و هێلانە لە دڵ دەڕوێت
خۆمان بەکەلووی بەختەوە دەگرین
بەرەو ئەستێرەی چارەنووس بەرزمان دەکاتەوە
لەوێوەش بۆ فەرامۆشی خەون
لە ئەفسوونی گوێچکەماسی و کڵاوی داربەڕوودا

**کانوونی دوومی ٢٠٠٢ هەولێر**

# مانگەکان

## کانوونی دووەم
## گیاندار

پەنجەرە لە کوێیە
شەقامی پڕ بادەی خوداوەند و گۆرانییە سەرەتاییەکان
دڵمان دەکەنە پەڕی شادمانیی کوارگ
لە بری ڕەنگی بەیان گورگ لە قەفەس دابەزی
کۆتایی هاتنی شەڕی بێئامانی ڕاگەیاند
گوتی قسەم لەگەڵ برادەرەکانم کرد
قسەیان خستمە دەرەوەی گوێ
وەك گیاندارێکی چالاك بێرەدا ڕەت بوو
دەچووە بینینی ڕێوڕەسمی

یاریی باسکە و

تۆپی بلیارد و

مەشقی ڕەوڕەوە و

خۆشڕۆییی تاڤگە

لە واتایەکەوە بۆ واتایەکی تر

براکانم لە دەرەوەی زەوی کۆدەکەمەوە و دەیانڕژێنمە ناو پەنجەرەوە

پەنجەرە دەپرسێ بۆ درەنگ هاتنەوە لە کوێبوون

## شوبات
## نەزانین

ڕوومەتی پڕ گۆشتی گیا و دەمودووی شمشاڵ
بەخوێن بەیەکەوە بەستراون
نازانین
نە دەمودووی شمشاڵ ناوکی زەوییە
نە ڕوومەتی گیا
ناتوانین بیر لەم ڕاستییە نەکەینەوە
گیا و دەمودووی شمشاڵیش ئازار ناچێژن
لەناو ئازارەکانیاندا ئاسۆیەك پشتاوپشت ناونووسمان دەکات
شیرەخۆرەیەك تێیدا یاداشتی شێرپەنجەی مەمك دەنووسێتەوە
دڵێك جێ دەهێڵێت و تێدەپەڕێت
دوو ناوکی ڕەشی سێوێك هەڵدەگرێتەوە
ئاسمان گۆرانییە
زەوی گۆرانییە
ژیان گۆرانییە
مردن دواتر

## ئادار

## پاشا

هاوارێکی تۆقێنەر لە هێلانەی پەرێشانی حاجی لەقلەقەوە
بەرزاییی چارەنووس هیچی پێ هەڵناگەڕێ
شاریش نیوەی مردووە
پاشا لە شوێنی بەیەکگەیشتنی دوو هێڵی ئاڵۆزدا
لەشکری ڕاگرتووە
دڵخۆشییەکانی بنەماڵەی کۆکردوونەتەوە
سمپارە لە ناڵی ئەسپەکەی دەدا
پاشان ماڵە هەژارێك کە منداڵیان بۆ ناژی
بەناوچەوانی خانووەکەیان دایدەکوتن
باڵندەیەکی مەمکدار خەریکی هێلانە گواستنەوەیە
لاشەی بێچووە مرداربووەکانی بەگوڵی دابونەریت دادەپۆشێ
بەڵام نازانێ بە چی بچوێنێت

# نیسان
## دەستکرد

له ڕۆشنایيی چاوێك بزربووم
له تاریکیی چاوێکی دیکه دەرکەوتم
ڕۆشنایيی چاوی یەکەم
مرومۆچ کەوت و داما
تاریکیی چاوی دووەمیش
له سەمایەکی پڕ بەدڵ
هەردووکیشیان چاوی جەستەیەکی تەپ و عۆل بوون
مەچەکەکانی پڕبوون له کاتژمێری خەوتوو
پێویستی بەدیداری بەسۆز و کات نەما
چووە ناو دڵی دەستکردەوە
منیش گوێم دەبەمە ناو ئەو بارانەی
لەودیو پەنجەرە دەبارێت و بەسەردانی ماڵە خزم و ناسیاری سەرقاڵە

# مایس
# نیشان

لەسەر لێوی بەهرەمەندێکی
ناوچەوان بە نەخش و جەژنی جیهانی منداڵان
قەڵەمکێشی فڕۆکەیەکی نایلۆنم وەك نیشان جێ هێشت
لە فڕینێکی ئاشکرادا
بووە ئاگردان و وجاغی بنەماڵەیەکی خانەدان
لە ئاڵووالاییی ئەم نەوە خستنەوەیەدا
میراتی باخمان لە بەهەشت وەرگرت
دابەشی باخچەی ساوایانمان کرد
تۆپی یاری و فڕۆکەی نایلۆن و دەبدەبە بەهەواوە
ساکاری و یادگارین
ئێمە قەڵەمکێشی سروشتین
ساکاری و یادگارییمان هەیە

## حوزەیران
## تارمایی

گێژەن خنکاوێکی لە خۆیدا نقووم کرد
بەرەو کوێ
بۆ لای نازوفیزی کۆمیدیای هەڵەکان
هێلکە شەیتانۆکە و سەدەف بەدیارکەوتن
کەشتی لە ئەمبەر و ئەوبەری بەندەر پشووی دا
چارۆگە دەستەسڕی سەرنشینەکانە
کەشتییەوان خوێدانی لەسەر خوان دانا و پەرداخی پڕکردین
زەنگوڵەی لەراندینەوە
نۆرەگەشتە
هەرکەسە و بەئارەزووی خۆمان
پیتە وردەکانی کتێبی چارەنووس دەناسین
ڕستەیەك فریامان دەکەوێت
بەندەر بەدەنگدانەوەی مۆسیقا گەرم بووە
چاومان بەڕووگەنماکانەوە
بێدەنگییەکی تەواو
تارماییەکی ئاسمانی
بە شەپقەکەی زەردەواڵە لە خۆی دوور دەخاتەوە
کەشوهەوا بواری پەڕینەوەی دەدات و گۆنای ئاسمانیش داگیرساوە

# تەمموز

## سمۆرە

کەساد و ماندوو ئەو کەسانە نین
کە دەمرن
ئەو کەسانەن پردی لەرزیوی ژیان دەیانپەڕێنێتەوە بۆ سەمایەکی نابەدڵ
سمۆرە دەیزانی چ بەڵایەك ڕوودەدات
لە پەنجەرەی ئەلەمنیۆمی نهۆمی دووەم
پازی دایە نهۆمی یەکەم
پڕ بەپێ ئەم ناوەی جێ هێشت
بەڵام قەڵەمی دەستوپێی نەشکا
گای کێوی دوا هاوڕێمی کوشت
کەرویشکێکیش بڕستی لە تاژی و ئەسپێك بڕیوە
وەك ئەوەی بەهرەم لە ئاسمان و خوداوەندەوە بۆ ڕژابێت
کەرویشکم ناسی
دەست و چاوی سڵاوم بۆی بەرز کردەوە
برام جەستە تەنگە بەبەر ڕۆحم
لە نەمریی دەمرم

## ئاب
## نووسین

شەوان خەرمانێك نووسین
كە لە سێبەری بەیانییاندا نووسراون دەخوێنمەوە
لە خاڵی سەرپیتی یەكەمین ڕستەدا
چاوی مراوی پێشان دەدەم
چاوی پشیلەش بە بەخیلییەكی زۆرەوە دێتە پێشەوە
تۆوی دەستێك دەوەشێنێ
كە هێڵی شەڕی تێدا ئاڵۆز بووە
قەرەباڵغییەك لەناویەكدا تێك دەسووڕێن
نیگایان كەوتوون
جاویدانەكان نابینن كە تێدەپەڕن
ڕاوچیش كە دێنەوە نێچیریان لێ وەرناگرن
لە هەیوانێكی پڕ ئاوێنەدا
كە وێنەی سەدەیەك پێشتری تێدا ماوە پێڵوو دادەخەم
جیهان دەهێنمە پێش
تەماشا دەدوێنم
لەو تەماشاكردنانەی لە چاودا ئاگر دەكەنەوە
پاشان ئاوێك بەدەموچاوم دادەكەم
كلكی بڕاوی عەربایەك لە هەڵبەز و دابەزدایە
پێڵاوێكی دەمەونخوون دەخەمە سەر
تا ڕەنگی لەناو كاغەزی ڕاپۆرتەكانی نەخەملێ و بە كەسێكی تر وەنەدات

## ئەیلوول

## یاد

سروشت قسەی لەگەڵ خۆیدا کرد
کێڵگەیەکی بەخشندەم
سەرسامییەکان ڕووەکی مەشق و چارەنووسی منن
هەڵەیەکی زۆر کوشندەی
کە هیچی تێدا ناگوترێ
نمە و ڕێژنەیە
هەور لە نوێژی داباریندا
یادی هەموو زەوی و زەویڕۆیەك دەکات
یادەوان گۆلمی لە ئاوی ژێر گوڵەکان پڕە
دەمی لێ نزیك دەکاتەوە
چاویشی لە شێوەی ناسك و بێباکی هەڵووژە نقووم بووە
ئەسپ یارمەتیی ڕزگاربوونی دەدات

## تشرینی یەکەم
## گۆڕستان

زیرەکییەکی تایبەتی هەبوو
تاکە شوێنێك کە دڵی پێ دەکرایەوە
ئەو گۆڕستانە بوو
لە بۆنەکاندا گوڵی دەبردە سەر گۆڕەکانی
گوڵ و گۆڕ دەبوون بەناوی هەموو شتێك
چاوەڕوانکراو
ئەی فرمێسکی دوای تووڕەییەکی تەنك
ئەم ناوە لە چوارچێوەی خەیاڵێکی پڕ ئاخاوتن
بەرزمان دەکاتەوە و نەوەمان دەلاوێنێتەوە
لەمڕۆ بەملاوە
گوڵ و گۆڕ بیرەوەرین پرسیار لەسەر پرسیار دەکەن
ئاوازێك کە تین دەبەخشێتە وشەی گۆرانییەکانمان
لە ماڵەکەماندا سرەوت دەگرێت
ئاسمان چیتر پێویستی بە زەوی نییە خۆی تێدا بنوێنێ

## تشرینی دووەم

## ڕستە

چەترە زەنگوڵدارەکەم هەڵدا

چوومە بەر نمە بارانەکەی

جیقنەی منارەی مزگەوتەکانی بەرەو زێراب دەبرد

باران هەموو جوانیی گەڕاندەوە بەرەو کۆتاییيەکان

لە فلّچەی ئەو شێوەکارە کردییە ئەفسوون

کە قاوەی بە نمە باران لێدەنێ

هەڵمی دەنیشێتەوە سەرزمانی مێوانی ناو ڕەنگەکانی

نائومێدی لە قسەی دەبێتە ڕستەیەکی بەسوود و ئاگادارکردنەوە

لە دامێنی تابلۆکانی دەینووسێت

لە مێژوو بترسێن

## کانوونی یەکەم
## تاج

ڕۆژی کەوتنە دووڕیانی بوو
بەئارەزوویەك کە ئاگر تێیدا ڕەنگی دەدایە شکۆی تاج
گەڕایەوە
مێز و کورسی و ناوماڵی داوای هەنگاونانیان دەکرد
بڕۆین بەئاوات دەگەین
بەپەنجە بەهێزەکانی داوی چل مۆمی خاوکردەوە
تەلی شخارتەی گەرمبوو
هەموو جوانییەکی وەك ڕێگا دانابوو
لە ڕۆژانی دیکەدا پێیدا بڕوا
قوڕی خۆشکراو دابەشکرێتە سەر منداڵی هونەرمەند
ڕوخسارەکان خۆیان دەناسێنن
مۆمەکانیش دەگرییێن
فیشەکی جوانی لە چیمەنی مێشکی چنی

**شوباتی ٢٠٠٢ هەولێر**

# کەلووەکان

## گیسک
## تاقیکردنەوە

لکی درەختی مزرەمەنی خۆی ڕاوەشاند
سەبەتە چاوی لەناو ڕووان
چاوێك گەرمتر لەناخ
خەو بەسەر چاودا نابارێ بەسەر دڵدا دەبارێ
سوارێك ئەسپی بە ئاوی دەستنوێژ ئاو دا
لافاوی تیژ و هەراسانی کرد بەگۆچانی سپی
هێزی گڵۆپیشی تاقی کردەوە
کاروانسەرایەك نەماوە ڕووناك بکرێتەوە
شوێن دەنووکی حاجی لەقلەق داگیرساوە
درەوشانەوە کۆدەکاتەوە
بەیانییان درەختی جوانیگرتوو دەرگای گەورەی شار دەکاتەوە
خودایە بێ ویستم نەکەیت
بیرم لەناو دڵمدا دەپشکوێ

## گۆزە
## یان

باوکم بەتەنیا دەست و دەموچاوی
بە ئاوی ئەمەکداریی دەربەندی گۆم دەشوات
زەوییەکانی بەرهەمدار و درەختی ڕەزەکانی مووتوربە دەکات
سندووق و کووپەیەکی لەناو کێڵگەکەیدا
نیشان و ناو و نان و ئاوە
ئەستێرەیەکی دڵنیاهێن بەسەر شانیەوەیە
پەیوەندیی بەپلەی سەربازییەوە نییە
ژوورێك لە نێوان سندووق و کووپەدا
پرسیارێکی کراوە
مرۆڤ کێلەکانی گۆڕی لە پیتەکانی ناوی خۆی دەڕسکێت
یان داربەهێیەکانی حەوشەی

## نەهەنگ
## گەرد

نووستنی هەتاو لەناو سێبەر
حەزی زیندووبوونەوەیە
بیر لە چاوی خۆی دەکاتەوە
چەند دەبینێ و لە بینیندا برادەرەکانی ئاوی دەریا دەخۆنەوە
ئەرێ چاو بێلایەنە یان نا
ئۆهـ ببوورن
ئیرەیی چاوی پێ داخستووە
مراوییە مل قەدیفەییەکان
ناهێڵن گەردی لێ بکەوێت
زەنگوڵەی مامز هەڕەشە و دەرکەوتەی ناکۆکییە

# کاوڕ
## گۆڕان

لە ئاکاری پڕ برووسکە و مووچڕکی هێڵی ناوچەوان
گەرمی باڵی کۆتری ئاشنا کە نان دەبرژێنێ
چاوت ڕوون دەکەنەوە و شانەکانی هەست لە دایك دەبن
کەزیی تازەبوونەوە تیشك دەداتەوە
لە درەختی مێوی حەوشەمان کورت و درێژ دەبن
برسیەتی خۆی بەرز دەکاتەوە
دەتوانێ گۆڕانی ڕەنگی حەوت شانۆی یەك دیمەنی بناسێنێت
دەرگایەك ناشکێنم کراوەبێ

# گا
# گوڵ

میزێکی ئاسنینی کۆن
گوڵی بۆنخۆش و گەشاوەی لەسەر دەفرۆشرێ
بەخت یاری کڕیار و فرۆشیارە
منداڵێك سمۆرەی بەسەر شان و ملەوەیە
لەناو گالیسکەیەك تێدەپەڕێ
سمۆرەی چاوزیت
تەماشای بەناو هاتوچۆکەرانی شار بڵاوکردەوە و ناڵەیەکی لێوە هات
درەختێکی دێرین نوێژی خۆی کرد
چاوێك لە قەڵا و چاوێك لە منارە ڕووناکیی زۆریان ڕژایێ
ختووکەی مەچکۆیان دا
هەولێر لە ناوکی خۆخێك هێزی وەرگرت

# جمک
# گەشانەوە

لە گوڵجاڕدا خێزانێك گوڵ داوایانکرد بکرێن بەدەسك
هاواری ئەم داوایە دەست و پەنجەی کەسی ختووکە نەدا
پرسەدارێك
خورپەی خستە دڵی ڕێگا و گۆڕستان گەشایەوە
بووك و زاوا لە پەردەدا خەبەریان دەبێتەوە
خوناوی دەموچاویان سێبوورییە
ناچنەوە ناو ڕێگایەکیش دووجار تێیدا تووشی دووڕیان بووبن

## قرژاڵ
## باڵ

گیان لەناو لەشی کوکوختی جاویدانە
باڵ لە سندووقی گەنجینە دەنێژرێ
دەنووك لە گۆرانی
مرۆڤی خەیاڵپەروەریش بەناو دەغڵدا دێت و ڕێگای دەکرێتەوە
ڕەنگی دەرگای ماڵە دانیشتووان ڕۆشنەکەی لە دڵی نیشت
هەستی شانازی و ڕازیبوون
لەو بڕوایەدا ڕواندی
بێگومان تیشکە پڕەکان لە ماڵی مندا پشوو دەدەن
پاشان بەخشندە دەبن و لە ڕێگای نەبەردان پەڵەی ڕووناکی دەدەن

# شێر

# پێ

گیانی چڵ ساڵەی بەخێوکەری هەنگ خۆی درەوشاندەوە
چاودێریی ئاگری دەکرد
پێی چنار و شۆڕەبیی لەناو ئاو دۆزییەوە
بە پێی خۆی بەراوردی کردن
لە گشت خاك خاڵییە پێ
خودا بۆیە شوێن پێی نییە
بۆ جێبەجێکردنی کارەکانی بەسەر ئاودا دەڕوات

# گوڵەگەنم

## دەنگ

من لەسەر زەمین نیشتەجێ نیم
لەسەر سەکۆی خۆم کە شوێن پێی خودایە ژیان بەڕێوە دەبەم
دەنگی مەکینەی دروومانی دایکم
پەلەوەرەکانی ڕژاندە حەوشە و دانەوێڵەم بۆ ڕۆکردن
زۆنگی مەرەزەش قاقا و پرسیارە
مۆسیقاژەنێك لە ژێر درەختێکی کز و داماو مۆسیقای ژەند
بولبول لە خرۆشیی گیان لێی تێکچوو
بەسەر چڵ نیشتووەتەوە یان ژێ
دۆنایدۆن و نەمریی و سرووشەوان و قوربانی مەست بوون
وەك جوانوویەك سەوزاییبان لستەوە

# شایان
# هاوار

ڕووناکی چاوی بەرەو ئاسمانی لە چاوی بەرەو زەوی ڕوونترە
بینینیش هەموو شتەکانی لە خولگە دەرچوون
لە دەرەوەی خولگە
دەنگدانەوەی بەهێزی هاوار هەیە
زەوی قەڵەشت
چڵێکی لێ هاتە دەرێ
مرۆڤ خەریکی پەروەردەکردنی ئەم چڵەیە
بەچاوی باشی دایك
تەماشای نەشونمای دەکات
چەند کەسێکی گەمارۆدراو بە لافاویش
بیر لە ئاوی سەر باڵی شەمشەمەکوێرە دەکەنەوە

## دووپشک
## هەڵاتن

دەست بۆ ژێی نەبەستراوی کەمان ببە
سنووری شارەکان کەوتن
پردەکانیش
پرد بەسەر ئاودا ڕایەڵ کراوە
برۆنزت بدرەوشێنەوە ئەی کانی بەختکردنەوە
سواری ئەسپێك دەبم
مرۆڤ لەمێژە نهێنیی پەنجەمۆری پێچاوەتەوە و لە زەوی هەڵاتووە
لە خودا بپاڕێرەوە
فڕینی قورینگ تێکەڵ بەهەڵاتن بکات
پردەکانیان ڕووخاند
تا پێت بڵێن شوێنێك لە ئاسمان بکرە
لە ڕەشبینییەك نقوومبە و هاوارەکانت بگەڕێنەوە ناخت

## کەوان
## ئەنگوستیلە

سفرەیەکی بچووکی بە ئەمەك و نمەك و جوان و دڵڕفێن
شۆربایەکی لە گەڵامێوی ئەوەل بەر
قۆریەیەکی چینکۆ و سینییەکی مسی دەور بە نەخش چندراو
ژنێکی ڕووخۆش و چوار سڵاوی ڕوونی خودا
خەون و وەرز و شایی و یاد
حەوشەیەکی پڕ خۆری پاراو و درەختی میوەی تێدا تەکێندراو
ئەرێ ڕوونکەرەوەی هەواڵەکان
خۆ ئەنگوستیلەی مرازت ون نەبووە
ئەسپ بەرەو ماڵان بەڕێوەیە
هەموومان لەسەر پشتی جێمان دەبێتەوە
ئاگری تاج لەناو چاومان دەترووسکێت
خۆرێکی پاراویش بەدەورماندا دێت و دەچێت

**ئاداری ٢٠٠٢ هەولێر**

# ئاسمانییەکان

## خۆر

### ئیرەیی

بووکەشووشەی قورمیشدار
دڵپڕ بەرزی و نزمییە
بەرانبەر ئەو منداڵە شاگەشکەیەی
بە فلچەی ئاوریشم پەڵەی لێ جیادەکاتەوە
بە دەنگێکی ساردوسڕ ڕایگەیاند
مانگ لە چواردە خۆویستە
دەیەوێ دوای ئاوابوونیشی یادی بکرێتەوە
لەو هەڵپە و گیان هەڵوەدایە
ترسناکیی گۆڕەپانی جەنگ مرد

## مانگ

## خوو

دوای کەوتنی کۆلارەکەم

زۆرم خوو دایە تەماشاکردنی

ئادەم و

نووح و

بزماری ناو دەستی مەسیح و

ئاوی زیندووبوونەوە

دەکرێ ئادەم و نووح و مەسیح و ئاوی زیندووبوونەوە ببنە ڕەچەلەك و دایك و باوکم

خودا لەو جێگرەوەیە خەبەردار و ڕازییە

ڕوخساری ناسکی هەموو دڵێك دەگەیەنێتە دڵخۆشیی خوناو

لە کاتی بەرەبەیانیدا یان کەو دوای خوێندن

کە لە ترۆپك بەناز و فیزەوە دێتە خوارێ

بۆنی شیلەی میوە بێچووەکانی فێری ناسینی ڕووەك دەکات

کۆلارەوان لەناو نهێنییەکانی کەوتنی کۆلارەی جێ ما

شمشاڵ بەئاوازی خۆشبەختی و جەژنی ژیان

هەوای بۆ خۆش دەکاتەوە

# ئەستێرە
# پەرژین

بریقە لە ئەڵقەی پەنجەی حەوا
گیتاری ناو ئاهەنگ و شیرینی بەخشینەوەیەکە
ماچ کردنی نەوە بەرزی کردووەتەوە
مانگ هەموو جوانییەکانی کرد بە پەرژین
دەنووکی بولبولی لە گەرمیی خوێندن پاراست
پاشان لە مەستیی ئاگری ناخی درەخت چێنێك
وەك وجاغزادەی بنەماڵە نازی درایێ

# هەور
# تێکەڵی

ئەسپ گیانلەبەرێکی ڕووەکییە
تاژیش گۆشتخۆر
ئەرێ ڕاوکراو بیر لە تێکەڵیی مرۆڤی ڕاوکەر بکەرەوە
چاوی ئاسمانی کردووە بەکەوڵی ڕێوی
تەنافباز لە ناوی سنوور دەستنیشان دەکات
شانە ساردەکانی بەگرانی دەجووڵێنێ و ئومێد دەکوژێت

# باران
## کۆڕەو

سی و یەکی سێی هەزار و نۆسەد و نەوەد و یەك
گرفتی تۆفانی کەم کردەوە
خەونیی بەختەوەری لە بەرزاییەکانەوە دەستی فریای بڵاوکردەوە
سەرمای باران بۆمان نەخۆشی بوو
ئێستا نمەیە
دەچێتە ناوبژی ئەسپ وپەڕوباڵی دار سنەوبەرەکانمانەوە
دەست لە ئەندامەکانی دیکە جیلوەدارترە
ئاوازی خۆی دووبارە دەکاتەوە

# بەفر
# وێنەگر

بەرگی یەکەمی بیرەوەریم
لە دەفتەری جغارەی بابم نووسی
درەختی بنەماڵەمانی تێدا نەخشابوو
چەند سەرەقەڵەمێکم دانا
ئاوێنەی بچووکی ناو جانتای گەشتم ڕوون بووەوە
بازێك لەناوی نیشت
بووە چوارچێوەی
پێی پڕن لە مەرجان
سکاڵا و نزای دوای نوێژی بەیانییانی جەژن لە مزگەوتی شێخی چۆلی دەکات
دەستیش لە کلۆ شەکری ناو تاخمی چای پەرییان دەخشێنێ
لە چاپخانەی کوردستان پیت ڕێکدەخات
چاودێری ئامێری وێنەگریی تیشکیشە
کەی وێنەکان دەداتەوە
ڕەش و سپی ڕێگا دەدەن
ڕەنگەکانی دی تێکەڵی بن و برووسکە بدەن
قەڵا کەلوپەلی دروستکردنی پەیژەیەکی دەداتێ

## تەزرە
## مرۆڤ

لەگەڵ گزینگدا
بە بۆشاییەکاندا هات و کەوتە دەریا
ماسی بەفیزێکەوە کلکێکی لێ دا و هەڵیدایە وشکایی
زەوی پاشەکەوتی کرد
دێو پێویستی بەهەموو شتێك هەیە بیزانێت

## پەلکەزێڕینە
## ڕەندی

لەناو سندووقێکی گەورەی داردا
شانۆکار هەنگی بەخێو دەکرد
هێزی پرۆڤە شانۆییەکانی لە سەما و هۆگربوونی ئەوان وەردەگرت
لەناو ژوورێکی شووشەییی ئاوێنەداردا
ڕەندی و سەد ڕەنگی ئاشقبوون ڕژایە توانای
گیانی کەوتە ناو جۆگەلەی پڕ تریفەی لێوار بە گۆزە و پەری
بەدیهاتنی ئارەزووی ڕەگ
لە زەوی قوڵپی دا

**نیسانی ٢٠٠٢ هەولێر**

## شەممە

## شیر

دوای بەجۆشخستنی
ئەو خوداوەندەی سەرنجەکانی تۆمارکرد و هێشتیەوە
هیچ نابیندرێت
جگە لەو هەموو ساڵە ئارامگرتنەی کە ئەستێرەی بەسەردا ڕژا
کلیل لە قفڵی دەرگای حەوشە بادەدا
فەریکەنۆك دادەوەشێنێتە سینگی سینییەکی ستیل
مراویی ئەفسووناوی دەهێنێتە سەر هێلکە و ئاو
فیلمە ترسناکەکانیشمان بۆ خاو دەکاتەوە

شیری شەمشەمەکوێرە و مەڕی گوێشۆڕ سپین
ئەستێرەیەك دەکەوێتە خوارێ
دوو دەست بێ پەروا مانگ دەگرن
شوێنی پاش جەنگ بێ چاوە
هەنگاو بەرەو ناسکیی ژیان هەڵدەگرێت
داوای چاو دەکات
بچێتە ناو مەستیی یەکتربینینەوە
لە خرۆشیی هێلکە ترووکان
ڕووناکی پڕ وزە لە ڕوودا دەکرێتەوە
بەر گەنجینەی شاراوە دەکەوێت

# یەکشەممە
## شانازی

منی بووژاوەی دوای پاچ و شەڕ
شادمانی دیدار و فڕیو بەسەر دارستانی بە پەڕوباڵ و زەریای پڕ ختووکە
هیچ ئارەزوویەکی خواردنم نەبوو
قەپاغی مەنجەڵ لە سەما و مۆسیقای شاکاری
بیر لە ساردبوونەوە ناکاتەوە
ئاگرێکی کز و نەرم هەڵچوون و نیشتنەوەی چێشتی پێوانە دەکرد
ڕووناکی بەخۆی نازی و داباری
قادرمە یەکپارچە بووە باوەشی گەرمی ئافرەت و ئاوازی درکاندن و شانازییەکانمان
قورینگی دەستەخوشکی تیترواسك و لەقلەق
حەوزێکی پڕ و شلەتێن لەپی دەستی بۆ ڕانەگرت
قووڵایی قووڵاییەکان و بێداربوونەوە پێشان بدا و ڕوخساری تێك نەدا
بەرەو شاری ئاورینگدار ببێتەوە
مێشیش فایلی برینەکانمان داخات

## دووشەممە

## ئەفسوون

ئەو شتانەی فێریان بوویم
منیان ژیاند
ئەوانەی فێریشیان نەبووبم
بۆیان دەژیم
بۆ ژیان پاراو و هەڵبژاردە و ژیرە
ئەفسوونی سیمرخ بەرەو گیان دەکاتەوە
لە ویستمان ئاوی زوڵاڵ دادەڕژێ
ڕازی پەیمان گەورە دەکات
دەکەوینە سەر ڕێگا
ئاوی زوڵاڵی ویستمان بۆ خەمڕەوێنی و هاودەنگیمان دێتە کاروان
لە ڕستە هەناسە سوارەکانی کتێبی سارد و پواوی ساڵەکان دەرماندەهێنێ
باڵی پەپوولە لە فنجانێکی بچووک هەڵدەکێشێت
لەسەر ئەو باڵەدا
گومان دەبێتە نامەیەکی کراوە
دەنگی مۆسیقا لەگەڵماندا دێت و دەچێت
دەمانباتە گەرووی زەوی و دیسان گەروومان بۆ گۆرانی چالاك دەکاتەوە

## سێشەممە

## نواڵە

تاوانبار کێیە

مانگ دەگیرێ و دەوروبەر خامۆشی وەردەگرێ

مۆمێك دەست لەسەر دڵ

لە شوێنێکدا وەك میرێکی تێکشکاو شمشێری شکانم لێ داناوە

پرسیارەکانی خوداوەند لە سەبەتەیەکی قامیشی شەکر دەگێڕێت

نواڵە تۆقەیەکی ناسکی لە یاڵی ئەسپ چوو

لە پرچی ڕووگەنمایە

پاڵتۆیەکی فەرووش سەرەتای بەیانی و ئێوارە ڕادەگەیەنێت

سبەینەیەك کە نەبووە کاتێکی خۆش

کورسیی باخچە لە خۆشهاتنمان

لەخۆی تێ نەگەیشت کە بیر لە مێوان بکاتەوە

زرەی گوارەت

مۆسیقای جەنگ بوو

کۆمەڵێك لاشەم لە گۆڕەپانی جەنگ جێمان

باڵندەی گۆشتخۆر لە دابەزیندا بوون

پەشیمانم کردنەوە

میوەیان هەڵبژارد

بە نەوازشەوە گیتارم بەدمەست کرد

کانی هێمن هەڵدەقوڵێ

پەڕەکانی کنێرێك لێ دەکەمەوە

دەیخەمە سەر ئاو

بولبول لەبارەی دەخوێنێ و دڵەکانمان دەناسێ

ئاویش بەرەو ساکاری گەیشتن دەڕوات

# چوارشەممە
# بەهەشت

خشڵدزی بنەماڵەی پێغەمبەر
هێشتنەوەی جوانی و بەسەر و شوێنکردنی داهێنان
یانی هاوکاریکردنی نەوەکانمان
جوانی زەوییەکی تەڕ و گەرمی دووگیانە
نەوەکانمان لە کێڵگەی گەواهیدەر بەردار دەکات
لەوێ ڕەنگ نامێنێ
گیان هەڵدەقوڵێ
گەرمیپیێوی ڕاڕەو و ژوورەکان پەپوولە بەتاسووقەوە دەیخوێنێتەوە
گڵۆپی بەهەست پێدەبن و دەکوژێنەوە
بەتانی و سەرین تێیدا بەرگی دیوانن و بەردڵ دەکەون
سادەیی وێنەیەکە هۆگرت بووە و دەتوانن یەکتری بدوێنن تا دڵ ئاشکرا دەبێ
ڕووناکیش ناونیشانی شیعرن
لە بۆنکردنی بخووری پاشمەرگ پەشیمان نابنەوە

## پێنجشەممە
## ئاواز

خانوویەکی لە تەختەدار دروستکراو
دەنگی گۆرانییەکی خەمگینی لێ دێتەدەر
ئاواز دانەریێك
لە تەمێك کە جێگای هانا و پەنابردن بوو
قەیسی و فەریکە سێو و تۆ گندۆرەی برژاو دەخوات
گوێیەکانی بێدەنگییان لە دنیا کردووە
وریای ژوور سەری خۆیانن
مەستی ئەشقێکی ڕژاو ئاشکرای کرد
دەوروبەر مووچڕکەدار دەکات
ئای هەڵەی دۆزینەوە
دوای تەواوبوونی ئەم گۆرانییە
ساتی ئارامیی تەواو دەبێت
هەستی بێ ئامانی و بەڵا
ئەم ناوە دەباتە ناو دوو شەڕەوە
زانین و نەزانین

## هەینی
## ڕاو

دەستەیەك یاریزانی سێرك
گۆڕەپانی یارییان جێ هێشت
ڕووبار وەك سەرچاوەی بەخشش
خۆی پێشكێش كردن
یاریگا چوارچێوەی زێڕین و دەرگای ستیل
دەبێت لەسەر كۆمەڵێك كورسیی جێگیر دانیشین
دووربەدوور چاومان پاراو بكەین
ڕووبار پانتاییەكی كرایەوە
كورسیی گەڕۆك لە هەر كوێیەك ئارەزووی ڕاو داگیرت بكات
بینینی گیانداری
خشۆك و
ئاوی و
باڵی و
پێڕۆ
یارمەتیی شادی و هێمنین بۆ بە ئاسۆدا ڕۆیشتن
ماسی دوای ئەوەی لە ژیانی وشكایی شارەزا دەبێت
دەیكەین بەدەست و دیاریمان بۆ سەرچاوەی بەخشش
لە خۆشییاندا پێدەكەنێ
خۆش هاتی ئەی سەرەتای گەشت و سادەیی

**مایسی ٢٠٠٢ هەولێر**

## هەستەکان

### بینین
### چاویلکە

ئایا تێر تەماشا دەبێت یان نا
چاویلکە
کوێرەکان بۆ جوانی بەکاری دەهێنن
مامەڵەی کڕینی شەکرلەمە و گەزۆلەوزینە و بە دەمچەی ناوك شیرینیش دەکەن
لە تەماشاکردنی هەوری لەکاچوو ڕاهاتووم
دەشزانم بەندەکانی ناو بەندیخانە زۆر لەنزیکەوە تەماشایی ژیان دەکەن کە تۆیت

# چیژ
## شیشەبەند

شیشەبەند دڵی پیاوێکی چۆرتەیە بە دەمێکی نیوە کراوەوە
ڕێ دەدا زەرگەتە و جورجەکوێر و ماری پێ لەزگ
وەك شەقامی پانوبەرین گرێی تێدا نەکەن
بەهێزی چەپکەگوڵێکیش کە لە تەنیشتتبێت دڵگرانە
دەستێك کە وێنەی ئێمەیە نازی ڕاناگرێت و مەرگی ئامادە دەکات
پاشان لافیتەی پرسە دادەکوتێت

## بەرکەوتن

### یەکەم

تەنیا دانەی یەکەمی تامی خۆش دەدا هەنار

ئەوانی دی

دووبارەبوونەوەی یەکەمن

وریابە ئەی ڕۆشنایی گیانی یەزدان

ماوە لە نێوان دووبارەبوونەوەدا نییە

## بیستن
## مردن

ڕامگەیاند ڕۆژێك لە ڕۆژەکانی مێژوو
پێشەنگایەك دەکەمەوە
کۆتەڵ و تابووتی تێدا پێشکێش دەکەم
کە یارییان بە هەستەکانی من کردووە
لەسەر ئەو قوڕەی بۆ دروستکردنی ئادەم و حەوا خۆش کرا
کتێبی لەبیرنەچوونەوە جێدەهێڵم و هێڵێکیش بەرەو ماڵ دەکێشم

# بۆن
# دەست

چەتە ترسنۆك و چۆكشكاوترین کەسە لە نرکەی خوێنی کەفکردوو
جامی پێشەوە و پاشەوەی ئۆتۆمبێلیان بەخوێن و قوڕ سواغ دا
هەردووکیان میهرەبانن
خوێن گەرمایی جەستەی گیاندارە
قوڕیش هێلانە و ماڵ پێکدەهێنێ
باران دەستی خودایە
جامی پێشەوە و پاشەوەی شووشت
سەرم هەڵگرت و هەر ڕام کرد
چیا و کەروێشکەکان تەماشایان کردم و بە ڕۆشنایی گەرمیانکردمەوە
پاشان بە ڕۆشنایش دایانپۆشیم
لە تیشکی خوداوەند لەدایك بووم
چارەنووسی زەمینی و ئاسمانیی خۆم دەستنیشان کرد
شێوەشم دا بەبێباکی و تاجەگوڵینەم خستە سەر کۆتری پەڕلەپێ
کۆتر خواستی زەمین و ئاسمانە
ترسنۆك و چۆکشکاو نییە و تەواو سەرسامان دەکات

## پێشبینی

## قومری

قومری بێچووەکانی کرد بە بازووبەند

لە باڵی بەست

فڕین گەرماییبە لە ئامێزێکی بۆنخۆشدا

دڵخوازەکانی یارمەتیی بەرزبوونەوەی دەدەن

## خەون

## کیسەڵ

کیسەڵ هێلکەکانی بە لم سپارد
بەلایەوە گرینگ نییە
بگەڕێتەوە سەریان یان نا
کوێر و کەڕ و لاڵە
لە ئاست ترووکان

**حوزەیرانی ٢٠٠٢ هەولێر**

# قۆناغەکان

## منداڵی

## تابلۆ

دوای منداڵ خستنە سەر سەبەتە

شانازی و ڕوخسار پاراویی دایك دەست پێدەکات

باوك لە شکۆی گۆرانی بەرەبەیاندا

بۆ کۆکردنەوەی پشتوپەنا گوێڕایەڵەکانی دەریا دەکێڵێت

دەشپرسێ کێ بوو دەریای کێڵا

باخەوان لە کونی دەرزیەوەش ڕەگی تەمبەڵ و زڕ ببینێ تەقەی لێ دەکات

جووڵەی دەستی دڵێکی نقوومبووی حیکمەتی بەختەوەری

لەکاتی ڕوانی پەڕی قەتێ و ڕەنگاڵە

تابلۆیە ڕەنگەکانی بەیارمەتیی چرایەکی ناو جامخانەی چوار ڕوو ئامادەکراون

زەویش ڕەنگی لەبەر نەمێنێ

ڕەنگەکانی ڕووی مۆنالیزا و کیژی کافرۆش

تاهەتایە لەبەرەی جەنگ دەمێننەوە

## هەرزەکاری
## سزا

تاوە باران سزای باڵندەیە

نۆرەی فڕین دەدا بە لکوپۆپ یان پەڕ و باڵی درەخت

لکوپۆپ یان پەڕ و باڵی درەخت تەنیا لەناو بیرکردنەوەدا شێوەی دەچێتەوە سەر باڵندە

واقیشیوڕدەمێنێ چ ڕۆژێك بوو شێوە ڕسکا

## گەنجی

## توانا

مانگی چواردە کە بەتوندی تەمیی چەور لادەدا
لەخۆباییبوون و خرۆشی هێزی زۆری نییە
بە دوای توانای خۆیدا
تریفەی پڕ ناساندنی کۆشکی گەورەی شارە
تۆوی بەهرە و دۆزینەوە دەوەشێنێت
لە ئاگر هاتە دەرێ
چووە سەر دەموچاوی زرێپۆشی ناو دارستان و داستان
شتێکی لە یاری ناو گۆڕەپانی کێبەرکێ و هێڵە سوورەکان گۆڕی
بۆنوبەرامەی جۆلانە بە بنباڵی خدری زیندە هاتەلامان
بەختمان لە ناوی تەماشای تاج دەکات
ئەو منداڵەی لە هەفتەی یەکەمی تەمەنیدا مرد
نەیزانی دایك و باوکی کێیە

## جوامێڕی
## جێکردنەوە

ئەو وشانەی ناتوانین بیانڵێین
پاکیزەی سفری بوونن
لە بەرزاییەکانی فریاکەوتن دێنە خوارێ
ماڵ و خێزان دەباتە ناو ئاهەنگی خورپەداری گەڕەك و ئەلبوومی ڕەنگاوڕەنگ
هاتن و چوون ستایشن بۆ
جێکردنەوەی خەون لەناو بڵاوکراوە تایبەتییەکانی
کە تاریکی دانایەتە سەریان و دایان ناخات
بۆنی شیلەی درەخت ئارەزوویان وا بەرزدەکاتەوە
تەماشای دەموچاوی ئەو میوە پەرستە بکەن
بە باڵندەکان دەڵێت
هاوڕێی تەمەن و حەوتەوانە
ئەمشەو هێلکەی چل هێلانە دەترووکێت
ڕێویش چاوی زل و بڵ کردووە و بەلادەمێکەوە دەڵێت
بەردەوام لە تاریکیدا دەژین

## پیری
## هێلکە

بارانبڕەیەك هێلکەی خۆی دا بە دوو تفەنگچی
بۆ نیشان شکاندن بەکاری بهێنن
دوو گیانەوەریش
نۆبەرە
ئاسمانی
پاشەبەرە
وشکایی
نێوانیش ئاوی
دەچنە ناو ناڕازیبوون و پاشماوەی دوای لافاو و سێبەرێك
هەوای گران و ئاڵۆزی باڵ و شمشاڵیان دەخنکێنێت
بڵاوکردنەوەی دەنگی ڕاز و ڕسکانی
بەگەرماییی سۆراخپرسی هەست
تێکەڵەیەکە لە کۆیاد و چاو پاگژکردنەوەی سەر بەرماڵ و ملوانکە هۆنینەوەی مراد
دڵ بەهێز لەشکری ترپەی ڕەوانەی قەڵای لەش بکات
مەرگ وەك دزێکی ناقۆڵا دەماری دەپسێ
خەزنە جێ دەهێڵێ و ڕاکردووەکانی بۆ کۆ ناکرێنەوە

# کەنەفتی

## جووڵە

تریفە ئاوازی مانگە
لە باڵی پەنجەرەوە چاودێریی ئاو دەکات چۆن ڕادەبوورێت
بۆ جێماوەکانی مات دادەمێنێ یان نا
بە بەهرەی خەیاڵی شەقامی پڕ دەبێ لە ئاهەنگی دڵنەرم و تەنیایی گەردوون
بەرد لەناو ڕووباردا دەبن بە
گۆپاڵ
پرد
لایت
سێبووری
بەدڵی خومار و دەستی لەرزۆك و چاوی ئاشقی
دەفتەری یاداشت و خولیای لە جانتا دەردەهێنێت
باوەڕێك دەیخاتە جووڵە
هەنیەی وەسوەسە هەڵدەکۆڵێ
بەقەڵەمی ڕەنگاوڕەنگ
ناو و سەرەباسەکان تۆخ دەکاتەوە
وێنەیەکی دەگمەن وەردەگرێت
وچانێ دەدا و لەسەر ئیقاعی زەینڕوونی
چاو لە ڕەنگی بەرەبەیان دەگێڕێ و سەرەتا دەگەڕێنێتەوە و ڕێگاش چرۆ دەکات
ڕێگا چرۆ بکە دەمەوێ جارێکی دیکە تەماشای لکوپۆپ و میوەی تر بکەم
بەهێزم دەکەن

**تەممووزی ٢٠٠٢ هەولێر**

# نوێژەکان

## بەیانی
## ڕاکردن

تەنکە ئاوێکی بریقەدار لەسەر شەقام دروست بووە
چوومە دوای سێبەری کەروێشکی ڕاوەستاو لە تەختایی سینگی چیا
ئاسوودەیی شڵەقاندم و نەبووە شانازیم
لە ژیانمدا کەسێکی وەك خۆم ڕێکەوت نەکردووە
لە یاری خلیسکێنەی بەفر ڕووناکی بەسەردا ببارێ
بەدوای سێبەری ئەسپی بەیدەستدا ڕامکرد
زوو پێیەکانم لە ناوی ساردبوون
گیانی بەختەوەریی مەحاڵ و باڵی لە نزیك ئاگر ڕسکاوی پەپوولەم
بەهێزی دڵ بەرزکردەوە
ئەوینی ڕاستەقینە لە نیوەی دڵ نا لە نیوەی ڕێ بەیەکگەیشتنە
بەڵام قەلەڕەشیش دڵی هەیە و لە نیوەی ڕێ چاوەڕێیە

## نیوەڕۆ
## ترس

پەنجەرە لە دەستێکی پاکەوە بۆمان جێماوە
تووڕەیە تیشك وەرناگرێت
هەڕەشە قەڵپەکانی ژیان
دەشێ لە ئاگری چێشت ئامادەکردن بچووك بکرێتەوە
تا خاڵی ڕەشی سەرزەنشتکردن
دەنگەکانیشی لێ دەرکەین
کامیان سەرەتان
ژیان یان هەڕەشەکانی
لەو نێوانەدا بەندەی خودا ترسێندراو مایەوە
شتەکانیشی لەبیر نەکردووە
بەسەری پڕ تاج و پێی بە زەنگوڵەوە بەشەقامەکاندا دێت و دەچێت
هێلانەی ماڵ پڕ پووش و هێلکە دەکا و ناوی چەند کەسێك دەبا و دەپرسێت
ئەرێ ناوەکانی خودا زیادیان کردووە یان کەم

## عەسر
## تێبینی

هیچ هەستێکم لە مێشکمدا کۆ نەکردبووەوە

ئارەزووم بۆ پیاسەی دوای عەسرانی

شەقامی شەستی و گەڕەکە کۆنەکانی هەولێر جوولا

دەستم خستە دەستی وچانی هەست

دەسکی دەرگای حەوشەم بادا

گەڕان تامی ئاوی گوێز و خۆشاوی ترێی ڕەشمیری دەدا و یادەوەی ڕۆشن دەکاتەوە

سێبەری درەختەکانی لە هۆی تەنیایی خۆیان دەپرسن

سێبەری منیان هێنایەوە بیری

هەنگەکانی لە ناویدا شیلە و شانەیان دەڕژێتە دەستمان

قووڵاییە نزیکەکانی سێبووری و خولیای گەڕانەوە بۆ ماڵی بلوورین و پڕ بخوور

شەوقی نقێمی ئەنگوستیلەی کەسوکارە مردووەکانمن

لە مێشکمدا بوونە تێپەڕینێکی بریقەدار

بەئارەزوویەك کە بۆنی هەڵاتنی ئەسێرەکان هێمنیان کردبوومەوە

دەسکی دەرگای حەوشەم بادایەوە

مرۆڤەکانی لە ڕۆژی دوایی دەبنە برادەرمان

چ هاودڵێکی شکۆمەندن و شووشەیان لەدەست نەکەوتووە

لێو کە پەنای گرتووە لە ماچی دووڕوویی و تێبینیی چاویان

مۆسیقای بارانە بیری لەخۆی کردووەتەوە

کاتێ تێکەڵ بە زەوی دەبێتەوە و ناشزانێ لە کامە باوەش تەواو دەبێت

## ئێوارە

## گوڵاو

ئاسمانی شین و پڕ ڕەنگەکانی دی
دەستی میهر و جوامێریی شۆڕ کردووەتەوە
گوڵاو لە دەموچاومان دەدا
بۆ یەکتری بینین بۆن شادییە
ئەو هەڵمەی لە دەموچاویشمان هەڵدەستێت
لە سییەکانی مانگ دەیپاڵێوی
تریفەی چاوی لە کانیی تاهەتایی دەبێتە مۆری هەڵکەندراو و نیشان
لە زەلکاویش قومارێکی دۆڕاو
لە نێوان نیشان و دۆڕاندا
چاو هێزی خەیاڵکردنە
دەتوانێ گەشتەکانی تەواو بکات یان واز لە گەڕان بهێنێت
لەبەر پاراستنی پێڵاوەکانم یەکیان هەڵدەبژێرم

## شێوان

## ناسینەوە

پەیبردن بە نهێنیی ڕوونبوونەوەی شیری شەوی و خاك قووڵتر هەڵکۆڵە قەلەڕەش
وەك ئەو پرسیاری ئەرێ مردوو پیر دەبێ یان پڕ هەستمان دەکات
دەکرێ جوانی و ناشیرینیی ژیان
لە کڵپەی ئاگردا بناسرێنەوە
ئەسپی دیدار بە ڕەنگاوڕەنگبوونی گەیینی شەمامە هەڵدەگەڕێت و پشوودەدا
ناشیرینیش تا قەڵای گۆڕ پێیدا دێتە خوارێ
ئەوەندە سەخت و دژوار نییە
چاو دابخەیت و لە ئاوێنە نزیك ببیتەوە
ئاوازی حەکایەت گێڕانەوە باشتر دەزرینگێنەوە
ئاسمانیش بای پاراو دەداتە باڵی هەموو فڕندەیەك
باڵندە وەك درۆیەك دەرناکەوێ و ئاگری شوێنمان ناکوژێنێتەوە

**ئابی ٢٠٠٢ هەولێر**

# تۆخمەکان

## با
## دەربەندی گۆم

گوندە بچووکەکەی خودا

دەربەند

ڕووناك و گەرم بە بۆنی خۆشی بێ پەروایی و ڕۆژانی جەژنی لێخۆشبوون

فێنك بەگەشەی سییەکانی درەخت و دڵخۆش بە کوڕی یەکەم زگی خۆت من

هەواڵێك دەگات گیا پەخشانی زەوییە

کوڕی پێکهاتەی سروشتت نووسیوەتی و ڕەنگی ڕۆژگاری ڕشت

زەوی مۆسیقای دڵ و چاوی نەمردووە و کەڕوکاس نەبووە

ڕاز دوای ئاشکرابوونی دەسووتێ

## ئاگر

## وچان

هێڵێکی لە نێوان ڕۆح ترشاو و بێگەردی کێشا گرینگ نییە ڕووەو کوێ
پاشان چاوەڕوانی ڕووداوی نەکرد
چووە یاریی دووروودرێژی مار و پەیژە
گوتی بیپێون
هێزی هەست وشەیەکی گیانسووك و هەڵبژێردراوە
دەمودووسرەکان لە ناوی دەپیتێن وچان دەگرن
لەپڕ دڵیان دادەخورپێ و بوونیان دەپشکوێ
ئەفسوونی مانەوەی ژیان چییە
پرسیارێکە ئاو لە ئاگری کرد

# خۆڵ

## گیانئاوێزان

تا خەو نۆبەرەی بینینی لە شیر و بخووری ناوچەوان وەردایین
دەموچاوی بەروبوومی ژین و کتێبی تابووتی زیندووبوونەوە
لە پەڕوباڵی درەختی ساڵی مندا ئەم دیو و ئەو دیو و سەرەتا و کۆتاییە
هی منیش لە ڕووناکاییی ناولێندراوی ئەودا نیشان
جریوە و کەمانچەی خۆڕسکی سیمرخمان دۆزییەوە و بەدوای دڵدانەوە گەڕاین
لەو بیر هێنان و بردنەدا بووم
کوڕەکەم تەواو لە من دەچێت
کوڕەکەشم هەموو شتەکانی دەبردەوە سەر ئەوەی
باوکی گیانئاویزانی باپیریەتی
لە ڕۆژەخۆرەکانی زستان پێ لەناو خوێندا ڕێدەکات

## ئاو
## دەرکەوتن

تەمەنی گوومبەز ڕوونە
سکاڵا و وڕێنە بەباشی دەگەیەنێت
شتەکانیش چۆن هەن ئاوها لێی دەردەکەون
کە هەقیقەت ماسوولکە جەزبەدراوەکانی خۆی لەبەر هەتاو هەڵدەخات
دەکەوێتە ناو گەمارۆی تاریکییەوە
بیر لە ڕێوڕەسمێك بکاتەوە
برادەران یەکتری تێدا ببینن و سەرگەرمی مەشقبن بۆ داگیرساندنی زەین و مەزەندە
وەك باران لەگەڵ پەیمان مانەوە بدوێن
نەشدوێن وەك ئەوە وایە
کە لە بەرزترین بەرزاییەوە یان بەدوورایی چوار پەنجە هیچ ڕووی نەدابێت
بەڵێ ئا ئا بەڵێ
تاریکی گەمارۆی داوم و سواری پشتی هێستری تەرس لە قوونگیراو نابم

# ئەشق
# خەڵات

که ئەستێره خۆماتدان و بۆسەی پڵینگی ڕەش دەشکێنێت سوور دەبێت
له دامێنی گردەکاندا کێڵگه دەخرۆشێن و دەست و پەنجەیان دەکەنەوه
چاوێکی کۆچەرییه مانگ
به هێزێکی هاندراوەوه بەقووڵاییی ئاسمان ڕادەبووڕێ
گوڵەکانی لەسەر گۆڕه تازەکان دانراون دەلاوێنێتەوه
چۆلەکەکانی له هەموو جوانین به پەڕی بۆندار و هاتنەگۆ
درەخت دەگۆڕن و لەسەر بەردی سێبووری دەنیشنەوه
به دانی بەر جووجەڵەی دڵ سوێند
مێخەکی سەرەتاکانی ئەو پرسیارانەی لێماکران
له تیژیی شاخی کەڵەکێوی بۆن خەڵات دەکات
سێ بەشی جەستەی تێکەڵی گەرمیی گۆزه کردووه
مەشخەڵی تاج و سێوێکی دوو ڕەنگی دزی ڕاوکەر
بەهێوری دەڕوا و له پشت پەنجەرەی شووشه شکاوەوه لێمان دەڕوانێت

**ئەیلوولی ٢٠٠٢ هەولێر**

# وەرزەکان

## زستان
## پەیژە

سروشت لە یاداشت و دیدارەکانمدا
هەزار و یەك چیرۆکم لەگەڵ گوڵەکانی نزیك ئاو هەیە
هاوشێوەی سروشت مرۆڤە و مرۆڤ ئاڵۆزتریشە
لە سینگی سروشتدا دەنگی مرۆڤ ڕوا و دوا
مرۆڤ چاڵێکی ڕەشە
دەنگی مرۆڤی بۆ شاردنەوە بردەوە ناو خۆی و حەفت لێفەی خوری پێ دادا
هابیل لە تەرمی قابیلدا تاوانەکانی خۆی شاردەوە
کاتێك تێر خەوبووەکان خەویان لێ دەکەوێتەوە و ڕادەچەننەوە
سەریان گران دەبێت
بەغارێك دەچنە ناو کاتی پێشبڕکێ و ڕۆمانسییەوە
پێیان لە پێڵاوی ئیسفەنج نقووم دەکەن
جەنگی ژیان بەهۆشیارییەکی تایبەتەوە دەڵێت

پەیژەکان شەقامی دڵەڕاوکێن
کەلکێشی خۆپێشاندانی لەناو دەکوژێتەوە
کەشە ناوازەکانی ئازادییەکی داگیرساو لە بینین پێدەگەیەنن
بەتەنیشت پەنجەرەی ئەلەمنیۆمەوە
کورسییەکی هەستیاری وتاربێژی دادەنێن
میوەی بەهەشت لەسەر پەنجەکانیان یاری پێدەکەن
گوێ لە خرۆشی غەزەلی ئەو ڕێژگە خەمبارەی کە باراناوی پێدا دێتە خوارێ
هێواش هێواش پەردەکانی هەڵدەداتەوە
مرۆڤە نازدار و سادەکان
بارانن زەمین دەخولێننەوە
خەنجەر بەجەللاد دەکەنە گوارە
کیژان خەزێنە دەشکێنن و ستایشی بای هەرگیز ماندوونەبوو دەکەن
لە دووری دوورەوەش تەماشا دەکەن باران نەرم نەرم دەتکێتە سەر پەڕوباڵەوە
سروشت لە یاداشت و دیدارەکانمدا
هەزار و یەك چیرۆکم لەگەڵ گوڵەکانی نزیك ئاو هەیە
هاوشێوەی سروشت مرۆڤە و مرۆڤ ئاڵۆزتریشە
لە سینگی سروشتدا دەنگی مرۆڤ ڕوا و دوا
مرۆڤ چاڵێکی ڕەشە
دەنگی مرۆڤی بۆ شاردنەوە بردەوە ناو خۆی و حەفت لێفەی خوری پێ دادا
هابیل لە تەرمی قابیلدا تاوانەکانی خۆی شاردەوە

# بەهار

## ئەمەک

نینۆکی دەست و پێی منداڵەکانمان بۆیە دەکات
چووپی پایسکیلیشیان پڕ هەوا
دەیاننێرێتە
بینینی سەمای پەلکەزێڕینە کە دایکی حەوت ئازارە
ئاهەنگی یەکتر ناسینی باخچەی ئاژەڵان
مۆزەخانە کە فرمێسکەکانیان لە شووشە کراوە
دەرەوەی شار کە هەتاو لەدەوری دەگەڕێ
دەشیان پارێزێت لە
هەڵخلیسکانی بەفر
کارەساتی شەقام
میوەی بۆنگرتوو
هەڵمژینی هەوای گران
ماسیی خوێ و سماقکراو دەخاتە سەر ئاگرێکی ئەفسانەییەوە
بە ئەمەکەوە لە هەموو شوێنێك ژمارەی تەلەفۆنەکانمان بەبیر دەهێنێتەوە
پەیوەندی بە کەسە دوورەدەستەکانمانەوە بکەین
دەبین بە کەوی ئامادەی خوێندن
پێستی ڕەنگبزڕکاوی زەوی دەگەڕێنێتەوە دۆخی پەڵەی ساڵ و ئێمەش هەست
بەتێکچوونی دەموچاومان ناکەین

## هاوین
## خرۆشان

شووشەی ژەهر دەشکێنێت
ئەسپیش دەهێنێتە پێش سەکۆی
ئەرێ بڕۆین
نەڕۆین
چیا خاڵییە لە هەموو ڕاوکەر و نێچیرێك
جۆلانەیەکی نەرم و هەوا خاوێن بەدارگویزێکەوە هەڵخراوە
نیازمەندێك جانتای پڕ بۆنی کەسوکاری لێ نزیك دەکاتەوە
کەس لێرە نییە ڕۆشنایی و مۆسیقا دەستی گیانی بگرێ و بچێتە ئاهەنگ
بەگەرمی گۆرانی هەڵداتە ناو ئاگرێك کە داومان بۆ نانێتەوە
خەواڵووەکان دڵ و چاویان دەخرۆشێت
چاوەڕوانین دێوجامەی بەهرەدار
تابلۆی ڕەش و سپی بکاتە ڕەنگی هەقیقەتی برادەرە نەمرەکانمان
هەقیقەت جرووکە جرووکی باڵندەیە
پێی نارنجیی لەناو هێلکە
سەری تا هەتایەی ئازا و ئازادە
بلیمەت و بەبڕوامان دەکات
بلیمەت و بڕوا زیندانی دوژمنەکانە

## پاییز
## چل

بەیانی ڕۆژی بەختکردنەوەیە
شەو بە زۆر ڕەنگ گۆڕا
مەیدانی شەڕی باڵندە و مرۆڤە
یان باڵندە بوون بە مرۆڤ
مرۆڤیش بە باڵندە
بە جوانی وەك تیشك لە دەرەوەی ڕووناکی ئاگردا دەرکەوتن
خڕخاڵیان لە پێی منداڵەکانمان لەراندەوە
زەنگوڵەش لە ملی سمۆرە و کەروێشکی ماڵی
چاو وەك پاشایەکی لووتبەرز
دەوروبەر و ئێرە و ئەوێی بەلاوە گرینگ نەبوو
ئەستێرەیەك کە نازانین لە کوێوە بوو بە خانەخوێ و چاوساغ و وجاغ و خانەدان
پێشتریش کۆترە باریکەی بەختەوەری
لەگەڵ خۆی بردبووە ئەو قووللەیەی یەکی لێ دەبێتە دوو
بۆم جووڵایەوە
جیلوەی هەواڵێك لە دەسکی زیوینی لایت نیشت
یەکەمین برووسکە هەمیشە بە بەرزاییەکانی دڵ دەگات
گەڵاش سڵاو و ماچی سەکۆی ماڵان
هەور دابەزە ناو شەقامە دێرینەکان
با بە نمەت زمانمان بشۆین و پێشمان پاك بکەینەوە

بچینە سەردانی
یەکەمین ئەفسانە و
باڵێکدانی کۆترە تێپەڕنەبووەکان و
بۆنی خۆشی یەکەم گوڵاو و
خۆڵی تەیەموم
خودایە بە دەستی بەندەکانی خۆتەوە ماندووی
فەرمووی پشوویەکت لێ دەکەم بۆ ماڵی خۆم
خودایە بە دەستی بەندەکانی تۆوە ماندووم
فەرمووی پشوویەکم لێ بکەم بۆ ماڵی خۆت

**تشرینی دووەمی ٢٠٠٢ هەولێر**

# مردوویەک ئاگای لە هەمووانە

## تاج سەر گران دەکات

تاج چاوی لەو درەختانە ڕوون بووە لێرە ئاو دەخۆنەوە
بۆنی گیای لاڕێیانیشی بەئاگا هێنا
ئەوەشی گوت ڕۆح گۆشت و ئێسکی نییە
دوای ماوەیەکی کورت
کەوتە سۆراخکردنی ونبووەکانی و بریقەی چاویلکە و دڵنیایی
ئەسپی جڵەو زیوینیشی لە گۆڕەپانی شێوە پەرستگا
خەڵات کرد بە زوو ورووژانی پەپوولە
ئەفسوونێکی لە چەکەرە و نەرم و شلی گوان
دا بە گژوگیای ئالوودەی نیاز و مراز لەسەر خوێندراو
گژوگیا کەسوکاری منن

ڕزگاریان کردم لە گەمارۆ و داوی فریو
مەرەکەب و کاغەز و یاد خۆیان لەناو ڕێکخست
ئەم سرووشەیان هەڵدا
ژیان و مردن بردنەوە و دۆڕان نین
شیر و
قاوە و
دیوان و
مۆمی دەم بەسووراو و سپیاو
سۆز و سێبووری و بێ پەرواییان تا گەیشتن بەخۆت بەرز بووەوە
هاوارە بەهانا هاتووەکانت کە بەدڵێکی بەهێز شوورە دراوە
هەڵدە سەرە ڕێگاکان
نە لەگەڵ سەرەتا کاروانت دەجمێ
نە کۆتاییی واقوڕمانێکی لەناکاو و لەبیرنەچوو
گیانت دەکات بە قۆزاخەی حەکایەت و ئەفسوون
لە نامەیەکی تایبەتیدا داوا بکە
پێویستیم بە دەستەیەك پێغەمبەر هەیە
لەناو گەرمایی دێڕەکانم
هونەری پێگەیینی میوە بکەن بە بیرکردنەوە و خولیا و ڕژانی تاڤگەیەك
ئەی سەمای ڕێشمە و زەنگوڵەی نەرمی کۆچی بەختەوەری
ئەستێرە بۆیەکراوەکانی ناو ڕستە سڕەکان لە خەودا بڕژێنە
هەنگ هەنگوینیان بڕییەوە
نەمانزانی ئەو تەشتە ئاوەی حەوشەمان خۆش بوێ
کە تریفەی مانگی بۆ پاراستین
سڵاوت لێ دەکەم ئەی ئاسوودەیی
بەدڵ ئاوڕێك لە پاشماوەی برینەکانمان بدەرەوە

کولانەوەیان کێڵگەیەکە مەست و ڕازدرکێن
مۆم تێکۆشەری بنەماڵەی ڕووناکییە
جەنگێکی گەورەی بردووەتەوە
نیشانەکانی خاڵبەندیی ژیان
گوێ لەو دەنگانە ڕادەگرن دەبنە ئاواز
نیشانەکانی خاڵبەندیی مردن
گوێ لەو دەنگانە ڕاناگرن نابنە ئاواز
گوێ گرتن و نەگرتن بردنەوە و دۆڕان نین
خانەی دوو گوڵن چاوەڕوانین ببنە شانەی هەنگوین
دەتوانین پێیدا بڕۆین و بێینەوە
بازێکی ڕاونەکراو لەناو ڕەزێکی خانومان
لە باوەشی درەختێکی نزم خۆی هەڵدا
پڕشنگی بەهرە دانەوێڵە و ئومێدی لە نزیك دەنووك و باڵی دانا
بۆنی حاجیلەی کوتراویش لەناو گۆڕەوی و ئاون دەنیشێتە شوێن پێیەکانی
وەك پێروو دەجریوێنن
بێ چرا کتێب کەسێکی لە بیرکراوە
شەوقی ڕووداوەکانی ساڵ چەشنی باران
ئاوی سەر بە شەختە بەئاگا دەهێنێت
بۆنوبەرامەمان بۆ دەنێرێتە ماڵەوە
قەڵەمکێشی کۆچکردووان و گڵۆپی سەر حەوزی ماسی و چەتری گوڵفرۆشان
پەڕەی زمانن قەت دەماری درۆ لەدەمیان لێنادا
وایان کردووە بە وچان و درەوشانەوە تەماشامان بکەن
درەختی بڵند و لك بەهێز
بۆ جۆلانە خۆیان هەڵدەخەن و ڕەگیان بە ناوچەوانمانەوە گرێ دەدەن
ئاڵۆزیی ژیان و سادەیی مردن کە بەهرەی تیشك و سێبەرن

ناكۆكییەكانیان خاو دەبێتەوە
نیشانەكانی خاڵبەندی دەبنە مۆسیقایەكی دەوڵەمەند
خۆدەكێشن بە هەورێكدا لە دڵدا دەبارێ
كتێبەوانێك لەو گەڕەكەی چاو داناخا و وشەكان بە ڕێگادا دەڕۆن
چووە ناو دواین جەنگی ڕەش و سپی و خۆی تەنیا كرد
بە تاجی كتێبەوە هاتەوە یەكەم كۆڵانی شار
تێگەیشت ئاووهەوا و ئاوێنەی بەرانبەری
ڕوخساری ڕۆشنی ئەسپە یان هێزی ڕاوچیی ڕێوی
تاج ناوی تاجدار دەزانێت
خۆرێكی سادە هەڵیگرتووە و بەسەر ناوچەوانی دنیا ڕەتدەبێ

**تشرینی یەكەمی ٢٠٠٥ هەولێر**

## زمان و دڵی مانگ

پەپوولەیەك لەسەر شانی پێغەمبەرەوە فڕییە سەر شانی من
تەپەی باڵ و نیشتنەوە بۆنی خۆشی گڵەسەرن لە پرچێکی خورمایی کاڵدا
پێویستییەکانی ڕۆژ هەمووی جوانین
لە ڕۆژژمێردا بە دێڕێك ئاماژەی پێدراوە
کاتژمێری قورمیشدار ئامادەت دەکات بۆ بێدارکردنەوەی پەردە
تیشك بەشی خۆی بداتە ژوورەکان
جۆشی قۆریە کە بەناو دڵی هەڵوەدای کازێوەدا ڕەت دەبێت
باوەشی ماڵ پڕ دەکات لە شیرینی
کرۆسك و ددانی شیری تێیدا گەشە دەکەن
داوەڵ پشووی بێستانەوانە
مەیموون و کەروێشك خەیاڵیان دەمرێ و بارکەوتوو دەبن
نامەی جەنگاوەرێك لەناو دەست و پەنجەی پۆستەچیی شار بانگی کەڵەبابە
ئەستێرەی تاریك و ڕوونی لێ بەگرشە گرش کەوتووە
مێرگی ئەسپەکان و ڕۆژی سپیی سەر چیاکان
گیان و لێکدانەوە دەدەنە نازی ڕەنگ لەناو پەلکەزێڕینەدا
پەلکەزێڕینە جوانیی سەرزەمین بۆ ئاسمان دەبات
پێچکەی گالیسکە لەناو فریز پەڵەکانی جەستەی بە خوناوی شادمانی لادەدات
سەرنشینەکانی نقێمی ئەنگوستیلەیان چاون
لە کاتی دەستگیران هەڵبژاردندا کە سروە و ڕشێنەی باران پەرژینی دارین دەشکێنن

گوڵەجۆ و گەنم لە ناوچەوانی کار و بەرخ شەپۆل دەدەن
ناز و فیزی شێر لەو کاتەدا گەرم دەبێت
کە تەرمی نێچیر لەناو دەستەکانی دەشێلێت و گۆشت و ئێسك لێك جیا دەکاتەوە
تەنیا مرۆڤ پێویستی بەئاسوودەییی ناو ئاوێنەیە
دەزانێت کە ناشیرین بوو ئیدی تەواو
بەهرە و بەرهەمی لە نوێوە دەست پێناکاتەوە
ژیانیش بەردەوام خوان پڕ بەهرە و بەرهەم دەکات
بوێری باڵندە بەرز دەکاتەوە
ئەوانیش لە مەستیی فڕینێکدا ئاسمان خاڵی دەکەن لە برووسك و پاشماوەی
نەرم نەرم لە ئاسۆی پڕی سپێدەدا دێنە خوارێ
بەسەر گۆچانی پیرەکان دەنیشنەوە
پیرەکانیش ترپەی لێدانی دڵی خۆیان گرێ دەدەن بەباڵیانەوە
باڵ ئەی پشت و پەنا و جوامێری ناو دانیشتنە تایبەتییەکان
ڕەوانبێژ و سەروا و کێشدارمکە بە تکای گوڵەباخ لە دەست و پەنجەی دڕ
خەریکە ڕووناکی لە چاوانم کۆ نابێتەوە
ئەلفوبێی ژیانی خۆم لە بەرزاییەکان هەڵدایە دەستی خوداوەند
ڕەشنووسی بەخت و ناوچەوانیشم دوور لە نزرگایەك شاردەوە
ئەی دەریای نوستووی خەونی خۆ ئاشکرا کردوو
بەرپا بووە زەبر و زەنگ و جەنگی جودایی
دەستەودامەن و فریا
جامی ئەفسووناوی گیانم پڕکە لە بەهرە و بەرهەمی خودایی
مانگی لە دەست مەرگ هەڵاتوو
شانمی بە قەڵا و مۆزەخانە و ئاوێنەی بنەماڵەی زانی
زمان و دڵی لەسەر پەروەردە بکات
تریفەیەك لەناو جامی ئەفسووناوی خودادا

برژانگی چاوە گەورەکانی کردنەوە
بە ورياييیەوە دوا
دوای چەند چرکەیەکی خوماری
گەشتوگوزار و غەزەلی ئەسپ و بریقەی چاوی پێغەمبەرەکان لەسەر زەوی دەگۆڕێن
هەندێك زمان و دڵ پەیدا دەبن
سێبەریان ڕۆحی تێدایە
ئەریێ سێبەری ڕۆح تێدا ئاسوودە
زەبر و زەنگەکانی داهاتوو لە پێناو چیدا دەبن بە جەنگ
کوکوختی هۆگر بەحەوشە و ماڵ و سەر ئالێری تەلەفزیۆنەکانمان
لە وشەی هەڵکەندراوی ناوچەوانی خانووی باپیران دێنە دەرێ
لەناو فەخفووری ماستی منداڵەکانمان
لە ڕەنج و ڕاز و هەوای بێباکی نقووم دەبن
دەست بە سەری ئاگرودوو دادەهێنن
گەرمایی دەبەخشنەوە بە دەرگا کردنەوە و پەیوەندییە هەستییەکان
پاشان لەسەر ئالآی داگیراو پاشەڕۆ دەڕێژن
ئەرێ مانگ لە زەماوەندی جاویدانی زمان و دڵدا
چ شەربەتێك دەخورێتەوە
مەشخەڵی سەرشانم فڕییە ناو چاوی پەپوولە
ئەو چاوە ڕەنگی خودا و ڕەنگی ئاو و ڕەنگی شیعری پاراست
بەهرە و بەرهەمی لە نوێوە دەست پێدەکاتەوە

**تشرینی دووەمی ٢٠٠٥ هەولێر**

# ڕێوڕەسمی کردنەوەی پەیکەرێک

بەچاوی گایەکی قوربانی تەماشای باڵندەی دەنووك لەناو ئاو دەکەم
خودا بەنیازی سڵاو چاوی داوەتە دەستێك
دەبدەبەی ڕەنگاوڕەنگی پێوە بشەکێتەوە
قوماشی ڕەش و سپی بڕی
پرسە و کفن
پیت ڕژانە ناو دەمم
توانیم وشە لێکدەم و داوا بکەم
مانگ بەسەر هەولێرەوە پڕ و نارنجی و لە گڕوگاڵدا بێت
بەو نازەی داویەتییە ئاوی ڕژاوی حەفت چیایان
چەتر هەڵدا و شەڕی باران بباتەوە
چەتر شەڕی باران دەکات
پەیکەرێك حەفتا ساڵ پیاسەی بەسەر پردی ئەم دیو و ئەو دیوی ڕووباردا کردبوو
پاشان لەسەر گردی بە ئاڵا داپۆشراو دانیشتووە
ئاوێنەی دابووە ژن و شووشە بۆنی وەرگرتبوو
سەیری پەند و وێنەی سەر قەڵغانی کردبوو

قسەی توندیشی لەگەڵ وەردیان کردبوو
نامەی لەسەر باڵی بە ناز و فیزی کۆلارە نووسیبوو
سەرسام بوو بە
گوێی کەروێشك و
گوارەی شۆڕ و
پیاڵەی چا و
ڕووناکی ڕووی زەوی
بلووری لامپای سڕیبووەوە
تووتن و پایپی خۆش کردبوو
زۆر تەماشای ڕوخساری دایك و باوکی کردبوو
وایدەزانی دەمرن و بەجێی دەهێڵن
پەیوەندییەکانی نێوان درەخت و باڵندە و هێلانە و هێلکەی باش ناسیبوو
گڕوگاڵ و دارە دارەی منداڵیی دەبێتە کاروانسەرا
یەکەم هێلکە لەوێ دەترووکێ
یەکەم ئاو لەوێ ڕووندەبێتەوە
یەکەم باڵ لەوێ دەفڕێ
یەکەم شیر لەوێ هەوێن دەکرێ
لە بریقەی خانومانی ڕەش و سپی
ڕەنگەکانی دی لەواندا دەڕژێتە سەر نۆتەی سروودەکانمان
سروود بووە پشتی ئەسپ
پشتی ئەسپ بوو بە زێد و ماڵ و لەدایکبوونمان
بەکامی دڵ سۆز و ئاوازی گیان دەدا بە پاڵەوانی هیوا و سەرپێخستنی خەونەکانمان
باڵندەی هەمەجۆری شادمانی لەشکری بوون
پەلکەزێڕینەش بیر و بۆچوونی
لەشکر کە دەڕژێنە بڵندایی دەموچاوی

بەنیازی ناسکبوونەوەی نیشتنەوە و بڕیاردان لەسەر مانەوە و باڵ گەرمبوون بۆ کۆچ
بیر دەکەنەوە و قسە و باس بۆ یەکەم پەڵەی ساڵ دەدرکێنن
ئێمە زۆر پێویستمانە بیزانین
گوڵەکانی لە ڕێوڕەسمی لەدایکبوون و مردنی دەخرێنە سەر پەیکەری
تەنیان وەك تەڵە شخارتەی بەکارهاتوو بۆ داگیرسانی مۆمی سێبووری
بولبول لە پاڵیان بانگی
بە چل باڵفڕین و نیانی جۆلانە و جەژنی گەڕانەوەی ون کردووە
دوای سەرگەرمی دیتەنییەك
گۆشەنشین و خەواڵوو هەناسەیەکی دایەوە
ماسوولکەی جەستەی بەشڵەژاوی و گەروو وشکییەوە
سەیری دەمی ڕاهێنەری وەرزشوانی دەکات
چێژ لە یەکەم ڕووبەڕووبونەوەی کرێوەی گەڵا و ئەو ڕۆژانەی دەزانێت
ژیان چییە وەرناگرێت
بەڵام خەیاڵ کە دووڕوویی مرداندووە
بێ بگرە و بەردە بە هەموو شتەکانی دەگەیەنێت
لە بۆنەی ئاشقبوونی شەونمی سەر گیا و شەڕی چاوەزار
دەبێتە دەستێك لەناو قۆزاخەدا ژیاو بۆ خۆشی و ناخۆشییەکان
هەڵیدەداتە ناو ئاهەنگەکانی کۆچەرییان
بیرەوەری گوێڕایەڵی دەبێ و سوودی پێدەگەیەنێت
هەڵە و نوێژە درۆینەی لە بیر دەباتەوە
دەستێك لە گێڕانەوە ڕاستگۆ و ناهێڵی وەخت بەسەرچێ
نامەکانی دەخاتە پۆستەوە
نامە هاتووەکانیشی وەردەگرێت
ڕێگا پێچاوپێچەکان هەموو شتێکیان پێدا دێت و تێدەپەڕێ
ڕۆژی هەمیشە بۆنخۆش بەشەقبوونی خاك

کاتێك دومبەڵان خۆی دەناسێنێ
لێدەگەڕێ ئاقیق و نووسراوی ناوچەوانی هەر هەموو پێغەمبەرەکان تێکەڵی بن
لە گەرمەی سەما و ناخ جریواندن و دیتەنی خودا
دڵی دەشوات و دەڕوا
پڕ دەستمان کلۆ شەکر و مۆری بەخت دەکات
دەتوانین کەلوپەل و وێنەی بەهرەمەندەکانمان بکڕین
دەستەسڕی تەنکیش لەگەڵ خۆمان هەڵگرین
بێباکی بڵندبوونەوەی چنار
دەبێتە شوێنێك وەك قۆزاخەی ئاوریشم
جوانکراو بەسپێنەی هێلکە
ئاسوودە و پڕ بەهرە و پەیماندار
هەمووەمان شەقامێکمان دەبێ تێیدا بچینە سەردانی خزم و کەس و برادەرەکانمان
ڕۆژ کە ئاوا دەبێ
تەواو ئەڤینی خۆی کردووە
سڵاو
سڵاو پەیکەری پەروەردەی شیر و شەکری دایك و باوك و بارانی سێبووری
تێگەیشتی بۆ جارێ نامری
ئەو درەختەی تۆ تێیدا گەشەت کردووە
دەبێتە درەختی بنەماڵەی شیعر
ئەو هەموو وزەی تیشك و ئاو و پەین و ڕووخۆشی خۆڵەت پێشکێش دەکەین
کە خوداوەندی بەهرە و سرووش ڕسکاندوویەتی

**کانوونی یەکەمی ٢٠٠٥ هەولێر**

## ڕژانی مووررووی بەخت

گردێکی پەرژینکراو بەهونەری دەستنووسەکانی پەیام
خودا هەمیشە دانیشتنە تایبەتییەکانی تێدا ئەنجام دەدات و چاوەڕوانە گەورەتر بێت
درەختی زمانیش بەگۆپکەی نەکراوە لکی گران بوو
دەنگی پێغەمبەرەکانی لەوێ
یەك بەدوای یەك ئاوازدار کرد
دەستی بەڕوخساری سادەییماندا هێنا و قووڵاییمان درەوشایەوە
مووررووی بەختی ڕشت
دیوانەیەك لەسەر ناوچەوانی کە مۆسیقا و ئاوێنەیە بۆ ڕێگاکان
ئاڵای ئاشقبوون و مشتومالْکردنی یادداشتەکانی پێشان داین
بای بەزەبر و بێ پەرواشی ڕاهێنا
ئاراستەی تەواوی بخاتە سەر
بۆ شەکاندنەوەی بەردەوام و پێوانەکردنی نازی چاوی باڵندەی سەر هێلکە
چاوی لە گۆی سەیوان گلۆپی ڕەنگاوڕەنگ بوون
ئەوەی ئامانەتمان لای داناوە وەك سپێدەی ڕۆژی بەهار
چاکەی بۆ هەموو کەس دەوێ

گەنجینە و خرۆشانی لە سێبەری تەنکی کەلوویەك هەڵگرتەوە
پێش خۆی بەڕوونی بینی
زانی پێیەکانی لەسەر
کونی باڵەبان
توولەی شفتی
بڕکی گندۆرە
لاسکی لۆبیا
چێورمەی گۆڕ غەریب
قەڵەمکێشی ئەسپ
برینی قوربانی
مەتارەی شوان
قەڵەشی کوارگ
دانەنێت و گرەوەکانی کە باپیری لەگەڵ نەوەکانی خۆی کردبوونی بباتەوە
سۆز و بەهرەی بەهێزی تێدایە بۆ ناسین
شوێنی حەسانەوە زۆرن
بەرانبەریشی تابووت
مرۆڤ بەدڵێکی خومار چاویلکەی فڕێ دا و جوان خولیاکانی چاوی جێبەجێ کرد
هیواکانی لەناو دانەنا
شەپکەی تابووتیش لە درەختیدا گەشە ختووکەی سووڕی خوێنی داوە
ڕازاندوویەتیەوەش
تەمێك لە مەمکی دێو پەیدا بوو
بووە تانەی چاویلکە و پەنجەرە
ئەلف تا یێ
بەیەکەوە لەسەر زەوی و زمان نیشتەجێن
تەمەنی زەوی و زمان بەو نیشتەجێبوونە درێژ دەبێت

ماوەتەوە ئاوێنە بەدیوارەکان هەڵبواسین
باڵندەی پەڕ چەور
ڕۆژانی پشوو لە گۆمەکان بێنە دەرێ
لە ناوی بیر بکەنەوە و چرا و ئەلبووم بهێننە سەر مێزی ژوورەکان
وەرزی نیشتنەوە و هەڵفڕین و توانای باڵیان بناسن
پاشان بەڕەنگی شاد و بیری هێمن و بێگەردەوە بنوون
نووستن فریای
ناخ و
گیان و
ویژدان و
خوێن دەکەوێت
لە حەوشەی پشتەوەی خانووە دێرینەکەی ماڵی باپیرم
کە بەهەشت حەزی دەکرد بۆ کاتییش بێت
چەند ڕۆژێك خەڵکی هەڵبژاردەی خۆی بهێنێ
بە نەخش و نیگاری خەریکیان بکات
هێشووەترێیەك دەمی لەناو کەپر شۆڕ کردووەتەوە ناو ئاوی ڕوونی کووپە
دەڵێن باڵندەی پەڕ چەور
هێلکەکانی دەهێنێتە ناو کتێبخانەی
ئەو شاعیرە سادەیەی ئاوازی بۆ ئەم سەرزەمینە دانا
پەلەشی نەبوو لە پێگەیشتنی میوەکانی حەوشەی
بەدەستنووس و پرچی کیژەکانی دایدەپۆشێت
لە کوێ لاشەی مردوو
گیان گەڕایەوە ناوی
کێ چاکەکاری گیان چاندنەوە دەکات
ماسی بەناو جۆگەکاندا هاتن

بۆ سەردان و یارمەتیدانی ڕووبار

قولابی چاوداری ڕاوچییانی سەر ئاو خست

پێنج پەنجەی دەستی ڕاستیش

سامان و سەروەری بۆ ئاشقبوون بەهێز دەکەن

وەك ئەوەی لە بوێرییەك

دەستی خۆشەویستێکی دوورە دەست بگوشێت

مرۆڤ بە شکۆ و خانەدانی و بوێرییەوە

ئاوی ڕژاو کۆبکەرەوە و پاراوبە بە هونەری دەستنووسەکانی خودا

ئەشق بەناوی خۆتەوە

بانگت دەکاتە ناو ڕووناکییەکانی پیت و ناولێنان و قووڵاییت دەدرەوشێتەوە

**کانوونی دووەمی ٢٠٠٦ هەولێر**

## کووپە لە مێوانداریی ماسیدا

بەهێزکردنی چاوی کوشتن و بڕین هەمووی بەویستی ئەون
ئەرێ خودا بۆ تەنیایی بۆ خۆی هەڵبژارد و بەرەو لای ئێمە خاك هەڵدەکۆڵێ
دەست و پێوەندەکانیشی وەك چاووڕاو و چاودێر بەناو خەڵکدا بڵاوکردوونەتەوە
هەڵوەدا و دڵبەدەر و کەم خەون
پێیەکانی لە ئاوی چەور و لیٚڵ تەڕن و گیانی تا ئەوپەڕی پەرێشان
نوێژ و ستایش و پاڕانەوە یارمەتی دەروونین بۆ گیانی تا ئەوپەڕی پەرێشان
بەتوندوتیژی و زەبر و زەنگ و زاڵی داوای یارمەتی لە ناسراو و دەستوپێی کردوون
باڵندەی قاچ ڕووت و دەنووك درێژ باڵەکانیان دەخورێنن داوای باجیان لێ کردوون
جەنگ لەو پێناوەدا هاژەی هات
لاشە کەفی هەڵدا

لاشەش ئاوێنەیەکی پەڵەداری پێشکێش کرد
باڵندەی تەمەن کورت ببینێ
لە پشتی خۆی هیچ لە دایك نابێت
تەپەدۆری لە پەنجەرەی بیستن ناوە
داویشی لەسەر کورسی شەیتان و فریشتە داناوەتەوە
کتێبی نائومێدی و گریانی جیهانی لەم چاویەوە گواستووەتەوە ئەو چاو
ڕەوانبێژ و
هەواڵدز و
خۆویست و
خۆشدووە
تەمەنی بەشی ئەوە دەکات لە هەموو شەقامەکان بپەڕێتەوە
مردنی پەنجەی کەمانچەژەنەکانیش ببینێ
بە ئاوی وەستاو و دەموچاوی ترشهەڵگەڕاوی مانگم مەسپێرن
پشت و پەنایەکم هەیە هەمیشە بەبیر خۆمی دەهێنمەوە
بەهرە و پەیژە و دەفتەری پڕ ئەستێرەی هەڵفڕیوی مەحاڵ دەهێننە دی
کارتی جەژنانە فڕێ دەدەنە ماڵەکانمان
وێنەی کێکی مۆم لەسەر داگیرساویش دەگرێ و بەیادگاری دەیداتە نەوەکانمان
وەك شاعیرێکی دەموچاو درەوشاوەی بەختیار
چوارخشتەکی لەسەر شیعری باوکی نووسیوە
غەزەلیش چاوی بە پەڕپەڕەی مانگەوە هەڵواسی
لە پێچی شەقامێکدا ونی کرد
پێنج خشتەکی و بەهرە وەرگرتنیشی مایەوە
چرای هۆگربوونی بەدەستەوەیە
بەدوای لەپکە شینەی دیاری داپیری چاوی دەڕوا و دەگەڕێتەوە
هێزی چاو بەشی شکانی لەشکری هەڵپەدار دەکات

ڕۆژنامەنووسی بەرەکانی شەڕ
بۆ ماوەیەکی کورت
لە خۆشییاندا لە هۆش خۆ دەچێ
شیعرێکی ڕۆمانسی دەموچاوی ئاوپژێن دەکات
مۆم و شخارتەی لە دەم دەڕژێ
گیانی زیو و ئاوریشم و فەنەر لە ناوی
مردووویەکە بەندی جەرگی هەمووان
ئەو مردووەی بەندی جەرگی هەمووانە و هەستی بۆمان قوڵپ دەدا
لە دۆزەخ هێلکەی نەکولاندووە
ئاوی پاش هێلکە کولانیشی بەسەر خاولی برادەرانی نەڕشتووە
لەسەرخۆتر بەرەو لام وەرە ئەی مەتەڵی گەورە
بلیتی سواربوونی چەرخ و فەلەك
هێشتان سووڕی خۆی تەواو نەکردووە
بۆنی ڕازیانە و نان ڕشاندنی دایکیشم هێلکەم دەترووکێنن
سەمەندەر برای شیریم بوو
دوای ماوەیەك پێکەوە ژیان هاتە ناو خوێنم و ئێسکمی توند کرد
باڵندە بەناو خۆر بڵند بووەوە
بە دەنووکی تووڕەی پشتی گای هاری بریندار کرد
بینینی خوێنی ئەو برینە چاوی گای ڕوونکردنەوە
ئەرێ باڵندە بەئاسمانەوە چیت پێدەڵێت
میوە ڕوومەتیان بە ناز و شکۆوە هەڵدەخەن
ڕێبوارانیش بۆینباخی قاوەیی بەسەر کراسیان شۆڕ دەکەنەوە
شەپقەی خورییان دادەنێن
ماست و زەیتوون و کەرە و هەنجیری وشککراوە
لەناو سینی چینکۆ شەڕیانە لەگەڵ لیۆی بەبار

شەڕ بە تاو هات
ئەو مردووەی بەندی جەرگی هەمووانە و هەستی بۆمان قوڵپ دەدا
لەناو شووشەی مەرەکەب
یەکەم شت کە بینی ڕستەیەکە بۆ گیان و دیوان دەدوێ
ئەرێ گوڵ بۆ هاوسەرواى
دڵ و
کول و
چڵ و
بولبولە
ماسی بەناو ئەڵقەی نارنجۆك قەڵەمبازی دا و خۆی سپاردە کووپەی ماڵی من
کووپە و ماڵی هۆگر بە فڕین و بۆنی خەنە و مێخەك
گوڵەبەڕۆژەی نیگا ئاڵاو بە پەیمانی نەمری پاسەوانیەتی
بەرانبەر قسە و هەڵەوەڕی و دەمهەڵبەست
شارێك چاو ناترووکێنێ
درەوشانەوەیەك لە دەموچاومدا بەهرەمەندی کردم بە هێز و خۆبوونی خودایی
خۆر ڕووی خۆی بۆ ڕاگرتم پێویستییەکانمی تێدا بنووسم
دەستنوێژ دەگرم و خۆم تەنیا داوا لە خۆم دەکەم ئاسوودە بمرم
چاوم لە نەخشە نقووم دەکەم و گیاکانی لەناو دیواری کۆندا شینبوونە
باوەڕت بە ژیانی دووبارە پێدەهێنێ
بیریش لە لەناوچوونی بنەچەی دایناسوورەکان بکەیتەوە
پێش چوونە گەشت خەون وریام دەکاتەوە
کێ دەبینم و ئاو بەدەموچاوی کێ بپژێنم
لەناو شووشەبەندیش گوێ لە گۆرانی نەگرم
پارچە قوماشێکی خنکێنەر بەسەر زایەڵەدا دادەکێشێت
زایەڵە سەرەتای هەموو دەست گوشینێکە لە مشتووی خەنجەر

بەخانومانی بەرەو ئێرە دێ
حەکایەت بۆ باپیرەی سەمەندەرمان بکات
سەمەندەر یەك دوو ڕۆژە مێوانی منە و کەسێکی چاوەڕێیە
لێشی دەپرسێت چاوی پڕ تاسە
تاسەی لە کوێ و لە چی دەشکێت
ئێمە مەلەوانین و ڕووباری گەرمیش تا قووڵایی دەڕوا و ڕاکەڕاکەیەتی
بێزاریشە لە دەست خڕپی زەوی

**ئاداری ٢٠٠٦ هەولێر**

# سووڕی پاراوبوونی بۆن

پەری بە بەخششی زەردەخەنەی
خۆی دەکات بە ناسیار و بەهەشت دەهێنێتە سەر سینییەکی مسین
تەمەنی ئاڵەکۆکیش بەشی شەڕی مانەوە لەگەڵ ژیان دەکات
تەم لەسەر هێڵکارییە سەرەتاییەکان لادەدات
وێنای هەفتەیەکی پڕ جموجووڵ و دەستنووسم دەداتێ
سەرەتای لەناو دروست بکەم
چەکەرەی زەمینیم و گوێشم لە ئاواز و ئاهەنگی بەهرە و سرووشە
بەهرە و سرووش ئاهەنگیان لە ماڵی دڵە
دیوار و تاق و پەنجەرەی ماڵی دڵ
شێوە و شکۆیان داوە بە کتێبی ئاماژەکان
سروەیەك بەسە بۆ گەشبوونەوەی چرا و خوان گەرمبوونی
چ دەدۆزمەوە ئەی کڵاو و گۆچان و خۆزگەی ئەسپ
کە لە خرۆشانی جەنگاوەران پشوو دەدا
درەخت لە دڵەوە دوا سەمای دەکرد
لکوپۆپی سەرگەرم بەیاداشتی خانەوادەی ڕەنگی سەوزێکی پاراوبێت
بۆن و شیلەش بەسەر زەویدا بڕێژێ
پاشان لە قۆزاخەی ئاوریشمدا
سووڕی مانەوەی تەواو بکات و بەر جەستەمان بکەوێ

لە بەخت و بینینمان بیکاتە شاخی کەڵەکێوی
ناوچەوانی بەردی پێهەڵواسین
گڕوگاڵی گزینگ و زەردەپەڕ لاپەڕە نوستووەکانی هەڵدەنەوە
بەرد ئێسکی زەوییە
نیشانەی سەرسامییەك لەناو چاوی بریسکەی دا
ڕەزێکی گیان پەڕەکراو
کە دەستی لەسەر دڵی لاچووە
گۆپکە کەم هۆگرن بە لکەکانی
گەڵاپیتێنیش تێیدا ساردوسڕ
ناوی میوەکانی خۆشی لە یاد کردووە
بەڵام گەشە لێوی بەخێر جووڵاون
هەمیشە خۆیان بەبیر دەهێننەوە
دەکەونە بیرکردنەوەش
ئەگەر ئارەزووی گۆرانی گوتنم هەبێ دەتوانم بیڵێم
ڕەنگەکان لە زمانێکی ڕەوا دەهێنم کە دەمی لێ تاریك نابێ
بەرزیان دەکەمەوە تا ئاستی سەر
لە ئاستی سەرم شاری یەزدان دەردەکەوێ و دەبێتە ئەو شوێنە
بەهرەمەندیان خانووی لە دەفتەری یاداشت و گوێچکە ماسی دروست کراوە
کاتژمێری ناوەندی شار لێی دا
سمۆرە
باڵندە
مرۆڤ
بەرەو ئێرە پێ و باڵ و چاویان کردەوە
تەپوتۆز تێیان ئالا
لەم حاڵ و بارەدا بزر دەبن یان سەریان لەناو زەرفی نامەیەکدا

بەلێوی منداڵ بە مەمەی شیرەوە داخراوە
دایك و باوکیش لە نووسینەوەی ڕێگا نەبوونەتەوە
ڕێگای دیکەش بەلێوی تەڕ و جوانەوە بەرەو ڕوویان دێن
نووسینیشیان هەمووی دەبن بە ئەمەکی پیری پیرۆز و دێنە دڵ و چاومانەوە
وشەکانی ناو فەرهەنگ بەشی نووسینەوەی ڕێگا ناکەن
پەپوولە بەسەر تەرمەوە نیشتوون
ئارەقەی بن باڵیان ئاسوودەیی دوای گەشت و بۆنی نەگەچڵانە
لە هەموو شوێنێك تێکەڵبوون بە ئاهەنگی سرووش و بەهرە ئامادەیە
دەتوانم لەسەرە ڕێگاکان بوەستم
فەرامۆشیشی بکەم
بەڵام سەرمام دەبێ
چاوێکی تا هەتایەی لە ناوچەوانم بەهێز کردووە
تێکەڵبوون بە ئاهەنگی سرووش و بەهرە یاداشتی هەمووشمانە
لە ناوچەوانی تەڕی خانووەکانمان شەوقێکی بێ پەروایە
هەمیشە لێمان نزیکە
لە دەنگی نەرمی قورینگ دەگەڕێ
بەهۆیەوە بێتە ناو دڵمانەوە
بەگەیشتنی درەختی ناو شەقامەکانی شار ڕەنگیان پاراو دەبێت
ئەرێ بۆ بەس خودا دەزانێ بەهەشت لە کوێیە
خودا پیاڵەی منی پڕ کردووە
دایك و باوکم و دایك و باوکیان
چرا و شەربەیان لە سێبەری قەڵا بۆ دانام
سێبەر گەورە بوو
خۆشی هێنا ناو خۆی و تارمایی لادا و لوورەی دوورخستەوە
بە ئارامیی کۆترێك بیر لە قوربانی بکەرەوە

قەڵا تاجی سەری بە ئومێدی چرادان هەڵدایە سەر شووشەی ڕوونی چاویلکەکەم
لە بری ئاسۆی کوڵمە پڕ دەماری چالاك
خۆر تەنیایی خۆی تێدا دەتوێنێتەوە
یاداشتی شارێك کە سڵاو لە ئەستێرەی هەڵاتوو وەردەگرێتەوە
لە کەڵ ژیانیدا چاڵە ڕەشەکانی لە مەدالیای سینگی ناشتووە
هەولێر دانەوێڵە و میوە و ئاوی بۆ هەمووان هەیە
کراسی بابە نوئێلی بۆ ڕادەگرین تا بەتەواوی دڵ
هەڵی دەبژێرێ و لەبەر هەمووانی دەکات
فڕین بە باڵ و پێ و دڵ
خۆری مەزەدارە پڕ بە ئاسمان وچان دەگرێت
ئاسمان چ هەڵبژاردن و سرووش و بەهرەی تێدایە
دێتە ناو هەستەکانمانەوە
هەڵفڕیوێك خۆشحاڵ و مەستی ناو زایەڵە و ڕووناکی زەماوەندی پەرییانە
لە تەك مانگ دادەبەزێ
دەچێتە ماڵی ئاسوودەیی
ئەرێ دەرگای ماڵی ئاسوودەیی کلیلی فلچەی هونەرمەندە
یان پووشی ناو دەنووکی باڵندە
تاووس سیمینارێك لەبارەی جەژنی شارێك دەگێڕێت
کە کراسی لەبەر هەموومانە
لەناو کتێبخانە خوێن خەست و خۆڵەکەم
موسا و عیسا و محەمەد ئومێد وەك خۆیان دەهێڵنەوە
قۆپچەی کراسیان مۆری مێژووە
لە کۆشکەکانیان هاتوونەتە دەرێ
دەست بە چەقۆ دەمەبۆڵەیانە
ڕەنگەکان بریقەیان پێچایەوە

به پەلە و هەڵەداوان ئەم دەوروبەرەیان کردە ئەفسانەیەکی واقوڕماو
هیچی لێ بەدەرنەکەوێت
جەماوەر و ناوبژیوانیش تەنیا منم
مەلوول و جەرگسووتاو لەسەر بەردێکی خاڵخاڵدا
کە پێشتر موسا و عیسا و محەمەد لەسەری زۆر تەماشای گەردەنی ئاسۆیان کردبوو
دانیشتووم و هاواری ناوی خودا دەکەم
دەنووکی سووری باڵندە یارمەتیم دەدا و لاپەڕە نوستووەکانم بۆ هەڵدەداتەوە
ژنێکی خانومان و حەکیمی قەتارچییان
کووپێك شیری لەدەستی ڕوونی چارەنووس بە خەڵات وەرگرتووە
لە دڵنیاییدا دێت و دەچێت
پیتەکانی ڕێگا و پێشبینیی دەمودوو
جوانتر دەبنە وشە و ڕستەی خورپەدار
ڕەز گوێ لە دەنگ و ئاوازی پەرییان دەگرێ
ئەوجا بەری دەڕسکێ و بۆن و شیلە دەڕێژێت
ئاو و باخم ڕوون بوونەوە
دڵۆپێك خوێن لە دەنووکی هەڵۆ تکا
ئەو دڵۆپە
ژوور و بەرژوورێکی لێ ڕسکا
لە بلوور و چاو
نازی دەرگا کردنەوە و لێدانی کاتژمێر و لە ناز نەکەوتنی
تەندوورێکی بۆ خانومانانی شار ئاگر دا
وشەکانی کردە ئاردی گەنمەشامی
زایەڵەی دەنگی ئەو ماڵانەی دەموچاویان باخن
لە دەمارە هەستیارەکانی مەمکی خانومان و حەکیمی قەتارچییان
تێر شیر و هەنگوین بوون و چاویان بەرز هەڵێنا

ڕەچەڵەکی یەك لەدوای یەکی پێغەمبەرەکانیان ناسی
ئەو تاجبەخشەی ڕەچەڵەکی پێغەمبەران بناسێت
لەبن باڵی مەل ماندوو نەبووە
چی تفری تەنك و ئەستوور هەیە لە زمانت لایدە
شێرەی ئاو بە زمان جوان دانانە ناو جۆگە جەزبەدارە
منی تاجبەخش و عەودالی
با و
ئاگر و
خۆڵ و
ئاو و
ئەشق
خودا نیشانەیەکی لە یەکەمین بانگی خۆی پێشکێش کردم
خەم لە ئەستێرە هەڵاتووەکانم بخۆم و لێیان بدوێم
دڵۆپێك خوێن لە دەنووکی هەڵۆ تکا
ئەو دڵۆپە
ژوور و بەرژوورێکی دامێ لە ماڵی خوداوەندان
شاعیران بەناو کڵاوڕۆژنەیدا هاتن
سەکۆیەك گوڵی گیان و سەروا و کێشیان بەدەستەوە بوو
نان و ئاوم لەگەڵ بەش کردن
پاشان بەهرە و سرووش

**تشرینی دووەمی ٢٠٠٦ هەولێر**

# ئاهەنگی ناولێنانی درەختێک

ڕۆژ خۆر لەدایك دەبێ

شەویش مانگ

گەنجینەی ئومێد و ئەشقی درێژخایەنیش لەو شووشەیەی چاو تێیدا خۆڵاوی نابێت

شووشەی بە تووکی کەروێشك شۆراو ئەی دەفتەری یەکەم پڕشنگ هاوێشتن

سەررڕێژ لە هەنگی

لە شانە هاتووەدەر و بۆنی خۆشی خودا و دەنگی لاواندنەوەی کۆتەڵی سواران

زەوییەکی بێ هاوتا و پاراو و سرووشدەریت

هەموو خەنجەر بەدەستە کەمینداره ڕووزەردەکان دەبەزێنیت

کێ ئاماژەیەك بۆ ئەوە دەکات

ئێره هەوای بە پیتە و دەڕژێتە هەستی گۆپکە و شکۆفەوە

پڕ دیوان و بادەی هەنگوینیش

ئەو خانووەی منداڵەکانم بە تەمان تاجداری بکەن
لە چاوانیان بئافرێنن و بیکەن بە پەیمانی پیرۆز و کتێبی شانازییان
بە نەرمەغار جارێك بەدەوریدا سووڕامەوە
ئەسپەکەم کەوتە ناو خۆرەتاوێکی سەرگەردانەوە
کەلوپەل و بەرد و بناغەی
دەبن بە تیپی مۆسیقا و کۆرسی گۆرانی سەرسامیم و گەڕانەوەم
بۆ قسەکردن لەگەڵ مانگ و ختووکەدانی
لە گۆرانیدا پشووی خێزانیی بەرپا دەبێت
بازاڕی گەورەی پڕ شتومەك و پێویستی
دار هەنجیریش ڕەگی لە سرکە لادەدات
باڵندەیەکی چاوڕەش کە باڵی مووتوربە بوو لە
گیای سەر گۆڕی قوربانی و
دەمودووی سڵاو کاتێك دەبێتە خۆشەویستی و
دەمارە باریکەکانی دڵی دایکم و
سێبەری ڕوونی برۆی پێغەمبەر و
فڕینی چاوی باپیرانم
لە پەنجەرەی ماڵی من باڵی ڕاگرت
بیری زۆر هێنا و برد
ڕەنگی تێکەڵ بە هەستی شینایی دەریا و گەشبوونەوەی ئاسمان کرد
بەخشندانە خێزانەکەمی هاوێشتە ناو گلێنەی
چۆن سۆبەکە گەرم دەکات
منداڵەکانم کاتێك دەنکە قاوە لە ئاون دەکوتن و گەنمەشامی دەتەقێنن
زرینگانەوەی کلیلن هەڵدەدرێنە دەستمان
دەمەوێت بیهێنمە ناو شکۆی هێلکەترووکانی کەوێکەوە
لە ترووکاندا داوای خۆی لە ڕوو دەڵێت

چەند
وزەی تیشك و
ئاوی دڵ لەسەرخۆ لێ دا و
خۆڵی تارمایی دوودڵی لەسەرخۆ لاداو و
پەروەردەی دەوێت
بۆ گەشە و بەهێزبوونی چاوی
باڵندەی چاوڕەش هەر زۆر لێمانەوە نزیکە
لکێك لە درەختی بنەماڵەکەمانی هەڵبژاردووە بۆ بەهرەی باڵ
بەختمان باشە و قەت ڕوومان لێ لانادات
تابلۆی ڕاڕەو لە سڕینەوەیدا ئاوازی بۆ گوتراوە
لەناو ڕووناکیی هاتوچۆکەران
ڕەنگەکانی پڕ بە چاو پڕشنگ دەدەن
ئاوازی باڵی مراوی کێوی دەکات بە برادەری ڕێگای دوور و ئەمەکدار
لە ئارەزووەکانمان بدوێ
ڕاڕەوەکەش لێوڕێژە لە دەنگی
ئەوە ئێستا دەژیم و خەم دەخۆم و زەوی گەرمبوو بە خرۆشانی ڕەگ ماچ دەکەم
شێوەکارێك تابلۆکانی خۆی دەهێنێتە بازاڕێکی نزیکە دەستەوە
ئێمە دێینە باخچەی ماڵەکەمان
باران دەست بە ڕەنگ و ڕووی زەوی دادەهێنێت و دەیلاوێنێتەوە
درەختێك بەناوی منداڵەکانمەوە دەچێنێت
ڕەگ و چرۆی دێتەوە ناوچەوانمان
ئەی لای چەپی سینگم
بۆن بە کام گوڵی پێشکێش کراوتان دەکەن
درەخت لەجیاتی ئێمە دەژی و شەڕی مان و نەمان دەکات
هەزاران شت لە بەری یەکەمی دەردەکەوێت

بە گەنجبوونەوەش
دروود بۆ درەختێك
گیانمی فێری گیانبینین کرد
گیانم چەند ڕووناکی منداڵەکانمی تێدایە
گوێڕایەڵی ڕووناکیم و دەستم بۆی درێژ کردووە
نیازی دڵی خۆمم بۆ هەڵڕشت
گوتی خۆشەویستی لە بەرزی ڕوانینە لە ماڵەکەی خۆتدا
ژوور و هەیوانێکم بۆ دانێ ئەی خودا
ئەو کتێبانەی لەبەر نازی پەلکەزێڕینە و شەڕی چاوەزاردا
ڕستەکانیم هێڵ بەژێردا کێشاون
ئاڵای بەختن لە سەکۆی ماڵ هەڵدراون
ئەوانەی نەشمخوێندوونەتەوە
ئاگرودوویان لەناو چاوم تریفەی مانگی سەرگۆمێکی بەستووە
خافڵمان ناکات لە شینایی دەریا و گەشبوونەوەی ئاسمان
ڕووگەنمای ئەشق ڕوو لە شینایی دەوەستێ
ئاکام پەیدا دەبێت و ڕووناکییەکانی ماڵ دەناسێت
دوو دەست هێزیان لە زەردەی ئێوارەدا بوو
پەیژەیەکی داریان لە حەوشە دانا
کێشی هەموو ئەندامی خێزانەکە دەزانێت
بۆ ئەوەی تەماشای گەشەی منداڵەکانم بکەم
دەبێ خرۆشی قەتماغەی برین
بەڕوومەتی لایەك هەنار و لایەك سێوی زەوی بچووێنم
با کەس نەزانێت هەنار و سێوی زەوی ڕژاوە
دەنگەکانی چەشەی ژیانمان نەنیشنەوە
نیشتنەوە وشکبوونی دەماری سەرە

لەبەر خۆرێکی سەرگەرداندا
لە نێوان قرەی قەلەڕەش و جریوەی هەڵخەڵەتێنەری ئەستێرەی کاروانکوژەدا
بۆنی کەلوپەلەکانی مۆزەخانە و ڕۆح وەبەرهاتنەوەیان و چرای وچان و خولیای
پەپوولەوانی دەرچووی خولی فێربوونی مۆسیقا و دلۆڤان لە کوێیە
ئەی هێڵی ناو دەست و دوا نهێنیی دیوانی خامۆش
ئای دیوانی خامۆش
ئاشقەکانی بەهەشت دەڕژێنە ساتی ناسکبوونەوەی ژیانەوە

**کانوونی یەکەمی ٢٠٠٦ هەولێر**

# ناوەرۆك

**کتێبی یەکەم: زێوان، چاپی یەکەم: ١٩٨٨**

زێوان ........ ٥

**کتێبی دووەم: ڕووەکەکانی خوداوەند، چاپی یەکەم: ١٩٩٩**

سزای هەمیشەیی ........ ٧٧

جەنگی پرسیار ........ ١٠٥

مەرگی ئاوێنە ........ ١٣٣

ڕێزمانی کۆڵانەکان ........ ١٦٩

خەونی خودایی ........ ٢٠٣

**کتێبی سێیەم: خەون وا خۆی گێڕایەوە، چاپی یەکەم: ٢٠٠٤**

سرووش ........ ٢٣٥

بلیمەت ........ ٢٧١

پێغەمبەر ........ ٣٠٥

**کتێبی چوارەم: شەڕی چل ساڵە، چاپی یەکەم: ٢٠٠٥**

ئەلف و بێ ........ ٣٢٥

مانگەکان ........ ٣٦١

کەلووەکان ........ ٣٧٥

ئاسمانییەکان ........ ٣٨٧

هەفتە ........ ٣٩٥

هەستەکان ........ ٤٠٣

قۆناغەکان ........ ٤١١

نوێژەکان ........ ٤١٧

توخمەکان ........ ٤٢٣

وەرزەکان ........ ٤٢٩

**کتێبی پێنجەم: مردوویەك ئاگای لە هەمووانە، چاپی یەکەم: ٢٠٠٨**

تاج سەر گران دەکات ........................................................ ٤٣٥
زمان و دڵی مانگ ........................................................ ٤٣٩
ڕێوڕەسمی کردنەوەی پەیکەرێك ........................................................ ٤٤٢
ڕژانی مووڕووی بەخت ........................................................ ٤٤٨
کووپە لە مێوانداریی ماسیدا ........................................................ ٤٥٠
سووڕی پاراوبوونی بۆن ........................................................ ٤٥٥
ئاهەنگی ناو لێنانی درەختێك ........................................................ ٤٦١